حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

# بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی

## لە زمانی کوردی و فارسیدا

نامەیەکە

**هێرش کەریم حەمید**

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.ی.د.ئەبوبەکر عمر قادر**

( ٢٠١٥ ) زاینی ( ٢٧١٥ )کوردی

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی ( **بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا** )یە، بە سەرپەرشتی و چاودێری من، لە لایەن خوێندکار ( **هێرش کەریم حەمید**)ەوە ئامادەکراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا، پێشکەشی سکۆڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

**واژو:**
**ناو : پ.ی.د. ئەبوبەکر عمر قادر**
**ڕۆژ : / / ٢٠١٥**

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن کرد.**

**واژو:**
**ناو : پ.ی د. کاروان عومەر قادر**
**سەرۆکی بەشی کوردی**
**ڕۆژ: / / ٢٠١٥**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاند، ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی ( **بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا**) بوو، خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار ( **هێرش کەریم حەمید**) گفتوگۆمان لەبارەیەوە کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە، بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

واژو:
ناو: پ.ی. د. کاروان عومەر قادر
ئەندام
ڕۆژ:

واژو:
ناو: پ.د.فەرەیدون عەبدول محەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ

واژو:
ناو: د. دارا حەمید محەمەد
ئەندام:
ڕۆژ:

واژو :
ناو: پ.ی.د. ئەبوبەکر عمر قادر
ئەندام و سەرپەرشت:
ڕۆژ

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژو:
ناو:
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:

# پێشکەش

- ✍ باوك و دایك و خوشك و براكانم
- ✍ هاوسەر و جگەرگۆشەكەم (ئارینا)
- ✍ هەموو ئەو كەسانەی كەم ژیان و كەڵ ژیان لە پێناو سەرخستنی نەتەوەكەیان.

# سوپاسنامە


- ✍ **مامۆستای بەڕێز (پ. ی. د. ئەبوبەکر عمر قادر)** کە بەوپەڕی لێبوردەییەوە سەرپەرشتیاریی نامەکەی گرتەئەستۆ و بە ڕێنمای و سەرنجەکانی نامەکەی دەوڵەمەندترکرد.

- ✍ هاوسەرم ( **نیان**) کە بە پشوودرێژییەوە بەرگەی گۆشەگیریی و کەمتەرخەمییەکانی گرتم.

- ✍ هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەرەتای کارەکەوە، تا بە کۆتا گەیشتنی، بەوپەڕی لێبوردەییەوە بە سەرنج و تێبینییەکانیان ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانترکردم، بە تایبەت ( **د. شیلان عمر، د. الهام ثباتی، د. عەبدولجەبار مستەفا، د. ئومێد بەرزان برزۆ، د.شێروان حسێن، م. زوبێر عەلی عارف** ).

- ✍ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە بە پێدانی سەرچاوە و وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزییەکان هاوکارییان کردم.

## لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| (  −) | پێشگر |
| (−  ) | پاشگر |
| / | یان |
| ((....)) | دەقی وەرگیراو بەبێ دەستکاری |
| ( ....) | دەقی وەرگیراو بە دەستکارییەوە |
| < | دەبێت بە |
| + | کۆ |
| ø | مۆرفێمی سفر |
| <> | گۆڕینی دەنگ |
| * | نەگونجان/ هەڵە |
| V | ڤاوڵ |
| C | کۆنسۆنانت |
| گ | گڕ، ژێدار |
| ك | کپ، بێ ژێ |
| MIT | پەیمانگای ماسۆجێست بۆ تەکنۆلۆجیا |
| UG | ڕێزمانی جیهانی |
| SPE | تەرزی دەنگی زمانی ئینگلیزی |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|
| Affricate | انسایشی | شەکاوە |
| Alveolar | لثوی | پووکی |
| Aspect | نمود | ئەسپێکت |
| Assimilation | همگونی | وێکچوون |
| Bilabial | لبی | لێوی |
| Bound morpheme | تکواژ مقید/ وند | مۆرفیمی بەند |
| Conjugation | تصریف فعل | گەردانکردنی کردار |
| Definitenss | معرفه | ناساندن |
| Dental | دندانی | دانی/ ددانی |
| Derivation | اشتقاقی | دارِشتن |
| Dissimilation | ناهمگونی | وێکنەچوون |
| Distinctive features | مشخصەهای تمایزدهنده | سیما جیاکەرەوەکان |
| Economy | اقتصاد | ئابوریکردن |
| Elision – Deletion | خذف | تیاچوونی دەنگ |
| Empty morpheme | تکواژ تهی | مۆرفیمی بەتاڵ |
| Fricative | سایشی | خشۆك |
| Fusion | ادغام | ئاوێتەبوونی دەنگی |
| Generative grammar | دستور زایشی، تولیدی | ڕێزمانی بەرهەمهێنان |
| Generative phonology | واجشناسی زایشی | فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان |
| Genitive | حالت اضافه | دانەپاڵ |
| Glottis | چاکنای | گەروویی |
| Imperative | وجه امری | فەرمانە ڕووکار |
| Indefinitenss | نکره | نەناسراوی |
| Indicate mood | وجه خبری | هەواڵە ڕووکار |
| Inflection | تصریفی | گەردانکردن |
| Insertion | درج، اضافه | هاتنەناوەوەی دەنگ |
| Lateral | کناری | لایی |

| | | |
|---|---|---|
| Labio – dental | لبی دندانی | لێوی دانی |
| Metathesis | ابدال | جێگۆڕكێ |
| Mood | وجه | ڕووكار |
| Morphophoneme | واجواژی/ واج–واژه | مۆرفۆفۆنێم |
| Nasal | خیشومی | لوتی |
| Negation | نفی | نەرێكردن |
| Palato -alveolar | لثوی كامی | پوكە مەلاشویی |
| Phonological process | فرایندهای واجی | پرۆسە فۆنۆلۆجییەكان |
| Phonotactics | واج آرایی | فۆنۆتاكتیك |
| Plosive | انفجاری | گیراو |
| Plural | جمع | كۆ |
| Root | ریشه / بُن مضارع | ڕەگ |
| Shift | قلب | دەنگەگۆڕكێ |
| Soft palate | نرم كامی | نەرمە مەڵاشووی |
| Stem | ستاك/ بُن ماضی | قەد |
| Subjuncive | وجه التزامی | دانانییە ڕووكار |
| Syllable | هجا | بڕگە |
| Tense | زَمان | كات |
| Transitive | فعل سببی | تێپەڕ |
| Trill, rolled | لرزشی | لەرزۆك |
| Underlying representation | صورت زیر بنایی/ زیرساختی | نواندنی بنەڕەتی |
| Uvular | ملازی | زمانۆكەیی |
| Vocative | ندا | بانگهێشت |
| Zero morpheme | تكواژ صفر | مۆرفێمی سفر |
| passive | مجهول | نادیاریی |
| | | |

## ناوەڕۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **پێشەکی** | | |
| ١/٠) | ناونیشانی بابەت | ١ |
| ٢/٠) | هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١ |
| ٣/٠) | سنور و کەرەستە بەکارهاتووەکان | ١ |
| ٤/٠) | ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) | گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠) | گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠) | ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| | | |
| **بەشی یەکەم: مۆرفۆفۆنیم لە گۆشەنیگای فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە** | | |
| **١/١ )** | **ئاستەکانی زمان و دروستەکانیان** | ٤ |
| ١/١-١) | سەرەتا | ٤ |
| ١/١-٢) | ئاستەکانی زمان | ٥ |
| ١/١-٣) | ئاراستەکانی شیکردنەوە | ٦ |
| ١/١-٤) | تێکچڕژان و پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان | ٨ |
| **٢/١ )** | **مۆرفۆفۆنیم لە زماندا، مەبەست و لێکدانەوە** | ١٠ |
| ٢/١-١) | مۆرفۆفۆنیم ( چەمك و تێڕوانین ) | ١٠ |
| ٢/١-١-١) | زاراوەی مۆرفۆفۆنیم | ١٠ |
| ٢/١-١-٢) | چەمکی مۆرفۆفۆنیم | ١١ |
| ٢/١-١-٣) | کارلێکی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی | ١٤ |
| ٢/١-٢) | دروستە و پێکهاتەی مۆرفۆفۆنیم | ١٦ |
| ٢/١-٢-١) | پرۆسە مۆرفۆفۆنیمییەکان | ١٦ |
| ٢/١-٢-١-١) | وێکچوون | ١٧ |
| ٢/١-٢-١-٢) | وێکنەچوون | ٢٠ |
| ٢/١-٢-١-٣) | هاتنەناوەوەی دەنگ | ٢١ |
| ٢/١-٢-١-٤) | تیاچوونی دەنگ | ٢٢ |
| ٢/١-٢-١-٥) | دەنگەگۆڕکێ | ٢٣ |
| ٢/١-٢-١-٦) | جێگۆڕکێی دەنگی | ٢٤ |
| ٢/١-٢-١-٧) | ئاوێتەبوونی دەنگی | ٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ۱/۲-۳) | کەرەستەی مۆرفۆفۆنێم لە زماندا | ۲٦ |
| ۱/۲-۳-۱) | فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن | ۲٦ |
| ۱/۲-۳-۲) | مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف | ۲۹ |
| ۱/۲-۳-۳) | ئەلۆمۆرف و مۆرفۆفۆنێم | ۳۳ |
| ۱/۲-۳-۳-۱) | ئەلۆمۆرف | ۳۳ |
| ۱/۲-۳-۳-۲) | هۆکاری سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرف | ۳٦ |
| ۱/۲-۳-۳-۲-۱) | هۆکاری فۆنۆلۆجی | ۳۷ |
| ۱/۲-۳-۳-۲-۲) | هۆکاری لێکسیکی | ۳۷ |
| ۱/۲-۳-۳-۲-۳) | هۆکاری ڕێزمانی | ۳۷ |
| ۱/۲-۳-۳-۲-٤) | هۆکاری شێواز ، شێوەزاری | ۳۷ |
| ۱/۲-۳-۳-۲-٥) | هۆکاری ئەرکی | ۳۸ |
| ۱/۲-۳-۳-۳) | جۆرەکانی ئەلۆمۆرف | ۳۸ |
| ۱/۲-۳-۳-۳-۱) | ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی | ۳۹ |
| ۱/۲-۳-۳-۳-۲) | ئەلۆمۆرفی لێکسیکی | ۳۹ |
| ۱/۲-۳-۳-۳-۳) | ئەلۆمۆرفی گۆڕاو | ٤۰ |
| ۱/۲-۳-٤) | نواندنی بنەڕەتی و پێوەرەکانی ناسینەوەی | ٤۱ |
| ۱/۲-۳-٤-۱) | نواندنی بنەڕەتی | ٤۱ |
| ۱/۲-۳-٤-۲) | پێوەرەکانی ناسینەوەی | ٤۲ |
| **۱/۳)** | **بنەمای تیۆریی مۆرفۆفۆنێم** | ٤٤ |
| ۱/۳/-۱) | ڕێزمانی بەرهەمهێنان | ٤٤ |
| ۱/۳-۱-۱) | فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان | ٤٦ |
| ۱/۳-۱-۲) | ئامانجی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان | ٤۷ |
| ۱/۳-۲) | هەندێک چەمکی پەیوەست بە مۆرفۆفۆنێم | ٤۷ |
| ۱/۳-۲-۱) | فۆنێم و مۆرفێم و وشە | ٤۷ |
| ۱/۳-۲-۲) | سیما جیاکەرەوەکان | ٥۰ |
| ۱/۳-۲-۳) | فۆنۆتاکتیک | ٥۳ |
| ۱/۳-۲-٤) | بڕگە | ٥٤ |
| ۱/۳-۲-٤-۱) | بڕگە لە زمانی کوردیدا | ٥٦ |
| ۱/۳-۲-٤-۲) | بڕگە لە زمانی فارسیدا | ٥۸ |
| ۱/۳-۲-٥) | ئیکۆنۆمی و سادەیی لە زماندا | ٥۹ |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| بەشی دووەم : داڕشتە مۆرفۆفۆنیمییەکان لە مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی زمانی کوردی و فارسیدا | | |
| ١/٢) | داڕشتە مۆرفۆفۆنیمییەکان لە مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی زمانی کوردیدا | ٦٢ |
| ٢/١-١) | گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان | ٦٢ |
| ٢/١-٢) | پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان | ٦٢ |
| ٢/١-٢-١) | مۆرفیمی بەندی تاك و کۆ | ٦٤ |
| ٢/١-٢-٢) | مۆرفیمی بەندی ناساندن | ٦٨ |
| ٢/١-٢-٣) | مۆرفیمی بەندی نەناسراوی | ٧١ |
| ٢/١-٢-٤) | مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ | ٧٣ |
| ٢/١-٢-٥) | مۆرفیمی بەندی بانگهێشت | ٧٥ |
| ٢/١-٢-٦) | ئەسپێکت | ٧٥ |
| ٢/١-٢-٧) | ڕووکار | ٧٩ |
| ٢/١-٢-٨) | مۆرفێکی بەندی نەرێکردن | ٨٣ |
| ٢/١-٢-٩) | مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن | ٨٤ |
| ٢/١-٢-١٠) | مۆرفیمی بەندی نادیاری | ٨٥ |
| ٢/١-٢-١١) | مۆرفیمی بەندی گەردانکردنی کردار | ٨٧ |
| ٢/١-٢-١٢) | بنەماکانی کار | ٩٥ |
| ٢/٢) | داڕشتە مۆرفۆفۆنیمییەکان لە مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی زمانی فارسیدا | ٩٨ |
| ٢/٢-١) | مۆرفیمی بەندی تاك و کۆ | ٩٨ |
| ٢/٢-٢) | مۆرفیمی بەندی ناساندن | ١٠٤ |
| ٢/٢-٣) | مۆرفیمی بەندی نەناسراوی | ١٠٦ |
| ٢/٢-٤) | مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ | ١٠٨ |
| ٢/٢-٥) | مۆرفیمی بەندی بانگهێشت | ١٠٩ |
| ٢/٢-٦) | ئەسپێکت | ١١٠ |
| ٢/٢-٧) | ڕووکار | ١١٢ |
| ٢/٢-٨) | مۆرفیمی بەندی نەرێکردن | ١١٥ |
| ٢/٢-٩) | مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن | ١١٧ |
| ٢/٢-١٠) | مۆرفیمی بەندی نادیاری | ١١٨ |
| ٢/٢-١١) | مۆرفیمی بەندی گەردانکردنی کردار | ١١٩ |
| ٢/٢-١٢) | بنەماکانی کردار | ١٢٥ |
| ٣/٢) | بەراوردی داڕشتە مۆرفۆفۆنیمییەکان لە مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی زمانی کوردی و زمانی فارسیدا | ١٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ۲/۳-۱) | **هاوبەشییەکانی نێوان زمانی کوردی و فارسی** | ۱۲۹ |
| ۲/۳-۱-۱) | **مۆرفیمی بەندی تاك و کۆ** | ۱۲۹ |
| ۲/۳-۱-۲) | **مۆرفیمی بەندی ناسراوی** | ۱۳۰ |
| ۲/۳-۱-۳) | **مۆرفیمی بەندی نەناسراوی** | ۱۳۰ |
| ۲/۳-۱-٤) | **مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ ( خستنەسەر)** | ۱۳۰ |
| ۲/۳-۱-٥) | **مۆرفیمی بەندی بانگهێشت** | ۱۳۱ |
| ۲/۳-۱-٦) | **ئەسپێکت** | ۱۳۱ |
| ۲/۳-۱-۷) | **ڕووکار** | ۱۳۲ |
| ۲/۳-۱-۸) | **مۆرفیمی بەندی نەرێکردن** | ۱۳۳ |
| ۲/۳-۱-۹) | **مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن** | ۱۳۳ |
| ۲/۳-۱-۱۰) | **مۆرفیمی بەندی نادیاری** | ۱۳۳ |
| ۲/۳-۱-۱۱) | **مۆرفیمی بەندی گەردانکردنی کردار** | ۱۳۳ |
| ۲/۳-۱-۱۲) | **بنەماکانی کردار** | ۱۳٤ |
| ۲/۳-۲) | **جیاوازییەکانی نێوان زمانی کوردی و فارسی** | ۱۳٥ |
| ۲/۳-۲-۱) | **مۆرفیمی بەندی تاك و کۆ** | ۱۳٥ |
| ۲/۳-۲-۲) | **مۆرفیمی بەندی ناسراوی** | ۱۳٥ |
| ۲/۳-۲-۳) | **مۆرفیمی بەندی نەناسراوی** | ۱۳٦ |
| ۲/۳-۲-٤) | **مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ ( خستنەسەر)** | ۱۳٦ |
| ۲/۳-۲-٥) | **مۆرفیمی بەندی بانگهێشت** | ۱۳۷ |
| ۲/۳-۲-٦) | **ئەسپێکت** | ۱۳۷ |
| ۲/۳-۲-۷) | **ڕووکار** | ۱۳۸ |
| ۲/۳-۲-۸) | **مۆرفیمی بەندی نەرێکردن** | ۱۳۸ |
| ۲/۳-۲-۹) | **مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن** | ۱۳۹ |
| ۲/۳-۲-۱۰) | **مۆرفیمی بەندی نادیاری** | ۱۳۹ |
| ۲/۳-۲-۱۱) | **مۆرفیمی بەندی گەردانکردنی کردار** | ۱۳۹ |
| ۲/۳-۲-۱۲) | **بنەماکانی کردار** | ۱٤۰ |
| | | |
| **بەشی سێیەم: داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەدارێژەکانی زمانی کوردی و فارسیدا** | | |
| ۱/۳) | **داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەدارێژەکانی زمانی کوردیدا** | ۱٤۱ |
| ۱/۳-۱) | **وشەی لێکدراو** | ۱٤۲ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-١/٣) | وشەی داڕێژراو | ١٤٥ |
| ٣-٢-١/٣) | ڕوونکردنەوەی دیاردەکان | ١٤٦ |
| **٢/٣)** | **داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەدارێژەکانی زمانی فارسیدا** | |
| ١-٢/٣) | پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان | ١٥٣ |
| ١-١-٢/٣) | وشەی لێکدراو | ١٥٤ |
| ٢-١-٢/٣) | وشەی داڕێژراو | ١٥٧ |
| ٣-١-٢/٣) | ڕوونکردنەوەی دیاردەکان | ١٥٩ |
| **٣/٣)** | **بەراوردی داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەدارێژەکانی زمانی کوردی و زمانی فارسیدادا** | ١٦٥ |
| ١-٣/٣) | هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی | ١٦٥ |
| ٢-٣/٣) | جیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی | ١٦٧ |
| | ئەنجام | ١٦٨ |
| | سەرچاوەکان | ١٦٩ |
| | الملخص | ١٧٧ |
| | Abstract | ١٨٧ |
| | پاشکۆ | ١٨٠ |


## پێڕستی هێڵکاری و نەخشەکان


| لاپەڕە | ژمارەی هێڵکارییەکان | ناونیشانی هێڵکاری و نەخشەکان |
|---|---|---|
| ٥ | ١ | نەخشەی ڕۆنانکارییەکان بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان |
| ٦ | ٢ | نەخشەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان |
| ٦ | ٣ | دابەشکردنی باوی ئاستەکانی زمان |
| ٧ | ٤ | تەرزی بونیادگەرە ئەمریکییەکان بۆ ئاراستەی شیکرنەوەی ئاستەکان |
| ٥٥ | ٥ | مۆدێلی دروستەی بڕگەی (خوارد) |
| ٥٦ | ٦ | هێڵکاری دروستەی بڕگەی وشەی ( ئاو) |
| ٦٤ | ٧ | هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی کۆ لە زمانی کوردیدا |
| ٦٨ | ٨ | هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی ناساندن لە زمانی کوردیدا |
| ٧٢ | ٩ | هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا |
| ٧٣ | ١٠ | هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی دانەپاڵ لە زمانی کوردیدا |
| ٩٩ | ١١ | هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی کۆ لە زمانی فارسیدا |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ناونیشانی بابەتەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە ( بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، تیایدا جەخت لەسەر ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانە دەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا ڕووبەڕووی مۆرفێمە ( ڕێزمانی، فەرهەنگی)یەکان دەبێتەوە، کاتێك بەپێی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان دەدرێنەپاڵ یەك بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی گەورەتر، ئەمەش کارلێکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی پیشاندەدات بۆ هاتنەئارای ئاستێکی تری زمانەوانی بە ناوی مۆرفۆفۆنێمەوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

**لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

هەوڵدان بۆ خستنەڕوو و پیشاندانی هاوبەشیی نێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسی، بە تایبەت لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی، کە ڕووبەڕووی مۆرفێمەکان دەبێتەوە بۆ پیشاندانی فۆرمی جیاوازی مۆرفێمەکان.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئەگەر قەراربێت مۆرفێمەکان بە زیاد لەیەك فۆرمەوە دەربکەون، کام لە فۆرمەکان، فۆرمی سەرەکی و داڕشتەی قوڵە و کامیان ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمە سەرەکییەن، یان چ پێوەرێك هەیە بۆ ناسینەوەی فۆرمە سەرەکییەکە ؟

## سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لە نوسینی ئەم نامەیەدا زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و زمانی فارسی ستاندارد پەیڕەوکراوە، بۆ زۆربەی نموونەکانیش لە هەردوو زمانەکەدا جگە لە زمانی ستانداردی فارسی و زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست، پەنابراوەتە بەر زمانی ئاخاوتن و قسەی ڕۆژانەی خەڵکی.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی شیکاریی بەراوردکارییانە بەستراوە، واتا خستنەڕووی دیاردە دەنگییەکانی هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە چوارچێوەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا و بەراوردکردنیان و پیشاندانی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بوونی بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەك بوو دەربارەی دیاردەی مۆرفۆفۆنێم، بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا،

کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکە لە زمانی کوریدا، یەکێکی تربوو لە گرفتەکان، ئەوەی هەیە یان لە سنورێکی تەسکدایە و لە چوارچێوەی بابەتێکی تردا باسکراوە، یان بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە لە بابەتەکە کۆڵراوەتەوە.

## گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

لایەنێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە خستەڕووی هەموو ئەو مۆرفیمە هاوئەرکانەیە، کە بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا خۆیان دەنوێنن ، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا دێت و دەستنیشانکردنی جۆری گۆڕانەکان.

خستنەڕووی لایەنی هاوبەش و جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی بە تایبەت لەڕوانگەی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان و هاوبەشییان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختەی کارەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە سێ بەش پێکدێت، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەمی** توێژینەوەکە زیاتر لایەنی تیۆریی بابەتەکەیە و لە ژێر ناوی ( مۆرفۆفۆنێم لە گۆشەنیگای فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە) خراوەتەڕوو، تیایدا سەرەتا باسی زمان و ئاستەکانی زمان و چۆنیەتی تێکچڕژانی ئاستەکان دەکرێت بە تایبەتی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، بۆ پێکهێنانی ئاستی مۆرفۆفۆنێمی، دواتر باسی چەمك و زاراوەی مۆرفۆفۆنێم و پێکهاتە و کەرەستەکانی مۆرفۆفۆنێم کراوە، سەرەنجام بنەمای تێوری بابەتەکە خراوەتەڕوو، کە خۆی لە (فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان)دا دەبینێتەوە، لەگەڵ خستەڕووی هەندێك چەمکی پەیوەست بە مۆرفۆفۆنێم، لەوانە کورتەباسێك لەسەر فۆنێم و مۆرفێم و وشە و ناساندنی سیماجیاکەرەوەکان و فۆنۆتاکتیك و بڕگە و کردەی ئابوریکردن لە زمانی کوردی و فارسیدا.

**بەشی دووەمی** توێژینەوەکە، تایبەتە بەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی ڕووبەڕووی مۆرفیمە وشەدارێژەکان دەبنەوە کاتێك لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا دەدرێنە پاڵ یەك بۆ پێکهێنانی وشەی دارێژراو و لێکدراو لە هەردوو زمانی کوری و فارسیدا، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە.

**بەشی سێیەمی** توێژینەوەکە تایبەتە بەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی ڕووبەڕووی مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی وەك ( نیشانەی کۆ و ناساندن و نەناسراویی و بانگهێشت و ...هتد)ی هەردوو زمانی کوردی و فارسی دەبێتەوە کاتێك، دەدرێنەپاڵ بناغەکانیان بۆ گۆڕینی فۆرمەکەیان. لە کۆتایشدا خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

# مۆرفۆفۆنێم لە گۆشەنیگای فۆنۆلۆجی ومۆرفۆلۆجییەوە

## ١/١) ئاستەکانی زمان و دروستەکانیان

### ١/١-١) سەرەتا

مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە بەشێوەی کۆمەڵایەتی ژیاوە. یەکێك لە گرنگترین پێویستییەکانی مرۆڤیش بەرقەرارکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شێواز و ئامرازی بەکارهێناوە، یەکێك لەو ئامرازانەش (زمان)ە،

لەم ڕوانگەیەوە، زمان وەك دامەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی باڵای لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ،(( بێ بوونی زمان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نایەتەکایەوە، چونکە بەبێ زمان بەکارهێنان، هاریکاریی و هەرەوەزیی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە، پێکنایەت، دیسان بەبێ زمان شارستانیەت بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر))(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ٩)

گەشەکردنی زمان وەك سیستەمێکی گرنگی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بەو کۆمەڵگەیەی تیایدا بەکاردێت، واتا بوون و نەبوونی زمان بەندە بە کۆمەڵەوە، (( زمان دیاردەیەکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، بەهۆی پەیوەندی بەستنیانەوە کۆمەڵ پێکدێت، نە کۆمەڵ بێ زمان دەبێت و نە زمان بێ کۆمەڵ))(ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤، ٧)، لەبەر ئەم گرنگییەی، زمان وەك دیاردەیەك، هەمیشە جێگای ڕامان و بیرکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناسی و مێژوونووس و فەیلەسوفان بووە و زمانەوانانیش هەریەکە و لە ڕوانگەیەکی جیاواز و لە دیدگای کەسییەوە سەیری زمانیان کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە.

تێڕامان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی زمان مێژوویەکی دێرینی هەیە و هەمیشە جێگای تێڕامانی بیرمەند و فەیلەسوفان بووە (( ناسین و ماهیەتی زمان پێشینەیەکی کۆنی هەیە و هەر لەسەدەی چوارەمی پێش زاینییەوە سەرنجی ئەفلاتۆن و ئەرستۆی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، لە سەردەمی زێڕینی یۆنانەوە تاوەکو ئەم سەردەمەی ئێستا هەمیشە زمان کەرەستەی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەران و توێژەران بووە))( مهری باقری، ١٣٩٢، ١١)

کەواتە لە ئەنجامی ئەم هەموو گرنگیدانە بە زمان بوو، توێژەران و زمانەوانان توانیان بە دەرەنجامی گرنگ و پڕ بایەخ بگەن و بە تێپەربوونی کات، پەی بە لایەنە شاراوە و گرنگەکانی زمان ببەن، تاوەکو گەیشتن بەوەی کە بەمەبەستی ئاسانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، زمان بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشبکەن.

## ٢-١/١) ئاستەکانی زمان

زمان دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە، شیکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە و بەجارێك ناکرێت، بۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان نەیانتوانیوە بەتەواوەتی و گشتگیرییەوە لە زمان بڕوانن و هەموو تایبەتمەندییەکانی بخەنەڕوو، ئەمەش وایکردووە زمانەوانان بە ئامانجی ئاسانی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی گەشە و گۆڕانەکانی، زمان بۆ چەند ئاستێك دابەشبکەن ، هەرچەند (( دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئاستەکانی شیکردنەوە بە یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی بواری زمانەوانی دادەنرێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا))( وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١، ١١) بەڵام (( سروشتی زمان ئەو جیاکردنەوەیە قەبوڵ ناکات، چونکە لە کاتی قسەکردندا ئەو بەشانە هەموویان بە تەواوەتی دەچنە ناو یەك و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵدەبن))(تالیب حسین علی، ٢٠١٤، ١٠)، لە ڕاستیدا ((دانانی سنور و جیاکردنەوەی ئاستەکانی تەنها بۆ مەبەستی ئاسانی شیکردنەوە و لێکدانەوەی زمانە، چونکە هەر سیستەمێك، دەنگی، یان ڕێزمانی یان واتایی بێت، هەموو تێکڕا لە ژێر کاریگەری سیستەمی گشتی زماندا کاردەکەن و پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە))( نایف خرما، ١٩٧٩، ٢٨٤)،

بۆیە زۆرجار سنوری نێوان ئاستەکان دیار نییە و زمانەوانان لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئاستەکانی زماندا هاوڕانین و جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە ئاستەکانی دابەشکردووە، بە شێوەیەك (( هەندێ زمانەوان ئاستی سەرەکی و لاوەکی جیادەکەنەوە، بۆ نموونە ئاستی (وشەسازی و ڕستەسازی و فۆنۆلۆجی) بە ئاستی سەرەکی دادەنێن و ئاستی (فۆنەتیك و واتاسازی) بە ئاستی لاوەکی دادەنێن، بەڵام هەندێکی تر ئاستی سەرەکی و لاوەکی جیاناکەنەوە و ڕایان وایە زمان لە سێ ئاست پێکهاتووە، ئەوانیش ئاستی دەنگ (لەڕووی ئەرکەوە-فۆنۆلۆجی) و ئاستی وشە و واتایە))(محەمەد معروف فتاح، ٢٠١١، ٥٤).

بەدەر لە ئاستی سەرەکی و لاوەکی، قوتابخانە و ڕێبازە جیاوازەکانی بواری زمانەوانی بە چەندین شێوەی جیاواز ئاستەکانی زمانیان دابەشکردووە، لە گرنگترینیان:

**قوتابخانەی (ڕۆنانکاری) بەم شێوەیە ئاستەکانی زمانی دابەشکردووە** (وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١، ٢١١)

| | | |
|---|---|---|
| دەنگ | فۆنەتیک | بێ مانا |
| فۆنێم | فۆنۆلۆجی | |
| بڕگە | | |
| مۆرفیم | مۆرفۆلۆجی | مانادار |
| وشە | | |
| فرێز | سینتاکس | |
| ڕستە | | |

**(هێڵکاری ژمارە (١): نەخشەی ڕۆنانکارییەکان بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان)**

بـەڵام قوتابخانـەی (بەرهـەمهێنان و گوێزانـەوەی چۆمسـکی) ئاسـتەکانی زمـانی بـەم شـێوەیە دابەشکردووە: (محەمەد مەحوی، ٢٠٠١، ١٨):




**(هێڵکاری ژمارە (٢): نەخشەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان بۆ دابەشکردنی ئاستەکانی زمان)**

وەك دەردەکـەوێت زمانـەوانان لەسـەر دیـاریکردن و جیاکردنـەوەی ئاسـتەکانی زمـان هـاوڕانین و بۆچوونەکان جیاوازن، بەڵام ئەو دابەشکردنەی کە ئێستا باوە، ئەوەیە کە زمان دابەشدەکرێت بۆ سـێ بەش و هەر بەشە و دوو لقی لێدەبێتەوە، وەك لەم هێڵکارییەدا دیارە: (هۆگر محمود فەرەج، ٢٠٠٥، ١١٩)




**(هێڵکاری ژمارە (٣): دابەشکردنی باوی ئاستەکانی زمان)**

## ٣-١/١) ئاڕاستەکانی شیکردنەوە

بـــەهۆی پەیوەنــدی و تێکچــڕژانی ئــاڵۆزی نێــوان ئاســتەکانی زمــان، زمانــەوانان ســەرەڕای ڕێکنەکەوتنیان لەسـەر دیـاریکردنی ئاستەکانی زمان، لـە ڕوویـەکی تریشـەوە ناکۆکن لەگـەڵ یەکدا، ئـەویش ئاراسـتەکانی شـیکردنەوەی ئاسـتەکانی زمانـە، واتـا لەسـەر ئـەوەی، ئایـا لـە لێکۆڵینـەوە زمانەوانییەکاندا لە گەورەترین یەکەی زمان کە ڕستەیە بەرەو بچوکترین یەکـەی زمان کە دەنگەکانە بچین یان بە پێچەوانەوە لە بچوکترینەوە بۆ گەورەترین ؟، هاوکات دەبێت، ئەوە لەیادنەکرێت، کە

لەگەڵ بوونی ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە سنوری ئاستەکانی زمان لە نێوان تاکە دەنـگ و ڕسـتەکاندایە، چـونکە (( سـادەترین کەرەسـتەی زمـان ئـەو تاکـە دەنگانـەن کـە بـەهۆی ئەندامـەکانی ئاخاوتنـەوە درووسـتدەکرێن و گـەورەترین و ئـالۆزترین دانـەی زمـانیش ڕسـتەیە. پەیوەنـدی نێـوان ئـەم سـادەترین و ئـاڵۆزترین پێکهاتانـە لەسـەر پێڕەوێکـی تەپۆلکـەیی (هـەرەمی) دامەزراوە)) بەم شێوەیەی خوارەوە:(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٣، ١٩٨)

ڕستە

فرێز فرێز فرێز

وشە وشە وشە وشە وشە

مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم مۆرفێم

فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم فۆنێم

دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ دەنگ

لە ئەنجامی ئەم جیاوازی بۆچوونانەدا دوو ڕوانگـەی جیـاواز پەیـدابوون سـەبارەت بـە ڕیزبوونی یەکەکانی زمان، لە لایەکەوە ڕۆنانکارەکان بوون بـە تایبـەتی (دی سۆسـێر) کە پێـی وابوو دەبێـت لـە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا لە بچوکترین یەکەی زمانەوە دەستپێبکەین تاوەکو دەگەین بە گەورەترین یەکـە، لـەم ڕووەوە (بـەکر عومـەر عـەلی) دەڵێـت: (( بونیادگـەرەکان لـە بچـوکترین دانـەی پێکهێنـەری زمانەوە کە دەنگە دەچن بۆ گەورەترین دانەی پێکهێنەر کە ڕستەیە))( ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠١٠، ٢٢)، واتـە (( شێوازی کاری بونیادگەرەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە))(محمد دبیر مقدم، ١٣٩٣، ١٧)، کەواتە بونیادگەرەکان سـەرەتا کارەکانیـان بـە ئاسـتی فۆنۆلـۆجی دەسـتپێدەکەن و لەوێشـەوە بـەرەو ئاسـتەکانی تـر دەڕۆن تاوەکو دەگەن بە گەورەترین ئاستی زمان کە سینتاکسە، وەك لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:

( سەرچاوەی پێشوو، ١٧)




**(هێڵکاری ژمارە (٤): تەرزی بونیادگەرە ئەمریکییەکان بۆ ئاراستەی شیکرنەوەی ئاستەکان**

لەبەرانبەر ئەم بۆچوونەشدا، کە لە بچوکترین یەکەوە بۆ گەورەترین یەکە دەچن، بۆچوونێکی تر هەیە، کە زیاتر لەگەڵ کاری توێژینەوەکەدا دەگونجێت و کارەکانی لەسەر بونیاد دەنێیین، ئەویش ئەو بۆچوونەیە، کە پێی وایە، پێویستە لە لێکۆڵینەوەکاندا لە گەورەترین یەکەوە، کە ڕستەیە بۆ بچوکترین یەکە بچین، کە تاکە دەنگەکانن، لە پێڕەوانی ئەم بۆچوونە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)ە، لەسەرووی هەموویانەوە (چۆمسکی)، (( لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ئاراستەی شیکردنەوەکە بە پێچەوانەی نەخشەی بونیادگەرەکانەوەیە، بەپێی ئەم نەخشەیە ڕستە گەوەترین و بەرزترین یەکەی زمانە و لە سەرەوەی نەخشەکەدایە))( سەرچاوەی پێشوو ، ١٧)، بۆیە شیکردنەوەی زمان لای ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە یەکەکانی ئاستی ڕستەسازییەوە دەستپێدەکات، واتا لە ڕستە و فرێزەوە تاوەکو دەگاتە مۆرفێم کە دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجییە و سەرەنجام بە دەنگ و فۆنێم وەك دوو دانەی ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیک کۆتاییان دێت.

## ١/١-٤) تێکچرژان و پەیوەندی ئاستەکانی زمان

زمان دەزگایەکە سەرتاپا و لە هەموو یەکەکانیدا یەکێتی و پەیوەندییەکی بەهیز و پتەو لە نێوانیاندا هەیە و هەموویان پێکەوە لە ناو دەزگای زماندا بەپێی یاسا و سیستەم کاردەکەن (( زمان پێڕەوە، ئەم پێڕەوە بۆخۆی لە پێڕەوی بچوکتر پێکهاتووە و تۆڕێکە لە پێوەندی کە پێکەوە پێڕەوێکیان پێکهێناوە))(مستەفا قادر حەسەن، ٢٠١٠، ١٠) مەبەست ئەوەیە کە ئاستە پێکهێنەرەکانی زمان پێڕەوێکی دابڕاو و بەیەکتر نامۆ نین ، بەڵکو بە شێوەیەکی چڕو و تێکچرژاو لە پەیوەندیدان و پێڕەوە گەورەکەیان پێکهێناوە، کە زمانە، واتە (( لە زماندا بەشێك یان لقێك نییە لەگەڵ لقەکانی تریدا لە پەیوەندیدا نەبێت))( ابوالحسن نجفی، ١٣٩٠، ١٩)، بۆیە زۆرجار پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان دەچوێنرێت بە هەڵقەکانی تۆڕی ماسیگری، هەروەکو چۆن تۆڕی ماسیگری لە چەندین هەڵقەی تێکچرژاو پێکهاتووە و بە تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی هەر هەڵقەیەك کۆی تۆڕەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئاستەکانی زمانیش بەهەمان شێوە پێکەوە سیستەمی زمان پیکدەهێنن و بە گۆڕانی هەر ئاستێك سیستمی گشتی زمان دەگۆڕرێت،[1] بۆیە هەندێك لە زمانەوانان[2] پێیان وایە، کە زمان لە بنەچەدا ئاستی نییە، بەڵکو لاشەیەکی چووەناویەك و تێکچرژاوە، چونکە (( زۆرجار پێڕەوی دەنگی بنەمایە بۆ ئاستی وشەسازی و ئاستی وشەسازیش بنەمایە بۆ ڕستەسازی))( نایف خرما، ١٩٧٩، ٢٩٢)، کەواتە لێکترازان و جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمان تەنها بە مەبەستی ئاسانی لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی هەر ئاستێکە، ئەگینا ئاستەکان پێکەوە تێکچرژاون و بەیەکداچوون و جیاکردنەوەیان کارێکی سەخت و ئاڵۆزە، چونکە (( لەهەر لێکۆڵینەوەیەکدا کەرەستەی هەر ئاستێك

[1] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( مهری باقری، ١٣٩٢، ٤٧)

[2] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠١٤، ٥٣)

بخەینەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە لەو چرکەیەدا هەموو ئاستەکانی تر ئامادەی لێکۆڵینەوەکە دەبن))( بازیان یونس محیّ الدین، ٢٠١٣، ٥٣ ).

تێڕوانین دەربارەی پەیوەندی و تێکچرژانی نێوان ئاستەکان جیاوازە و چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە، لەم ڕووەوە دوو بۆچوونی سەرەکی و دژ بەیەك هەیە، ئەویش لەلایەکەوە ڕۆنانکارەکانە کە (( ئاستەکانی زمان لەیەکتر جیادەکەنەوە، واتا لەیەکیان دەترازێنن و هەر ئاستە و بە جیا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن))(ئومێد بەرزان بەرزۆ، ٢٠١٠، ٢٤)، بەواتا ڕۆنانکارەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کاتێك باسی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەکەن دایدەبڕن لە ئاستەکانی تر و بە جیا باسیدەکەن، یان کاتێك باسی یەکەیەکی ئاستی ڕستەسازی دەکەن پەیوەستی ناکەن بە یەکەی ئاستەکانی ترەوە، لەلایەکی ترەوە بۆچوونێك هەیە کە پێی وایە ئاستەکانی زمان لەیەکدانابڕێن و پێویستە پێکەوە ئامادەبن لە لێکۆڵینەوەکاندا، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکی زماندا پێویستە هەموو ئاستەکانی تریش ئامادەییان هەبێت، چونکە (( لە هەندێ دیاردەی سینتاکسی ناگەین و شی ناکرێنەوە، تاوەکو لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەی دەنگیدا نەبێ، لایەنە مۆرفۆلۆجیەکانیش لە لایەکەوە بە پێکهاتەی سینتاکس و لە لایەکی ترەوە بە شیکردنەوەی دەنگییەوە پەیوەستن، هەروەها گۆڕانی واتایی درووست نابێت تاوەکو لەبەر ڕۆشنایی لایەنی دەنگی و مۆرفۆلۆجیدا نەبێت))( حلمی خلیل، ١٩٧٩، ١٩٤)،

هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان ئاستەکانی زماندا هەیە، ئاستەکان کار لەیەك دەکەن و چەندین ئاست/ لقێکی نوێ دەهێننە ناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە، بۆ نموونە (( لە ئەنجامی تێکەڵکردن و تێکچرژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لە ڕێگەی دانە و یەکە زمانییەکانیان (وشە و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف و مۆرف و فۆنێم و ئەلۆفۆن، فۆن) کە بە جێگۆرکێی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ناودەبرێت، ئاستی مۆرفۆفۆنێمی لێدەکەوێتەوە))(بازیان یونس محیّ الدین، ٢٠١٣، ٨٩). یان لە ئەنجامی تێکچرژان و کارلێککردنی هەر دوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس، ئاستی مۆرفۆسینتاکس سەرهەڵدەدات، چونکە (( مۆرفۆسینتاکس هەڵقوڵاوی بواری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسە))( ئەبوبەرکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٤)، جگە لەم دوو ئاستە چەندین ئاستی تر هەیە کە لە ئەنجامی کارلێك و تێکچرژانی چەند ئاستێکی ترەوە پەیدابوون، لەوانە دەتوانین ئاماژە بۆ هەریەکە لە ئاستەکانی (مۆرفۆ پراگماتیك[1]، مۆرفۆ سیمانتیك[2]، مۆرفۆفۆنۆسینتاکس[3] ، ......هتد) بکەین.

[1] – بڕوانە ( هاوسەر نەوزاد فقیّ ئیبراهیم ،٢٠١٤، ٥٤)

[2] – بڕوانە: (هۆگر مەحمود فەرەج، ١٩٨٩، ١٨)

[3] – بڕوانە (بازیان یونس محیّ الدین، ٢٠١٣، ١٦٦)

## ٢/١) مۆرفۆفۆنێم لە زماندا ( مەبەست و لێكدانەوە)

### ١-٢/١) مۆرفۆفۆنێم (چەمك و تێڕوانین)

#### ١-١-٢/١) زاراوەی مۆرفۆفۆنێم

مۆرفۆفۆنیم وەك ئاستێكی زمانەوانی كە لە ئەنجامی كارلێكی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەوە هاتووەتەئاراوە، لەلایەن قوتابخانە زمانییەكانەوە چەندین زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەكارهێنراوە، (( وشەی (morphophonemics) و هاوخێزانەكانی (morphophonemic) و (morphophoneme) ڕیشەكەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانناسانی ڕۆنانكاریی ئەمریكی و زمانناسانی ڕێزمانی ئەورووپی، هەروەها ترۆبتسكۆی ئەم چەمكەی لە چوارچێوەی زاراوەی ( morpho(pho)nology) دا خستووەتەڕوو))(مهدی فتاحی،١٣٩٠، ١٥).

هەر لەم ڕووەوە **كریستاڵ** دەڵێت: (( مۆرفۆفۆنێم وەك زاراوە لە دەستوری ئەورووپیدا مۆرفۆنۆلۆجی[١] بۆ بەكاردەهێنرێت، بەلام لە ڕێزمانی ئەمریكیدا مۆرفۆفۆنێم پەسەندترە))( Crystal,٢٠٠٣,٣٠٢)، هەروەها **(ار.اچ.روبینز)** پێی وایە ((زمانناسانی قوتابخانەی پراگ ئەم ئاستە بە مۆرفۆفۆنۆلۆجی[٢] ناودەبەن لە كاتێكدا زمانناسانی ئەمریكی بە (مۆرفۆفۆنێمیكس)[٣] ناوی دەبەن))(ار.اچ. روبینز، ١٣٩٢، ٤٤٠).

هەر سەبارەت بە زاراوەی مۆرفۆفۆنێم (احمد مختار) دەڵێت: (( زمانەوانان لەبەر ئاڵۆزیی و درێژیی وشەكە دەستكارییان كردووە و كورتیان كردووەتەوە، تا بووە بە (مۆرفۆنۆلۆجی) هەندێكی تر بە زاراوەكە دەڵێن (مۆرفۆنێكس) یان (مۆرفۆفۆنێمیكس).... هەروەها هەندێكی تر زاراوەی (فۆنۆمۆرفۆلۆجی)[٤] بەكاردەهێنن بۆ ئەم ئاستە ))(احمد مختار عمر، ٢٠٠٤، ٧٠).

لە زمانی كوردیشدا هەرچەندە لە زۆربەی سەرچاوەكاندا زاراوەی مۆرفۆفۆنێم بەكاردەهێنرێت، بەلام هەندێكجار وەرگێڕان بۆ زاراوەكە دەكرێت و زاراوەی (دەنگوشەسازی) بەكاردەهێنرێت.[٥]

سەبارەت بە یەكەی ئاستی مۆرفۆفۆنێمیش (احمد مختار) دەڵێت: (( یەكە لەم جۆرە لێكۆڵینەوەیەدا، نە مەبەست لە فۆنێمە و نە مۆرفێم، بەڵكو یەكەی ئاستی مۆرفۆفۆنێم (مۆرفۆنێم)ە[٦].)) ( سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤،٧١) .

بەپشتبەستن بە سەرچاوە جیهانییەكان و ناوەڕۆكی توێژینەوەكە، ئێمە زاراوەی (مۆرفۆفۆنێم) بەكاردەهێنین، چونكە سەرەڕای دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانەوانیی كوردی لە ڕووی زاراوەوە، هۆكارێكیشە بۆ نزیككردنەوەی زمانەوانیی كوردی لە زمانەوانیی ئەورووپی و لە ڕووی زانستییشەوە (مۆرفۆفۆنێم) بە گونجاوتر دادەنێین لە گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆكی توێژینەوەكەدا.

---

[١]-morphonology
[٢]-morphophonology
[٣]-morphophonemeics
[٤]-phonomorphology

[٥] – بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ( عبدالله حسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٤، ٤٩)

[٦]- morphoneme

## ٢/١-١-٢) چەمکی مۆرفۆفۆنێم

مۆرفۆلۆجی وەك ئاستێکی سەرەکی زانستی زمان، کاری لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە و پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان و چۆنیەتی پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر (( مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەگرێدانی گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ بەدەستخستنی وشەکان))( محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠، ٢)، لە ئەنجامی لێکدانی ئەم مۆرفیمانەش لە سنوری وشەی لێکدراو و داڕێژراو لە مۆرفۆلۆجی وشەدرووستکردن و مۆرفیمە ڕێزمانەکان لە مۆرفۆلۆجی شکاندنەوەدا زۆر لە گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانی وەکو توانەوەی دەنگ یان پەیدابوونی دەنگ یان تیاچوونی دەنگ ... ڕوودەدەن، بەمەش جۆرە تێکچرژان و کارلێکێك درووستدەبێت لە نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا و سەرەنجام ئاستی مۆرفۆفۆنێم دێتەئاراوە، چونکە (( دەستنیشانکردنی پێکهاتەی فۆنەتیکییەتی مۆرفیمەکان بە یەکێك لە یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان دادەنرێت))( وریا عمر امین، ٢٠٠٤، ٧٩)، بەواتا مۆرفۆفۆنێم (( یاسایەکە فۆرمی دەنگی مۆرفیمەکانی زمان دیاردەکات))(ویکتۆریا فرامکین و دیگران، ١٣٨٧، ٢٣٠)، بۆیە ئێمە لە بوارێکدا کاردەکەین کە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی بەهاوبەشی کاری تێدادەکەن، چونکە ((مۆرفۆفۆنێم تێکەڵەیەکە لە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی))(جولیا.اس. فالك،١٣٨٧، ١٣٨).

سەرەتای دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنێمی بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان (( دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی چۆمسکی، کە یەکێك لە گرنگترین بنەما تیۆرەکانی بریتیبوو لە پێکهاتەی یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان))(حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٦، ٨)، هەرچەند بەپێی سەرچاوەکان تیۆرییەکەی چۆمسکی ئیلهامی لە تیۆریی مۆرفۆفۆنێمی بلۆمفێڵدەوە وەرگرتبوو (( چۆمسکی لە ماستەرنامەکەیدا کە بە ناوی ( مۆرفۆفۆنێمی زمانی عیبریی مۆدێرن)[1] ەوە بوو، بە بەکارهێنانی شێوازی مۆرفۆفۆنێمی بلۆمفیڵد نەك (هاریس)، کە لەگەڵ بوونی نواندنی قووڵە بۆ مۆرفیمێکی دیاریکراو و هەوڵیدا یاسایەکی گونجاو بۆ مۆرفۆفۆنێم بچەسپێنێت))( پیتر ا.ام. سورن، ١٣٨٩، ٢٦٥)، دیارە ئەمەش هەمان بۆچوونی بلۆمفێڵدە دەربارەی مۆرفۆفۆنێم، چونکە وەك ئاشکرایە مۆرفۆفۆنێمی بلۆمفێڵد بەم شێوەیە بونیادنرابوو (( هەرکاتێك گونجا یەك ئەلۆمۆرف وەك بناغە و نواندنی بنەڕەتی لە بەرچاوبگرین و مۆرفیمەکانی تریش لەو تاکە ئەلۆمۆرفەوە هەڵبهێنجین))( رجبعلی عسگرزادە، ١٣٧٧، ٦٩).

واتە لە مۆرفۆفۆنیمی بلۆمفێڵدا لە ناو ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمیکی دیاریکراودا دەبوو یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکان وەك بناغە و نواندنی بنەڕەتی سەیربکرێت و ئەلۆمۆرفەکانی تری ئەو مۆرفیمەش لە ڕێی کۆمەڵە یاسایەکەوە[2] لەم بناغەیە هەڵبگوازرێن، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی نیشانەی ناسراویی بدەین لە زمانی کوردیدا، دەبینین چەندین ئەلۆمۆرفی هەیە لەوانە (ەکە، یەکە، ەك، ك، ...) بەپێی

١- morphophonemics of Modern Hebrew

٢ – یاسا فۆنۆلۆجییەکان

کۆمەڵە مەرجێك[1] مۆرفیمی (ەکە) بە نواندنی بنەڕەتی دادەنرێت و مۆرفیمەکانی تریش دەبن بە ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفیمە، بەم شێوەیە:




لەم ڕوانگەیەوە دەبێت بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنیمی بگەڕێنینەوە بۆ بلۆمفێڵد (( گەر باسی مۆرفۆفۆنێم بکەین ... پێویستە بە (بلۆمفێڵد)، کە ڕابەر و دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆنانکاریی ئەمریکییە دەستپێبکەین))(بازیان یونس محیٚ الدین، ٢٠١٣، ١١٩) ، بەلاّم لەبەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا کە دەستپێکی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنیمی دەگەڕێننەوە بۆ بلۆمفێڵد، بۆچوونێکی تر هەیە کە سەرەتای لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنیمی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر لەوە پێشتر و بە دیاریکراوی بۆ (پانینی) زمانەوانی هیندی (( وەك دەزانین بوونی شێوەی جیاوازی ئەو مۆرفیمانەی، کە هەمان ڕۆڵیان لە زمانەوانی نوێدا هەیە بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفیمە دادەنرێت، بەلاّم پانینی چەمکی مۆرفۆفۆنیمی بەو شێوە جیاوازانەی یەکە زمانییەکان بەخشیوە، بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمی بناغە و ئەبستراکی بۆ یەکە زمانییەکان لەبەرچاوگرتووە و لە زمانی سانسکریتیدا بە (sthănin) ناوی بردووە، کە بە واتای (خاوەن جێگا) یان (سەرەکی) دێت، دواتر ئەم فۆرمە سەرەکییە بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکەوە دەگۆڕێت بۆ نواندنێکی تر، کە بە سانسکریتی پێی دەگوترێت (ădeṢ a) کە بە واتای (جێنشین) دێت،))(ار.اچ. روبینز، ١٣٩٢، ٣١٧)، وەك دەردەکەوێت ئەم کارەی پانینی هەمان کارە کە لە مۆرفۆفۆنیمی بلۆمفێلددا دەبینرا، واتا بوونی چەند شێوەیەکی جیاوازی تاکە مۆرفیمێك، بەشێوەیەك، کە یەکێکیان سەرەکییە و وەکو نواندنی بنەڕەتی لەبەرچاودەگیرێت و شێوەکانی تر دەبن بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفیمە، کەواتە دەتوانین بڵێین ((ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بلۆمفیلد بە ناوی (پەسنی مۆرفۆفۆنیمی زمانی مەنومینی)[2]ەوە ئەنجامی داوە، بەگشتی لە ڕووی فۆرمەوە لە قوتابخانەی پانینییەوە وەرگیراوە))( سەرچاوەی پێشوو، ١٣٩٢، ٣١٧).

هەروەك چۆن زمانەوانان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا لەسەر دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سەرەتای لێکۆڵینەوە مۆرفۆفۆنیمییەکان هاوڕانەبوون، بەهەمانشێوەش لە باسکردنی چەمکی مۆرفۆفۆنیم و سنوری کاری مۆرفۆفۆنیمیشدا هاوڕانین و چەند بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، یەکێك لەو بۆچوونانە، پێی وایە مۆرفۆفۆنیم ئەو مۆرفیمانەن، کە لە ڕووی پێکهاتەوە لە یەك فۆنیم پێکهاتوون، واتا بە بڕوای ئەوان ئەو یەکە زمانیانەی کە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا بە فۆنیم هەژماردەکرێن و بەهەمان فۆرمەوە دەچنە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە، بەلاّم بە مۆرفیم شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت دەبن بە مۆرفۆفۆنیم، چونکە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی بەشدارن لە شیکردنەوەی ئەو یەکە

---

[1] – بڕوانە (١/٢-٣-٤-٢)

[2]– menomini Morphophonemics

زمانییانەدا، (( مۆرفۆفۆنێم لە ناو ئاستی مۆرفۆلۆجیدا مۆرفێمە و لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا فۆنێمە، کە بە ناوی مۆرفۆفۆنێمەوە ناودەبرێت))( زێڕین خورشید سەلیم، ٢٠٠٩ ، ٤٩)، یان دەگوترێت مۆرفۆفۆنێم (( ئەو تاکە دەنگانەن کە لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنێمن و دەتوانن لە ئاستی وشەسازیدا ببن بە مۆرفێم))(عبدالله حسێن ڕەسول، ٢٠١٤، ٥٠) وەك دەبینین مۆرفۆفۆنێم لای ئەم زمانەوانانە ئەو مۆرفێمانەن کە لە ڕووخساردا لە تاکە فۆنێمێك پیکهاتوون[١]، بۆ نموونە:

**جوان > جوانی.** [ی] مۆرفۆفۆنێمە، چونکە تاکە فۆنێمێکە و ئەرکی مۆرفێم بەجێدێنێت.

**کچاجوان** : [ا] مۆرفۆفۆنێمە، چونکە مۆرفێمێکی ڕەگەزی مێیە لە دۆخی خستنەسەردا و نواندێکی فۆنێمی هەیە.( دلمان قطاص طاهر، ٢٠١٣، ١٦)

هەر لەسەر ئەم بنەمایە (عبدالله حسێن ڕەسول) دەڵێت: (( لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوریدا (١٥) مۆرفۆفۆنێممان هەیە کە بریتین لە (ە، ا، ب، ت، چ، د، ر، ش، ك، م، ن، ۆ، و، ی، ێ).))(عبدالله حسین رەسول، ٢٠١٤، ٥٠).

واتا لێرەدا نووسەر بەپشتبەستن بەوەی هەر یەکە لەو فۆنێمانەی زمانی کوردی دەتوانن ئەرکی ڕێزمانی ببینن بۆیە پێویستە بە مۆرفۆفۆنێم لە قەڵەمیان بدەین ، وەك لەم چەند نموونەدا ڕوونکراوەتەوە:

**(ە) : ئەم مۆرفۆفۆنێمە چەندین ئەرکی جیاواز دەبینێت، لەوانە:**

أ- دەبێت بە چەمکی بەستنەوە، بۆ نموونە: مێرگەسور، گێلەپیاو، گوڵەگەنم،

ب- دەبێت بە چەمکی ناساندن، بۆ نموونە، باوکە هەر خەریکی کار......، کوڕە ئارامی لێ بڕا.

ج- دەبێت بە چەمکی بچووککردنەوە، بۆ نموونە: فاتە هات، نازە نەختێك ئاوم بۆ بێنە.

**(ن): ئەم مۆرفێمە چەندین ڕۆڵ دەگێڕێت، لەوانە:**

ا- ئەرکی درووستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو: بۆ نموونە: چڵکن، کرمن،...

ب- ئەرکی درووستکردنی چاوگ، بۆ نموونە ، کێڵان، کردن، بوون،....[٢]

لەڕاستیدا، مۆرفۆفۆنێم لەوە فراوانترە کە تاکە دەنگێك بێت، چونکە هەروەکو چۆن مۆرفێممان هەیە لە (٤) فۆنێم پیکدێت، وەك مۆرفێمی (یەکە)، یان مۆرفێم هەیە لە (٣) فۆنێم پێکدێت، وەك مۆرفێمی(ەکە)، یان مۆرفێم هەیە لە (٢) فۆنێم پێکدێت وەك مۆرفێمی (ان)، ئاساییە مۆرفێمیشمان هەبێت لە یەك فۆنیم پێکهاتبێت، وەکو مۆرفێمی (ن) لەکرداری (هاتن) و مۆرفێمی ( ە) وەکو ئامرازی دانەپاڵ لەفرێزی (کوڕە زیرەکە)کە و .....هتد.

هەمبەر بەو بۆچوونەی سەرەوە کە مۆرفۆفۆنیم پەیوەست دەکات بە تاکە دەنگەوە بۆچوونێکی تر هەیە، کە زانستیانەتر و پەسەندترە و پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمە، کە پێی وایە، مۆرفۆفۆنێم بریتییە لەو گۆڕانە دەنگییانەی کە بەسەر فۆنێمەکاندا دێت لە ئەنجامی کارلێك و پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکان، کاتێك دەچنەپاڵ یەك بۆ دروستکردنی وشەی نوێ یان نواندنی ڕۆڵی سینتاکسی مۆرفێمە ڕێزمانییەکان، گۆڕانە دەنگییەکانیش بەهۆی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە ئەنجامدەدرێن.

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (عبدالله حسین ڕەسوڵ، ٢٠١٤) و ( زێڕین خورشید سەلیم، ٢٠٠٩ ) و ( دلمان قطاص طاهر، ٢٠١٣)

[٢] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عبدالله حسێن ڕەسول، ٢٠١٤)

**لەسەرئەم بنەمایە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین مۆرفۆفۆنێم لە سێ خاڵدا کورتبکەینەوە:**

١- مۆرفۆفۆنێم زانستی ڕۆنانی فۆنۆلۆجی مۆرفێمەکانە.

٢- مۆرفۆفۆنێم زانستی گۆڕانکارییە دەنگییەکانە کە ڕووبەڕووی مۆرفێمەکان دەبنەوە لە ئەنجامی کارلێك و بەدواییەکداهاتنیان.

٣- مۆرفۆفۆنێم زانستی زنجیرەیی گۆڕانە دەنگیەکانە کە ئەرکی مۆرفۆلۆجی بەجێدێنن.

(بریجیتە بارتشت، ٢٠١٠، ١٦٠-١٦١)

## ٢/١-١-٣) کارلێکی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی

ئاستەکانی زمان سەرتاپا، لە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەودان و بە مەبەستی ئاسانی کاری لیکۆڵینەوە زمانەوانییەکان نابێت لەیەکتر جیاناکرێنەوە، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە بەهێزەشدا زۆرجار ئاست یان لقی جیاوازی زمانی سەرهەڵدەدات، یەکێك لەو ئاستانەی کە لە ئەنجامی کارلێکی دوو ئاستی جیاواز هاتووەتەئاراوە، مۆرفۆفۆنێمە (( پەیوەندی و کارلێکی نێوان دوو ئاستی شیکردنەوەی وەکو مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، بەدیهێنەری ئاستێکی جیاوازە، کە پێی دەگوترێت ئاستی مۆرفۆفۆنێمی))(ار.اچ، روبینز، ١٣٩٢، ٤٤٠)، واتا مۆرفۆفۆنێم وەك ئاستێکی ناوەند خاڵی هاوبەشی نێوان ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییە، چونکە دوای ئەوەی مۆرفێمەکان (وەك یەکەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی) دەکەونەپاڵ یەك، بەپێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەی کە تێیدەکەون، ڕووبەڕووی گۆڕان دەبنەوە، بەمەش هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

دیارە کارلێکی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی لە ڕێگەی یەکەکانی هەردوو ئاستەکەوە ئەنجامدەدرێت، واتا لە ڕێگەی (مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف) لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و (فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن) لە ئاستی فۆنۆلۆجی، چونکە، وەك **کریستاڵ** دەڵێت:(( مۆرفۆفۆنۆلۆجیا ئاستێکی زمانەوانییە باس لە شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەو هۆکارە فۆنۆلۆجیانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی مۆرفێمەکان هەیە، یان بەپێچەوانەوە ئەو هۆکارە مۆرفۆلۆجییانەی کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی فۆنێمەکان هەیە)) ( Crystal,٢٠٠٣,٣٠٢)، مەبەست لە کاریگەریی هۆکاری فۆنۆلۆجی لەسەر دەرکەوتنی جیاوازی مۆرفێمەکان ئەوەیە کە هەر گۆڕانێکی دەنگسازی وەك ( یاسای کپی و گڕی) یان ( تیاچوون و پەیدابوونی دەنگ) یان (گواستنەوەی هێز) لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی (مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف)دا ڕوودەدات، ئاستی مۆرفۆفۆنێمیی لێدەکەوێتەوە.

هاوکات کاریگەریی هۆکاری مۆرفۆلۆجی لەسەر دەرکەوتنی فۆنێمەکان بۆ ئەو ژینگە ڕێزمانییە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی ڕیزبوون و بەدواییەکداهاتنی مۆرفێمەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕانی فۆنێم لە سنوری وشە و مۆرفێمەکاندا، ئەمەش جۆرێکە لە کارلێکی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، چونکە (( مۆرفۆفۆنێم ئەو کۆمەڵە فۆنێمە دەنوێنێت کە لە چوارچێوەی ژینگەی ڕێزمانی تایبەتدا ڕوودەدات))

(K a ٢٠٠٦, ٣٢٠)، بەواتایەکی تر کاتێك (( دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ داڕشتنی یەکەی گەورەتر (بڕگە و وشە و ڕستە)، کارلێکدەکەن، لە ئەنجامی ئەم کارلێکەش دەنگ

**هەیە دەگۆڕێت، هەیە پەیدادەبێت، هەیە دەقرتێت))**( وریا عمر امین، ٢٠٠٤، ٣٠)، **هەموو ئەمانەش دەرخەری پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییە بۆ دروستکردنی ئاستی مۆرفۆفۆنێم.**

**هەر سەبارەت بە جێگۆڕکێی ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی** (roger lass) **دەڵێت:** (( **هەر وشەیەك یان مۆرفێمێك تیایدا فۆنێمێك یان چەند فۆنێمێك لە زمانیکی دیاریکراودا جێگۆڕکێ بکات rلەگەڵ فۆنێمێك یان چەند فۆنێمێکی تر پێی دەگوترێت جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمی**))( r o ١٩٨٨. ٥٧). **وەك:**

**نەوەد : نەوەت**

**ئەگەر سەرنجی هەردوو وشەکە بدرێت تەنها لە تاکە دەنگێکدا جیاوازن، ئەویش گۆڕانی دەنگی** /d/ **بۆ** /t/**ە، دیارە هۆکارەکەی گۆڕانی دەنگێکی (گڕ)ە بۆ (کپ)، چونکە** (( **کپکردنی دەنگ لە کۆتایی وشەدا یارمەتی سوك خوێندنەوەی وشە دەدات**))( ma ٢٠٠٢.١٤) ، **بۆیە لە وشەی (نەوەد)دا دەنگی /د/ گڕە و گۆڕاوە بۆ دەنگێکی کپی وەك /ت/، کەواتە لێرەدا دەنگی /د/دەنگە بنجییەکەیە و ئارخیفۆنێمە کە لە کاتی گۆکردندا دەگۆڕێت بۆ /ت/.**

**هەروەها هەندێکجار جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی بە هۆی بوونی ئەلۆمۆرفەوەیە** (( **بوونی ئەلۆمۆرفەکان نیشانەی هەڵسوکەوت/ کارلێکی بەشی مۆرفێم و فۆنێمە، بەکارهێنانی نواندنی قووڵ و داڕشتەیی لە یاسای مۆرفۆفۆنێمیدا ئەم ئاڵوگۆڕییە مۆرفۆفۆنێمییە دەردەخات**))(ولیام اگردی و دیگران، ١٣٩١، ١٩٩)، **چونکە** (( **ئەگەر بەسادەیی بڕوانیینە ئەلۆمۆرف، دەتوانین لێکدانەوە بۆ جێگۆڕکێکانیان بکەین، بە ئاماژەدان بۆ خاسیەتی سەگمێنتاڵی (سیماکەرتییەکان)ی ئەلۆمۆرفەکان، واتا نواندن و دروستکردنی ئاستێکی نوێ، ئەویش ئاستی مۆرفۆفۆنێمییە کە سیفەتی مۆرفێمی و فۆنێمی هەیە**)) (r o ١٩٨٨. ٥٧)، **بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی دوو لە ئەلۆمۆرفەکانی نیشانەی کۆ بدەین لە زمانی کوردیدا، بریتین لە (هات و جات) وەك لە وشەکانی:**

**میوەهات ، میوەجات**

**دەردەکەوێت تەنها بە گۆڕینی دەنگی /ه/ بۆ/ ج/ دوو ئەلۆمۆرفی جیاوازمان دەستکەوتووە، کە لە ڕێگەی گیرەکێکی ڕێزمانییەوە درووستبووە، ئەمەیش جێگۆڕکێی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی پیشاندەدا بۆ درووستکردنی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمی.**

**هیزیش وەك فۆنێمی ناکەرتی**[1] **و یەکەیەکی ئاستی فۆنۆلۆجی، ڕۆڵێکی کارای لە بەدیهێنانی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمیدا هەیە ، چونکە** (( **هێز، پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە، پەیوەندییەکەش خۆی لە گیرەکاندا دەبینێتەوە، ئەوانەی کە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا وشە و**

---

[1] – فۆنێمی ناکەرتی ڕۆڵێکی کارایی هەیە لە بەدیهێنانی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمی، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکەی ئێمە زیاتر پەیوەندی بە فۆنێمە کەرتییەکانەوە هەیە و هەروەها لەبەر فراوانی باسەکە، بە پێویستمان نەزانی بەشێکی سەربەخۆی بۆ دابنێین، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فۆنێمە ناکەرتییەکان و ڕۆڵی هێز لە جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمیدا بڕوانە: (بازیان یونس محیٰ الدین، ٢٠١٣) و ( ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩٨).

واتـــای نـــوێ دروســـتدەکەن و کاریگـــەرییان لەســـەر هێـــز و شـــوێنی هێـــز هەیـــە، بـــە تایبـــەتی **پاشگرەکان**))(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، ١٩٩٨، ٨٤) **ئەمەش پەیوەندی نێوان هێز (وەك دانەیەکی ئاستی فۆنۆلۆجی) و گیرەکەکان ( وەکو دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی) دەردەخات، سەرەنجام دەبنە هۆی دروستبوونی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمی. بۆ نموونە وشەی (کرد) لە یەك بڕگە پیکهاتووە و خاوەنی یەك هێزە ئەویش لەسەر کرۆکی بڕگەکەیە واتە لەسەر (بزرۆکە)کەیە، بەڵام کاتێك گیرەکێکی وەکو (ەوە) وەردەگرێت وشەکە دەبێتە (سێ) بڕگە و شوێنی هێزەکەش دەگۆڕرێت، بەم شێوەیە:**

**کر دە وە**

## ٢/١-٢) دروستە و پێکهاتەی مۆرفۆفۆنێم

**مۆرفۆفۆنێم ئاستێکی زانستی زمانە، لێکۆڵینەوەیە لە کارلێکی نێوان پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنەتیکییەکان، بەم شێوەیە:**[١]

**فۆنۆلۆجی** ⟵

**مۆرفۆلۆجی**

**فۆنەتیکی** ⟵

**کارلێکەکەش بریتییە لەو گۆڕانە دەنگییانەی لە مۆرفێمەکاندا ڕوودەدەن، کاتێك یەکدەگرن بۆ داڕشتنی وشە، واتا (( شیکردنەوە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان زۆربەی کات لە هەوڵدان بۆ بەخشینی زنجیرەیەك لە یاسا فەرمییە گەڵاڵەکراوەکان کە لە ناو مۆرفێمەکاندا ڕوودەدەن و گۆڕانە دەنگییە پێڕەوبەندەکانیان لێدەکەوێتەوە، واتا ( یاسا فەرمییەکان بنەما و نەخشەڕێژی گۆڕانە دەنگییەکانی ناو مۆرفێمەکانن).))**(ویکیپیدیا)، **بەواتایەکی تر کاتێك مۆرفێمەکان دەکەونەپاڵ یەکدی بەکاریگەری فاکتەری فۆنۆلۆجی گۆڕانیان بەسەرداديت، بۆیە دەتوانین بڵێین یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان (( ئەو یاسایانەن، کە کاریگەرن لە نواندنی فۆنێمی مۆرفێمەکان، لەئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکدییان، واتا یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان لێکۆڵینەوەیە لە جۆراوجۆری مۆرفێمەکان بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری فاکتەری دەنگیی))**(زهره الماسی زفره، ١٣٨٨، ٣٨).

## ٢/١-٢-١) پرۆسە مۆرفۆفۆنێمییەکان

**یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان دەرەنجامی کارایی یاسا فۆنۆلۆجییەکانن لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکی مۆرفێمەکان و کاریگەری دانانیان لەسەر یەکتری لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا، چونکە(( زۆرجار بە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەتەقنەوە))**(محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر، ٢٠٠٤، ٣١) **و دەبنە سەرچاوەی سەرەکی یاسا مۆرفۆفۆنێمییەکان، بەو جیاوازییەی کە (( یاسا**

[١] – هێڵکارییەکە لە (ویکیپیدیا)ەوە وەرگیراوە.

**فۆنۆلۆجییەکان لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانانە دەکەن کە لە ژینگەی جیاوازی دەنگیدا بەسەر فۆنیمەکاندا دێت، لە کاتێکدا یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکان لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی مۆرفیمەکان دەکەن لە ژینگەی جیاوازی دەنگیدا))**( مهدی فتاحی، ۱۳۹۰،٤٨).

**لەم ڕوانگەیەوە باسی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکەین، بە خستنەڕووی ئەو سەرنج و نموونانەی کە دەرخەری پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجین، چونکە وەك پێشتر خرایەڕوو، یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەرخەری پەیوەندی نێوان نواندنی جیاوازی مۆرفیمەکانن، (( لە فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا پەیوەندی نێوان نواندنی فۆنیمی مۆرفیمەکان و نواندنی فۆنەتیکییان لە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە جێبەجێدەکرێت، واتا ڕۆڵی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوەیە کە زانیاری دەنگی پێویست بۆ دەربڕینی شێوە جیاوازەکانی زمان بخەنەڕوو))**(مهدی مشکوه‌الدینی، ۱۳۸۸، ۱٦۲)

**وەك لەم خشتەیەدا دیاریکراوە:**[1]




**بەپشتبەستن بە هێڵکارییەکەی سەرەوە دەربڕین یان (نواندنی فۆنەتیکی وشە)(( پێکهاتووە لە نواندنی فۆنیمی مۆرفیمەکان لەگەڵ پەیدابوون یان جێگۆڕکێی دەنگێك ... کە لە لایەن یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە دیاریدەکرێت))**( گرورهادسن، ۱۳۸۷، ۲۳۱)

**یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش یاسای گشتین و لە هەموو زمانێکدا هەن، بەڵام لەبەرئەوەی هەر زمانە و سیستەمی دەنگی جیاوازی خۆی هەیە، زۆرجار یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە دەگۆڕێن، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیشدا هەندێك لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زۆربەی زمانەکاندا وەك یەك دەبینرێن، بۆیە لێرە باسی گرنگترین ئەو یاسایانە دەکەین، بەتایبەت ئەوانەی کە زیاتر پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دەردەخەن و ڕۆڵیان هەیە لە هاتنەئارایی گۆڕانی مۆرفۆفۆنیمی.**

## ۲/۱-۲-۱-۱) وێکچوون[2] ( assimilation)[3]

**بریتییە لە هاوشێوەبوونی دەنگەکان، ڕوونتر بڵێین، هەر دەنگێك لە ڕووی نیشانە دەنگییەکانەوە خاوەنی کۆمەڵە سیمایەکە، هەر کاتێك دەنگێك بە کاریگەری دەنگێکی دراوسێی، یەکێك یان چەند**

---

[1] -

[2] – لە سەرچاوە کوردییەکاندا چەندین زاراوەی جیاواز بۆ ئەم دیاردەیە بەکارهاتووە : کە گرنگترینیان (گونجان)، ( لێکچوون) ،( توانەوە)یە.

[3] - ڕەنگە باشترین نموونە بۆ یاسای وێکچوون، خودی چەمکی(assimmulatio) بێت، ئەم وشەیە لە (assimulo)ەوە درووستبووە، واتا (وێکی دەچوێنم),ئەم کردارە لە پێشگری (as < ad) و کرداری (simulo) پێکهاتووە، ئەگەر لەگەڵ (assimilis) (لێچوو)دا بەراوردی بکەین، دەبینین لە درووستبونیدا پێشگری (-ad): (adsimilis) هەیە، کۆنسۆنانتی (d) ی پێشگر بە کاریگەری هەڵمەتی دەنگی (S) ئاوەزدارێتی کۆسپەکی لەدەستدەدات و دەگۆڕێت بۆ (S). بڕوانە: (میدیا ، ۱۹۹۸، ۲۹۲)

**سیمایەكی گۆڕا بۆ سیمای دەنگەكەی دراوسێی، دەگوترێت وێكچوون ڕوویداوە، واتە لە وێكچووندا (( دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لە دەنگەكەی دراوسێی بچێت))**( طالب حسين على، ١٩٨٩، ٤٩)). **بەواتایەكی تر لەم جۆرە گۆڕانەدا ((دوو دەنگی جیا، لەیەك نزیكدەبنەوە بۆ ئەوەی جولانەوەی ماسولكەكان كەمتر بەكاربێت))**( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٦).

**یاسای وێكچوون یەكێكە لە گرنگترین و بەربلاوترین یاسا دەنگییەكانی زمان، واتا لە هەموو یاساكانی تر زیاتر ئەگەری ڕوودانی هەیە (( ڕەنگە هیچ دەنگێك نەبێت لە ژینگەی دەنگیدا نەكەوێتە ژێر كاریگەری یاسای وێكچوونەوە))**(مهدى مشكوه الدينى، ١٣٨٨، ١٣٠)،) **بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا لە وشەی ناسادەدا ئەگەر مۆرفێمی یەكەم كۆتایی بە دەنگی ( ز، م، ڤ، ن، ڵ، و، ر،...) هاتبێت و یەكەم دەنگی مۆرفێمی دووەم دەنگی (د) بێت، ئەوا، ئەو /د/ە، وەك ئەو دەنگانەی مۆرفێمی یەكەمی لێدێت:**

**(ساز – ز / حەڤ – ڤ / هان – ن/ بم – م/ ئاو – و / گوڵ – ڵ )**

**( ساززان /، حەڤڤە /، هاننان /، بممە /، ئاووان /، گوڵڵان )** (دەرون عبدالرحمان سالح،٢٠١٢، ٨٣)

**لە فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا (( وێكچوون بە سودوەرگرتن لە چەمكی كۆپیكردنی نیشانە دەنگییەكان وێناكراوە، واتا یەكە دەنگییەكان، سیما دەنگییەكانی دراوسێیان كۆپیدەكەن))**( عاليه كرد زعفرانلو و ديگران، ١٣٩٢، ١٥٥)،.

**لە وێكچووندا كاتێك گۆڕان یان كۆپیكردن ڕوودەدات، یان دەنگەكەی پێشەوە كاردەكەنە سەر دەنگەكەی دواوەی و دەیگۆڕن، یان بەپێچەوانەوە دەنگەكەی دواوە كاردەكاتەسەر دەنگی پێش خۆی و وەكو خۆی لێدەكات، بۆیە زمانەوانان لەسەر ئەم بنەمایە وێكچوون دابەشدەكەن بۆ دوو جۆر**[1]**، بەم شێوەیە:**

## ١- كارتێكردنی دەنگی پێشەوە ( progrossive)

**لەم جۆرە وێكچوونەدا دەنگی پێشەوە كاردەكاتەسەر دەنگی دوای خۆی و وەكو خۆی لێدەكات، واتا (( لە وێكچوونی پێشەوەدا ئەو دوو كۆنسۆنانتەی كە لە پاڵ یەكترین، دەنگەكەی پێشەوە نەگۆڕە و وەكو خۆی دەمێنێتەوە و ئەو كۆنسۆنانتەی كە لە جێگەی دووەمە ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە))**(على محمد حق شناس ، ١٣٩٠، ١٥٢)، **بۆ نموونە:**

**عەمبار > عەممار**[2]

[1] – هەرچەند هەندێك لە زمانەوانان ئاماژە بۆ جۆری سێیەمی وێكچوونیش دەكەن، ئەویش وێكچوونی دوولایەنەیە، لە وێكچوونی دوولانەیەدا ( **دوو دەنگی دراوسێ بەشێوەیەكی هەمبەری (متقابل) كاریگەری لەسەریەك درووستدەكەن**) بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە: (عاليه كرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ١٧٠) و (مهدى مشكوه الدين، ١٣٨٨، ١٣٥)

" don’t you"   / də Unt ju /  ---[də Untʃ  u ]
/hityu /   [  Hiču]       " hit you"
/misyu /  [miŝu ]       " miss you"

[2] – زۆربەی نموونەكان لە (محمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠) و ( طالب حسين عەلى، ١٩٨٩) و ( دولبەر ئیبراهیم شاڵی، ٢٠٠٨) دەوەوەرگیراوە.

**لێم دا > لێم ما**

لەم نموونانەدا دەنگی پێشەوە کاریکردووەتە سەر دەنگی دوای خۆی و وەکو خۆی لێکردووە، واتە بەم شێوەیە:

**[ب] --- [م] / [م] .....**

ئەم حاڵەتە لە زمانی فارسیشدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە زۆرجار دەنگی [t] کە دەکەوێتە دوای دەنگی [s] سیمای (کپی) خۆی لەدەستدەدات و لە بری ئەوە سیمای دەنگداری [s] وەردەگرێت، بەم شێوەیە:

**Das +ta > dassa** دَست + ە > دسسە

**٢- کارتێکردنی دەنگی دواوە (pegressive)**

لەم یاسایەدا دەنگی دواوە کاریگەری لەسەر دەنگی پێشەوەی خۆی دروستدەکات و وەکو خۆی لێدەکات، واتا (( وێکچوونی دواوە، یاسایەکە تیایدا کۆنسۆنانتی دواوە لەگەڵ ئەو کۆنسۆنانتەی کە لە پێشی دێت هاوشێوە دەبێت، ڕوودانی پێشوەختی جوڵانی ماسولکەکان کە بۆ بەرهەمهێنانی کۆنسۆنانتی دووەم ئامادەدەبێت، هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانەیە))(عالیە کرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ١٦٩)، بۆ نموونە:

**کردتان > کرتتان**

**خەتدار > خەددار**

لەم نموونانەدا دەنگی [ت] و [د]گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەك لە نموونەی یەکەمدا دەنگی [د] گۆڕاوە بۆ دەنگی [ت]، و لە نموونەی دووەمدا بە پێچەوانەوە دەنگی [ت] گۆڕاوە بۆ دەنگی [د]، ئەگەرچی هەردوو دەنگەکە سازگەیان یەکە، بەڵام دەنگی [د] گڕە و دەنگی [ت] کپە، گۆڕانەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**١- [گڕ] ــــ [کپ]/ ــــ [کپ]**

**٢- [کپ] ــــ [گڕ] / ــــ [گڕ]**

لە زمانی فاسیشدا ئەم جۆر وێکچوونە بەم شێوەیە ڕوودەدات، بۆ نموونە:

**Sad + ta > satta**
**Bad + tar > battar**

جگە لە دابەشبوونی وێکچوون لە ڕووی ئاراستەوە، دابەشبوونێکی تریش بۆ یاسای وێکچوون دەکرێت، ئەویش دابەشبوونێتی لەسەر بنەمای پلەی وێکچوون، لەم ڕووەوە وێکچوون دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر:

**١- وێکچوونی تەواو ( complete assimilation)**

لەم جۆرەدا دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی وەك دەنگەکەی تری لێبێت، واتا (( دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکردوو))( طالب حسين على، ١٩٨٩ ، ٤٩). بۆ نموونە:

حەڤ + دە > حەڤڤە

ساز + دان > ساززان[١]

هەروەها لە زمانی فارسیشدا پیکهاتەی وشەی (از) و (سر) دەربڕینەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

□az + sar > assar

لێرەدا دەنگی [s] کاریگەری لەسەر دەنگی [z] درووستکردووە و گۆڕیوویەتی بۆ [s]، بەم شێوەیە:

z + s > s

## ٢- وێکچوونی ناتەواو – هەندەکی ( partial assimilation)

لەم جۆرەیاندا فۆنێم بە تەواوەتی ناگۆڕێت، بەڵکو سیمایەك لە سیماکانی فۆنێم گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ ئەوەی جۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ فۆنێمەکەی دراوسێی پەیدابکات (( لەم گۆڕانەدا بەشێك ( واتە سیفەتێك) لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێك پەیدابکات لەگەڵ دەنگێکی تردا...))( طالب حسين على، ١٩٨٩، ٥٢). واتا لەم جۆرە وێکچوونەدا (( گۆڕان لەیەك ڕووەوە بەسەر دەنگدا دێت، بە وێنە لە وشەی (گستن)دا کاتێك لە حاڵەتی ڕانەبردووەوە دەکرێت بە ڕابردوو، واتا لە (گەن)ەوە دکرێت بە (گەست)، دەنگی (ن) تەنیا لەڕووی کپبوونەوە کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی دەنگی (ت) و بووە بە ( س) نەك (ت)،))( ميديا، ١٩٨٩، ١٩٣). یان وەك لەم نموونانەی خوارەوە زیاتر ڕووندەبێتەوە:

دەست + گا > دەزگا[٢]

مس + گەر > مزگەر

هەروەها لە زمانی فارسیشدا لە وشەکانی ( شنبە) و (انبار)دا دەنگێکی لێوی وەك دەنگی [ب] کاریگەری لەسەر دەنگی پێش خۆی درووستکردووە و گۆڕیوویەتی بۆ دەنگی [م] کە لووتییە، بەم شێوەیە:

شنبە > شمبە

انبار > امبار

## ٢/١-٢-١-٢) وێکنەچوون[٣] ( dissimilation)

[١] – بە بڕوای ئەوڕەحمانی حاجی مارف (( هەر وشەیەکی ناسادە ئەگەر مۆرفێمی یەکەمی، کۆتایی بەیەکێ لەم دەنگانە (ز، م، ڤ، ن، ڵ، ر،... ) هاتبێت و مۆرفێمی دووەمی بە دەنگی (د) دەستی پێکردبێت، ئەوا دەنگی (د) وەك ئەو دەنگانەی کۆتایی مۆرفێمی یەکەمی لێدێت))( بابا ڕەسول نوری، ٢٠٠٩، ٣٢)

[٢] – پێویستە ئەوە بگوترێت کە لە وشەی (دەزگا) وێڕای گۆڕینی دەنگی (س) بە (ز) دەنگی (ت)ش تیاچووە، بە واتا دوو گۆڕانی بەسەرداهاتووە

[٣] – لە سەرچاوە کوردییەکاندا جگە لە زاراوەی (وێکنەچوون) چەندین زاراوەی تریشیان بەکارهێناوە کە گرنگترینیان (نەگونجان) و (تیاچوون) و ( دوورکەوتنەوە) و (جیابوونەوە)یە.

هەندێجار یاسا زمانییەکان ڕێگە بە هەندێك ڕیزبوونی دەنگی دەدەن کە گۆکردنیان پێکەوە دەبێتە مایەی ناڕێکی و ناهەماهەنگی، لەم کاتەدایە یەکێك لە دەنگەکان سیمای خۆی لەدەستدەدات یان دەنگێك دێتەناوەوە یان دەنگێك تیادەچێت بۆئەوەی ڕێگە لەو ناڕێکی و ناهەماهەنگییە بگیرێت، بەم دیاردەیە دەگوترێت وێکنەچوون، کەواتە (( وێکنەچوون، یاسایەکە تیایدا سیمایەکی دەنگی دەگۆڕێت تاوەکو لەگەڵ سیما دەنگییە دراوسێکەی جیابکرێتەوە))(جولیا.اس.فالك، ١٣٨٧، ٦٧). واتا لە وێکنەچووندا (( دوو دەنگی لەیەکچوو دووردەکەونەوە لە یەکتری بەوەی یەکێکیان واز لە تایبەتییەکی خۆی دەهێنێت بۆ سەر لێ تێك نەدان))(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٦)

ئەگەرچی وێکنەچوون بە بەراورد بە وێکچوون کەمتر ڕوودەدات، بەڵام لە هەموو زمانێکدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بەرچاودەکەوێت:

**پاش + شێو > پارشێو**

**پاش + سەنگ > پارسەنگ**

هەروەها لە زمانی فارسیشدا بەهەمان شێوەیە، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (خنسند) لە دوو بڕگە پێکهاتووە، لە هەردووکیاندا دەنگی (ن) هەیە، بۆیە کاتێك دەچنەپاڵ یەك، دەنگی (ن) لە بڕگەی یەکەم دەگۆڕێت بۆ (ر)، بەم شێوەیە:( مهری باقری، ١٣٩٢، ١٢٧)

**خنسند > خرسند**

یان لە وشەی (سرسك)دا، فۆنێمی (س) لە بڕگەی دووەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی (ش) و بووە بە (**سرشك**)،( هەمان سەرچاوە، ١٢٧)

## ٢/١-٢-١-٣) هاتنەناوەوەی دەنگ (insertion)

مەبەست لە پەیدابونی دەنگ ئەوەیە هەندێجار لە ئەنجامی دانەپاڵی دەنگەکان بۆ پێکهێنانی وشە، هاتنی دوو دەنگی هاوشێوە ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە دەنگێك پەیدادەبێت بۆ جیاکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان، ڕوونتر بڵێین (( هەندێکجار لەئەنجامی کۆبوونەوەی ڕیشەی وشە و پاشگرێك، دەنگێکی نوێ دێتەکایەوە بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵەکان))(محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١، ١٢٠).

کەواتە پەیدابوونی دەنگ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێك دەنگە کە ناتوانرێت لەگەڵ یەکدابێن، ئەو دەنگەش کە دەکەوێتە نێوانیانەوە دەبێتە هۆی لەیەکدی جیاکردنەوەیان، هەرچەند لە زمانی کوردیدا بەزۆری دەنگی کۆنسۆنانت دێتەناوەوە بۆ جیاکردنەوەی دوو دەنگی ڤاوڵ، بەڵام ڤاوڵیش دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، بەڵام (( پەیدابوونی کۆنسۆنانتەکان و نیمچە کۆنسۆنانتەکان چالاك و کاریگەرترن لە پەیدابوونی بزوێنەکان، چونکە پەیدابوونی بزوێن تەنیا لە چەند حاڵەتێکی کەمدا دەبینرێت، ئەویش بەشێوەیەکی یەکجار سست)) (دولبەر ئیبراهیم شالی، ٢٠٠٨، ٨٨). بەم شێوەیە:

**دۆ + ەکە > دۆیەکە**

**برا + ان > برایان**

**نۆ + دە > نۆزدە**

**هاوشێوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسیشدا دەنگ بە چەند شێوەیەك پەیدادەبێت، وەکو:**

**١- پەیدابوونی کۆنسۆنانت :**

**چارپا + ان > چارپایان**

**دو +انە > دوگانە**

**مرد +ان > مردگان**

**٢- پەیدابوونی ڤاوڵ:**

**باغ+ بان > باغِبان**

**افرید + گار > افریدِگار**

**یاد +گار > یادِگار**

## ١/٢-٢-١-٤) تیاچوونی دەنگ ( elision – deletion)

**بە پێچەوانەی پەیدابوونی دەنگەوە، لەکاتی بەیەکگەیشتنی دوو دەنگی هاوشێوە، زۆرجار یەکێکیان لەناودەچێت، واتا دیاردەی تیاچوونی دەنگ (( دیاردەیەکە تیایدا دەنگێك یان چەند دەنگێك لە زنجیرەی ئاخاوتندا تیادەچێت، دیارە هۆکاری ئەم تیاچوونەش کەم ماندووکردن و ئاسانکارییە لە کردەی ئاخاوتندا))**(شهلا فتحی بروجنی، ١٣٩٢، ٤٥).

**لە پێناسەی فۆنێمدا دەگوترێت، فۆنێم بچوکترین یەکەی دەنگییە کە بە گۆڕینی بە فۆنێمێکی تر جیاوازی واتایی دروستدەکات، بۆیە لە هەندێ وشەدا کە لابردنی فۆنێم نابێتە هۆی تێکچوونی واتا، ئەو فۆنێمە تیادەچێت، بۆ نموونە لە وشەی (میللەت)دا ئەگەر دەنگی (ل) لە وشەکە لابدەین هیچ گۆڕانێك لە واتای وشەکە ڕوونادات و دەبێت بە (میلەت)، بەڵام ئەمە بۆ هەموو وشەیەك نابێت، چونکە، هەندێجار لابردنی دەنگێك دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، بۆ نموونە لە وشەی (ڕێککردن) کاتێك دەنگی (ك) لادەدەین، وشەی (ڕێکردن)مان دەستدەکەوێت، ئەمەش زۆر جیاوازە لە وشەی (ڕێککردن)، کەواتە ناتوانین هەمیشە دەنگ لە وشەدا لابدەین.**

**تیاچوون و سڕینەوەی دەنگ لە هەموو زمانێکدا هەیە، چونکە هەموو قسەکەرێك ئارەزووی بەدواییەکداهاتنی دەنگە لێکچووەکانی نییە و هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی لێدەدات، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا تیاچوونی دەنگ، دەنگە کۆنسۆنانتەکان و ڤاوڵەکانیش دەگرێتەوە، بەم شێوەیە:**

**١- تیاچوونی کۆنسۆنانت:**

**زامدار > زامار**

**چاککردن > چاکردن**

**ماست + ئاو > ماستاو**

**٢- تیاچوونی ڤاوڵ:**

**هەرمێ + ەکە > هەرمێکە**

**ڕووخێ + اندن > ڕووخاندن**

**مامۆستا+ ەکە > مامۆستاکە**

**دیاردەی تیاچونی دەنگ لە زمانی فارسیشدا دابەشبووە بۆ سێ جۆر، ئەویش بە پشتبەستن بە جێگای تیاچوونەکە (( لە زمانی فارسیدا لە سێ لای وشەوە دیاردەی تیاچوونی دەنگ ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش پاش و پێش و ناوەڕاستی وشەیە))**(محمد حسینی معصوم و تکتم حسینی، ١٣٩٢، ١٣٢)**، بەم شێوەیە:**

**١- تیاچوونی دەنگی پێشەوە**

**اشتر > شتر**

**اسپند > سپند**

**اناب > ناب**

**٢- تیاچوونی دەنگی ناوەڕاست:**

**دستبند > دسبند**

**بنشینم > بشینم**

**چنیدم > چیدم**

**٣- تیاچوونی دەنگی کۆتایی:**

**اسیاب > اسیا**

**دست > دس**

**چ قدر > چ قد**

## ٢/١-٢-١-٥) دەنگەگۆڕکێ ( shift)

**دەنگگۆرکێ بریتییە لە ((گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر))**( ابتسام حبیب، میر غنی، ٢٠٠٩، ١٥٤)**، لە سنوری وشەدا بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر واتای وشەکە (( بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە سازگەکەیان دراوسێن یان نزیکن لەیەکەوە))**(خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ٣٦٤) **، کەواتە لە دەنگگۆرکێدا، لە وشەیەکدا تاکە دەنگێك دەگۆڕێت و دەنگەکانی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بە هەمان واتاوە، واتا لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو فۆرمی جیاوازی وشەیەك دەبینەوە، کە ڕەنگە هەردوو فۆرمەکە لە زمانەکەدا یان زارەکەدا وەکو خۆیان بەکاربهێنرێن، بەبێ ئەوەی واتاکەی جیاوازبێت.**

بەکورتی ئەمە ئەو حاڵەتە دەگەیەنێت کە (( لە وشەیەکدا دوو دەنگی جیاواز بەیەك بگۆڕێنەوە و کار نەکەنەسەر واتای وشەکە... ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا بەچەند شێوەیەك دەبینرێت))(دولبەر ئیبراهیم شاڵی، ۲۰۰۰، ۸۹) بەم شێوەیە:

۱- کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت:

ئاسمان > عاسمان

دەڕۆم > ئەڕۆم

باخ > باغ

۲- ڤاوڵ بە ڤاوڵ:

پێ > پا

نێو > ناو

ئەمڕۆ > ئیمڕۆ

۳- ڤاوڵ بە دیفتۆنگ :

خێن > خوێن

دور > دویر

لە زمانی فارسیشدا بە چەند شێوەیەك دەنگگۆڕکی ڕوودەدات بۆ نموونە:

گۆڕینی /د/ بە /ە/ ماد > ماە

سپاد > سپاە

گۆڕینی /ا/ بە /و/ باران > بارون

خانە > خونە

گۆڕینی /و/ بە /گ/ وشتاسپ > گشتاسپ

### ۲/۱-۲-۱-٦) جێگۆڕکێ ( metathesis)

ئەم دیاردەیە شوێنگۆڕکێی فۆنێمێکە بە فۆنێمێکی تر لە سنوری وشە و مۆرفێمدا، بە واتایەکی تر (( هەندێکجار دوو کۆنسۆنانت لە پێکهاتەی وشەیەکدا لە ئەنجامی بەدواییەکداهاتنیاندا جێگای خۆیان دەگۆڕنەوە، بە شێوەیەك کە کۆنسۆنانتی یەکەم جێگای کۆنسۆنانتی دووەم دەگرێت و کۆنسۆنانتی دووەمیش جێگای کۆنسۆنانتی یەکەم دەگرێت))(علی محمد حق شناس،۱۳۹۰، ۱۰٦) .

دیاردەی جێگۆڕکێ لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە زمانەوانان لەسەر بنەمای ئەو هۆکارانە چەند جۆرێکی جێگۆڕکێیان دەستنیشانکردووە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ۲۰۰٤، ۱۲۷-۱۲۸):

۱- هەندێ جێگۆڕکێ پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بۆ نموونە:

**جومعه > جوعمه**

**روبع > ڕوعب**

**نەعلەت > لەعنەت**

**٢- هەندێ جێگۆڕکێ پەیوەندی بە بوونی زار و شێوەزارەوە هەیە، بۆ نموونە:**

**بەفر (سلێمانی) > بەرف (هەولێر)**

**تەرزە (سلێمانی) > تەزرە ( هەولێر)**

**کن ( ک، خواروو) > نک (ک. ژووروو)**

**٣- ئەو جێگۆڕکێیانەی کە لە تاکە زارێکدا ڕوودەدەن، بۆ نموونە:**

**بڕوانە > بنواڕە**

**جگەر > جەرگ**

**جوێن > جنێو**

**٤- لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی (ۆ) و ( و) لە دوای دەنگی (ی) نایەن، بۆیە کاتێك وشەیەکی لەو شێوەیە دێتە ناو زمانەکەمانەوە، واتا ڕیزبوونی (یۆ) یان (یو)ی تێدایە، ناچار دەبێت جێگاکانیان بگۆڕنەوە، بەم شێوەیە:**

**ڕادیۆ > ڕادوێ**

**یۆنان > وێنان**

**یوسف > وێسف**

**ملیۆن > ملوێن**

**دیاردەی جێگۆڕکێ ئەگەرچی تاڕدەیەك دەگمەنە، چونکە (( بەزۆری جێگۆڕکێی دەنگی لای منداڵ و کەسانی نەخوێندەوار ڕوودەدات))**(مهدی مشکوه الدینی، ١٣٨٨، ١٤٥)**، کەچی لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە، بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا:**( مهری باقری، ١٣٩٢، ١٢٨)

**قفل > قلف**

**تاکسی > تاسکی**

**عکس > عسك**

## ٢/١-٢-١-٧) ئاوێتەبوونی دەنگی ( fusion)

**بە درووستبوونی فۆنێمێکی تازە لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵکردنی دوو فۆنێمی جیاواز دەگوترێت تەبایی دەنگی، واتا لە تەبایی دەنگیدا ( دوو دەنگ یان زیاتر دەچنەسەر یەك بە تایبەتی لە کۆتایی وشەدا و دەنگێکی جیاواز دەهێننەئاراوە، کە ناچێتەسەر هیچ کامیان )**( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ١٢١)**، بۆ نموونە:**

**قاپی + ەکە > قاپێکە ( ی + ە > یٚ )**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکە بدەین دەبینین فۆنێمی /یٚ/ لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو فۆنێمی / ی/ و / ە/ەوە درووستبووە.

لە یاسای تەباییدا ((هەندێکجار هەردوو دەنگەکە ڕیکدەکەون و یەکێکیان دەمێنێتەوە لەبری هەردووکیان، ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا زۆر بڵاوە، بەتایبەت کە بزوێنێکی کورت و بزوێنێکی درێژ دەچنەسەر یەك، ئاسایی درێژەکە دەمێنێتەوە و هەردوکیان دەنوێنیٚ))( سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ١٢١) بۆ نموونە:

ئێوارە + ان > ئێواران

بەردەکە + ان > بەردەکان

لە دوێنیٚ + ەوە > لە دوێنێوە

زۆرجار تەبایی دەنگ پەیوەستە بە سازگەی درووستبوونی دەنگەوە (( تەبایی دەنگ دەربڕینی دوو دەنگە لەیەك سازگەوە بەیەك تەوژم)) (عرفان قادر امین، ٢٠١٠، ٨٠)، بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا هەریەکە لە وشەکانی (خنب، جنب، دنب) دوو دەنگی کۆتاییان، یەکێکیان (ن)ە کە سازگەکەی لووتی و دانییە، ئەویتریان دەنگی (ب)ە کە لێوییە، ئەم دوو دەنگە دەگۆڕێن بە دەنگێك کە هەڵگری سیمای هەردوو دەنگەکەیە، واتا دەگۆڕێت بۆ (م) کە هەم لووتییە و هەمیش لێوییە، بەمشێوەیە: ( مهری باقری، ١٣٩٢، ١٢٩)

خُنب > خُم

جنب > جم

دنب > دم

## ١/٢-٣) کەرەستەی مۆرفۆفۆنێم لە زماندا:

سەرەتا ئەوە ڕوونکرایەوە، کە مۆرفۆفۆنێم ئاستێکی نێوان ئاستییە، بە واتا ئاستێکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەوە، بەواتایەکی تر مۆرفۆفۆنێم لە ئەنجامی کارلێکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەوە هاتووەتەئاراوە، دیارە ئەم کارلێکەش لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان یەکەکانی هەردوو ئاستەکەوە دروستبووە، یەکەکانیش بریتیین لە هەریەکە لە فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا.

بۆیە لێرەدا بە کورتی و ئەوەی کە پەیوەست بێت بە بابەتەکەوە باسی هەریەکە لەو یەکانە دەکەین و پەیوەندییەکانیان دەخەینەڕوو:

## ١/٢-٣-١) فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن

دەنگەکانی زمان لە ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکدا بە فۆنێم ناودەبرێن. فۆنێمیش بە بچوکترین دانەی ئاستی فۆنۆلۆجی دادەنرێت، زمانەوانەکان هەریەکە و بە جۆرێك و بەپێی تیۆرییەك و لە

**دیدگایەکی جیاوازەوە لە فۆنێمیان ڕوانیوە، بۆیە زۆرجار پێناسەکان وەکو یەك نین و جیاوازن، بەڵام ئەو پێناسەیەی کە لە هەمووی بەربڵاوترە و تاڕادەیەك هەمووان لەسەری کۆکن، ئەوەیە: کە فۆنێم بە بچوکترین یەکەی جیاکەرەوەی ئاستی زمان دادەنێت، (( فۆنێم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتەئەستۆ ))**(محەمەد مەعروف فتاح،٢٠١١، ٦٧) **بە واتایەکی تر فۆنێم بریتییە: لە بچوکترین یەکەی دەنگی زمان کە ئەندامەکانی ئاخاوتن هەلی دەربڕینیان دەخەنە بەردەم قسەکەرانی ئەو زمانە** (مهری باقری،١٣٩٢، ١١٤)، **واتا فۆنێمەکان لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەدرکێنرێن و دەکرێن بە دەنگ و بە شێوەیەکی فیزیکی و کۆنکرێت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە ((فۆنێم دانەیەکی ئەبستراکتە و لە میشکدایە و قاڵبێکی سایکۆلۆجی هەیە، نەك فیزیاوی، چونکە قاڵبی فیزیاوی لە دەنگدا پەیدادەبێت، واتا قاڵبی فیزیاوی بۆ دروستدەبێت، ئەگەر لە زنجیرەی ئاخاوتندا مامەڵەی لەگەڵدا کرا، واتا وەکو دەنگ تەماشابکرێت))**(غازی فاتیح وەیس، ١٩٨٥، ١٩٥).

**لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە فۆنێم تەنها بەشێوەی ئەبستراکت و وەکو بیرۆکە لە مێشکدایە و ئەوەی ئێمە دەیبینین و دەیبیستین، ئەوە فۆنەکانە نەك فۆنێم، چونکە فۆنێم لە ڕێگەی فۆنەکانەوە قاڵبی فیزیکی و کۆنکرێتی وەردەگرێت، بەواتایەکی تر (( فۆنێم بیرێکە ئەبستراکتە و فۆن کۆنکرێتکەری ئەو بیرەیە))**( مستەفا ڕەشید مستەفا، ٢٠١٢، ١٩).

**هەر یەکێك لە فۆنێمەکان کاتێك لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن، هەمیشە بەیەك شێوە دەرنابڕرێن، بەڵکو هەرجارە و بەشێوەیەك خۆیان دەردەخەن، یان تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش شێوازی دەربڕینیان جیاوازە، (( هۆکاری ئەم جیاوازییەش، جگە لە فاکتەری کەسی و کۆمەڵایەتی و هاوکات دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی دەنگی، واتا ئەو دەنگانەی کە لە پێش و پاشی ئەو دەنگەوە دێن کاریگەریی لەسەری دروستدەکەن و تاڕادەیەك فۆرمی ئەو دەنگە دەگۆڕن... بەڵام جیاوازییەکان، جیاوازیی واتایی دروستناکەن.))**( فاطمە بردوغی، ١٣٨٣، ١٩).

**مەبەست لە فاکتەری کەسیی ئەوەیە کە (( شێوازی ئاخاوتنی کەسەکان هەمیشە یەکسان نین، لە ئەنجامدا ئەو دەنگانەی کە لە ئاخاوتنی کەسێکەوە بەرهەمدێت، هەرچەند لە ڕووی ( نیشانە جیاکەرەوەکان)ەوە[1] یەکسانن، بەڵام لە ڕووی تایبەتمەندیی کەسییەوە جیاوازن، لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە لە ئاخاوتنی کەسانی ترەوە دەردەکەوێت.))**(مهدی مشکوەالدینی، ١٣٨٨، ٥٨)

**مەبەست لە فاکتەری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە شێوازی ئاخاوتنی دوو کەسی زمانێکی دیاریکراو لە دوو ناوچەی جیاواز لەبەرچاوبگرین. دەبینین شێوازی دەربڕینی فۆنیمەکانیان لەیەکتری جیاوازە، هەرچەند ئەو دوو کەسە بەباشی لەیەکتر تێدەگەن و جیاوازییەکانیش نابنە هۆی جیاوازی واتایی، بەڵام بەلایەنی کەمەوە هەندێك تایبەتمەندیی دەنگییان لەیەکتری جیاوازە_ شێوە جیاوازەکانی فۆنێمەکانیش پێیاندەگوترێت ئەلۆفۆن. کەواتە ئەلۆفۆن (( بریتییە لە چەند دەنگێك کە لەیەك فۆنێمدا کۆدەبنەوە))**( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ١٧).

---

[1] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (١/٣-٢-٢)

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنێمی (س)،(ص) بە ئەلۆفۆنی فۆنێمی (س) دادەنرێت، چونکە نابنە هۆی گۆڕینی واتای وشە، بۆ نموونە لە وشەی (سەگ، صەگ) ئەگەر هەردوو فۆنێمی (س، ص) جێگۆرکێی بکەین هیچ گۆڕانێکی واتایی دروستنابێت.

یان لە زمانی فارسیدا فۆنێمی / k/ بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا بەکاردێت چەندین شێوەی جیاوازی دەربڕینی هەیە، بۆ نموونە لە وشەکانی (**کار**) و ( **کتف**) و (**کتاب**)، بەهۆی دەنگەکانی دەوروبەرییەوە سازگەی دەربڕینیان لەیەکتری جیاوازە، بەشێوەیەك لە وشەی (کار) بووە بە فۆنێمیکی (نەرمەمەڵاشوویی)، بەلاَم لە وشەی (کتف) و (کتاب) بوە بە فۆنێمێکی (مەلاَشوویی). ئەم حاڵەتە نیشاندەری ئەوەیە کە فۆنێمەکان خاوەنی دەربڕینی جیاوازن کە بەپێی ژینگەی دەنگیی جیاواز دابەشدەبن، لە ڕاستیدا نابێت ئەو شێوە جیاوازانە بە فۆنێمێکی سەربەخۆ دابێین، چونکە جیاوازی واتایی دروستناکەن.( رجبعلی عسکرزاده، ١٣٧٧، ١٩)

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بەم شێوەیە جیاوازی نێوان فۆنێم و ئەلۆفۆن بخەینەڕوو بەوەی (( ئەگەر جێگەی فۆنێمێك بە فۆنێمێکی تر بگۆڕینەوە، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی وشەیەکی نوێمان دەستبکەوێت، (کە دەتوانێت شێوەی گۆکردنی تری هەبێت)، بەڵام جێگۆرکێی ئەلۆفۆنەکان تەنها دەربڕینی جیاوازیی هەمان وشەمان دەستدەکەوێت)) ( جۆرج یول، ١٣٨٥، ٦٣)، نەك وشەی جیاواز بە واتای جیاوازەوە.

بۆ نموونە ئەگەر تەماشای جووتۆکەکانی[١] (یار، کار، مار، دار) بکەین لە زمانی کوردیدا تەنها بە گۆڕینی (ی، ك، م، د) وشەی جیاواز بە واتای جیاوازەوە پەیدابوون، بۆیە لێرەدا دەتوانین هەریەکە لە (ی، ك، م، د) بە فۆنێمێکی سەربەخۆی زمانی کوردی دابنێین، بەلاَم ئەگەر هاتوو فۆنێمی (س) ،(ص) لە وشەکانی (سەت و صەت) جێگۆرکیٚ بکەین، جگە لە دەربڕینی جیاواز، هیچ وشەیەکی نوێمان بۆ دروستنابێت و کاریگەریی نابێت لە گۆڕینی واتای وشەکان.

کەواتە پەیوەندیی نێوان فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن لەسەر بناغەی هەرەمێکی سێگۆشەیی دامەزراوە، چونکە تاوەکو فۆن دروست نەبێت و نەچێتە دۆخی درکاندنەوە فۆنێم دروستنابێت، بەواتایەکی تر (( فۆن لە زماندا گشتگیرە و لە زمانێکی دیاریکراودا بە فۆنێم تایبەتێتی وەردەگرێت. سەبارەت بە ئەلۆفۆنیش لە نێوان هەردووکیاندایە، واتە لە نێوان (فۆن و فۆنێم)دایە، وەکو دارێك لق و پۆی گەلاَکانی بە هەموو لایەکدا بلاَودەکاتەوە))( بازیان یونس محیٚ الدین، ٢٠١٣، ٨٢)

دەتوانین پەیوەندی نێوان فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن لەم وێنەیەدا بخەینەڕوو:




[١] – جوتۆکە (minimal pairs): ئەو وشانەن کە هەموو فۆنێمەکانی وەکو یەکن، تەنها یەکێکیان نەبێت، هەر ئەو فۆنێمە جیاوازە، جیاوازی واتایی دروستدەکات.وەك وشەکان ( خاڵ، ماڵ، کاڵ...

**بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنیم (س) ئەلۆفۆنێکی تری هەیە :بەم شێوەیە:**




**هەروەها لە زمانی فارسیشدا فۆنێمی / k / چەند ئەلۆفۆنێکی هەیە، بەم شێوەیە:**




## ۲/۱-۳-۲) مۆرف و مۆرفێم و ئەلۆمۆرف

**زمانـەوانی بەدرێـژایی مێـژوو گـۆڕانی زۆری بەخۆیـەوە بینیـوە و لـە کـاروانی بەرەوپێشچـوون و گەشەسەندنیدا چەندین قۆناغی جیاجیای بڕیووە، لە هەر قۆناغێکدا درك بە چەند لایـەنێکی ئـەوتۆی زمان کراوە، کە لە قۆناغەکانی پێشووتریدا بەشاراوەیی و نادیاریی مابووەوە.**

**لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا تاماوەیەکی زۆر (وشە) باڵی کێشابوو بەسـەر ڕەوتـی زمانەوانیـدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گرنگی دانە بە (وشە)، کەچی نـەیتوانی وەڵامـدەرەوەی هـەموو ئـەو پرسـیارانە بێـت، کـە لـەلای زمانـەوانان گەڵاڵـەدەبوو، بۆیـە ڕێزماننووسـەکان بیریـان لـە یەکەیـەکی تـر کـردەوە بـۆ شوێنگرەوەی وشـە، ئـەوەبوو لـە سـەرەتای چلەکانی سـەدەی بیسـتەم، لەسەردەسـتی بلۆمفێڵد[۱] بیری مۆرفێم سەریهەڵدا.(( بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووك کە پێی دەگووترێت مۆرفێم))**(محەمەد مەعروف فتاح،۲۰۱۱، ۸٤)**، واتـه لـەو سـەردەمە بە دواوە، مۆرفێم گرنگـی پەیـداکردوو و وەك بچـوکترین یەکـەی زمانـەوانی ناسـێنرا، کـە توانـای دابەشـبوونی نییـە بـۆ یەکـەی بچـووکتر بـە مـەرجێك خـاوەنی واتـا بێـت، (( مـۆرفێم بچـوکترین یەکـەی واتـاداری زمانـە)) (B l l ۱۹۳۳,۱٦۱)، مەبەست لە بچوکترین یەکەی واتاداری زمان، ئەوەیە کە لـەوە بچوکتر ناکرێتەوە یان هیچ کەرەستەیەکی لێناکرێتـەوە، بـەبێ ئەوەی واتاکـەی تێکبچێت، بۆ نموونـە ئەگـەر سەرنجی وشەی (کوردستان) بدەین لـە دوو مۆرفێم پێکهاتووە: کە ئەوانیش (کورد) و (ستان)ە، کە هەریەکەیان لە مۆرفێمێکی جیا پێکهاتوون و لەوە زیاتر بچوك ناکرێتەوە بەمەرجێك واتابەخشبێت.**

[۱] – هەرچەند بەوتەی (trask,۲۰۰۷) دۆزینەوەی بیری مۆرفێم وەك بیرۆکە لەوکاتەوەیە، بەڵام زاراوەکە وەك سەرچـاوەکان بـۆی دەچـن لـە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە لایـەن (بـۆدان کۆرتنییـەوە) داهێنـراوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـاری لەسـەر نـەکراوە وەك بیرۆکـە، بۆیـە نەتوانراوە ئەو کاتە بچەسپێنرێت، تا لەلایەن بلۆمفێڵد و زمانەوە ئەمریکییەکانەوە وەك بیرێکی زمانەوانی کرایە خاڵی سەرەکی و جەوهـەریی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا.(**حیدەر حاجی خدر ، ۲۰۱۰، ۳٤)**

**کاتامبایش** مۆرفێم بە بچوکترین جیاوازی دادەنێت،(( بە پەیوەندی نێوان بچوکترین جیاوازی لە فۆرمی ڕووکەشی وشە لەگەڵ بچوکترین جیاوازی واتایی وشە یان ڕستە یان پێکهاتەی ڕێزمانی، دەگوترێت مۆرفێم ))( ٢٠٠٦,٢٣ )، مەبەست لە بچوکترین جیاوازی ئەوەیە کە بچوکترین جیاوازی لە هەر مۆرفێمێکدا بکەین دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، بۆ نموونە:

**پاک ، ناپاک**

**خۆش، ناخۆش**

**ستاگبێرگ**، زمانەوانی ناسراوی ڕووس، بەشێوەیەکی تر پێناسەی مۆرفێم دەکات، کاتێک، دەڵێت: (( بە بچوکترین دانەی زمانی کە واتای هەبێت و دابەشنەبێت بۆ دانەی بچوکتر، شیاوی دووبارەبوونەوەی هەبێت، دەگوترێت مۆرفێم)) (S t a ١٩٨١, ٨٥)، بەپێی پێناسەکەی (ستاگ بێرگ) بێت، مۆرفێم خاوەنی سێ سیمایە، کە ئەوانیش:

١- بچوکترین دانەی زمانە.

٢- خاوەنی واتایە.

٣- توانای دووبارەبوونەوەی هەیە لە پێکهاتەی جیاوازدا.

**بۆیە لێرەدا دەتوانین تایبەتمەندییەکانی مۆرفێم لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:**

١- مۆرفێم دانەیەکی خاوەن فۆرمە، واتە دانەیەکی فیزیکییە، یان شێوەیەکی فۆنەتیکی هەیە.

٢- مۆرفێم واتادارە.

٣- مۆرفێم دەورێکی ڕستەسازی دەبینێت، واتە بەشداری دەکات لە پێکهێنانی ڕۆنانی ڕێزمانی گەورەتر لە خۆی. ( کەوسەر عەزیز ئەحمەد،١٩٩٠، ٣٩)

پێوستە ئەوەش بگوترێت کە ناسینەوە و شیکردنەوەی مۆرفێم، بەبێ بایەخدان و باسکردنی (مۆرف) گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە هەروەکو چۆن فۆن کۆنکرێتکەر و دروستکەری فۆنێم بوو، بەهەمان شێوەش مۆرفێم بەبێ مۆرف تەنها بوونێکی ئەبستراکت و هۆشەکییە و بوونی تەنها لە مێشکدایە، ((مۆرفێم یەکەیەکی ئەبستراکتە و بەهۆی یەکەی ترەوە دەناسرێتەوە کە پێی دەڵێن مۆرف)).( Cr y s t a ٢٠٠٣,٣٠)

لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانی ڕووس (ستیپانەڤ) لە نەخشەیەکدا پەیوەندیی نێوان دانە و ئاستەکانی زمانی خستووەتەڕوو، ئەوەی پەیوەندی بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە، بریتییە لە وشە و مۆرفێم، بەم شێوەیە باسی کردووە، نەخشەکە بەم شێوەیە: (مستەفا ڕەشید مستەفا، ٢٠١٢، ٢٠).

**پەیوەندی دانە و ئاستەکانی زمان**

| شێوەی کۆنکرێت | | شێوەی ئەپستراکت |
|---|---|---|
| ڕستە | پێکهاتووە لە | نەخشەی ستراکچەری ڕستە |
| فرێز | پێکهاتووە لە | نەخشەی فرێز لە ڕستەدا |
| وشە | پێکهاتووە لە | وشە |

مۆرف(ئەلۆمۆرف) پێکهاتووە لە مۆرفێم

ئەلۆفۆن پێکهاتووە لە فۆنێم

کەواتە بەپێی ئەم نەخشەیە ئەوە ڕوونبوویەوە کە (( مۆرفێم یەکەیەکی ئەبستراکتە و نابەرجەستەیە، واتە بوونی لە مێشکدایە، وەك بیرۆکە کاردەکات ... و تەنها هەر هەستی پێدەکرێت، نە بەدەست دەگیرێت و نە لەبەرچاوە))( محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، ٢١٣)، بۆیە بۆئەوەی ئەم یەکە هۆشەکی و ئەبستراکتە، کۆنکرێت بکرێت و هەستی پێبکرێت، پێویستی بە یەکەیەکی ترە بە ناوی (مۆرف)ەوە.

**کەواتە مۆرف:**

١- فۆرمێکی فیزیکییە، مۆرفێم دەنوێنێت، لە زماندا بریتییە لە زنجیرە دووبارەبوونەوەی جیاوازی دەنگەکان یان فۆنێمەکان، وەك: کوڕێك ، کچێك

٢- بچوکترین یەکەی دەربڕاوە، کە هەڵگری واتایە و دەتوانرێت وەك سەگمێنت جیابکرێتەوە، هێشتا پۆلێن نەکراون.

کتێبەکەت دڕاند

وشەکانی ئەم دەربڕاوە بەپێی پێناسەکان دەتوانرێت هەریەکەیان وەك مۆرف شیبکرێتەوە لە ڕێی جیاکردنەوەی سەگمێنتەکانەوە. (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٦)

**بۆیە دەتوانین سروشتی پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:**

(

٢٠٠٦,٣٦ (

١- ڕەنگە پەیوەندی یەك بەیەك لە نێوان مۆرفێم و مۆرف ( کە لە تاکە فۆنێمێك یان زنجیرەیەك لە فۆنێم پێکهاتبێتن) هەبێت. واتا تاکە مۆرفێمێك نوێنەرایەتی تاکە مۆرفێك دەکات، بۆ نموونە لە مۆرفێمە سەربەخۆکاندا.

دار (مۆرفێم) ------------- دار (مۆرف)

٢- زۆرجار پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا لە زماندا، پەیوەندییەکی دەستوربەدەرە (قەراردادیە)، واتا لە خۆوەیە. بە گریمانەیەکی لەم شێوەیە، بوونی چەندین جووت پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا ڕێگەپێدراوە:

أ- ڕەنگە بۆ پیشاندانی چەندین مۆرفێمی جیاواز سود لەیەك فۆرمی دەنگی وەربگرین. بە واتایەکی تر یەك فۆرمی مۆرفۆلۆجی چەند مۆرفێمێك بنوێنێت. بۆ نموونە:

ئازادی - ی- ناوی واتایی درووستکردووە

بازاڕی - ی - ئاوەڵناوی دروستکردووە (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٧)

یان وەکو مۆرفە هاودەنگەکان:

ڕۆژانی هەفتە

ڕۆژ خۆر

ب- هەندێك جار بەپێچەوانەوە، یەك مۆرفێم چەندین داڕشتەی فۆنۆلۆجی هەیە. بۆ نموونە نیشانەی (كۆ) لە زمانی كوردیدا چەندین مۆرڤ جیاوازی هەیە:

كوڕ<u>ان</u>، برا<u>یان</u>، با<u>خات</u>، میوە<u>جات</u>

ج- ڕەنگە زنجیرە دەنگێك لەیەك جێگادا دەربڕی چەندین مۆرفێم بێت، بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا، جێناوی (م) لەیەك كاتدا دەربڕی هەرسێ مۆرفێمی (كەس و ژمارە و ڕێككەوتن)ە[١].

٣- ئەگەر هاتوو پەیوەندیی نێوان مۆرف و مۆرفێم هاوتا و هاوسەنگ نەبوو، ڕووبەڕووی گرفت دەبینەوە، لەكاتی گرفتێكی لەو شێوەیەدا، دوو حاڵەت هەیە:

أ- ڕەنگە ژمارەی مۆرفێمەكانی وشە یان ڕستەكان لە ژمارەی مۆرفەكان زیاتربێت، كاتێك ئەم گرفتە ڕوودەدات، بە مۆرفێمی سفر[٢] چارەسەردەكرێت. بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا چەندین مۆرفێمی سفرمان هەیە، لە حاڵەتێكی لەو شێوەیەدا بەكاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

كوڕەكە هات Ø

ب- بەپێچەوانەشەوە ڕوودەدات، واتا ژمارەی مۆرفەكان لە ژمارەی مۆرفێمەكان زیاترە، واتا كەرەستەیەكی زیادە لە ڕستەكەدا ئامادەیی هەیە كە هیچ مۆرفێمێك بوونی نییە نوێنەرایەتی بكات، بەم كەرەستەیەش دەگووترێت مۆرفێمی بەتاڵ یان بۆش[٣]، وەك:

برا - م ە

برا - ت ە

برا ی -ە -تی

لێرەدا فۆرمی (تی) مۆرفێمی بتاڵ، چونكە سرڕای ئەوەی فۆرمی هەیە، بەڵام هیچ ڕۆڵێكی نییە[٤].

بەپێ ژینگە و پێكەوەهاتنی دەنگەكان هەندێكجار لە ڕووی فۆرمەوە هەست بە جیاوازی نێوان مۆرفێمەكان دەكرێت، ئەم جیاوازییەش بە (ئەلۆمۆرف) ناودەبرێت. كەواتە (( ئەلۆمۆرفەكان، شێوە جیاوازەكانی هەمان مۆرفێمن، دەركەوتنی لە (بیئە)ی جیاوازدا ئەو شێوە جیاوازانەی پێدەخشێ. هەریەكە لەم شێوە جیاوازانە (مۆرف)ێكە.))(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٤٣). مەبەست لە ژینگەی جیاوازیش تەنها ژینگەی دەنگی ناگرێتەوە، چونكە چەندین جۆری ئەلۆمۆرف هەیە هۆكارەكەی هیچ پەیوەندییەكی بە ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە نییە[٥]، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەلۆمۆرف (( شێوە جیاوازەكانی

---

[١] - بۆ نموونە مۆرفێمی (S) لە زمانی ئینگلیزیدا بەتەنها نوێنەرایەتی هەرسێ مۆرفێمی (كات و كەس و ژمارە) دەكات.

[٢] - مۆرفێمی سفر: بە مۆرفێمێك دەگوترێت كە هیچ فۆرمێكی ڕووكەشی نەبێت، واتە فۆرمی نییە، بەڵام ئەرك و ڕۆڵی هەیە.

[٣] - مۆرفێمی بەتاڵ : بریتییە لەو مۆرفێمەی كە بوونی فیزیكی هەیە، بەڵام ئەركی ڕێزمانی نییە.

[٤] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (وریا عمر ئمین، ٢٠٠٤، ١١٦)

[٥] - بڕوانە (١/ ٢-٣-٣-١)

مۆرفێمیکە کە بەهۆی هۆکاری فۆنۆلۆجی یان ڕێزمانی یان لێکسیکی ... هتد، دروستدەبن ... هەریەکە لەم ئەلۆمۆرفانە لە جێگایەکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن کە تایبەتمەندی فۆنۆلۆجی یان ڕێزمانی یان لێکسیکی دەیسەپێنێت))(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦١) بۆ نموونە (نیشانەی بەرکاری) لە زمانی فارسیدا، بریتییە لە (را)، بەڵام ئەم مۆرفێمە چوار ئەلۆمۆرفی هەیە کە ئەوانیش بریتیین لە ( ـرا، ـرو، ـو، ـر). شێوە فەرمی و سەرەکییەکەی (را)یە، شێوەکانی تریش تایبەتن بە زمانی ئاخاوتن و زمانی نافەرمییەوە.(هەمان سەرچاوە، ١٣٩٢، ٦١)

بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم، کە دەبنە هۆی دروستبوونی ئەلۆمۆرفەکان بەپێی ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجی، هۆکاری دروستبوونی جۆرە پەیوەندییەکە لە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی، کە مۆرفێم لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و (مۆرف و ئەلۆمۆرف) لە ئاستی فۆنۆلۆجی دروستدەکەن. بە واتایەکی تر مۆرفێم وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر فۆنێمەکانیدا دێت بۆ پێکهێنانی (مۆرف و ئەلۆمۆرف)، بەمەش جۆرە پەیوەندییەك پیشاندەدات لە نێوان هەردوو ئاستەکە (مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی)، چونکە ئەوەی کاریگەریی لەسەر گۆڕانی مۆرفێمەکان و دروستبوونی ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفێمە هەیە، یاسا فۆنۆلۆجییەکانە.

## ٢/١-٣-٣) ئەلۆمۆرف و مۆرفۆفۆنێم

پەیوەندیی نێوان مۆرف و مۆرفێم بۆ دروستبوونی ئەلۆمۆرف لە ژێر کاریگەریی یاسا فۆنۆلۆجییەکاندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و سەرەنجام دروستبوونی مۆرفۆفۆنێمی لێدەکەوێتەوە، چونکە (( لە یاساکانی مۆرفۆفۆنێمدا، کاریگەریی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەبنە هۆی پەیدابوونی فۆرمە جیاوازەکانی مۆرفێمێك ))(مستەفا قادر حەسەن، ٢٠١٠، ١١)، بەواتایەکی تر بوونی ئەلۆمۆرف سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ بەیەکگەیاندنی ئاستی فۆنۆلۆجی بە ئاستی مۆرفۆلۆجی، چونکە وەك باسکرا مۆرفۆفۆنێم نواندنی جیاوازی مۆرفێمەکانە لە ڕێگەی فۆنێمەکانەوە بە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان. بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت هەموو جۆرەکانی ئەلۆمۆرف ناچنە ژێر باری یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە، بۆیە لێرەدا وێڕای ناساندنی ئەلۆمۆرف، بەکورتی باسی ئەو جۆرانەی ئەلۆمۆرف دەکەین، کە کەم تا زۆر لە ژێر کاریگەریی یاسا فۆنۆلۆجییەکاندا دروستدەبن و لە هاتنەئارای پەیوەندیی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا بەشدارن.

## ٢/١-٣-٣-١) ئەلۆمۆرف

(( ئەگەر هەموو وشەکان لە یەك مۆرفێم دروستبووبان، یان لە ڕێگەی یەك یان دوو مۆرفێمەوە بەبێ هیچ گۆڕانیکی دەنگی بەدیهاتبان، ئەوا بابەتێك بەناوی ئەلۆمۆرفەوە لە ئارادانەدەبوو))(مهدی

المشـكوه الـديني، ١٣٨٨، ٥٢)، **واتـا مۆرفێمـەکان بـەهۆی چـەند هۆکـار و فاکتەرێکـەوە زۆرجـار بـە چـەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەون، بەبێ ئەوەی کاربکەنە سەر واتای وشەکە، هەر بۆیە لە پێناسەی ئەلۆمۆرفدا گوتراوە: (( دەبێ ئەلۆمۆرف شێوەی جیاجیای مۆرفێم بێ، واتە ئەو کاتەی مۆرفێمێك بە چەند مۆرفێك دەنوێنرێت، بەپێی شوێنی جیاجیا، ئەلۆمۆرف درووستدەبێت))**(C r y s t a l ,۳۰۰)

**ئاشکرایە ئەم حاڵەتەش تەنها تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بۆ هەموو زمانێك هەر بەو شێوەیەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی نیشانەی نەناسراوی بدەین لە زمانی ئینگلیزیدا، بە دوو فۆرمی جیاوازی** ( a) **و** ( an)**دەردەکەوێت، هۆکاری ئەم شێوە جیاوازانەش دەگەڕێتەوە بۆ فۆنێمی پێشەوەی ئەو وشەیەی دەتەوێت بیکەیت بە نەناسراو، بەم شێوەیەی خوارەوە: ئەگەر هاتوو ناوەکە بە کۆنسۆنانت دەستی پێکردبوو، ئەوا لە کاتی نەناسراوکردندا نیشانەی** / a/ **وەردەگرێت، وەك لە وشەکانی** (a pear) **و** ( a dog) **دا دەردەکەویت، بەڵام ئەگەر هاتوو ناوەکە بە (ڤاول) دەستیپێکردبوو، ئەوا لە کاتی وەرگرتنی نیشانەی نەناسراویدا مۆرفێمی** / an/ **وەردەگرێت. وەك لە وشەکانی** ( an apple) **و** ( an orange) **دا دەردەکەوێت.**( K a ۲۰۰٦,۱۲)

**پێویستە ئەوەش بگوترێت ئەلۆمۆرف تەنها لە سنوری زمانێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، واتا: (( چەمکی ئەلۆمۆرف تەنها بە شێوە جیاوازەکانی مۆرفێم لەیەك زمانی دیاریکراو دەگوترێت، بەشێوەیەك کە قسەکەرانی زمانەکە لە وشە جیاوازەکاندا و بە پێی هەلومەرج و دەوروبەری جیاواز بەکاریدەهێنن ))**(مهدی مشکوه الدینی، ١٣٨٨، ٥٥)، **واتا بوونی دوو فۆرمی جیاواز لە دوو زمانی جیاوازدا نابنە ئەلۆمۆرفی یەکتری.**

**خاڵێکی تر، کە پێویستە دەربارەی ئەلۆمۆرف بگوترێت، ئەوەیە: (( کاتێك باس لە ئەلۆمۆرف دەکەین، لە ڕاستیدا ڕووبەڕووی دوو جۆر ئەلۆمۆرفی بەند و ڕەگ (بناغە) دەبینەوە. بە واتایەکی تر دەتوانرێت ئەلۆمۆرف لە وشە و مۆرفێمی بەند و ڕیشەکانیشدا بدۆزینەوە))**(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦٢)، **بۆ نموونە دەتوانین لە زمانی فارسیدا بۆ وشەی (–را) سێ ئەلۆمۆرفی تری وەك ( –ر، –رو، –و) دیاریبکەین، هەروەها مۆرفێمی بەندی (نەرێ) لە زمانی فارسیدا دو ئەلۆمۆرفی هەیە، کە ئەوانیش ( نَ / -na) و ( نِ/ -ne) ن، کە بەپێی ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەو بناغەیەی کە پێیوە دەلکێن، دەگۆڕێت. هەروەها هەندێك ڕیشەی کاریش شێوازی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە، ناوی ڕووداوی (رفتن) سێ ئەلۆمۆرفی جیاوازی هەیە کە ئەوانیش: (–رو/ -rw) و ( –رو/ -rav) و ( – رفت /-raft) ە کە بۆ حاڵەتەکانی فەرمان ، دانانی و ئایندە و ڕابردوو بەکاردێن[1]. ئەم حاڵەتەش لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات، بۆ نموونە ناوی ڕووداوی (ڕۆیشت) دوو فۆرمی جیاوازی (ڕۆ) و ( ڕۆیشت) هەیە، کە یەکەمیان بۆ دەمی ڕانەبردوو یان فەرمانە و دووەمیشیان بۆ دەمی ڕابردووە، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە، (( ڕەگ و قەدیش ئەلۆمۆرف/ ئەلۆمۆرفی نیشاندەدەن))**(محەمەدی مەحوی، ٢٠١١، ١٦).

---

[1] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە (ویدا شقاقی، ١٣٩٣، ٦٢–٦٣)

هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئەوە بگوترێت، کە (( ئەگەر مۆرفێمێك یەك مۆرفیشی هەبوو، ئەوا ئەو مۆرفە خۆی لە خۆیدا ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمەیە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفێمی سەربەخۆی (cat) یەك مۆرفی هەیە، ئەویش هەر خۆیەتی، واتا هەر (cat)ە. بۆیە (cat)ی دووەم بە ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی (cat) دادەنرێت))( فوزی حسن شایب،١٩٩٩، ٢٨٧)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو مۆرفێمێك ئەلۆمۆرفێك یان زیاتری هەیە، جا ئەو مۆرفێمە مۆرفێمێکی سەربەخۆ بێت یان مۆرفێمێکی بەند بێت، تەنانەت ڕەگ و قەدیش ئەلۆمۆرفی هەیە.

**بەم پێیە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەلۆمۆرف بخەینەڕوو:**

١- هەموو ئەلۆمۆرفەکان پێویستە بەهەمان ئەرك یان واتاوە بەکاربێن.

٢- نابێت هەموویان لەیەك شوێندا دەربکەون، واتا پێویستە هەر ئەلۆمۆرفێك بۆ شوێنێك بیَ و ژینگەیەکی تایبەتی هەبیَ، و پارێزگاری لەو شوێنە بکات .

٣- ئەگەر زۆر لە ئەلۆمۆرفەکان وردببینەوە، خاڵێکی تریش تێبینی دەکرێت کە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە لێکچونێکی فۆنەتیکی لە نێوان ئەلۆمۆرفەکاندا دەبینرێت، جا ئەو لێکچوونە کەم بێت یان زۆر.( محەمەد مەعروف فەتاح و صباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، ١٧-١٨).

وەك لەم خاڵانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، دەرکەوتنی جیاجیای مۆرفێم بە هەمان واتا و ئەرکەوە، بەڵام بە دەربڕینی جیاوازەوە لە دابەشکردنێکی تەواوکەرانەدایە، واتا هەر کاتێك یەکێك لەو مۆرفێمانە لە جێگەیەکدا بەکاربێت، ناتوانرێت ئەلۆمۆرفێکی تری هەمان مۆرفێم لە هەمان دەوروبەردا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە یەکێك لە نیشانەکانی کۆ لە زمانی فارسیدا (-ها)یە، ئەم نیشانە دوو ئەلۆمۆرفی هەیە کە ئەوانیش ( - ا) و ( -ها) یە، بەم شێوەیە: ئەگەر هاتوو ئەو ناوەی کە دەکرێتە کۆ بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت ئەوا نیشانەی (-ا) وەردەگرێت، وەك ئەو نموونانەی خوارەوە:

**دوست +ا > دوستا**

**دختر + ا > دخترا**

**بازیکن +ا > بازیکنا**

کەچی مۆرفێمی (- ا) ناتوانێت بچێتەسەر ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە، چونکە لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا وشەکانی:

**نامە + ا > نامەا ***

**بچە + ا > بچەا ***

**خونە+ ا > خونەا ***

دورووستدەبێت، ئەمەش لە زمانی فارسیدا ڕێگەپێدراو نییە، چونکە لە زمانی فارسیدا هاتنی دوو ڤاوڵ بە تەنیشتی یەکەوە ڕێگەپێدراو نییە. بۆیە هەریەکە لەو وشانە لە کاتی وەرگرتنی نیشانەی کۆدا مۆرفێمی (-ها) وەردەگرن، بەم شێوەیە:

**نامە+ ها > نامەها**

**بچە+ ها > بچەها**

**خونە+ ها > خونەها**

**مەبەست لە (دابەشکردی تەواوکەرانە) ئەوەیە هەر ئەلۆمۆرفێك ژینگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ناچنە شوێنی ئەلۆمۆرفێکی تر، بەڵام لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییەی ئەلۆمۆرف، (( ژمارەی ئەلۆمۆرفەکان زۆر کەمتر دەبێتەوە لەوەی کە ئێستا هەیە، چونکە چەندین ئەلۆمۆرفمان هەیە دەتوانن لە بری یەکتری بەکاربهێنرێن))**(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٣)**، بەبێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی مۆرفێمەکە بکەن، بۆ نموونە هەریەکە لە ئەلۆمۆرفەکانی (ەکە) و (یەکە) دەتوانن لە بری یەکتری بەکاربێن، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین:**

**دۆکە > دۆیەکە**

**دێکە > دێیەکە**

**هەروەها مۆرفێمی ( چی) و (زان) وەك دوو مۆرفێمی ناوی پیشە، دەتوانن لە وشەی (یاری)دا، لە جێگەی یەکتری بەکاربێن، بەبێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر واتای وشەکە، بەم شێوەیە:**

**یاریزان > یاریچی**

**وەك لە خاڵی سێیەمی تایبەتمەندییەکانی ئەلۆمۆرفدا دەردەکەوێت، ئەلۆمۆرفەکان لە ڕووی فۆرمەوە لێکچوونێکی فۆنەتیکیان هەیە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دروستبوونی ئەو ئەلۆمۆرفانە کە ژینگەی فۆنۆلۆجییە، بەڵام هەمیشە ئەلۆمۆرفەکان لێکچوونی فۆنەتیکیان نییە، چونکە جۆرێك لە ئەلۆمۆرفمان هەیە کە هیچ لەیەکچوونێکی فۆنەتیکییان نییە، ئەویش (ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە)[1]یە، دیارە مەبەست لە ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە ئەوەیە: کە هیچ لەیەکچوونێکی دەنگی لە نێوانیاندا نییە ، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کاری (هات) بۆ دەمی ڕانەبردوو ڕەگەکەی وەردەگیرێت کە (ێ)یە، بەڵام بۆ ڕابردوو (هات)ە، بەمشێوەیە:**

| **ڕابردوو** | **ڕانەبردوو** |
|---|---|
| ↓ | ↓ |
| **هاتم** | **دێم** |

**یان لە زمانی فارسیدا ((ڕەگی ڕانەبردووی کاری (بودن) کە (هستم، هستیم....)ە، کە ئەمەیش زۆر جیاوازە لە دەمی ڕابردوو کە (بودم، بودیم....)ە.))**(مهدی مشکوەالدینی، ١٣٨٨، ٥٣).

## ٢/١-٣-٣-٢) هۆکاری سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرف

[1] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕانە: (محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠، ٢٠) و ( مهدی مشکوەالدینی، ١٣٨٨، ٥٣–٥٤) و (شیروان حسین حمد ٢٠١٤، ٣٠-٣١)

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا زۆربەی ئەلۆمۆرفەکان بە هۆکاری فۆنۆلۆژی دروستبوون، ئەگەرچی ئەمە تاکە هۆکار نییە، (( مۆرفیم دەتوانێت پەیوەست بە هۆکاری فۆنۆلۆجی، لێکسیکی، ڕیزمانی، مۆرفۆلۆجی ژینگەکەیەوە، شێوازی خۆی بگۆڕێت)) (محمد ضياء حسيني، ١٣٨٩، ١١) کەواتە جگە لە هۆکاری فۆنۆلۆجی، چەندین هۆکاری تری وەك ( لێکسیکی یان ڕێزمانی یان مۆرفۆلۆجی) ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرفدا هەیە ، بۆیە لێرەدا بە کورتی گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی ئەلۆمۆرف دەخەینەڕوو:

### ٢/١-٣-٢-١) هۆکاری فۆنۆلۆجی

هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرف ژینگەی فۆنۆلۆجییە، بە جۆرێك کە (( هەرە گرنگترین هۆکاریان/ فاکتەریان مەرجە فۆنۆلۆجییەکان ( phonological conditioning )ن، زۆرجار و زۆرکات دەقە فۆنۆلۆجیەکە بڕیاری دیاریکردنی هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفەکان دەدات)) (محەمەدی مەحوی،٢٠١٠، ٢٦)، مەبەست لە مەرجە فۆنۆلۆجییەکان ئەوەیە کاریگەریی ژینگە یان دەوروبەری فۆنۆلۆجی بڕیار لەسەر دیاریکردنی جۆری ئەلۆمۆرفەکە دەدات. بە واتایەکی تر دەنگەکانی دەوروبەری کاریگەریی لەسەر جۆری ئەلۆمۆرفەکە دروستدەکەن.

### ٢/١-٣-٢-٢) هۆکاری لێکسیکی

زۆرجار دیاریکردن و هەڵبژاردنی جۆری ئەلۆمۆرفەکان دەگەڕێتەوە بۆ خودی لێکسیکەکە، واتا (( هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفە لاگرییەکان وابەستەی نیشانەکانە و ئەدگارەکانی وەك ( نیشانە سەگمێنتەکانی بناغەکەیە)) ( هەمان سەرچاوە، ٢٠١٠، ٢٧)، واتە لە ئەلۆمۆرفی لێکسیکیدا، وشەکە بڕیاردەدات کامە ئەلۆمۆرف هەڵببژێرێت، بۆ نموونە لە سازکردنی ناوی بکەریدا لە نێو ئەم پاشگرانەدا (کار، زان، چی، ا)، وشەکان خۆیان بڕیاردەدەن کامە مۆرفیم هەڵببژێرن، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

کرێ > کرێکار (کار)

یاری > یاریزان (زان، چی)

زان > زانا (ا)

لەنموونەکانی سەرەوەدا وشەی (کرێ) توانای وەرگرتنی مۆرفیمی (کار)ی هەیە، نەك مۆرفیمی (زان) و (کەر) و (ا)، هەروەها وشەی (یاری) مۆرفیمی (زان، چی) هەڵدەبژێرێت، نەك مۆرفیمی (ا) و (کار).

### ٢/١-٣-٢-٣) هۆکاری ڕێزمانی

لێرەدا هۆکاری ڕێزمانی ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرفەکاندا هەیە ، چونکە (( زۆرجار بەپێی ئەو شوێنەی لە پێکهاتەی ڕێزماندا دەیگرن، یان لەئەنجامی بەدواییەکداهاتنی مۆرفیمەکان لە دروستەیەکی مۆرفۆلۆجیدا، دەگۆڕێت))(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٨)، بۆ نموونە گۆڕینی مۆرفیمی (لە) بۆ (لێ) لە ڕستەی:

**لە تۆ دەسێنم > لێت دەسێنم.**

### ١/٢-٣-٣-٢-٤) هۆکاری شێواز ، شێوەزاری

**مەبەست لە هۆکاری شێواز، جیاوازی شێوازی ئاخاوتن دەگرێتەوە کە ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی شێوەی جیاجیای مۆرفیم، (( دیارە زاراوەی شێواز تەنها شێوە زارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو شێوە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە))**( محەمەد معروف فەتاح و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦، ٢٦)**، بۆ نموونە جیاوازی نێوان زمانی فەرمی و زمانی ئاخاوتن جۆرێکی جیاواز لە ئەلۆمۆرف درووستدەکات، وەك گۆڕینی نیشانەی ناسراوی (ەکە) بۆ (ە) لەم نموونەیەی خوارەوەدا:**

**کورە نانەکەی خوارد.**

**هەروەها مەبەست لە شێوەزاریش جیاوازی نێوان زارەکانی زمان دەگرێتەوە، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرف، (( بەزۆری هەر شێوەزارێك خاوەنی دەستەیەك ئەلۆمۆرفی تایبەت بەخۆیەتی))**( مهدی مشکوه‌الدینی، ١٣٨٨، ٥٥)**. بۆ نموونە ئەو گۆڕانەی کە بەسەر مۆرفێمی ناسراوی (ەکە)دا دێت کاتێك دەگۆڕێت بۆ (ۆکە) وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

**خانووەکە = خانۆکە**

### ١/٢-٣-٣-٢-٥) هۆکاری ئەرکی

**ئەو ئەلۆمۆرفانە دەگرێتەوە ( کە لێکچوون لە نێوان فۆرمەکانیاندا نییە و تەنها لە ئەرکدا وەك یەکن )** (عبدالواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٣، ٤١)**. وەك ئەو گۆڕانەنانەی بەسەر هەندێك لە نیشانەکانی (کۆ)ی زمانی کوردیدا دێن. بەم شێوەیە:**




**جگە لەم هۆکارانەی خوارەوە هۆکاری تری وەکو (مۆرفۆلۆجی و مێژوویی و ...هتد) هەیە کە ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ئەلۆمۆرفدا هەیە ، بەلاّم بە مەبەستی دوورنەکەوتنەوە لە بابەتەکە و فراواننەبوونی باسەکە تەنها بەکورتی باسی گرنگترین هۆکارەکانمان کرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لەو هۆکارانە دەبنە بنەمای ناونانی جۆرەکانی ئەلۆمۆرف، بۆیە لە خوارەوە باسی گرنگترین ئەو جۆرانەی ئەلۆمۆرف دەکەین،کە پەیوەندییان بەبابەتی (مۆرفۆفۆنێم)ەوە هەیە.**

## ١/٢/٣/٣/٣/ جۆرەکانی ئەلۆمۆرف

زمانەوانەکان لە دیاریکردنی جۆرەکانی ئەلۆمۆرفدا هاوڕا و یەکگرتوو نین، بەشێوەیەك هەندێك لە زمانەوانان تەنها دان بە بوونی ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجیدا دەنێن و هەندێکی تر سنورەکە فراوانتر دەکەن و چەندین جۆری تری ئەلۆمۆرف دیاریدەکەن، (( زۆرێك لە لێکۆڵەرانی بواری مۆرفۆلۆجی تەنها ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی بە ئەلۆمۆرف دادەنێن و جۆرەکانی تر بە نواندن یان نمایشی جیاوازی یەك مۆرفێم ناودەبەن، کە پەیوەستن بە دەورووبەر و چوارچێوەی تایبەتی لێکسیکی و ڕێزمانی و مۆرفۆلۆجییەوە))( ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦٤).

کەواتە ئەلۆمۆرف چەندین جۆری جیاوازی هەیە و هەریەکە لەو جۆرانەش تایبەتە بە ژینگەیەکی جیاوازەوە، لەوانە ئەلۆمۆرفی لێکسیکی و مۆرفۆلۆجی و ڕێزمانی و گۆڕاو ....هتد، بۆیە لێرەدا گرنگترین ئەو جۆرانەی ئەلۆمۆرف باسدەکەین کە بەشدارن لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، کە ئەوانیش ئەلۆمۆرفی ( فۆنۆلۆجی ) و ( لێکسیکی) و ( گۆڕاوە).

## ٢/١-٣-٣-١) ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە بوونیان پەیوەستە بە دەورووبەری فۆنۆلۆجییەوە، واتە (( ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی ئەو جۆرە ئەلۆمۆرفەیە کە لەئەنجامی هۆکاری فۆنۆلۆجی یان لە ڕێگەی مۆرفێمەکانی دەورووبەرەوە بەدەستدێن))( زێڕین خورشید سەلیم، ٢٠٠٩، ٦١)، ئەم جۆرە لە ئەلۆمۆرف لە هەموو زمانەکاندا زیاتر لە جۆرەکانی تر بوونی هەیە، وەك دەگوترێت، (( بەشی زۆری شێوەی مۆرفێم لە زمانی کوردیدا ئەوانەن کە هۆی فۆنەتیکی پێکیان دەهێنێنن))( ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ٥٠)، دیارە مەبەست لە دەورووبەری فۆنۆلۆجی ئەوەیە کە ئەلۆمۆرفەکان بە کاریگەری دەنگەکانی دەورووبەرەوە دروستدەبن، بەواتایەکی تر دروستبوونیان دەکەوێتە ژێرباری فۆنۆلۆجییەوە، وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێت:




وەك لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، هۆکاری ئەم شێوە جیاوازانەش دەگەڕێتەوە بۆ دوا دەنگی ئەو ناوەی کە نیشانەکە وەردەگرێت، واتا لە دیاریکردنی جۆرەکانی ئەلۆمۆرفەکاندا لایەنی فۆنەتیکی و بەدیاریکراوی دوادەنگی ناوەکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

## ٢/١-٣-٣-٢) ئەلۆمۆرفی لێکسیکی

(( هەرکاتێك کارایی ئەلۆمۆرفێك تایبەت بێت بە وشەیەك یان چەند وشەیەکی دیاریکراوەوە، واتە یەك یان دوو وشە بڕیار لەسەر وەرگرتنی ئەلۆمۆرفێك بدەن، ئەوا بەو ئەلۆمۆرفە دەگوترێت ئەلۆمۆرفی

لێکسیکی))(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦٤). واتا لە ئەلۆمۆرفی لێکسیکیدا وشەکە بڕیار لەسەر وەرگرتنی مۆرفیمەکە دەدات، نەک دەورووبەری فۆنەتیکی.

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا نیشانەی کۆی (ان) نیشانەی سەرەکیی کۆیە، بەڵام چەند ئەلۆمۆرفێکی تریشی هەیە کە تەنها تایبەتن بە چەند وشەیەکی دیاریکراوەوە، لەوانە نیشانەی کۆی (–جات) دەچێتەسەر ناوی میوە و چەند بوارێکی دیاریکراو، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: **میوەجات**،

یان نیشانەی (–ها) دەچێتە سەر ناوی کات و ناوی ژمێراو و کۆ پیشاندەدات، بۆ نموونە:

سەدەها، دەیەها، ساڵەها....

وەك دەبینین ئەوەی مۆرفیمەکانی هەڵبژاردوو خودی وشەکانە، بۆیە پێی دەگوترێت ئەلۆمۆرفی لێکسیکی.

## ٢/١-٣-٣-٣-٣) ئەلۆمۆرفی گۆڕاو[١] (ئەرکی)

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە (( پەیوەندی دەنگی وەهایان بەیەکترییەوە نامێنێت، واتە لە ڕووخسار و ڕواڵەتدا لەیەك ناچن، تەنانەت یەك دەنگی ناوکۆش لە نێوانیاندا نییە))( محەمەد مەعروف فەتاح و سباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، ٢٣)، واتا لەم جۆرەیاندا گۆڕانەکان بە شێوەیەکە پەیوەندیی نێوان ئەلۆمۆرفەکان زۆرکەمە یان هەر نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە تەنها لە ڕووی ئەرك و واتاوەیە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەلۆمۆرفەکانی نیشانەی کۆ بکەین لە زمانی کوردیدا، وەك ئاشکرایە نیشانەی (کۆ) چەندین ئەلۆمۆرفی هەیە، هەندیك لەو ئەلۆمۆرفانە هیچ لەیەکچوونێکی فۆنەتیکی نییە لە نێوانیاندا، ئەگەر هەشبێت یان زۆر کەمە، یان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی (ئیتیمۆلۆژی) هەیە بۆ دیاریکردنی گۆڕانەکانیان. بەم شێوەیە:




**لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دوو جۆر لە ئەلۆمۆرفی گۆڕاو دیاریبکەین:** ( ڕێژین خورشید،٢٠٠٩، ٥٩)

**١- ئەلۆمۆرفی بە تەواوی گۆڕاو**

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە هیچ پەیوەندییەکی دەنگی نییە لە نێوان ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفیمەدا، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ئەلۆمۆرفی چاوگی (وتن)**

---

[١] – ئەم جۆرە لە ئەلۆمۆرف، لەبەرئەوەی لە ڕواڵەتدا بەتەواوی لەیەك جیاوازن و لە ئەرکدا وەکو یەکن، بۆیە دەتوانین هەردوو ناوی ( گۆڕاو) یان ( ئەرکی) لێبنێین.




### ٢- ئەلۆمۆرفی بەتەواوی نەگۆڕاو

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە پەیوەندییەکی کەمی دەنگی لە نێوان مۆرفیمەکاندا هەیە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:




هەریەکە لەو سێ جۆرەی ئەلۆمۆرف بە جۆرێك لە جۆرەکان گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییان بەسەردا هاتووە، جا ئەو گۆڕانە ڕەنگە لە یەکێکیاندا زۆربێت و لە یەکێکی تریاندا کەم بێت، بۆیە ئەو سێ جۆرەی ئەلۆمۆرف جۆرە پەیوەندییەك دروستدەکەن لە نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا و سەرچاوەیەکی سەرەکی دروستبوونی (مۆرفۆفۆنێم)ن.

## ٢/١-٣-٤) نواندنی بنەڕەتی و پێوەرەکانی ناسینەوەی

## ٢/١-٣-٤-١) نواندنی بنەڕەتی

بنەمای نواندنی بنەڕەتی ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەر گۆڕین و جێگۆڕکێیەك جگە لە داڕشتەی تەواوکەرانە، دەتوانێت بە دیاریکردنی یەك نواندنی بنەڕەتی تایبەت بۆ هەر مۆرفیمێك بخرێتەڕوو:

بە واتایەکی تر ( لە پەسنکردنی ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجیانەدا بە نواندن یان داڕشتەی قووڵ دەستپێدەکرێت، دواتر لەم داڕشتەی بنەڕەتییەوە یاسا (مۆرفۆ) فۆنۆلۆجییەکان کاریانتێدەکەن و گۆڕانیان بەسەردادێت.)(محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠، ١١٨). واتا دوای ئەوەی مۆرفیمەکان لە ژینگەی جیاوازدا فۆرمی جیاواز دەنوێنن، نواندنی بنەڕەتی لە ناو مۆرفیمەکاندا دەدۆزرێتەوە و ئەوەکانی تر دەبنە فۆرم گۆڕاوەکان/ ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفیمە بنەڕەتییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە، ئەوەیە، کە ئایا کام لەم فۆرمانە بە فۆرمی سەرەکی (نواندنی بنەڕەتی) دادەنرێت و کامیان بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفیمە دادەنرێت، یان بەجۆرێکی تر، چۆن یەکێك لەو فۆرمانە دەبێتە نواندنی بنەڕەتی و

شێوەکانی تر دەبن بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو فۆرمە قووڵە. یان چ پێوەر و تایبەتمەندییەك هەیە کە پێویستە لە یەکێك لەو مۆرفێمانەدا هەبێت، بۆ ئەوەی وەکو نواندنی بنەڕەتی هەڵببژێردرێت. بۆیە لێرەدا گرنگترین ئەو پێوەرانەی کە پێویستە هەبن بۆ هەڵبژاردنی نواندنی بنەڕەتی دەخەینەڕوو:

## ٢/١-٣-٤-٢) پێوەرەکانی ناسینەوەی نواندنی بنەڕەتی

زمانەوانان و لێکۆڵەرانی بواری زمان هەریەکە و لە ڕوانگەیەکەوە ڕوانیویانەتە ئەو بابەتە و هەریەکە و بە جۆرێك پێوەرەکانی ناسینەوە و هەڵبژاردنی نواندنی بنەڕەتی دەستنیشانکردووە، بەڵام ئەوەی تاڕادەیەك هەمووان لەسەری کۆکن و بە گرنگترین پێوەر دایدەنێن بۆ ناسینەوەی نواندنی بنەڕەتی بریتییە لە (زۆرترین بەکارهێنان)[١]، مەبەست لە زۆرترین بەکارهێنان، زیاترین ڕێژەی کارایی و بەکارهێنانەکانی مۆرفێمەکەیە. واتا کام لە مۆرفێمەکان زۆرترین بەکارهێنانی هەبوو لە ژینگە جیاوازەکاندا، ئەوا ئەو مۆرفێمە بە نواندنی بنەڕەتی دادەنرێت و مۆرفێمەکانی تر دەبن بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفێمە.

جگە لە پێوەری زۆرترین بەکارهێنان، زمانەوانان چەند پێوەرێکی تریش بە گرنگ دادەنێن بۆ هەڵبژاردنی نواندنی بنەڕەتی ، بۆ نموونە زمانەوانی ئێرانی (ویدا شقاقی) سەبارەت بە ناسینەوەی نواندنی بنەڕەتی دەڵێت:(( ئەو فۆرمە بە فۆرمی سەرەکی دادەنرێت کە زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت و بۆ گۆڕینی بۆ فۆرمی تر پێویستی بە سادەترین و کەمترین یاسا و گۆڕانکاری هەبێت، ئەمە جگە لە پێشینەی مێژوویی کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ ناسینەوەی نواندنی بنەڕەتیی مۆرفێمەکان))( ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦١).

**لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین گرنگترین پێوەرەکان بەم شێوەیە بخەینەڕوو:**

١- پێشینەی مێژوویی.

٢- زۆریی بەکارهێنان.

٣- کەمترین و سادەترین یاسای گۆڕانکاری.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی نیشانەی ناسراوی بدەین لە زمانی کوردیدا، بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە دەردەکەوێت، بەڵام بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی ناسینەوەی نواندنی بنەڕەتی بە تایبەتی پێوەری (زۆرترین بەکارهێنان) ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە مۆرفێمی (-ەکە) نواندنی بنەڕەتیی کردەی ناسراوییە و فۆرمەکانی تر، ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (-ەکە)ن، چونکە، بەراورد بە مۆرفێمەکانی تر، زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، واتا لە زۆرترین دەورووبەری دەنگیدا ئامادەیی هەیە و لە کاتی گۆڕینی بۆ فۆرمەکانی تر، پێویستی بە کەمترین و سادەترین یاسا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین

[١] - بۆ ئەم مەبەستە بڕواننە: (ویلیام اگردی و دیگران، ١٣٩١، ١٩٣) و ( شیروان حسین حمد،٢٠١٤، ٢٧) و ( رجبعلی عسگرزادە، ١٣٧٥)

بۆ فۆرمی (كه) یان (ەك)، تەنها پێویستی بە تیاچوونی دەنگ هەیە، یان ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین بۆ فۆرمی (یەكە) یان (وەكە) تەنها پێویستی بە پەیدابوونی دەنگ هەیە، یان لە كاتی گۆڕینی بۆ فۆرمی (ێكە) و (ۆكە)، ئەوا پێویستی بە گۆڕینی دەنگ هەیە.

هاوكات لە زمانی فارسیشدا ئەم پێوەرانە ڕۆڵی كارایان هەیە لە دەستنیشانكردنی نواندنی بنەڕەتیی مۆرفیمەكاندا، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی پاشگری (وَر/ var-/) بدەین لە زمانی فارسیدا، سێ ئەلۆمۆرفی تری هەیە، كە ئەوانیش (–وار /var-/) و ( –اور /avar-/) و ( –ور/ ur-/)ە، بۆ نموونە لە وشەكانی ( **بارور، پیشەور، شرور، نمور، تناور، دلاور، امیدوار، عیالوار**)، بۆ ئەوەی بزانین كام لەو فۆرمانە فۆرمی سەرەكی، یان بە واتایەكی تر (نواندنی بنەڕەتی)ە، پێویستە بەپێی پێوەرەكان هەڵسەنگاندنیان بۆ بكەین، بە سەرنجدان بۆمان دەردەكەوێت كە پێویستە مۆرفیمی ( –وَر /var-/) بە نواندنی بنەڕەتی دابنێین، چونكە، بە بەراورد بە مۆرفەكانی تر زۆرترین بەكارهێنانی هەیە، هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی پێوەركانی سادەیی و جێبەجێكردنی كەمترین یاساوە لێی بڕوانین، دەبینین بۆ گۆڕینی بۆ فۆرمەكانی تر پێویستی بە سادەترین و كەمترین یاسا هەیە، چونكە وەك دەبینین ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین بۆ مۆرفیمی (–وار /var/) تەنها پێویستی بە یاسای ( دەنگگۆڕكێ) هەیە، ئەویش گۆڕینی دەنگی ناوەڕاستە لە (سەرە)وە بۆ (a)، هەروەها بۆ گۆڕینی بۆ مۆرفیمی (avar) پێویستی بە پەیدابوونی دەنگی پێشەوەی (a)یە، هەروەها بۆ گۆڕینی بۆ (ur-) پێویستی بە یاسای (جێگۆركێی دەنگ) هەیە، ئەویش گۆڕینی (a) بۆ (u). ئەمە لە كاتێكدایە ئەگەر یەكێكی تر لە فۆرمەكانی ئەم پاشگرە بە نواندنی بنەڕەتی دابنێین و بمانەوێت بیگۆڕین بۆ فۆرمەكانی تر، پێویستی بە یاسای زۆرتر و ئاڵۆزتر هەیە. كەواتە دەتوانین مۆرفیمی (–ور /var-/) بە نواندنی بنەڕەتی دابنێین و فۆرمەكانی تر بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (–ور/ var-) [١].

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی بۆ بكەین ئەوەیە كە دانانی ئەم پێوەرانە شێوەیەكی ڕەها نییە و دوا بڕیار نییە، واتا ڕێژەییە، چونكە، ڕەنگە بۆ هەندێك لە مۆرفێمەكان بە ڕەهایی نەتوانین ئەم پێوەرانە بۆ هەڵبژاردنی نواندنی بنەڕەتی بەكاربهێنین ، بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

## ٣/١) بنەمای تیۆری مۆرفۆفۆنێم

[١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ویدا شقاقی، ١٣٩٢) و ( محمد ضیاء حسینی، ١٣٨٩)

## ١-٣/١) ڕێزمانی بەرهەم هێنان

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دواوە زمانەوانی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و گرۆتینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە لەو سەردەمەدا زمانەوانی وەك بابەتێکی سەربەخۆ بوو بە خاوەنی شوناس و ناسنامەی تایبەتی خۆی. خوێندکارێکی زۆر، زۆربەی کاتەکانی خۆیان بۆ بابەتە زمانەوانییەکان تەرخانکردبوو و هەوڵی چارەسەرکردنی هەموو پرسەکانی زمانیان دەدا، (( هەموو ئەم بایەخ و گرنگییەی زمان قەرزاریاری ڕاپەڕینی ( ڕۆنانکاریی ئەمریکی ) بوون، کە بە خستنەڕووی ئەندێشەی نوێ دەربارەی زمانی مرۆڤایەتی لە ناوەڕاستەکانی دەیەی (١٩٥٠)دا هاتەئاراوە، دواتر بوو بە سەرمەشق بۆ قوتابخانەکانی تر و هەوڵی چارەسەرکردنی هەموو کێشە و گرفتەکانی دەدا و بووبوو بە ئیلهامبەخشی زانستەکانی تر))(عالیه کرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ٦).

لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا، پەیدابوونی تیۆرییەکی نوێ و کێبڕکێکردنی قوتابخانەی (ڕۆنانکاری) بەو هەموو لایەنگری و بایەخەیەوە، کارێکی زۆر قورسبوو، بەڵام ( ڕێزمانی بەرهەمهێنان) بە ڕابەرایەتی (چۆمسکی) ئەم کارەی کرد، واتا ڕێك لە بارودۆخێکدا کە تیۆری ڕۆنانکاری باڵی کێشابوو بەسەر ڕەوتی زمانەوانیدا، چۆمسکی بە داهێنانی تیۆری (بەرهەمهێنان) توانی بەرەنگاری قوتابخانەی (ڕۆنانکاری) ببێتەوە و وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو پرسانە بداتەوە، کە قوتابخانەکەی پێشوو توانای وەڵامدانەوەی نەبوو، کەواتە (( دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە تایبەتی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان، ڕەتکردنەوە و بەلاوەخستنی ڕۆنانکاری ئەمریکی بوو))(فاطمه بروغني، ١٣٧٥، ١٣) ئەمەش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (دروستە سینتاکسییەکان)ی چۆمسکی لەساڵی (١٩٥٧)بوو، چۆمسکی لەم کتێبەدا توانی بنەما و پایەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دابنێت.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)ی بە هۆکاری نەمانی ڕۆنانکاریی دادەنا، هەندێك زمانەوانان پێیان وایە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان) هیچ تیۆرییەکی نوێی نەهێناوەتە ئاراوە و بە درێژکراوەی (قوتابخانەی ڕۆنانکاری)ی دادەنێن، لەوانە (newmeyer) پێی وایە: (( ڕێزمانی بەرهەمهێنان لقێکە لە زمانەوانی ڕۆنانکاری و شتێکی دانەبڕاوە لە ڕۆنانکاری و ناتوانین بە ڕاپەڕین یان نوێگەریی دایبنێین))( محمد دبیرمقدم، ١٣٩٢، ٣٢). لەمەش زیاتر زمانەوانێکی وەکو ( bugarski ) ڕێزمانی بەرهەمهێنان هەر بە ڕۆنانکاریی دادەنێت و دەڵێت: (( پێویستە ناوی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بنێین ڕۆنانکاریی بەرهەمهێنان))( هەمان سەرچاوە، ٣٢).

لەبەرانبەر ئەم ڕەخنانەدا چۆمسکی بۆچوونی خۆی بەرانبەر ڕۆنانکاریی ئەورووپی و ئەمریکایی زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاویی دەخاتەڕوو و دەڵێت: (( لە بناغەدا ڕۆنانکاریی بە زۆری خۆی بە

(بەدەرەکی کردنی زمان)[١]ەوە خەریکدەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە ڕووی (بەناوەکی کردنی زمان)[٢]ەوە دەڕوانێتە زمان))( هەمان سەرچاوە، ٣٧).

ڕێزمانی بەرهەمهێنان دیدگایەکی زمانەوانییە، کە لە (MIT[٣]) لەلایەن چۆمسکی و مۆریس هالی لە (١٩٥٠)دا گەشەی سەند، ئەم تیۆرە تاوەکو ئێستا لە بوارەکانی فۆنۆلۆجی و سینتاکسدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جێی بایەخە و قبوڵکراوە، (( سەرەکیترین ئامانجی زمانناسی لە تیۆری بەرهەمهێناندا وەڵامدانەوەی ئەو بابەتانەیە، کە چۆمسکی ناوی لێنابوو (مەسەلەی ئەفلاتۆن)[٤] یان (لاوازی وروژاندن)[٥]، ئەوەی کە ئێمە چۆن لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی کەمی یاسا، توانای بەرهەمهێنانی زانیاری بێسنوری زمانیمان هەیە، یان پرسیاری ئەوەی کە چۆن و لە کوێوە ئەم زانیاریانە هاتوون، لە گرنگترین ئەو بابەتانەبوون کە بە بەردەوامی مێشکی ئەفلاتۆنی سەرقاڵکردبوو))(عالیە کرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ٩)

لە دیدگای چۆمسکییەوە ( لاوازی وروژاندن) هیچبوونی ئەو داتا زمانیانەیە منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چۆمسکی لەوەڵامی ئەمەدا دەڵێت: لەبەرئەوەی منداڵ هەر لە لەدایکبوونییەوە خاوەنی توانستێکی زمانی بۆماوەیی و خودییە، بۆیە توانای ئەوەی هەیە ئەو داتا کەمانە بگۆڕێت بۆ سیستەمی ئاڵۆزی زمان))(الهام ثباتی، ١٣٩٢، ٦٠).

چۆمسکی دوای سی ساڵ لێکۆڵینەوە لەسەر (مەسەلەی ئەفلاتۆن) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە باشتروایە لە بری پێداگریکردن لەسەر جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان، گرنگی بە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بدرێت. (فاطمه بروغنی، ١٣٨٣، ١٢)

بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان، مرۆڤەکان لە کاکڵە یان کرۆکێکی هاوبەشدا لە ڕێزمانی جیهانیدا (UG[٦]) بەشدارن، بەواتایەکی تر ڕێزمانی جیهانی جەخت لەسەر هاوبەشی نێوان زمانەکان دەکاتەوە، هەر بەهۆی بوونی ئەم کرۆکە هاوبەشەوە، زمان لای تاك و لە وەڵامی زمانی جوگرافیادا فراواندەبێت و بە شێوەی زمانی جیاواز لەوانە زمانی ڕووسی و فارسی و فەرەنسی و ... گەشەدەکەن. لێکچوونی زمانەکان لە هەندێك ڕووەوە، بەڵگەیە لەسەر بوونی خاڵی هاوبەشی نێوان زمانەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:[٧]

UG → G Korea / G french / G Eenglish

[١]- Externalized language = E-Language
[٢]- Internalized language = I-Language
[٣] - Massachusets Institute of Technology
[٤]- paltos problem
[٥] - poverty of stimulus
[٦] - Universal grammar
[٧] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە هەریەکە لە ( عالیە کرد زعفرانلو، ١٣٩٢،١٠) و ( فاطمة بروغنی، ١٣٨٣، ١٢–١٣).

چۆمسکی ئەو زانیارییە هاوبەشەی نێوان زمانەکان بە (ڕێزمانی جیهانی) ناودەبات، ئەمەش لە کتێبی (پێکهاتە سینتاکسییەکان)دا خراوەتەڕوو. لەم ڕووەوە دەتوانین بگەین بە دوو ئەنجامی سەرەکی، کە ئەوانیش:

١- لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە منداڵ ڕووبەڕووی هەندێك کەرەستەی هەڵە ببێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا توانای بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ڕستەی جۆراوجۆری هەیە.

٢- لەگەڵ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکان لە ژینگە و هەلومەرجی جیاوازدا زمان فێردەبن، بەڵام خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا زۆرە.( الهام ثباتی، ١٣٩٢، ٦١).

## ٣/١-١-١) فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان لقێکە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان، مێژووی گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی هەریەکە لە (چۆمسکی) و (مۆریس هالی) ئەویش بە چاپکردنی کتێبی ( تەرزی دەنگیی زمانی ئینگلیزی)، (( فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان لە ڕەوتی گەشەسەندنی خۆیدا لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا بەستراوەتەوە بە تیۆریی یان کۆمەڵە تیۆرییەکەوە کە لە دەیەی پەنجای سەدەی ڕابردووەوە دەستیپێکردووە و لە دەیەی شەستدا فراوانبوو و لە تیۆری (تەرزی دەنگی زمانی ئینگلیزی)ی چۆمسکی و هالی لە ساڵی (١٩٦٨)دا فۆرمی ستانداردی خۆی وەرگرت کە بە ناوی تیۆرییەی (SPE[١]) ناسێنرا))( محرم اسلامی، ١٣٩٠، ١٤). دواتر ئەم بەرهەمە بوو بە (تیۆریی سەرەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان))( مهدی مشکوه الدینی، ١٣٩٢، ٤٥)، و تاوەکو ئێستاش ئەو گریمانە و تیۆرییانەی چۆمسکی و هالی بوون بە سەرمەشقی توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری فۆنۆلۆجی.

((دیدگای سەرەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان ئەوەیە کە هەر زنجیرەیەکی دەنگی خاوەنی دوو نواندنە، یەکێکیان نواندی فۆنێمییە، کە ڕوویەکی ئەبستراکت و هۆشەکی هەیە و ئەویتریان نواندی فۆنەتیکییە، کە ڕوویەکی فیزیکی و دەربڕاویی هەیە))(حسین وثوقی، ١٣٧٣، ٥٦٥)، گۆڕینی نواندنی فۆنێمی دەنگەکان بۆ نواندنی فۆنەتیکی بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکەوە ئەنجامدەدرێت، کە بە یاسا دەنگییەکان ناسراون[٢]، واتا لە فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا، (( پەیوەندی نێوان نواندی فۆنێمی و نواندنی فۆنەتیکی لە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆجیەکانەوە پەسندەکرێت ))(محمود بی جن خان، ١٣٧٩، ٧٩)

بەواتایەکی تر زانایانی بواری فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان لەو باوەڕەدان، کە (( لە زمانی مرۆڤدا کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆجی هەیە، هەمیشە نواندنە جیاوازە فۆنەتیکییەکانی مۆرفیمێك لە نواندنی فۆنێمیی یان ئەبستراکتی ئەو مۆرفیمەوە بەرهەمدەهێنێت))(حسین وثوقی، ١٣٧٣، ٥٦٦)

---

[١] - The Sound Pattern English

[٢] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( ١/٢-٢-١)

## ٢-١-٣/١) ئامانجی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان

ئامانجی سەرەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان (( بریتییە لەوەی، توانای ئاوەزیی و مێشك، توانست (competence) بکات بە مۆدێل، بەشێوەیەك کە توانای درووستکردن (بەرهەمهێنان)ی ڕستەکان و تێگەیشتنیان بگرێتەوە. توانستە فۆنۆلۆژییەکەیش بە زانینی ئەو یاسایانە دادەنرێت کە دەتوانرێت پێیان/ لە ڕێیانەوە درووستەکان لە درووستەی دیکەوە هەڵبگوازرێن)).(محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٨، ب٢، ٩)، جگە لەمەش ئامانجی کاری فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان دەتوانین لە ئاشکراکردنی سێ بنەمای سەرەکی دا بخەینەڕوو ئەوانیش :

١-دۆزینەوە و ئاشکراکردنی یاسایەك، توانای ناساندنی کەرەستە دەنگیەکانی وەکو ڤاوڵ و کۆنسۆنانت و بڕگە و تۆنی هەبێت.

٢- دیاریکردنی یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانەکان.

٣- ئاشکراکردنی ئەو بەدواییەکداهاتنەی ناو قاڵبی مۆرفێمەکان و نووسینەوەی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەسەر بنەمای بەدواییەکداهاتنەکان و خستنەڕووی شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی وشەکانی ناو ڕستە. (الهام ثباتی، ١٣٩٢، ٦١)

## ٢/٣/١/ هەندێك چەمکی پەیوەست بە مۆرفۆفۆنێم

لەم تەوەرەدا هەندێك چەمکی گرنگ و پەیوەست بە دیاردەی مۆرفۆفۆنێمەوە دەخەینەڕوو، لەوانە، چەمکی فۆنێم و مۆرفێم و وشە ، و سیما جیاکەرەوەکان، فۆنۆتاکتیك و بڕگە، دیاردەی ئیکۆنۆمی و سادەیی لە فۆنۆلۆجیدا.

### ١/٢/٣/١/ فۆنێم و مۆرفێم و وشە

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان لایەنی بە بەرهەمەییەکەیەتی، کاتێك دەڵێین کەسێك زمانێك فێربووە، واتای ئەوە نییە کە ئەو کەسە هەموو ڕستە و دەستەواژەکانی ئەو زمانە فێربووە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە کۆمەڵێك یاسای دیاریکراو و بنەڕەتی زمانەکە فێربووە و دەتوانێت بەپێ ژینگە و دەورووبەری جیاواز بەپشتبەستن بەو یاسایانە ڕستەی جۆراوجۆر درووستبکات و لە هەموو هەلومەرجێکدا بەکاریان بهێنێت و بەهۆیەوە پەیوەندی درووستبکات لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا، کە ئەمەش لایەنی بەرهەمداری زمان دەخاتەڕوو.

ئەم پەیوەندی درووستکردنەش بەهۆی گەورەترین یەکەی زمانەوە دێتەئاراوە کە ڕستەیە. ڕستەش (لە گەورەوە بۆ بچوك) دابەشدەبێت بۆ چەند یەکەیەکی تر، کە هەموویان پێکەوە یەکەکانی زمان پێکدەهێنن، ڕیزبوونەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ڕستە ← فرێز ← دەستەواژە ← وشە ← مۆرفێم ← فۆنێم

ئەگەر سەرنجی یەکەکان بدەین، بچوکترین یەکەیان (فۆنێمە[1])، کەواتە فۆنێم بچوکترین یەکەی زمانە، کە بەتەنها واتای نییە، بەلاّم ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی واتادا، (( فۆنێمەکان دەنگە ڕۆڵگێڕەکانی زمانن. واتە ئەو دەنگانەی، کە دەبنە هۆی گۆڕینی واتا لە نێو دوو وشە یان دوو مۆرفێم و لەڕێگەی سیما(تایبەتمەندیی)ە دەنگییە بنەڕەتییەکانەوە لە دەنگەکانی تر جیادەکرێنەوە و پێیان دەگوترێت فۆنێم))(فاطمه بروغنی، ١٣٨٣، ١٩)، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانیینە فۆنێمی / ك/ ،/ لّ/ ،/ م/ لە وشەکانی (خاك) و (خالّ) و ( خام) دەبینین تەنها بە گۆڕینی فۆنێمی کۆتایی وشەکان، سێ وشەی جیاوازمان دەستکەوتووە. بۆیە دەتوانین بڵێن فۆنێم دەنگێکە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی وشەکان لەیەکتری.

**تروّبتسکۆی**، فۆنێم بە کۆی تایبەتمەندییە فۆنێمییەکانی یەك دەنگ پێناسە دەکات، بە بڕوای ئەو فۆنێمەکان لە چوارچێوەی بەرانبەرکردن لە نێو سیستەمی فۆنێمدا ئاشکرادەبن، بۆیە فۆنێم بە یەکەیەك دادەنێت ڕۆڵی جیاکردنەوە دەبینێت لە نێوان وشەکاندا. هەر لەم ڕوانگەیەوە دوو ئەرکی بۆ فۆنێم هەژمارکردووە:

١- فۆنێم یارمەتیمان دەدات بۆ دیاریکردی واتای وشە.

٢- فۆنێم پارێزگاری لە جیاوازی نێوان وشەکان دەکات لە ڕووی واتاوە. (حلمی خلیل، ١٩٩٨، ٢٢٧)

دوای ئەوەی فۆنێمەکان دەچنەپاڵ یەکتری بەشداردەبن لە درووستکردنی یەکەیەکی گەورەتری واتادار یان خاوەن ڕۆڵ، ئەویش مۆرفێمە[2]، کەواتە مۆرفێم بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە یان واتای هەیە، یان ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕێت.

**کاتامبا** دەربارەی مۆرفێم دەڵێت: (( چەمکی مۆرفێم بۆ بچوکترین یەکەیە کە توانای دابەشبوونی نەبێت بۆ یەکەی بچووکتری خاوەن واتا یان ڕۆڵی ڕێزمانی هەبێت و وشەی لێدروستبکرێت، بەواتایەکی تر ناتوانرێت مۆرفێم بۆ یەکەی بچوکتر کە خاوەنی واتای سەربەخۆبێت، یان ڕۆڵی ڕێزمانی بگێڕێت، دابەشبکرێت))( ٢٠٠٦,٢٠ K a)

وەك لە پێناسەکەدا دەردەکەوێت هەموو مۆرفێمێك خاوەنی واتای سەربەخۆ نییە، بەڵکو مۆرفێم هەیە تەنها ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕێت بەبێ ئەوەی واتای هەبێت، بەم پێیە مۆرفێم دابەشدەبێت بۆ دوو جۆری (سەربەخۆ) و (بەند).

مەبەست لە مۆرفێمی سەربەخۆ ئەوەیە کە بە تەنها دەتوانێت بەکاربێت بێ ئەوەی پێویستی بە مۆرفێمی تر هەبێت، (( لە کاتێکدا بتوانین مۆرفێمێك بە تەنها بەکاربهێنین بەبێ بەستنەوەی بە مۆرفێمی ترەوە، ئەوا بەو مۆرفێمە دەگوترێت مۆرفێمی سەربەخۆ))(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٦٥)، هەرچی مۆرفێمی بەندیشە ئەوەیە: (( کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارنایات و دەلکێت بە وشەی ترەوە))(ایران

[1] - بڕوانە (١/٢-٣-١)

[2] - بڕوانە (١/٢-٣-٢)

کالباسی، ١٣٩١، ٢٢)، واتا ئەم جۆرە مۆرفیمانە بوونێکی سەربەخۆیان نییە و تاوەکو نەچنەپاڵ وشە یان مۆرفیمی ترەوە بەشدارنابن لە گەیاندنی واتادا.

لەئەنجامی چوونەپاڵ یەکی مۆرفیمەکانیش بۆ بەخشینی واتا، یەکەیەکی گەورەتر پەیدادەبێت کە خاوەنی واتای سەربەخۆی خۆیەتی، ئەو یەکەیەش وشەیە.

بە پێچەوانەی (مۆرفیم)ەوە دیاریکردن و ئاشکراکردنی وشە کارێکی ئاسان نییە، (( سەختی و ئالۆزی پێکهاتەی وشە کارێکی وایکردووە، کە کارکردن بۆ دەسنیشانکردن و دەستخستنەسەر لایەنە جیاواز و تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەروا ئاسان نەبێ، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە زمانەوانەکان بە گشتی لەسەر ئەوەی، کە وشە دانەیەکی گرنگی زمانە، کۆکن، بەلام لە پێناسەکردن و دیاریکردنی نیشان و تایبەتمەندییەکانیدا یەکناگرنەوە، تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەسەری))(فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١، ١٢).

بوونی پێناسەیەکی گشتگیری وا کە هەموو لایەنەکانی وشە بگرێتەوە و هەموو زمانەوانەکان لەسەری کۆکبن، تاوەکو ئێستا نەکراوە، ئەوەی هەیە تەنها هەوڵی تاکە کەسییە و لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە لەسەر وشە دواون، بۆ نموونە (ایران کالباسی) لە چوار ڕووەوە پێناسەی وشەی کردووە: (ایران کالباسی، ١٣٩١، ٢١)

١- لە ڕووی دەنگەوە: وشە پێکهاتەیەکی دەنگییە، لەیەك یان چەند بڕگەیەك پێکهاتووە و خاوەنی هێزە و لە سەرەتا و کۆتایدا (وەستان)ێك هەیە.
٢- لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە: لەیەك یان چەند مۆرفیمێك پێکهاتووە و لە دروستکردنی فرێزدا سودی لێوەردەگیرێت.
٣- لە ڕووی واتاوە: بریتییە لە یەك یەکەی واتایی، ئاماژە بۆ یەك یان چەند چەمکێکی جیاواز دەکات.
٤- لە ڕووی ڕێنووسەوە: خاوەنی یەکێتییەکی ڕێنووسییە، بەو واتایەی کە زۆرجار لە کاتی نووسیندا لە پێش و پاشییەوە مەودا (فاصلە)یەك لەبەرچاودەگیرێت.

هەریەکە لەو خاڵانە سەرەوە ئاماژەی بۆ لایەنێك لە لایەنەکانی وشە کردووە و نەتوانراوە لە یەك پێناسەدا هەموو لایەنەکان کۆبکرێتەوە، هەرچەند ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەو خاڵانەی سەرەوە دەبینین بێبەش نییە لە کەموکورتی و بە تەواوەتی نەتوانراوە پێناسەیەکی وا بۆ وشە بکرێت دەرخەری واتا و چەمکی وشە بێت. بۆ نموونە وەك لە خاڵەکانی (یەك) و (سێ)دا هاتووە، مەرج نییە بۆ هەموو وشەیەك و بۆ هەموو زمانێك ڕاستبێت، واتا مەرج نییە هەمیشە لە دوای دەربڕینی وشەوە وەستانێك هەبێت، هەروەها لە ڕووی ڕێنووسیشەوە مەرج نییە لە پێش و پاشی وشەوە مەودا هەبێت، چونکە هەندێجار ڕوودەدات لە نێو خودی تاکە وشەیەکیشدا مەودا یان بۆشاییەك هەیە.

لە پێناسەیەکی تردا کە بۆ وشە کراوە (هنری سویت) دەڵێت: (( وشە ڕستەی هەرە بچووکە))( فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١، ١٦) لێرەدا تەنها لایەنی سینتاکسی وشە لەبەرچاوگیراوە.

وەك دەبینین لە هەموو پێناسەكاندا لە ڕوانگەیەكی تاك لایەنەوە سەیری وشە كراوە و نەتوانراوە پێناسەیەكی وا بۆ وشە بكرێت، هەموو تایبەتمەندییەكانی بگرێتەخۆی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانین وشە بناسین و جیایبكەینەوە لە یەكەكانی تری زمان.

لەم ڕوانگەیەوە (بەرانكۆڤا) دەڵێت: (( وشە وەك گرنگترین دانەی زمان هەڵسوكەوت دەكات، ئەویش لەبەرئەوەی كە سەرەكیترین ئیلیمێنتی ستراكچەری زمان تیایدا یەكیانگرتووە، لە وشەدا لایەنی دەنگی، گراماتیكی، لێكسیكی دەتوانرێت جیابكرێتەوە، دیارە ئەو لایەنانە پێكەوە لە یەكێتیدان. وشە بێ فەرمولەكردنی مادی (دەنگ) نابێت، بێ گراماتیكیش هەر نابێ، واتە وشە نابێت نیشانەی گراماتیكی كە تایبەتە بە گروپێكی دیاریكراوەوە نەی بێ))( هەمان سەرچاوە، ١٨-١٩)

## ٣/١-٢-٢) سیما جیاكەرەوەكان

سیما جیاكەرەوەكان یەكێكە لە ڕێبازەكانی فۆنۆلۆجیا، مەبەست لە بەكارهێنانی ئەوەیە، كە لایەنی جیاواز و هاوبەشی نێوان فۆنیمەكان دەستنیشانبكات، واتا سیماجیاكەرەوەكان دەبێتە هۆی ئەوەی فۆنیمێك لە فۆنیمێكی تری نێو پێڕەوی دەنگی زمانێكی دیاریكراو جیابكرێتەوە.

هەرچەند لە ئێستادا (ڕۆمان جاكبسۆن) بە دانەری سیما جیاكەرەوەكان دادەنرێت، بەڵام (( بۆ یەكەمجار (سۆسێر) لە كتێبی (چەند وانەیەك لە زانستی زمانی گشتیدا) گرنگی سیماجیاكەرەوەكانی خستبووەڕوو، كاتێك باسی هۆكارە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەكانی فۆنیم دەكات، لە هۆكاری سلبی دا مەبەستی ئەوەیە كە دوو سیمای جیاواز لە دوو فۆنیمدا هەبن ))(هەژار قادر ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٣٣)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوهەوڵانەی سەرەتادا، داهێنانەكەی (جاكبسۆن) لەسەر دەستپێشخەرییەكەی (ترۆبتسكۆی) دەنگی دایەوە و ئێستا (ترۆبتسكۆی) بەداهێنەری سیماجیاكەرەوەكان دادەنرێت، وەك دەگوترێت (( تیۆریی سیماجیاكەرەوەكان بۆ یەكەم جار لەلایەن قوتابخانەی (پراگ) و لەسەردەستی (ترۆبتسكۆی) لە ساڵی (١٩٣٣) دا ناسێنرا، كە دواتر لە بەرهەمی ڕۆنانكارەكان و هەروەها زانایانی بواری فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا گەشەیسەند)) ( سهیلا نوربخش،١٣٩١، ٦٣)،

لە ڕاستیدا گەر كارەكەی ترۆبتسكۆی جیاكردنەوەی فۆنۆلۆجی بێت لە فۆنەتیك، گرنگی كارەكەی جاكبسۆن لە گێڕانەوەی فۆنەتیكە بۆ خزمەتی فۆنۆلۆجی، ((جاكبسۆن توانی بە سەركەوتوویی فۆنەتیك بخاتە نێو بواری فۆنۆلۆژییەوە، چونكە سیماجیاكەرەوەكان لە تایبەتمەندی دەستنیشانكراوی (بیستن-گۆكردن)ی دەنگەوە گەشەیكردووە))(هەژار قادر ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٣٣)، ئەمەیە كە جاكبسۆن دەكاتە شوێنكەوتەی سۆسێر، چونكە (( سۆسێر گرنگی بە (گۆكردن/بیستن) دەدات بۆ جیاكردنەوەی دەنگەكان. بەڵام ئەوەی لە سۆسێری جودادەكاتەوە و دەیكاتە شوێنكەوتەی ترۆبتسكۆی ئەوەیە كە جاكبسۆن تیۆرە فۆنۆلۆجییەكەی لەسەر باوەڕ بە بوونی سیمای جیاكەرەوەی ( جووتە- binarism) یان ( بەرامبەریی دوانی - ازدواجی - dichotomy) دامەزراوە.(ئەكرەم حمە ساڵح، ٢٠٠٠، ١٣)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جاكبسۆن داهێنەری سیمای جیاكەرەوەیە، ((چونكە تیۆرییەكەی ورد و سیستەمی بوو، چونكە جگە لە گرنگیدان بە (گۆكردن) لە وەسفكردنی ئەم بەرامبەریانەدا پێوەری (بیستن)یشی كردە بنەما، بۆ نموونە دابەشبوونی دەنگەكان بۆ (تیژ و سووك))( هەمان سەرچاوە، ١٣)، بەپێی ئەم تیۆرە (( فۆنێم بچوكترین یەكەی زمان نییە، چونكە خودی فۆنێمەكانیش دابەشدەبن بۆ یەكەی بچوكتر[١]، كە بە نیشانە جیاكەرەوەكان ناسراون))( مهدی فتاحی، ١٣٩٠، ٤٠) ، واتا (( بە بڕوای نوێنەرانی قوتابخانەی پراگ بەر لە هەموویان (Trubezkoy) فۆنێم دەتوانێت بۆ نیشانە جیاكەرەوەكانی شیبكرێتەوە/ شیتەڵبكرێت، بەم جۆرە فۆنێم گچكەترین توخمی پێكهێنەری زمان نییە: هەر فۆنێمێك (تەواو) لە فۆنێمێكی تر جیاوازە.))(محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٨، ب١، ٢٥٩-٢٦٠)

بۆ نموونە لەبەرئەوەی لە ئاخاوتندا (لێوەكان) دەتوانن سەربەخۆ لە ئەندامەكانی تری ئاخاوتن كاربكەن و بەشداربن لە جیاكردنەوەی فۆنێمەكان لەیەكتری، بۆیە سیمایەكی جیاكەرەوە بە ناوی (لێوەكان)ەوە بوونی هەیە. یان بۆ نموونە (نەرمە مەلاشو) ڕۆڵی هەیە لە درووستكردنی فۆنێم و جیاكردنەوەی لە فۆنێمێكی تری بۆ نموونە (لووتییەكان)، بۆیە (نەرمە مەلاشو) بە یەكێك لە سیما جیاكەرەوەكان دادەنرێت.

سیما جیاكەرەوەكان لە بەرهەمە جیاوازەكاندا بە شێوەی جیاواز و لە دیدگای جیاوازەوە شرۆڤەكراون، بۆ نموونە (ڕۆمان جاكبسۆن) لە ساڵی (١٩٥٢)دا سیماجیاكەرەوەكانی لەسەر بنەمای فۆنەتیكی بیستەنی (ئۆكۆستیكی) خستووەتەڕوو، ئەمەش بۆ ماوەی یەك دەیە دوای ساڵی (١٩٥٩) كارایی هەبووە، واتا تاوەكو ئەو كاتەی كە (مۆریس هالی) كتێبی (تەرزی دەنگی زمانی ڕووسی[٢]) لەسەر ئەو بنەمایە داڕشت. لە ساڵی (١٩٦٨) چۆمسكی و هالی بە خستنەڕووی بەڵگە و پاساوگەلێك سیماجیاكەرەوەكانیان لەسەر بنەمای (دركاندن) بتەوكرد)) (ار.اچ روبینز، ١٣٧٨، ٤٨٣). و بەكاریان هێنا بۆ جیاكردنەوەی فۆنێمەكان و سەرەنجام فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنانیان هێنایەكایەوە.

خالێكی تری جیاوازی چۆمسكی و هالی لەگەڵ (جاكبسۆن) سەبارەت بە سیما جیاكەرەوەكان ئەوەیە كە: ئەو نیشانانەی چۆمسكی و هالی خستوویانەڕوو كۆنسۆنانت و ڤاوڵەكانی لەیەك جیادەكردەوە، واتا بە شێوەیەك بوو هەندێك لە نیشانەكان تایبەتبوون بە كۆنسۆنانت و هەندێكی تر تایبەتبوون بە ڤاوڵەكان، لە كاتێكدا ئەو نیشانانەی كە (جاكبسۆن)دایابوو بۆ ڤاول و كۆنسۆنانتەكان بەیەك شێوە بووە، واتا ڤاوڵ و كۆنسۆنانتی لەیەك جیانەدەكردەوە)) (عالیە كرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ٢٢)، سەرەڕای ئەم جیاوازی تێڕوانینەش (( ئەو تیۆرەی چۆمسكی و هالی دایانڕشتبوو لە ڕوانگەی جیهانیبوون و سنورداربوون و دووپەلكەیی بوونی نیشانەكانەوە لێكچوونی هەبوو لەگەڵ سیستەمەكەی جاكبسۆن)) (عالیە كرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ٢٢).

پێویستە ئەوەش بگوترێت لە دوای چۆمسكی و هالی تاوەكو ئێستا، لە چەند بەرهەم و كتێبی جیاوازدا هەوڵی گۆڕانكاری لە ناساندن و خستەڕووی سیماجیاكەرەوەكاندا دراوە ، بەڵام (( سەرجەم

---

[١] – ئاشكرایە فۆنێم بۆ یەكەی بچوكتر دابەشنابێت، بەڵكو، بەپێی سیما جیاكەرەوەكان جیاوازی لە نێو فۆنێمەكاندا دێتەئاراوە.
[٢] -Sound pattern in Russian

کارەکان لە چوارچێوەیەکی گشتیدا هەمان شتیان ئاشکرا دەکرد کە لە تیۆری ستانداردی (SPE)دا هاتبوو)) (مهدی فتاحی، ۱۳۹۰، ٤٠)

(چۆمسکی و هالی) لە تیۆری (SPE)دا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر دەزگای ئاخاوتنی مرۆڤەکان و توانای بەرهەمهێنانیان، توانیان (١٨) نیشانەی دەنگی دیاریبکەن، کە خاوەنی (٣٦) ئەگەرە، ئەگەرەکانیش لە ئەنجامی کارایی یان ناکارایی بوونیان بەشێوەی ئەرێیی و نەرێیی دەردەکەون، کە ئەمەش بە شێوەی (+) و (−) دەخرانەڕوو، واتا لە کاتی ئامادەبوونی یەکێك لە سیماکاندا، نیشانەی (+) و لە کاتی ئامادەنەبوونی سیمایەکدا، نیشانەی (−) دادەنرێت و بەم شێوەیە فۆنێمەکان لەیەکتری جیادەکرێنەوە.

وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە کە (چۆمسکی و هالی) وەك نموونەیەك بۆ کارەکەیان بۆ نیشاندانی سیماجیاکەرەوەکانی فۆنێمەکانی وشەی (san) دایانناوە: (سهیلا نوربخش و اعظم استاجی،۱۳۹۱، ٦٤)

| | s | a | N |
|---|---|---|---|
| Sonorant | − | + | + |
| Continuant | + | + | − |
| voice | − | + | + |
| Nasal | − | − | + |
| Coronal | + | − | + |
| Anterior | + | − | + |

**نەخشەی سیماجیکەرەوەکانی وشەی (san)**

یان وەك نموونەیەك لە سیماجیاکەرەوەکان، دەتوانین ئاماژە بۆ چەند فۆنێمێك بکەین، بە خستەڕووی سیماجیاکەرەوەکانیان، بەشێوەی (+) و (−) دەیانخەینەڕوو:

| N | m | D | T | B | P | g | k | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| − | + | − | − | + | + | − | − | لێوی |
| + | − | + | + | − | − | − | − | دانی |
| − | − | − | − | − | − | + | + | مەڵاشوویی |
| + | + | + | − | + | − | + | − | زنگدەرەوەیی |

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێت، سیماجیاکەرەوەکان سەرەڕای گرنگی و بایەخیان لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی فۆنێمەکانی زمان، لە هەر زمانێکدا تایبەتمەندی و سنورداریی خۆیان هەیە و جیاوازە لە زمانێکی تر، واتا (( زمانەکانی جیهان وەك یەك ڕەفتارناکەن بەرامبەر بەم نیشانانە، بە واتای ئەوەی، ئەو سیمایانەی لە زمانێکدا گرنگن ڕەنگە لە زمانێکی تردا (تەنانەت لە زارێکی تری هەمان زماندا) ئەو گرنگییەی نەبێت و پشت گوێبخرێت ...، بۆ نموونە سیمای بەرز و نزمی ڤاوڵەکان لە کوردیدا سیمای جیاکەرەوەن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پلەی سێیەمیش هەیە، واتا جگە لە بەرزی و نزمی پلەیەکی تریش هەیە ))(محمەد معروف فتاح، ۲۰۱۱، ۷۳).

## ٣/١-٢-٣) فۆنۆتاکتیك

شێوازی دابەشبوون و ڕیزبوونی دەنگەکان لە زمانەکاندا جیاوازن، واتا لە هەر زمانێکدا دەنگەکان بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز لە زمانەکانی تر ڕیزدەکرێن. ئاگاداربوون لە چۆنێتی ڕیزبوونی دەنگەکان بۆ دروستکردنی بڕگە لە هەر زمانێکدا بەپێی یاسایایەك ڕێکدەخرێت پێی دەگوترێت (فۆنۆتاکتیك).

کەواتە فۆنۆتاکتیك (( ئەو مەرج و یاسایانەیە کە لە ناو مۆرفیمەکان و وشەکان و بڕگەکاندا تەحەکوم بە فۆنێمەکانەوە دەکات))(عادل ڕەشید قادر، ٢٠٠٨، ٢٤)، بە واتایەکی تر فۆنۆتاکتیك (( ڕازاندنەوە و ڕیزبوونی ڕێگەپێدراوی فۆنێمەکانە))(جورج یول، ١٣٨٠، ٦٠)، لە سنوری بڕگەدا. واتا لە دوای ئەوەی فۆنیمەکان دەچنەپاڵ یەك بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتری وەك مۆرفێم و بڕگە و وشە، پێویستە بەپێی هەندێك مەرج و سنورداریەتییەوە ئەنجامبدرێت، بە هەریەکە لەو مەرج و یاسایانە دەگوترێت یاسا فۆنۆتاکتیکییەکان.

بوونی مەرج و سنورداریی بۆ ڕیزبوونی دەنگەکان لە هەموو زمانێکدا هەیە، بەڵام لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، واتا لە هیچ زمانێکدا یاسا فۆنۆتاکتیکەکان بەشێوەیەکی یەکسان دەرناکەون و جیاوازن لەیەکتری، ئەگەر جیاوازییەکی کەمیش بێت. زانینی ئەم یاسا فۆنۆتاکتیکانەش کارێکی ئالۆز نییە، چونکە قسەکەرانی زمانەکان هەر لە کاتی ئاخاوتندا بە ئاشکرا هەست بەبوونی ئەم یاسایانە دەکەن و لە کاتی هەر کەلێنێکدا هەوڵدەدەن ناتەواویەکان پڕبکەنەوە و بیگونجێنن لەگەڵ زمانەکەیاندا. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هاتنی دوو ڤاوڵ بە شوێن یەکتردا ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە لە کاتی حاڵەتێکی وەهادا پێویستە بە شێوەیەك گۆڕانکاریی تیادابکەین، بگونجێت لەگەڵ یاسا فۆنۆتاکتیکەکانی زمانەکەدا، بۆ نموونە کاتێك وشەی (برا) بە هۆی نیشانەی (ان)ەوە دەکرێت بە کۆ، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بە شوێن یەکتردا نەیەن، پێویستە (نیمچە کۆنسۆنانت)ێك لە نێوان هەردوو ڤاوڵەکەدا دابنێین، بەم شێوەیە:

**برا + ان = برایان**

یان بۆ نموونە یەکێك لە سنوردارییەکانی سازکردنی وشە لە زمانی فارسیدا، نەهاتنی زیاتر لە یەك کۆنسۆنانتە لەسەرەتای وشەوە، بۆیە لە حاڵەتێکی وەهادا، هەمزە و ڤاوڵی سەرەتا تیادەچێت و لە نێوان دوو کۆنسۆنانتەکەی دواتردا ڤاوڵێك پەیدادەبێت، بەم شێوەیە :(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٢١)

| | | |
|---|---|---|
| افْسرد | فِسرد | ( پەیدابونی دەنگی (ـِ)) |
| اشْتر | شُتر | (پەیدابوونی دەنگی (ـُ)) |
| افْروز | فُروز | (پەیدابوونی دەنگی (ـُ)) |

لەبەرئەوەی (( لە فۆنۆتاکتیکدا بەهای هەر فۆنێمێك پەیوەستە بەو جێگایەی کە لە پێکهاتەی بڕگەدا هەیەتی))( محمود بی جن خان، ١٣٩٢، ١١٣) بۆیە پێکهاتەی بڕگە لە لێکۆڵینەوە فۆنۆتاکتیکەکانی زماندا بایەخێکی زۆری هەیە.

## ٣/١-٢-٤) بڕگە

بڕگە وەك سەرەكیترین و گرنگترین دانەی ئاستی دەنگسازی، زۆرترین قسەوباس و تێڕوانینی لەسەرە، بەبەراورد بە دانەكانی تری زمان، هەرچەند لە هەموو دانەكانی تر كورتترە (( بڕگە كۆنترین دانەی زمانە))(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ٦٥)، بۆیە، تاوەكو ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەكی وەها بۆ بڕگە بكرێت هەموو لایەنەكانی بگرێتەوە و هەموو زمانەوانەكان لەسەری كۆكبن (( تائێستا زانستی زمان بە هەموو قوتابخانەكانییەوە نەیتوانیوە پێناسەیەكی بێ كەلەبەری بڕگە كەشف بكات))( وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٤، ٣٧)، ڕەنگە هۆكاری ئەم هەموو پێناسە و بۆچوونە جیاوازانە بگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیی پێكهاتەی بڕگە و جیاوازی بڕگە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر، بۆیە هەموو ئەو هەوڵانەی كە تاوەكو ئێستا دراون سەركەوتوونەبوون و نەتوانراوە پێناسەیەكی چڕوپڕی بڕگە بكرێت، چونكە (( بڕگە زادەی چەند هۆكارێكی دیار و نادیاری درووستبوونیەتی لەوانە (فسیۆلۆجی – ئەكۆستیكی– پێكهاتەیی.... هتد)، كە پێیانەوە پەیوەستە))(هەژار قادر ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٥١)، هەر ئەم ئاڵۆزی و گرانی بڕگە وایكردووە هەندێك لە زمانەوانان بڕگە بە شتێكی بێكەڵك و ناپێویست دابنێن، تەنانەت (( هەندێك لە زمانەوانان وا بەباش دەزانن هەر بە تەواوی بڕگە لە خۆیان دووربخەنەوە و بیخەنەلاوە و دان بە بوونی هیچ دانەیەكی ڕێكخستندا نەنێن لە نێوان فۆنێم و وشەدا))(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ٥١).

دیارە ئەم بۆچوونانەش تەنها بە مەبەستی خۆدزینەوە و خۆ لەقەرەنەدانی دانەیەكی ئاڵۆزی وەك بڕگەیە، ئەگینا بەڵگەی بوونی بڕگە لە زماندا گەلێك زۆرە و هەموو قسەكەرانی زمانێك لە كاتی ئاخاوتندا بەئاشكرا هەست بە بوونی بڕگە دەكەن و دەتوانن زۆر بە ئاسانی بڕگەكانی ناو ئاخاوتنەكانیان جیابكەنەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵۆزی و بۆچوونە دژ بەیەكانەدا، زمانەوانەكان بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسەی بڕگەیان كردووە، بۆ نموونە (غازی فاتیح وەیس) لە پێناسەی بڕگەدا دەڵێت: (( بڕگە بەو كۆمەڵە دەنگە دادەنرێت كە لە ناو وشەدا دركاندنێكی بەرزیان هەیە، بیستەر بە ئاشكرا هەست بەو دركاندنە بەرزە بكات و بتوانێت بە گوێرەی ئەو سنورەی لە وشەدا هەیەتی لە بڕگەكانی تر جیایبكاتەوە))(غازی فاتیح وەیس، ١٩٨٤، ٨٣). یان لە پێناسەیەكی تردا دەگوترێت: (( بڕگە بریتییە لەو كۆمەڵە دەنگەی كە بەیەك تەوژم لە دەم دێتە دەرەوە))(محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١، ٥١) هەر لەسەر ئەم بنەمایە زمانەوانی ڕووس (ستیپانەڤ) لە پێناسەی بڕگەدا دەڵێت:(( بڕگە بچوكترین وزەیە كە لوتكەی هەیە، بەرزترین پلەی دەنگی لە بڕگەدایە كە جیادەبێتەوە لەگەڵ بەشەكانی تری وزەدا))( دەروون عەبدالرحمان، ٢٠١٢، ٩) وەك لەم پێناسانەی سەرەوەدا دەردەكەوێت، بڕگە لەسەر بنەمای هەناسەدان و كردەی ئاخاوتن دیاریدەكرێت، واتا خۆی بە زمانێكی دیاریكراوەوە نابەستێتەوە و شێوەیەكی گشتی هەیە. زمانەوانان ئەم جۆرەی بڕگە كە لە هەموو زمانێكدا بەیەك شێوەیە و هاوبەشە ناودەنێن (بڕگەی فۆنەتیكی)، چونكە (( پەیوەندی بە فسیۆلۆجییەتی هەناسەوەرگرتن و چۆنێتی كاركردنی ئەندامەكانی ئاخاوتنەوە هەیە))( وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٤، ٣٦) ئەمەش هاوبەشە لە نێوان قسەكەراندا.

لەبەرانبەر ئەم جۆرەی بڕگە کە گشتییە و خۆی نابەستێتەوە بە تاکە زمانێکەوە، جۆرێکی تری بڕگە هەیە کە تایبەتییە و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، ئەویش (بڕگەی فۆنۆلۆجی)یە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە جۆری دووەمی بڕگەیە، واتا بڕگەی فۆنۆلۆجی.

بڕگەی فۆنۆلۆجی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەر زمانە و ڕیزبوونی دەنگی و یاسای فۆنۆتاکتیکی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانێکی تر، واتا ئەو یاسا و دەستورانەی لە بڕگەی فۆنۆلۆجیدا تاوتوێدەکرێن، گشتی نین و بۆ هەموو زمانێك ناگونجێن.

بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجی، بڕگە (( یەکەیەکە ڤاوڵێك لەخۆدەگرێت یان بەتەنها یان لەگەڵ کۆنسۆنانتەکان بە ژمارەیەکی دیاریکراو بە یاسایەکی دیاریکراو))( احمد مختار عمر، ٢٠٠٤، ٢٨٦)، یان لە پێناسەیەکی تردا (عبدالصبور شاهین) بەم شێوە باسی بڕگەی فۆنۆلۆجی دەکات: (( بڕگە تێکەڵەیەکە لە ڤاوڵ و کۆنسۆنانت، کە لە دامەزراندنی بونیادەکەی، لەگەڵ ڕێبازی زمان دەگونجێ و پشت بە ڕەزمی هەناسەدان دەبەستێت))(هەژار قادر ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٦٥)، وەك لە پێناسەکاندا دەردەکەوێت بڕگە لە کۆمەڵە دەنگێك پێکدێت یەکێك لەو دەنگانە لە هەموویان دەرکەوتووترە، ئەویش ڤاوڵە، هەرچی دەنگەکانی ترە، کە بەپێی تایبەتمەندی زمانەکان گۆڕانی بەسەرداد‌ێت، لە یەك یان چەند دەنگێك پێکدێت، کە ئەوانیش کۆنسۆنانتن، واتا ڤاوڵ پێکهێنەری سەرەکی بڕگەیە و دەنگەکانی تر لە دەورووبەری دەنگە ڤاوڵەکەدان، بۆیە زۆرجار دەگوترێت (( ژمارەی ڤاوڵ لە بڕگەیەکدا چەندبێت، ئەوە ژمارەی بڕگەی ئەو وشەیە ئەوەندەیە))( دەروون عبدالرحمان سالح، ٢٠١٢، ٩١)، کەواتە بەپێی یاسای دوپەلکی (( بڕگە دابەشدەبێت بۆ سەروا و سەرەتای بڕگە و سەروایش لە بنە – وەچەپێکهاتەکانی کرۆکی بڕگە و کۆتایی بڕگە پێکهاتووە))(محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٨، ب٢، ٨٦)، بەم شێوەیەی خوارەوە:




**هێڵکاری ژمارە (٥): ( مۆدێلی دروستەی بڕگەی (خوارد).)**

لەبەرئەوەی بڕگەی فۆنۆلۆجی تایبەتییە و خۆی نابەستێتەوە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بۆیە لە کاتی ناساندنی زمانە جیاوازەکاندا پێویستە چوارچێوەی ئەو زمانەی، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت دیاریبکرێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانەکەدا، چونکە بڕگەی

فۆنۆلۆجی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. بۆیە لێرەدا باسی بڕگەی فۆنۆلۆجی دەکەین لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا:

## ۳/۱-۲-٤-۱) بڕگە لە زمانی کوردی دا

لە زمانی کوردیدا بڕگە لە سێ بەشی (پێش و لوتکە و پاش) پێکدێت، ئاسایی بەشی پێشەوە و پاشەوەی بڕگە دەبێت کۆنسۆنانت بێت و لوتکەی بڕگەیش هەمیشە ڤاوڵە، واتا ڤاولْ کرۆکی بڕگە پێکدێنێت، بەواتایەکی تر بڕگە بەبێ ڤاولْ لە زمانی کوردیدا نابێت، هەربۆیە دەگوترێت(( بڕگەکانی زمانی کوردی پرۆژەی ڤاوڵەکانن))(محەمەدی مەحوی، ۲۰۰۰، ۲۲)، چونکە ئەگەر ڤاولْ لە بڕگەی کوردیدا دەربهێنین شتێك بەناوی بڕگەوە بوونی نابێت. لەگەڵ ئەم هەموو گرنگییەی ڤاولْ پێویستە ئەوەیش بزانین کە هەرگیز ڤاولْ بەتەنها بڕگە پێکناهێنێت، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە یەك کۆنسۆنانت پێویستە بۆ تەواوکردنی بڕگەی کوردی.

لە زمانی کوردیدا ئاساییە و ڕێگەپێدراوە کۆتایی بڕگە چۆڵ بێت، بەڵام نابێت و ڕێگەپێدراو نییە سەرەتای بڕگە چۆڵ بێت (( بڕگە نییە لە کوردیدا بەشی پێشەوە و لوتکەی تیانەبێت))(محەمەد مەعروف فەتاح، ۲۰۱۱، ۸۰)، بۆیە لە حاڵەتێکی وەهادا، واتا کاتێك وشەیەکمان بەرچاودەکەوێت بە ڤاولْ دەستی پێکردووە، بۆ نموونە وشەی (ئاو) پێویستە بەشێوەیەك ئەو کەلێنە پڕبکەینەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت، بۆ ئەمەش پێویستە لە پێشەوەی وشەکە دەنگێکی گەروویی گیراوی وەك (□) دابنێین، بەم شێوەیە:




**هێڵکاری ژمارە (٦) هێڵکاری دروستەی بڕگەی وشەی ئاو**

بۆیە قالبی بڕگەکە لە (V-) کە ڕێگەپێدراو نییە لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ قالبێکی باوی زمانەکە ئەویش قالبی ( CV )ە، جگە لەو قالبەی بڕگە لە زمانی کوردیدا، چەندین قالبی تریش هەیە کە لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

## قالبی بڕگە لە زمانی کوردی دا

لە تیۆرییەی فۆنۆلۆجیدا قالبی بڕگە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، واتا هەر زمانە و بەپێی تایبەتمەندیی خۆی قالبی جیاوازی بڕگەی هەیە، زمانی کوردیش وەك زۆربەی زمانەکانی تر

**چەندین قاڵبی جیاوازیی هەیە، لە ناو هەموو ئەو قاڵبانەشدا (( هەردوو قاڵبی (CV) و (CVC) باوترین و بەربڵاوترین جۆری بڕگەن و زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە))**(شنۆ قادر محمد، ٢٠٠٨، ٥٧)**، جگە لەم دوو قاڵبە، بڕگە چەند قاڵبێکی تریشی هەیە، کە هەموویان پێکەوە یاسای ڕیزبوون و فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی پێکدێنن، هەرچەند زمانەوانانی کورد هاوڕانین لەسەر دیاریکردنی ژمارەی قاڵبەکانی بڕگە[١]، بەڵام گرنگترینیان ئەم شەش قاڵبەی خوارەوەیە، چونکە زۆرترین هاوڕایی لەسەر ئەم ژمارە هەیە.**

**١- قاڵبی ( CV)**

**باوترین و کورترین قاڵبی بڕگەیە، کە لە کۆنسۆنانتێك و ڤاوڵێك پێکدێت، بۆ نموونە:**

**دە، با، کا**

**٢- قاڵبی (CVC)**

**قاڵبێکی باو و گرنگی بڕگەیە لە زمانی کوردی دا لە کۆنسۆنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێك و کۆنسۆنانتێکی کۆتایی پێکدێت، بۆ نموونە:**

**دار، نان، کار... هتد**

**٣- قاڵبی ( CCV)**

**ئەم قاڵبە لە دوو کۆنسۆنانتی پێشەوە و ڤاوڵێك پێکدێت، بۆ نموونە:**

**خوا، برا، چیا... هتد**

**٤- قاڵبی ( CVCC)**

**ئەم قاڵبە لە کۆنسۆنانتیکی پێشەوە و ڤاوڵێك و دوو کۆنسۆنانتی کۆتایی پێکدێت، وەك:**

**دەست، هەشت، بەست... هتد**

**٥- قاڵبی ( CCVC)**

**لەم قاڵبەدا هێشوە کۆنسۆنانتێکی پێشوو و ڤاوڵێك و کۆنسۆنانتێکی کۆتایی لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە:**

**چوار، چنار، سنوور ... هتد**

**٦- قاڵبی ( CCVCC)**

**گەورەترین قاڵبی بڕگەیە لە زمانی کوردیدا، کە لە هێشووە کۆنسۆنانتێکی پێشوو و ڤاوڵێك و هێشووە کۆنسۆنانتێکی کۆتایی پێکدێت، بۆ نموونە:**

**خوارد، توانج، خواست ... هتد**

**کەواتە یاسای داڕشتنی بڕگە لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە شەش قاڵبی جیاوازی بڕگە دەدات، کە دەتوانرێت لە یاسایەکی گشتی دا کۆبکرێتەوە، بەم شێوەیە:**

**(C(CV(C(C**

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیاریکردنی قاڵبی بڕگە لە زمانی کوردیدا بڕوانە: ( شنۆ قادر، ٢٠٠٨، ٦٠– ٦٢)

## ٣/١-٢-٤-٢) بڕگە لە زمانی فارسی دا

هاوشێوەی زمانی کوردی بڕگە لە زمانی فارسیشدا لە سێ بەشی وەك (پێش و لوتکە و پاش) پێکهاتووە، ئاسایی پێش و پاشی بڕگە دەبێت کۆنسۆنانت بێت و ڤاوڵیش دەکەوێتە لوتکەوە،(( ژمارەی بڕگە لە زمانی فارسی دا بەستراوەتەوە بە ژمارەی ڤاوڵەوە، واتا چەند ڤاوڵ هەبێت لە وشەیەکدا ئەوەندە بڕگەیش هەیە .... بڕگە لە ڤاوڵێك و یەك یان چەند کۆنسۆنانتێك پیکدێت))( ابوالحسن نجفی، ١٣٩٠، ٦٥)،

ڕیزبوونی ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکانیش بە شێوەیەکە هەمیشە سەرەتایی بڕگە دەبێت کۆنسۆنانت بێت و لوتکەش دەبێت ڤاوڵ بێت، واتا فۆنۆتاکتیکی زمانی فارسی ڕێگە بەوە نادات ڤاوڵ لەسەرەتای بڕگەوە بێت، لە حاڵەتێکی وەهاشدا هەروەکو زمانی کوردی، پێویستە دەنگێکی گەرویی گیراوی وەکو (□) لە پێش ئەو وشانەوە دابنێن کە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات، وەك وشەکانی (ابر، او، اسب) کە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بە ڤاوڵ دەستپێکردووە، کاتێك دەردەبڕێن بەم شێوەی لێدێت ( □ASB ,U □ ,ABR□)

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین (( بڕگە لە زمانی فارسیدا لە دیدگای فۆنۆلۆجییەوە دەتوانێت بە ڤاوڵ دەستپێبکات، بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکییەوە هەمیشە بڕگە بە کۆنسۆنانت دەستپێدەکات))(مهدی مشکوه الدینی، ١٣٨٨، ١٠٨)

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانی فارسی ڕێگە بە هاتنی سێ کۆنسۆنانت نادات لە کۆتایی بڕگەوە، بۆیە کاتێك وشەیەکی لەم شێوەیە لە زمانەکانی ترەوە دێتە ناو زمانی فارسییەوە پێویستە بیگونجێن لەگەڵ یاساکانی خۆیاندا، بۆ ئەوەش زۆرجار قسەکەرانی زمانەکە ((یان ئەوەتا یەکێك لە کۆنسۆنانتەکان دەسڕنەوە، یان ڤاوڵێك دەخەنە نێوان دوو کۆنسۆنانتی کۆتاییەوە))(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٢١). بەم شێوەیەی خوارەوە:

**فلکس – فلِکس ، لوستر – لوسِتر** ( پەیدابوونی دەنگ)

**تمبر – تمر ، داستایوفسکی – داستا یوسکی** ( سڕینەوەی دەنگ )

## قاڵبی بڕگە لە زمانی فارسیدا

پۆلێنکردنی بڕگە لە زمانی فارسیدا بە دوو شێوەی جیاواز باسکراوە، (( لە فۆنەتیکی فارسیدا بڕگە سێ جۆری هەیە، ئەگەرچی لە فۆنۆلۆجیدا دەتوانین زیاتر لە سێ جۆر بڕگە لەبەرچاوبگرین)) (علی محمد حق شناس، ١٣٩٠، ١٣٨)

کەواتە زمانەوانانی ئێرانی لە ڕووی فۆنەتیکییەوە سێ جۆر بۆ بڕگەیان دەستنیشانکردووە[١]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **بڕگەی کورت**: لە کۆنسۆنانتێك و ڤاوڵێك پێکدێت، بۆ نموونە ( **سو، ما، مو**)

---

[١] – گرنگترین ئەو زمانەوانەی کە کۆکن لەسەر ئەوەی (٣) قاڵبی بڕگە لە زمانی فارسیدا هەیە بریتین لە ( مهدی مشکوة الدینی، ١٣٨٨) و ( ابوحسن نجفی، ١٣٩٠) و (یدالله ثمره، ١٣٩٢) و ( احمد سمیعی، ١٣٩١) و (محمد ضیاء حسینی، ١٣٨٨).

٢- **بڕگەی ناوەڕاست**: لە کۆنسۆنانتێکی پێش و ڤاوڵێك و کۆنسۆنانتێکی کۆتایی پێکدێت، بۆ نموونە : ( **عود، سود، در**)

٣- **بڕگەی درێژ**: لە کۆنسۆنانتێکی پێش و ڤاوڵێك و هێشووە کۆنسۆنانتێکی کۆتایی پێکدێت، بۆ نموونە : ( **سوخت، دوخت، پخت**)

هەندێکی تر لە زمانەوانان بڕگەیان لەسەر بنەمای فۆنۆلۆجی پۆلێنکردووە و دابەشیان کردووە بۆ شەش قاڵبی جیاواز[١]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- یەك کۆنسۆنانت و ڤاوڵێکی کورت، بۆ نموونە ( **نە، بە، کە...هتد**)

٢- یەك کۆنسۆنانت و ڤاوڵێکی درێژ، بۆ نموونە ( **پا، ما، سی... هتد**)

٣- کۆنسۆنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێکی کورت و کۆنسۆنانتێکی دواوە، بۆ نموونە ( **گُل، دِل، سَر... هتد**)

٤- کۆنسۆنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێکی درێژ و کۆنسۆنانتێکی دواوە، بۆ نموونە ( **مار، کار، مور... هتد**)

٥- کۆنسۆنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێکی کورت و هێشووە کۆنسۆنانتێکی دواوە، بۆ نموونە (**گرِد، پِشت، زِشت .... هتد**)

٦- کۆنسۆنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێکی درێژ و هێشووە کۆنسۆنانتێکی کۆتایی، بۆ نموونە (**باخت، ریخت، دوخت... هتد**)

بەسەرنجدان لە قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی فارسیدا، دەتوانرێت هەموو قاڵبەکان لە یاسایەکی گشتیدا کۆبکرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**CV(C(C**

## ٣/١-٢-٥) ئیکۆنۆمی و سادەیی لە زماندا

مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا، لە هەموو کار و چالاکییەکانیدا هەمیشە لە هەوڵدایە بە کەمترین کات و وزە، زۆرترین بەرهەم و دەستکەوتی هەبێت، بۆیە هەمیشە ئەو ڕێگایانە دەگرێتەبەر کە پێویستی بە کەمترین ماندووبوون هەیە.

یەکێك لە چالاکییە گرنگەکانی مرۆڤ، کردەی ئاخاوتنە، بۆیە بنەمای ئابوریکردن و کەمترین وزە سەرفکردنیش بایەخێکی زۆری لە ئاخاوتندا هەیە (( مرۆڤ لە ئاخاوتندا ئیکۆنۆمی دەکات لە

[١] – گرنگترین ئەو زمانەوانانەی کە کۆکن لەسەر ئەوەی (٦) قاڵبی بڕگە لە زمانی فارسیدا هەیە بریتین لە ( علی محمد حق شناس، ١٣٩٠) و (مهری باقری، ١٣٩٢)

دەربڕینی دەنگەکانی زماندا، لە پێناو کەمتر وزە سەرفکردن و کەمتر ماندووکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن و هەوڵدەدات ئاسانترین ڕێگا هەڵبژێرێت)) ( دەروون عبدالرحمان سالح، ٢٠١٢، ٥٣).

هەرچەند بابەتی ئابووریکردن و وزە سەرفکردن کەمتر پەیوەندی بە زانستی زمانەوە هەیە، بەلاّم لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هەوڵدراوە پەیوەستی بکەن بە زمانەوە، مێژووی پەنابردن بۆ ئیکۆنۆمی لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ (( سەدەی (١٧) و (١٨)، ئەویش ئەو کاتەی کە هەوڵدرا زمانێك درووستبکرێت خەڵکی هەموو بینووسن و بیخوێننەوە)) (هەمان سەرچاوە، ٢٤).

لەم ڕووەوە (هایمن) دەڵێت(( کاری ئێمەی زمانەوانیش پێویستە وەکو زانایان بواری زانستە سروشتییەکان بێت، هەروەکو چۆن ئەوان هەوڵدەدەن لە شیکاری تیۆرییەکانیاندا سادەترین ڕێگا هەڵبژێرن، ئێمەش دەبێت لەناو هەموو ڕێگاکانی شیکاریدا سادەترینیان هەڵبژێرین ))(فاطمە بروغنی، ١٣٨٣، ٢٠)، دیارە ئامانج لە هەڵبژاردنی سادەترین ڕێگا و شێواز کەمترین وزە بەفیڕۆدان و کەمترین خۆ ماندووکردنە.

ئیکۆنۆمی لە زماندا تەنها تایبەت نییە بە یەکێك لە ئاستەکانی زمان، بەڵکو ئیکۆنۆمی لە بچوکترین یەکەی زمانەوە تاوەکو گەورەترین یەکە، ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە هەموو یەکەکانی زمان لە ناو دەزگایەکدا کاردەکەن بەناوی زمانەوە، بە گۆڕینی زمان هەموو یەکەکانیش گۆڕانی بەسەردادێت.

یەکێك لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی ئیکۆنۆمی تایبەتە بە ئاستی فۆنەتیکەوە، دوای ئەویش فۆنۆلۆجی (( لە فۆنۆلۆجیدا ( پاوڵ پاسی – P.Passy لە ساڵی ( ١٨٩٠)دا لە باسکردنی سیستەمی دەنگەکانی زمانی فەرەنسیدا ڕایگەیاند: زمان بەردەوام هەوڵدەدات خۆی ڕزگار بکات لەوەی بە زیادەی دەزانێت، ئەوەیش جیادەکاتەوە کە پێویستی پێ نییە))(دەروون عبدالرحمان، ٢٠١٢، ٢٥).

ئەندێشەی ئابووریکردن(( یەکێکە لەو پێوەرانەی کە زۆرجار وەك ڕێنما لە شیکارە فۆنۆلۆجییەکاندا بەکاردەهێنرێت، واتە شیکارێك ببێتە هۆی ناسینی ژمارەیەکی کەمتری فۆنێم، ئابووریترە لە شیکارێك کە ژمارەیەکی زۆرتری فۆنێم پەسنبکات. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕێگا چارەیەك ژمارەیەکی کەمتری یاسا بەکاربهێنێت ئابووری ترە لە ڕێگاچارەیەك کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆرتری یاسا هەیە))(فاطمة بروغني، ١٣٨٣، ٢١).

ئامانجی ڕێزمانی بەرهەمهێنان ڕەخساندنی سادەترین یاسای زمانە (( سادەیی لە فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناندا بەپێی ژمارەی ئەو نیشانانەی کە بۆ خستنەڕووی داڕشتەی قووڵی مۆرفێمێك پێویستە، هەروەها ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەیوەستیان دەکات بە نواندنی فۆنێمییەوە دەپێورێت)) (عالیە کرد زعفرانلو، ١٣٩٢، ١٥)

لە فۆنۆلۆجیدا (سادەیی) یان ئابووریکردن (( بەرانبەرە بە ژمارەی سیماجیاکەرەوەی پێویست بۆ ڕەنگدانەوەی گشتاندنێکی فۆنێمی یان یاسایەکی گشتی، واتە تاوەکو سیما جیاکەرەوە پێویستەکان کەمتر بێت، شیکارەکە سادەتر و بایەخی زیاتر دەبێت))(فاطمة بروغني، ١٣٨٣، ٢١).

**عبدالله حسین ڕەسوڵیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە مۆرفۆفۆنیم بریتییە لەو تاکە مۆرفیمانەی کە لەڕووی فۆرمەوە لەیەك فۆنیم پیکدێن، پێی وایە مۆرفۆفۆنیم لە ڕووی ئیکۆنۆمییەوە گرنگییەکی زۆری بۆ زمان هەیە (( مۆرفۆفۆنیم سودێکی زۆری لە زماندا هەیە لەڕووی ئابووریکردنی زمان و بە فێرۆنەدانی کات و وزەی ئاخێوەرەوە))**(عبدالله حسین ڕەسول، ٢٠١٤، ٤٨)

**لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانرێت بگوترێت، کە ناساندنی مۆرفۆفۆنیم وەك ئاستێکی نێوانگیری فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی پێویستی بە لێکدانەوەی هەردوو ئاست و خستنەڕووی پەیوەندییە هاوبەشەکانی مۆرفۆفۆنیم هەبوو، بۆیە لەم بەشەدا ڕوونکردنەوەی پێویست خرایەڕوو، وێڕای خستنەڕووی پێناسە و چەمکی مۆرفۆفۆنیم، وەك پێشینەیەك بۆ گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان لە مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕ و وشەداڕێژەکاندا.**

# بەشی دووەم

# داڕشتە مۆفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەگۆڕەکانی زمانی کوردی وفارسیدا

## ١/٢) دارِشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیدا

### ٢/١-١) گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان

گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان ئەو گۆڕانانەن کە بەپێی یاسا فۆنۆلۆجی و فۆنۆتاکتیکییەکانی زمان ڕوودەدەن. ئەوەی لەم گۆڕانانەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت چۆنێتی دارِشتنی بڕگە و یاسای پێکەوەهاتنی کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکانە، چونکە دوای ئەوەی لە ڕێگەی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانەوە مۆرفیمەکان خرانەپاڵیەك بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر، زۆرجار سیستەمی فۆنەتیکی و دارِشتنی بڕگە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدواییەکداهاتنی مۆرفیمەکان، بۆیە ڕووبەڕووی گۆڕان دەبنەوە و سەرەنجام یاسا فۆنۆلۆجییەکانی لێدەکەوێتەوە، کەواتە (( جێبەجێکردنی یاساکانی خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکان (سەربەخۆ و ناسەربەخۆ) دەشێت ببێتە هۆی تەقینەوە و جێبەجێبوونی یاسا فۆنۆلۆجییەکان))(عادل ڕەشید قادر، ٢٠٠٨، ٩٦)، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە سەرەتا پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان بخرێنەڕوو و دواتر بەپشتبەستن بەو دیاردە دەنگییانەی لە ئەنجامی خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکانەوە بەدیهاتوون لە دیاردەکان و جۆری گۆڕانەکان بدوێین، چونکە (( زۆر کات پرۆسەیەك دەبێتەهۆی خستنەکاری یاسایەك، پاش شیکردنەوەی لایەنی فۆنۆلۆجی ئەو پرۆسەیە، ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن ئەو پرۆسەیە خۆی لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجی و فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانەکەدا گونجاندووە))( نەرمین عمر ئەحمەد، ٢٠١٠، ٦٦).

### ٢/١-٢) پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان

پرۆسە یان یاسا مۆرفۆلۆجییەکان ئەو یاسایانەن، کە بە هۆیانەوە وشەی نوێ دروستدەکرێت، یان دادەڕێژرێت، بە واتایەکی تر پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان پرۆسەی دارِشتنی وشەن، لەم پرۆسەیەدا دوو لایەن لەبەرچاودەگیرێت، ئەوانیش:

١- لایەنی گەردانکردن (Inflection)

٢- لایەنی دارِشتن (Derivation)

**دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بیخەینەڕوو:**

پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان ( محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠، ٤٤)



وەك لە هێڵكارییەكەدا دیارە یەكێك لە لقەكانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەكان بریتییە لە مۆرفۆلۆجی گەردانكردن. لە مۆرفۆلۆجی گەردانكردن یان (شكاندنەوە)دا (( مامەڵە لەگەڵ كەرەستەیەكدا دەكرێت كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەركی ڕێزمانییەوە هەیە، لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەدا دێت بەهۆی ئەركی ڕێزمانییەوە شیبكرێتەوە و بچەسپێنرێت))( یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٣، ٧٠). هەربۆیە ئەو كەرەستەیەی كە لە مۆرفۆلۆجی گەردانكردندا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت پێی دەگوترێت مۆرفیمی ڕێزمانی.

مۆرفیمە ڕێزمانییەكان لە هەر زمانێكدا پۆلێكی دیاریكراویی سنوردار پێكدەهێنن، بەشداری گەردانكردنی پۆلی ناو و پۆلی كردار دەكەن، تایبەتێتی سینتاكسی وشە فەرهەنگییەكان دەستەبەردەكەن، لەم بارەیەوە كریستاڵ دەڵێت: (( Inflection ) ئەو گیرەكانەن، كە ئەركی پەیوەندی ڕێزمانی دەنوێنن، وەك: ڕۆڵی كۆ، كاتی ڕابردوو...)) ( ئەبوبەكر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٢٢-٢٣)

ئەم پۆلە لە مۆرفیم، كە بە (Inflectional) ناسراون، لە فرێز و ڕستەدا دەربڕی تایبەتێتی پۆلە ئاخاوتنەكانن بە هەردوو ئاراستەی پۆلی ناو و پۆلی كردار، لەم ڕوانگەیەوە ئەم مۆرفیمگەلە بە كەرەستەی مۆرفۆسینتاكسی ناودەبرێن، بەواتا وەك یەكەیەكی مۆرفۆلۆجی دەچێتە پێكهاتەی وشەوە، بەڵام ئەركی سینتاكسی دەنوێنیت، بۆیە پێیان دەگوترێت گیرەكی گەردانكردن یان گیرەكی ڕێزمانی، بە واتا گیرەكە ڕێزمانییەكان ئەو گیرەكانەن، كە ئەركی ڕێزمانی بەجێدەهێنن و ناچنە ناو پێكهاتەی فەرهەنگیی وشەوە (( گیرەكە ڕێزمانییەكان ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕێن و هیچ كاتێك وشەی نوێ دروستناكەن، بەڵكو تەنها فۆرمی جیاوازی بناغە بەرهەمدێنن))(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٧١). ژمارەی گیرەكە ڕێزمانییەكان بە بەراورد بە گیرەكە وشەدارێژەكان كەمترن و دەچنە سەر بنكە و ئەركی سینتاكسی ڕادەپەڕێنن (( ئەم مۆرفیمانە پۆلێكی داخراون و لە هەر زمانێكدا ژمارەیان سنوردار و دیاریكراوە))(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٢).

گیرەكە ڕێزمانییەكان هاوشێوەی گیرەكە فەرهەنگییەكان كاتێك دەچنەسەر بناغە، بەپێی ژینگە و پێكەوەهاتنی دەنگەكان زۆرجار لە ڕووی فۆرمەوە هەست بە جیاوازی دەكرێت و بە چەند فۆرمێكەوە دەردەكەون، هەریەكە لەو فۆرمانەش دەبنە ئەلۆمۆرفەكانی ئەو مۆرفیمە. بەواتایەكی تر، بە هۆی ژینگەی فۆنۆلۆجی بناغە یان گیرەكەكەوە زۆرجار گیرەكەكان بە چەندین شێوەی جیاوازەوە دەردەكەون، هەر ئەم فۆرمە جیاوازەی گیرەكەكانیش سەرچاوەی پەیوەندییەكی پتەو و بەهێزی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجین و ئەمەش دەیانكاتە مۆرفۆفۆنیم.

جۆر و ژمارەی پرۆسە و لاگرەكانی مۆرفۆلۆجی شكاندنەوە بەپێی زمانەكان دەگۆڕێت و هەر زمانە و ژمارەیەكی جیاواز مۆرفیمی بۆ گەیاندنی چەمكی سینتاكس هەیە، زمانی كوردیش وەك یەكێك لە زمانە لكاوەكان[1] زۆربەی چەمكە سینتاكسیەكانی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەنوێنرێت، بەشێكی زۆری ئەو لاگرانەش بەهۆی ڕێگری فۆنۆلۆجییەوە بە زیاتر لە فۆرمێكەوە خۆیان دەنوێنن.

---

[1] – بۆ زانیاری دەربارەی دابەشكردنی زمانەكان، بڕوانە: (ئەبوبەكر عمر قادر، ٢٠٠٣)

هەرچەند مەرجی مۆرفۆفۆنیمی بوون، گۆڕانی فۆنۆلۆجی و پەیدابوونی ئەلۆمۆرف فۆنۆلۆجیی مۆرفێمەکانە، بەڵام بەوپێیەی ناوڕۆکی توێژینەوەکە خستنەڕووی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو زمانی کوردیی و فارسییە، بۆیە بە پێویستمان زانی هەموو مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی هەردوو زمانەکە بخەینەڕوو، چونکە ڕوودەدات مۆرفێمێك بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا یەك شێوەی هەیە، بەڵام هەمان مۆرفێم لە زمانی فارسیدا چەند ئەلۆمۆرفێکی جیاوازی هەیە، یان بە پێچەوانەوە، یەکێك لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی چەند ئەلۆمۆرفی هەیە، بەڵام هەمان مۆرفێم لە زمانی فارسیدا یك فۆرمی جێگیری هەیە. مۆرفیچمەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

## ٢/١-٢-١) مۆرفێمی بەندی تاك و کۆ

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناو لە زمانی کوردیدا بوونی دوو لایەنی (تاك و کۆ) یە، لە زمانی کوردیدا ناوی تاك هیچ نیشانەیەکی دیار و تایبەتی نییە تاوەکو لە ڕێگەیەوە لە ناوی کۆ جیابکرێتەوە، بەڵکو نیشانەگەلێکی وەك (ەکە)یان (ە) یان چەند نیشانەیەکی سەربەخۆ هەن دەتوانرێت بەهۆیانەوە ناوی تاك دەستنیشانبکرێت، (( ئەگەر بە دوای فۆرمی ناوی تاکەوە (ـەکە) و (ـە)ی ناسراوی و (ـێك)ی نەناسراوی بلکێت، یاخود جێناوی نیشانەی (ئەو، ئەم[١]) یان ژمارە (یەك) لە پێشەوە بێت، ئەوکاتە ناوەکە تەئکید لەسەر تاك دەکات، واتای تاك دەگەیەنیٚ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٤١)، بەڵام بۆ پیشاندانی ناوی کۆ چەندین نیشانەی جیاوازمان هەیە کە هەندێکیان مۆرفیمی سەربەخۆن و هەندێکیتریان مۆرفێمی بەندن، ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەوە هەبێت مۆرفێمی بەندە، بۆیە لێرەدا تەنها باسی ئەو مۆرفێمە بەندانە دەکریت کە لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی (کۆ) دەگێڕن. مۆرفێمەکانیش بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:




**هێڵکاری ژمارە (٧): ( هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی کۆ لە زمانی کوردی)**

وەك لە سەرەوە دەردەکەوێت چەمکی کۆ لە زمانی کوردیدا بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە دەنوێنرێت، بەڵام لە نێو هەموو ئەم مۆرفێمانەدا دەتوانرێت مۆرفێمی (ـان) بە سەرەکی ترین و چالاکترین مۆرفێم دابنرێت و مۆرفێمەکانی تریش بە ئەلۆمۆرف یان هاوواتای مۆرفێمی (ـان)

[١] – دیارە مەبەست لە ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەو...ە) و (ئەم.....ە)ە، نەك جێناوی نیشانە ( ئەمە، ئەوە).

دابنرێن، چونکە مۆرفێمی (ان) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە[1] بە بەراورد بە مۆرفێمەکانی تر، ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەین:

**١ – ا– کوڕان ، کچان (ان)**

**ب– بەڕان ، ئەستێران (ان)**

**ح – چرایان ، پەڕۆیان (یان)**

**د – بەڕووان ، مورووان (وان)**

**٢– ا– باخات ، مالآت (ات)**

**ب – میوەهات ، دێهات (هات)**

**ج – ئاغاوات ، سەوزەوات (وات)**

**د – میوەجات ، سەوزەجات (جات)**

**٣– ا– ساڵەها، هەزارەها (ەها)**

**ب– سەدەها ، ڕۆژها (ها)**

**ج – دەیەها (یەها)**

**٤– کوڕگەل، مێگەل، گاگەل (گەل)**

ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە نیشانەی (–کۆ) بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، هەریەکە لەو شێوانەش تایبەتە بە ژینگەی جیاوازی (فۆنۆلۆجی، ڕێزمانی، ...هتد)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە نموونەکانی ژمارە ( ١–ا)دا مۆرفێمی کۆی (–ان) بەبێ هیچ گۆڕانێك چووەتەسەر ناوەکە و کردووەیەتی بە کۆ، (( ئەگەر ناوێك کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت بێت، ئەوا (–ان) بە ڕەوانی پێوەی دەلکێت بێ ئەوەی هیچ زیاد و کەمییەك بێتەگۆڕێ ))( هەمان سەرچاوە، ١٤٠) بەم پێیە دەتوانرێت مۆرفێمی (–ان) بە مۆرفییمی سەرەکی و داڕشتەی قووڵی مۆرفێمی کۆ دابنرێت و مۆرفێمەکانی تر بە ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمە دادەنرێت، چونکە بە بەراورد بە مۆرفێمەکانی تر زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، چونکە لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە بە دەنگی کۆنسۆنانت کۆتاییان دێت، هەروەها لەگەڵ ئەو ناوانەشدا بەکاردێت کە بە ڤاوڵی (ە) کۆتاییان دیت، ئەمە دوای ئەوەی کە دوا دەنگی ناوەکە تیادەچێت، دیارە هۆکاری ئەمەش نەهاتنی دوو ڤاوڵە بەدواییەکدا، وەك لە نموونەکانی (١–ب)دا دیارە.

یەکێکیتر لە هاوشێوەکانی ئەم مۆرفێمە، بریتییە لە مۆرفێمی(–یان)، ئەمەش کاتێك بەکاردێت، کە ئەو ناوەی مۆرفێمەکە وەردەگرێت کۆتایی بە ڤاوڵی (ا،ی، ۆ، یٚ) هاتبێت، لێرەدا لەبەرئەوەی ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتووە و مۆرفێمی (–ان)یش بە ڤاوڵ دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی فۆنەتیکی زمانی کوردیدا بگونجێت، پێویستە دەنگێکی تر بێتە نێوانیانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش

[1] – بڕوانە (١/٢/٣/٤/٢/ )

نیمچە کۆنسۆنانتی (ی) لە نێوان ناوەکە و مۆرفێمەکەدا پەیدادەبێت و مۆرفێمەکە قاڵبی (-یان) لەخۆدەگرێت، وەك لە نموونەکانی (١-ج) دا دیارە.

بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵی ( و)ی درێژ هاتبوو، کاتێك بمانەوێت بیکەین بە کۆ، لە بری نیمچە کۆنسۆنانتی (ی)، پێویستە نیمچە کۆنسۆنانتی (و) لە نێوان هەردوو ڤاوڵەکە دابنێین وەك لە نموونەکانی (١-د) دا دیارە[١].

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە ئاشکرادەبێت، کە پەیوەندی و پەیوەستبوونێك لە نێوان فۆنێمی کۆتایی ناوەکە و فۆرمی نیشانەی کۆدا هەیە، بە واتایەکی تر هەریەکە لەو ئەلۆمۆرفانە وابەستەی مەرجی فۆنۆلۆجیین.

یەکێکی تر لەو نیشانانەی، کە لە زمانی کوردیدا چەمکی (کۆ) دەگەیەنێت و ناکرێت پشتگوێ بخرێت نیشانەی (-ات)ە، دەربارەی ئەم نیشانەیە زۆربەی زمانەوانان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، (( مۆرفێمی (-ات) کە نیشانەیەکی کۆی مێینەی زمانی عەرەبییە لە زمانی کوریدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوە))( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٣٢) ، وەك لە نموونەکانی ژمارە (٢/ا) دیارە.

ئەم مۆرفێمە بە هۆی چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییەوە کە زیاتر خۆی لە یاسای (پەیدابوونی دەنگ)دا دەبینێتەوە زیاد لەیەك فۆرمی هەیە، واتا بە چەند شێوەیەکی جیاواز خۆی دەنوێنێت، کە هەموویان لە مۆرفێمی (-ات) ەوە وەرگیراون و بوون بە ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمە (( هەندێجار لە نێوان ناو و نیشانەکەدا دەنگی (ھ، ج، و) پەیدادەبێ، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت))(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٥٠)، کەواتە کاتێك ناوێك دەبینرێت بە مۆرفێمی (-ھات) کۆ کراوەتەوە، ئەوە هەمان مۆرفێمی (-ات)ە، بەڵام لەبەرئەوەی دوادەنگی ناوەکە ڤاوڵە، لە نێوان ناوەکە و نیشانەکەدا دەنگی (ھ) پەیدادەبێت و فۆرمی نیشانەکە دەبێت بە (-ھات)، وەك لە نموونەکانی (٢/ب)دا دیارە.

لە نموونەکانی (٢/ج)دا لە نێوان ناوەکە و نیشانەکەدا دەنگی (و) پەیدابووە، بۆیە فۆرمی (-وات) بووە بە یەکێکی تر لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی (-ات)، یان لە حاڵەتێکی تردا دەنگی (ج) پەیدادەبێت بەمەیش فۆرمێکی تر بۆ ئەلۆمۆرفەکانی نیشانەی کۆی (-ات) پەیدادەبێت، ئەویش (-جات)ە وەك لە نموونەکانی (٢/د)دا دیارە.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی مۆرفێمی کۆ لە زمانی کوردیدا بریتییە لە مۆرفێمی (-ەھا)، ئەم مۆرفێمە ئەگەرچی سنوری بەکارهێنان و چالاکییەکانی لە مۆرفێمەکانی تر کەمترە، بەڵام چەند ناوێکی دیاریکراو لە زمانەکەدا بەم مۆرفێمە کۆدەکرێتەوە، وەك لە نموونەکانی ( ٣/ا ) دا هاتووە، ئەم مۆرفێمە دوای ئەوەی دەچێتەسەر ناوەکە، ئەگەر هاتوو ناوەکە بە ڤاولْ کۆتایی هاتبوو ئەوا

---

[١] – هەرچەند لە هەندێك لە توێژینەوەکاندا وا باسکراوە، کە دوا دەنگی ناوەکە بە دەنگی (وو) کۆتایی هاتووە و کاتێك نیمچە کۆنسۆنانتی (و) دەچێتە نێوان ناوەکە و هێماکەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاتنی سێ واو (ووو) بکرێت، بۆیە (( وو)ی کۆتایی ناوەکە کەمێك لە باری ئاسایی کورتتر دەوترێت))( ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٤٩). و دواتر (و)ی ناوبەند چووتە نێوان هەردوو ڤاوڵی (و) و (ە) ەوە.

ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، یان بەپێی یاسای (تیاچوونی دەنگ)، دەنگی (ە)ی نیشانەکە تیادەچێت و دەبێت بە (–ها) وەك لە نموونەکانی (٣/ب)دا دیارە، یان بە هۆی یاسای پەیدابوونی دەنگەوە، نیمچە کۆنسۆنانتی (ی) لە نێوان نیشانەکە و ناوەکە پەیدادەبێت و فۆرمەکەی دەبێت بە (–یەها) وەك لە نموونەکانی (٣/ج) ڕوونکراوەتەوە.

هەرچەند هەندێك زمانەوان پێیان وایە مۆرفێمی (–ها) شێوەی گۆڕاوی مۆرفێمی (=ات)ە، (( مۆرفێمی (–ها) لە بنەڕەتدا شێوەی گۆڕاوی مۆرفێمی (–ات)ە، دوو گۆڕانی بەسەرداهاتووە، یەکێکیان زیادکردنی دەنگی (ھ)یە، کە بە هۆی کەوتنەپاڵیەکی دوو فۆنێمی (ە،ا)ەوە ڕوودەدات، گۆڕانەکەی تریش توانەوەی فۆنێمی (ت)ە، لە کۆتایشدا ئەمە یاسایەکی فۆنۆلۆجییە))(بازیان یونس محیّ الدین، ٢٠١٠، ١٣٤)، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕێی تێناچێت و بەڵگەی زانستی و لۆژیکی نییە بۆ سەلماندنی، چونکە (( گۆڕانەکان لە سنوری گۆڕانی فۆنۆلۆجی و دیالێکتەکاندا چوونەتەدەرەوە))(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٦٣)، بۆیە دەتوانین مۆرفیمی (–ەها) و ئەلۆمۆرفەکانی (–ها) و (–یەها) بە مۆرفێمێکی تری کۆ دابنێین لە زمانی کوردیدا.

نیشانەی (–گەل)یش یەکێکی ترە لەو نیشانانەی بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ لە زمانی کوردیدا بەکاردێت ، هۆکاری دروستبوونی ئەم مۆرفێمە ژینگەی فۆنۆلۆجی نییە و تایبەتە بە کۆمەڵە ناوێکی دیاریکراوەوە بە بەراورد بە مۆرفێمەکانی تری چەمکی کۆ، وەك لە نموونەکانی ژمارە (٤) دیارە. بۆیە ناتوانرێت بە ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی کۆ دابنرێت، چونکە (( دانانی (–گەل) بە ئەلۆمۆرفی (–ان) کێشەیەکی ترمان بۆ پەیدادەکات، و دەمانخاتە دوو هەڵوێستی دژ بەیەکترییەوە، لەلایەکەوە وشە لە مۆرفێم پێکدێنن و لەلایەکی تریشەوە ئەلۆمۆرفێکمان دۆزیوەتەوە، وشەیە))(محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠، ٨٣)، لەلا یەکی تریشەوە (( دەتوانین بۆ گەیاندنی هەمان چەمك، مۆرفێمەکانی تر لە شوێنی دابنێین، بۆیە مەرج بۆ بوون بە ئەلۆمۆرف ئەوەیە کە لەیەك ژینگەدا دەرنەکەون، سەرەڕای ئەمەش سەرنجێکی تر لەسەر ئەم مۆرفێمە ئەوەیە، کاتێك دەچێتە سەر وشەیەك دەشێ ئەو وشەیە دووبارە مۆرفیمی تری کۆ وەربگرێت))( شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٦٢) بۆ نموونە:

**مێگەل – مێگەلەکان**

**گاگەل – گاگەلەکان**

لە کۆی نموونەکانی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە سەرەکیترین نیشانەی کۆ لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (–ان)ە، و نیشانەکانی تری وەك (–ات) و (–ەها) و (–گەل) ... مۆرفێمی پلە دووی ئەو چەمکەن و بەکارهێنانیان کەمترە و هەریەکەیان لە ئەنجامی بەکارهێنانیان لە ژینگەی جیاوازدا شێوەی جیاواز دەگرنەخۆ و ئەلۆمۆرف پەیدادەکەن و هەموویان یەك ئەرك جێبەجێدەکەن کە چەمکی کۆیە. ئاشکرایە بوونی ئەلۆمۆرفەکانیش سەرچاوەی سەرەکی و پتەوە بۆ گەیاندنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی فۆنۆلۆجی بەیەك و هاتنەئارای ئاستی مۆرفۆفۆنێمی.

## ٢-١/٢-٢) مۆرفێمی بەندی ناسراویی

کردەی ناساندن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناو (( ناساندن کردەیەکی زمانییە، بریتییە لە ئاشکراکردن یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لە ناو پۆلەکەیدا ...کە پێشتر قسەکەر و گوێگر دەیزانن))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٢٨).

لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆ و هاوکات لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەتوانرێت ناوی ناسراو بناسینەوە، پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکە، تەنها هەڵوەستە لەسەر مۆرفێمی بەند دەکرێت، کە وەکو ڕێگایەکی سەرەکی بۆ گەیاندنی چەمکی ناساندن بەکاردێت، گرنگترین مۆرفێمیش کە لەم بوارەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، مۆرفێمە بەندەکانی (–ەکە) و (–ە) یە.

هەریەکە لەم دوو مۆرفێمە چەندین فۆرمی جیاوازیان هەیە و بە چەند شێوەیەکی جیاواز خۆیان دەنوێنن (( هەندێکیان ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمەن و هەندێکی تریان دەبن بە هاوواتای یەکتر ))(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٦٦) ، بەم شێوەیە:




**هێڵکاری ژمارە (٨): ( هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی ناساندن لە زمانی کوردیدا)**

بوونی ئەم فۆرمە جیاوازانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی مۆرفێمەکەی تێکەوتووە و هەموویان پێکەوە دەبن بە ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی ناساندن، چونکە ((ئەلۆمۆرفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفێمن، دەرکەوتنی لە (بیئە)ی جیاواز ئەم شێوە جیاوازانەی پێ بەخشیوە))(وریا عمر ئەمین، ١٩٨٩، ١٦٦). ئەگەر سەرنج ئەم نموونە بدەین:

**١/ ا – دارەکە ، گوڵەکە** — **١/ب- دارەکان ، گوڵەکان**

**٢/ ا – چراکە ، مامۆستاکە** — **٢/ب- چراکان ، مامۆستاکان**

**٣/ا- دێیەکە ، خوێ یەکە** — **٣/ب- دێ یەکان ، خوێ یەکان**

**٤/ ا- کانێکە ، خورێکە** — **٤/ب- کانێکان ، خورێکان**

**٥/ ا- خانۆکە ، مازۆکە** — **٥/ب- خانۆکان ، مازۆکان**

**٥/ ج- مازووەکە ، خانووەکە** — **٥/د- مازووەکان ، خانووەکان**

**٦/ کوڕە هات ، کچە شوی کرد**

ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفێمی ناساندن لە زمانی کوردیدا زیاد لە یەك فۆرمی هەیە، دیارە هۆکاری ئەم حاڵەتەش بە زۆری دەدرێتەپاڵ فاکتەری فۆنۆلۆجی، چونکە ئەگەر لە نموونەکان بڕوانین،

ڕووندەبێتەوە، کە زۆربەیان بەکاریگەری دوا دەنگی ناوەکە و دەنگی سەرەتای هێماکە، ڕووبەڕووی گۆڕان بوونەتەوە، بەم شێوەیە:

لە نموونەکانی (١/ا)دا مۆرفێمی ناساندنی (–ەکە) فۆرمی تەواوی خۆی وەرگرتووە و بەبێ هیچ گۆڕانێك چووەتەسەر ناوەکە، چونکە (( ئەگەر ناوێك کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت بێت، ئەوە (ەکە)ی بە ڕەوانی پێوە دەلکێنرێت، بێ ئەوەی هیچ زیاد و کەمییەك بێتە گۆڕێ))( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٨٩ )، هەر ئەمەش وای کردووە زۆرێك لە زمانەوانەکان مۆرفێمی (–ەکە) بە مۆرفێمی سەرەکی و چالاکی چەمکی ناساندن دابنێن[١] و مۆرفێمەکانی تر ببن بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەو مۆرفێمە. چونکە کاتێك ئەم مۆرفێمە دەچێتە سەر ناوێك لەبەرئەوەی ناوەکە بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتووە و مۆرفێمەکەش بە ڤاوڵ دەستپێکردووە، ئاسایی، بەبێ هیچ گۆڕانێك دەچێتەسەر ناوەکە، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت ناوەکە دوای ناساندنی مۆرفێمی (کۆ) وەربگرێت، واتا ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە ( **ناو + نیشانەی ناساندن + نیشانەی کۆ**) کەرەستەکان ڕیزببن، لەم کاتەدا لەبەرئەوەی مۆرفێمی کۆ بە ڤاوڵی ( ا ) دەستپێکردووە کاردەکاتەسەر مۆرفێمی پێشخۆی و بەهۆیەوە دوادەنگی مۆرفێمی ناساندن تیادەچێت، وەك لە نموونەکانی (١/ب)دا هاتووە، بەم شێوەیە:

کوڕ ەك ان

ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی (٢/ا) دەردەکەوێت کە فۆرمی مۆرفێمی ناساندن لە شێوەی (–کە)دا خۆی دەنوێنێت، ئەمەش بە واتای تیاچوونی دەنگی (ە)یە لە مۆرفێمە سەرەکییەکەیدا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دوادەنگی ناوەکە، چونکە بە ڤاوڵ کۆتایی هاتووە، چونکە ناکرێت دوو دەنگی ڤاوڵ بەدوای یەکدابێت، بۆیە فۆرمی مۆرفێمەکە بووە بە (–کە)، بە مەرجێك ناوەکە دوای ناساندنی نەکرێت بە کۆ، چونکە ئەگەر هاتوو مۆرفێمی (کۆ)ی بچێتەسەر، ئەوا نیشانەی ناساندن لەم حاڵەتەدا دەبێت بە (–ك)، وەك لە نموونەکانی (٢/ب)دا دیارە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**چراکان > چرا + ك + ان**

ئەگەر سەرنجی نموونەکانی (٣/ا) بدەین دەبینین لە نێوان ناوەکە و نیشانەی ناسراوی (ەکە) دا دەنگی (ی) پەیدابووە، ئەمەیش فۆرمی نیشانەی ناسراوی کردووە بە (یەکە)، دیارە هۆکارەکەشی جیاکردنەوەی ڤاوڵی کۆتایی ناوەکە و ڤاوڵی سەرەتای هێماکەیە، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بەدوای یەکتردا نەیەن، هاوشێوەی مۆرفێمەکانی تریش، کاتێك ناوەکە نیشانەی (–ان)ی کۆ وەردەگرێت دیسانەوە فۆنێمی کۆتایی مۆرفێمی (یەکە) تیادەچێت و ئەوەی دەمێنێتەوە مۆرفێمی (–یەك)ە، بۆیە ئەمەش دەبێت بە مۆرفێمێکی تری نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا، وەك لە نموونەکانی ژمارە (٣/ب)هاتووە، بەم شێوەیە:

**دۆیەکە – دۆیەکان > دۆ + یەك + ان**

**چەقۆیەکە – چەقۆیەکان > چەقۆ + یەك + ان**

---

[١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٢٩) و ( شێروان حسێن، ٢٠١٤، ١٥١)

یەکێکی تر لە نیشانەکانی ناسراویی لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (–ێکە)یە، وەك لە نموونەکانی (٤/ا)دا هاتووە، چونکە (( ئەگەر ناوێك بە بزوێنی (ی) کۆتایی هاتبوو، هەرچەندە بە زۆری لە نێوان ناوەکە و نیشانەکەدا بزوێنی (ی – y) سەرهەڵدەدات، بەلاّم حاڵەتی تێچوونی (ی) یاخود بوونی بە (ێ)ش دەبینرێت))( هەمان سەرچاوە، ١٩١) ئەمەش واتا توانەوەی دەنگی (ی) و (ە) و درووستکردنی دەنگی (ێ) کە بە (تەبایی دەنگ) ناسراوە، دوای ئەوەی ناوەکە کرا بە ناسراوی دەتوانین بە وەرگرتنی نیشانەی (ان) جارێکی تر گۆڕان لە فۆرمی نیشانەی ناسراویدا بکەین، ئەویش بە تیاچوونی فۆنیمی کۆتایی نیشانەی ناسراوییەکەیە، واتا فۆرمی نیشانەی ناسراوی دەبێت بە (ێك) وەك لە نموونەکانی (٤/ب)دا دیارە. بەم شیوەیە:

**کانێکان < کان + ێك +ان**

مۆرفیمی (ۆکە) یەکێکی ترە لە ئەلۆمۆرفەکانی نیشانەی ناسراوی کە لە سنورێکی کەمدا بەکاردێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە فۆنیمی (و) هاتووە، وەك لە نموونەکانی (٥/ا)دا ڕوونکراوەتەوە، لێرەدا گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی ڕوودەدات، ئەویش گۆڕانی دەنگی(و) و ( ە)یە بە (ۆ)، واتا دوو دەنگی ((و+ ە) تێکەڵدەبن و دەنگی (ۆ) دروستدەکەن، واتا (ئاوێتەبوونی دەنگی) ڕوودەدات و سەرەنجام نیشانەکە دەبێت بە (ۆکە)، هەرچەند دەبێت سەرنجی ئەوەیش بدەین کە دەتوانین لە بری مۆرفیمی (–ۆکە) مۆرفیمی ناسراوی (–ەکە)ش بە فۆرمە جێگیرەکەیەوە بەکاربهێنین، بەلاّم لەم کاتەدا دەنگی (و) وەك ناوبەند دەچێتە نێوان نیشانەکە و ناوەکە، وەك لە نموونەکانی (٥/ب)دا هاتووە، هەر ئەمەش وایکردووە هەندێك لە زمانەوانەکان مۆرفیمی (–وەکە) بە ئەلۆمۆرفێکی تری نیشانەی ناسراوی دابنێن.

ئەگەر هاتوو هەریەکە لە نموونەکانی ژمارە (٥/ا) و (٥/ب) نیشانەی (–ان)ی کۆ وەربگرێت، ئەوا بەکاریگەری دەنگی (ا)ی نیشانەی (کۆ) دوادەنگی نیشانەکە تیادەچێت، وەك لە نموونەکانی (٥/ج) و (٥/ د) دا هاتووە بەم شێوەیە:

**خانۆکان < خان + ۆك + ان**

**خانووەکان < خانو + وەك + ان**

(–ە) یەکێکی ترە لە مۆرفیمەکانی ناساندن لە زمانی کوردیدا، هەندێك لە زمانەوانەکان (–ە) بە مۆرفیمێکی تایبەتی ناساندن دادەنێن و نایکەن بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (–ەکە)، (( مۆرفیمی (ە) مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە، دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکە و ئەرکی ئاماژەیی ڕووت دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتەسەری)) (لیمۆ محمود تۆفیق، ٢٠١٢، ١٠٨) وەك لە نموونەکانی (٦) دیارە، لەبەرانبەردا ( ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێت (( دوور نییە ئەم نیشانە کوتکراوەی (ەکە)بێت هەروەك چۆن (ێ) کورتکراوەی (ێك)ە))(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٩٢) هەرچەند خودی نووسەر ئاماژە

بۆ ئەوە دەکات هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی، بەڵام ئەگەر هاتوو مۆرفیمی (–ە) بە کورتکراوەی مۆرفیمی (–ەکە) دانرا، هەرچەند سنوری بەکارهێنانیشی زۆر دەگمەنە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەرداهاتووە، بە شێوەیەك کە لە هەردوو لاوە دەنگی لیَ قرتاوە، دیارە هۆکارەکەش ئابووریکردنە، کە لە زماندا ڕێگایەکی ئاسایییە بۆ ئاسانی دەربڕین[١].

مۆرفیمی (–ە) بە زۆری لەگەڵ ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە (( دوا دەنگیان کۆنسۆنانتە))( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٣٣)، بۆ نموونە:

**کچە وێڵ بوو**

**دزە گیرا**

بەڵام (( ئەگەر چووە سەر ناوێك کۆتایی بە بزوێنی (ا، ۆ، ە، یَ، ی) بێت، ئەوکاتە (ە) وەرناگرێت، لەم حاڵەتەدا بە قەرینە تێ دەگەین کە مەبەست باسلێکراوێکی دیارە))(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٩٨)

بۆ نموونە:

**چرا نەوتی تیانەما**

**دێ وێران بوو**

**کابرا وتی**

بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی ئەم شێوە جیاوازانەی مۆرفیمی ناسراوی دەگەڕێتەوە بۆ دوا دەنگی ئەو بنکەیەی کە مۆرفیمەکەی پێوەدەلکێت، بەواتایەکی تر ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی (–ەکە) بە پێی ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجی گۆڕانێکیان بەسەرداهاتووە و بەکاریگەری دەنگەکانی ئەمبەر و ئەوبەری وشەکان یان مۆرفیمەکان، فۆنیمێك تیاچووە یان پەیدابووە یان یاسای ئاوێتەبوونی دەنگیی بەسەردا جێبەجێکراوە، کە هەموویان لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانن، ئەمەیش دەرخەری گۆڕانی فۆنۆلۆجی مۆرفیمەکانە لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکدیدا.

## ٣-٢-١/٢) مۆرفیمی بەندی نەناسراویی

ئەم مۆرفیمە هەڵگری چەمکێکی ڕێزمانییە، کە بریتییە لە سنوردارکردن یان و ئاشکرانەکردنی ناوێك لە ناو کۆمەڵە ناوێکی گشتیدا، واتا نەناسراوی (( مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکە و ئەرکی دیاریکردنی ئاشکرانەکراو دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتەسەری ))(لیمۆ محمود تۆفیق، ٢٠١٢، ١٠٨).

مۆرفیمی سەرەکی نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (–ێك)ە، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆکاری فۆنۆلۆجی و شێوەزارییەوە بە چەند شێوەیەکی تریش خۆی دەنوێنێت، کە هەموویان دەبن بە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی نەناسراوی (( یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گیرەکە ئەوەیە، کاتێك

---

[١] – بڕوانە: (١/٣/٢/٣/)

**دەچێتەسەر هەندێك ناوی دیکە، تاریکییەکی مۆرفۆلۆجییان لێدەکەوێتەوە، کە ئەلۆمۆرفیان پێ دروستدەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وشانەی کۆتاییان بە کۆنسۆنانت یان ڤاوڵ بێت))**( حیدر حاجی خدر، ٢٠١٠، ٥٣)، **ئەلۆمۆرفەکانی ئەم مۆرفێمە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**




**هێڵکاری ژمارە (٩): ( هێڵکاری ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا)**

**ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانە بدەین :**

**١ – گوڵێك ، ڕووبارێك**

**٢ – مامۆستایەك ، کانییەك**

**٣– خانووەك ، ژنەك**

**٤– منداڵێ ، پیاوێ**

**دەبینین بە پێی دوا دەنگی ناوەکە، مۆرفێمی بەندی نەناسراوی شێوەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر لە نموونەکانی (١) بڕوانین ، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە مۆرفێمەکەدا ڕووبدات ناوەکە مۆرفێمی (ێك)ی وەرگرتووە، دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ناوەکە کە دەنگێکی کۆنسۆنانتە، چونکە (( ئەگەر ناوێك کۆتای بە دەنگی کۆنسۆنانت بێ، ئەوە (ێك)ی بە ڕەوانی پێوەی دەلکێنرێ، بێ ئەوەی هیچ زیاد و کەمییەك بێتەگۆڕێ))**( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٢٠٤)**، لەبەرئەوەی ژمارەی کۆنسۆنانتەکان لە زمانەکەدا زیاترە لە ڤاوڵەکان بۆیە سنوری بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمەش لە مۆرفێمەکانی تر زیاترە، هەر ئەمەش وایکردووە زمانەوانەکان بە پشتبەستن بە پێوەری زۆرترین بەکارهێنان، مۆرفێمی (ێك) بە مۆرفێمی سەرەکی چەمکی نەناسراوی دابنێن و مۆرفێمەکانی تر وەکو ئەلۆمۆرفی ئەو مۆرفێمە سەیربکرێن.**

**یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا مۆرفێمی (–یەك)ە، ئەم مۆرفێمە دەچێتەسەر ئەو ناوانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، هەر بۆیە بە پێی یاسایەکی فۆنۆلۆجی دەنگی (ی) دەکەوێتە نێوان ناوەکە و هێماکەوە، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نەیەن، وەك لە نموونەکانی (٢)دا هاتووە[١].**

[١] - هەرچەند دەشتوانیت لە حاڵەتێکی وەهادا لە نێوان ناوەکە و نیشانەکەدا نیمچە ڤاوڵی ( ی – ) دابنێین و مۆرفێمەکە ببێت بە ( –یێك)، وەك لەم نموونانەدا دیارە: ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٢٠٥)
پادشاییێك

(-ەك) یەكێكی ترە لە ئەلۆمۆرفەكانی نیشانەی نەناسراوی، بەڵام هۆكاری درووستبوونی ئەم مۆرفیمە زیاتر بۆ بوونی شێوەزارە جیاوازەكان دەگەڕێتەوە نەك هۆكاری فۆنۆلۆجی، چونكە (( ئەم مۆرفێمە لە دیالێكتی كرمانجی ژووروو و گەلێك ناوچەی سۆراندا بەكاردێت))( هەمان سەرچاوە، ٢٠٣) بە تایبەتی لە ناوچانەكانی خۆشناوەتی و سۆران، وەك لە نموونەكانی (٣)دا هاتووە.

(-یٚ) یەكێكی ترە لە شێوە جیاوازەكانی مۆرفێمی نەناسراوی لە زمانی كوردیدا، زۆربەی زمانەوانەكان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم مۆفێمە، كورتكراوەی مۆرفێمی (-ێك) بێت، واتا دوا دەنگی مۆرفێمەكە، كە دەنگی (ك)یە، تیاچووە، (( بێگومان(یٚ) كورتكراوەی (-ێك)ە ))( هەمان سەرچاوە، ٢٠٣) نەك ئەلۆمۆرفێكی جیاوازی نیشانەی نەناسراوی، چونكە (( ئەو دەورووبەرەی كە تیایدا دەردەكەوێت، هەمان دەورووبەرە كە مۆرفێمی (-ێك) تیایدا دەردەكەوێت، جا چ دەورووبەری زمانی بێت یان دیالێكت و شوێنی قسەپێكەران، بۆیە ناكرێت بە ئەلۆمۆرف دایبنێین))[١]( شێروان حسێن حەمەد، ٢٠١٤، ١٥٨).

بەگشتی ئەگەر سەیری نموونەكانی سەرەوە بكەین دەبینین، دوا دەنگی ناوەكان ڕۆڵێكی بەرچاویان لەسەر دیاریكردنی جۆری گیرەكەكە هەیە ، هەر ئەمەش دەرخەری كاریگەری یاسا فۆنۆلۆجییەكانی وەك (یاسای دوو بزوێن)ە لەسەر هەڵبژاردنی جۆری گیرەكەكان (وەك یەكەیەكی سەرەكی ئاستی مۆرفۆلۆجی)، ئەمەش پەیوەندی پتەوی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی فۆنۆلۆجی دەردەخات و هۆكارێكە بۆ هاتنەئاری دیاردەی مۆرفۆفۆنێمی.

## ٢/١-٢-٤) مۆرفێمی بەندی دانەپاڵ

لە پێكهاتەی فرێزدا دیارخەر و دیارخراو وەك دوو بەشی سەرەكی فرێز بەهۆی جۆرە مۆرفێمێكەوە پێكەوە دەبەسترێنەوە، پێی دەگوترێت مۆرفێمی دانەپاڵ / خستنەسەر(( مۆرفێمی خستنەسەر (خستنەپاڵ) بریتییە لە ڕێكخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەكی یان دەرخراوی فرێزی ناوی و ناوەكانی تری فرێزەكە))(ئەبوبەكر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٤٢) ئەم ڕۆڵی ڕێكخستنەش لە زمانی كوردیدا لەلایەن چەند مۆرفێمێكەوە ئەنجامدەدرێت، بەم شێوەیە:




**هێڵكاری ژمارە (١٠): هێڵكاری ئەلۆمۆرفەكانی مۆرفێمی دانەپاڵ لە زمانی كوردیدا**

---

دێیێك

پیاڵەیێك

[١] – لە ڕاستیدا ئەم جۆرە نوسینە، لادانە لە سیستەمی نوسین و لادانە لە پێڕەوكردنی ڕێنوس، بە تایبەت لەم قۆناغەدا زۆرێك ئەم ئاڕاستەیەیان گرتووتەبەر بەتایبەت لای خوێندكارانی خوێندنی باڵا.

**هەریەکە لەم مۆرفیمانە لە ڕووی فۆرم و شوێنی بەکارهێنانەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە دەوروبەری فۆنۆلۆجی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، بەم شێوەیە:**

**مۆرفیمی (–ی) یەکێکە لە مۆرفیمەکانی دانەپاڵ و دەچێتەسەر ناوە دیارخراوەکە و دەیبەستێتەوە بە دیارخەرەوە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٢٢٨–٣٣١)

**ا– ئەگەر دیارخراو کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبێت، ئەوا بە ڕەوانی نیشانەی (ی)ی دانەپاڵ دەچیتەسەری، بۆ نموونە:**

**دەستی شکاو > دەست + ی + شکاو**

**سەری مەنجەڵ > سەر + ی + مەنجەڵ**

**ڕۆژانی سەربەستی > ڕۆژان + ی + سەربەستی**

**بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی ئاخاوتنی ناوچەیی زمانەکە ( زار/ شێوەزار)، دەکرێت هەندێك نموونەی وا بەرچاوبکەوێت کە تیایدا سەرەڕای ئەوەی ناوە دیارخراوەکە بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتووە، بەڵام مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا دەرنەکەوتووە، وەك ئەوەی لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا بەرچاودەکەوێت، بەم شێوەیە**

**ماڵ باوکم = ماڵ + ø + باوکم**

**شار کەلار = شار + ø + کەلار**

**ب– ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە دەنگی بزوێنی ( ا، ە، ێ، وو، ۆ) کۆتایی هاتبوو، ئەوە بەپێی یاسای فۆنەتیکی کوردی ( ی– i) دەبێتە (ی– y)، وەك:**

**مانگا + (ی– i) + گەورە** **mangay gewre**

**ئاسۆ + (ی– i) + ڕوون** **asoy run**

**ج– ئەگەر هاتوو ناوە دیارخراوەکە بە جێناوی لکاو دیارخرا، ئەوا مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) دەرناکەوێت، بەم شێوەیە:**

**ماڵەکەی من > ماڵەکەم**

**گوڵەکەی ئێمە > گوڵەکەمان**

**یەکێکی تر لەو مۆرفیمانەی لە پێکهاتەی فرێزدا ڕۆڵی دانەپاڵ دەگێڕێت مۆرفیمی (–ە) یە (( مۆفیمی (–ە) نیشانەی ئیزافەیە، بەڵام لە بەرکارهێنان و گەیاندنی واتادا هەندێك جیاوازی هەیە لەگەڵ نیشانەی (ی)دا))**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٧٩٧، ٢٣٢) **یەکێك لە بەکارهێنانەکانی ئەم مۆرفیمە بەکارهێنانێتی لەگەڵ ئەو ناوانە کە بە دەنگی کۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە بەتایبەت ئەگەر ناوەکە بە**

نیشانەی ناسراویی کرابێت بە ناسراویی، لەم کاتەدا بەبێ هیچ گۆڕانێک دەچێتەسەر ناوە دیارخراوەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کوڕە زیرەکەکە – کوڕ + ە + زیرەکەکە**

**کوترە سپییەکە – کوتر + ە+ سپییەکە**

بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی بێت، ئەوا نیشانەی دانەپاڵی (ە) تیادەچێت (( کاتێک دیارخەر بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت ، گیرەکی (–ە) ناتوانێ بچێتەسەری، بۆیە تیادەچێت، ئەمەش دەبێتە ئەلۆمۆرفێکی تری مۆرفێمەکە))(حیدر حاجی خدر، ٢٠١٠، ٧) بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە لە بڕگەیەک زیاتر بێت، بۆ نموونە:

**باڵا بەرزەکە – باڵا + Ø + بەرزەکە**

**خوێندنگا نوێیەکە – خوێندنگا + Ø + نوێیەکە**

ئەگەر ناوە دیارخراوەکە یەک بڕگە بێت و بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بەدوایییەکدا نەیەت، زۆرجار نیمچە کۆنسۆنانتی (ی) لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، بۆ نموونە:

**دۆیە ترشەکە – دۆ + ی + ە + ترشەکە**

**چایە شیرینەکە – چا + ی + ە + شیرینەکە**

خاڵێکی تری دەرنەکەوتنی نیشانەی دانەپاڵی (ی) ئەوکاتەیە، کە (( ناوە دیارخراوەکە ئەگەر ناوبێت و بە شێوەی ناوێکی نەناسراو دەرکەوت و وەک ڕێژە و بڕ بەکارهات))( شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٧١) بۆ نموونە:

**پەرداخێک شیر – پەرداخێک + Ø + شیر**

**سەلکێک تور – سەلکێک + Ø + تور**

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە ئاوەڵناوێک دیارخرا، ئەوا مۆرفێمی دانەپاڵ دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

**پەرداخێکی گەورە**

**سەلکێکی بچوک**

## ١/٢–٢–٥) مۆرفێمی بەندی بانگهێشت

بانگهێشت حاڵەتێکی تایبەتی کەتیگۆریی ناوە، بەکاردێت بۆ جیاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی ناوێک (گشتی بێت یان تایبەتی)، (( لە زۆربەی زمانەکاندا وەک دیاردەیەکی ڕێزمانی هەست بە بوونی دەکرێت، کە بە زۆری لە ڕێگەی ئامرازێکی تایبەت یان مۆرفێمەوە ئەنجامدەدرێت)) (شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٧).

له زمانی کوردیدا به دوو شێوەی جیاواز چەمکی بانگهێشت ئەنجامدەدرێت، بەشێکیان مۆرفێمی سەربەخۆن، لەوانە مۆرفێمەکانی (ئادەی، ئەی، هۆ، ئای،.....)، بەشەکەی تریشیان مۆرفێمی بەندە، گرنگترین مۆرفێمە بەندەکانیش بریتیین لە (ە، ێ، ۆ، Ø، ینە)[1]، ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە مۆرفێمی بەندە، چونکە زۆرجار بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەون[2].

هەریەکە لەم مۆرفێمە بەندانە تایبەتن بە بوارێکی جیاوازەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ( ە، ۆ ) بۆ ناوی تاکی نێر بەکاردێن

٢- ( ێ، ە[3]) بۆ ناوی تاکی مێ

٣- ( ینە ) بۆ ناوی کۆی نێر و مێ و دولایەنە بەکاردێت

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

١- باوکە ، کوڕە، کاکە

خاڵۆ، کاکۆ ، جوانۆ

٢- خوشکێ، کچێ، پورێ

خوشکە، دایکە، دادە

٣- کوڕینە، کچینە، مەردینە

بەڵام ئەم مۆرفێمانە هەمیشە بەم شێوە جێگیر و نەگۆڕە دەرناکەون، بەواتایەکی تر زۆرجار مۆرفێمەکانی بانگهێشت، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئەگەری دەرنەکەوتنیان لە ئارادایە، بەم شێوەیە:

ئەگەر (( ناوە بانگکراوەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن بێت، مۆرفیمی (-ە)ی بانگکردن دەرناکەوێت[4]، واتا تیادەچێت، لەوکاتەدا (نێرەر) دەتوانێت سود لە ڤاوڵی ناوەکە ببینێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، و بەپێی مەبەست بزوێنەکە درێژبکاتەوە))( ڕزگار حەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ٥٠-٥١)، وەك :

کابرا ڕێگام نیشانبدە.

مامۆستا، بەیارمەتیت.

---

[1] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مۆرفیمی بەندیی بانگهشت بروانە (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ١٣٦٧، ٣-٩)

[2] – بەپێی هەندیك لێکۆڵینەوەی زمانی مۆرفێمی سەربەخۆی (ئەی) لە بنەڕەتدا هەر مۆرفێمی (ئای)یە، بەڵام بۆ سوککردن و ئاسانی دەربڕین، بە یاسای فۆنۆلۆجی دەنگی (ا) گۆڕانەوە بۆ (ە)، بڕوانە: ( ڕزگار حەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ٤٦)

[3] - مۆرفێمی (-ە) گەر لە کۆندا بۆ تاکی نێر بووبێت، ئەوا لە ئێستادا لەگەڵ هەندێ ناوی تاکی مێ دا بەکاردیت، وەك : دایە، خوشکە، نەنە (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٥٦)

[4] – زۆرجار ڕوودەدات کەسێك بەناوی پیشەکەیەوە بانگدەکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر ناوەکە بە کۆنسۆنانت یان ڤاوڵیش کۆتایی هاتبێت پێویستی بە ئامرازی بانگهێشت نییە، بۆ نموونە:

کەسێك کە مریشك دەەفرۆشیت > لە کاتی بانگکردندا دەگوترێت – **مریشك ، مریشك** .

یان کەسێك بە عەرەبانە شتێك دەفرۆشێت > لە کاتی بانگکردندا دەگوترێت – **عەرەبانە، عەرەبانە.**

حاڵەتێکی تری دەرنەکەوتنی مۆرفێمی بانگهێشت، لەو کاتەدایە کە ناوێك یان ئاوەڵناوێك دەبێتە دەرخەری ناوە بانگکراوەکە، بەم شێوەیە ناوە بانگکراوەکە، ئەگەر کۆتایی بە مۆرفیمی (ێ، ە، ۆ ) هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی بانگهێشت تیادەچێت و مۆرفێمی (ە، ی)ی بەستنەوە جێیی دەگرێتەوە[1]، وەك:

پوورێ = پوورە خونچە وەرە.

کچێ = کچە چکۆلە یاریەکەت بکە.

کاکە = کاکی برا وەرە.

یان ئەگەر جێناوی لکاو یان جێناوی خۆیی یان مۆرفێمی ناساندنی (ـەکە) ببێتە دیارخەری ناوە بانگکراوەکە ، ئەوا مۆرفێمی بانگهێشت تیادەچێت، وەك:

کچە = کچم وەرە.

کوڕە = کوڕی خۆم وەرە.

کچە = کچەکە نانت خوارد.

پێویستە ئەوە بگوترێت، لە ڕستەی ( **کچەکە نانت خوارد**) جیاواز لە ڕستەکانی سەرەوە، هەست بە هەڵوەستە یان هێزێك دەکرێت لەسەر ناوە بانگکراوەکە، بۆیە دەکرێت بگوترێت، لێرەدا پەڕینەوەی ئامرازی بانگهێشت و دەغمبوونی لەگەڵ ڤاوڵی کۆتایی ناوە ناسراوەکەدا ڕوویداوە.

## ٦-٢-١/٢) ئەسپێکت

بە پرۆسەی دیاریکردنی ماوەی ڕوودانی کردار و بەردەوامییەکەی دەگوترێت ئەسپێکت، کەواتە ئەسپێکت (( پرۆسەیەکی ڕێزمانییە و دەرخەری شێوازی ئەنجامدانی کارە لە ڕوانگەی دەستپێك و بەردەوامی و دووبارەبوونەوە و کۆتایی هاتنەوە ))( والی رضايي، ١٣٩١، ٨٠) بە واتایەکی تر ئەسپێکت ئەو پرۆسەیەیە کە (( لە وەسفی ڕێزمانی کاردا بەکاردێت))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٦٣).

بەم پێیە ئەسپێکت بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕوودانی کردار و ماوەی بەردەوامی ڕوودانەکە لە ئێستا و ڕابردوو و ڕانەبردوودا بەکاردێت و جیاوازە لە کاتی ڕێزمانی کە تیایدا کاتی ڕوودانی کار دیاریدەکات[2]،(( چەمکی ئەسپێکت چەمکێکی جیاوازە لە کاتی ڕێزمانی))( والی رضایی، ١٣٩١،،٨٢) بە واتایەکیتر (( ئەسپێکت کاتی ڕێزمانی لە کاتی ناڕێزمانی جیادەکاتەوە))( مريم مجيدى، ١٣٨٨، ١٤٦)، چونکە (( هەندێکجار کاتی ڕێزمانی لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی کاردا یەکێك نین))(شهرزاد ماهوتيان، ١٣٩٠، ٢٢٦)، ( مريم مجيدى، ١٣٨٨، ١٤٦)

لەم ڕوانگەیەوە لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکانی کردار لە ڕێی چەند مۆرفێمێکەوە پیشاندەدرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە توێژینەکەوە هەیە، خستنەڕووی ئەو ئەسپێکتانەیە، کە بە

[1] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، )و ( ڕزگار واحید حەمە ئەمین، ٢٠٠٩، ٥١)

[2] - ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە کە لە ڕوانگەی ڕووکارەکانەوە دەڕواننە ئەسپێکت، بڕوانە: (شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٧٣، ١٩٦)

هۆکاری فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی گۆڕانیان بەسەردا دێت و زیاتر لەیەك فۆرمیان هەیە، بۆیە تەنها باسی ئەو ئەسپێکتانە دەکەین، کە بە چەندین شێوازی جیاواز خۆیان دەنوێنن، گرنگترین ئەسپێکتەکانیش ئەمانەن[١]:

**١/٢-٢-٦- ١) ئەسپێکتی / دە/**

ئەم ئەسپێکتە وەك ئەسپێکتی نیشاندانی کاتی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو بەکاردێت:

**دەچووم ، دەم خوارد**

**دەچم ، دەخۆم**

بەڵام هەندێجار بۆ ئاسانی دەربڕین گۆڕان لە فۆرمەکەیدا ڕوودەدات و دەنگی (د) دەگۆڕێت بۆ دەنگی ( ئـ)، بەم شێوەیە:

**ئەچووم ، ئەمخوارد**

**ئەچم ، ئەخۆم**

**سەرنج:** کاتێك کارێکی ڕانەبردوو دەکرێتە نەرێ، واتا مۆرفێمی ناکردن وەردەگرێت، ئەسپێکتی (دە) دەرناکەوێت، بەم شێوەیە:

**دەخۆم > ناخۆم**

**دەچم > ناچم**

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە فۆرمی (دە) فۆرمی بنەڕەتی نیشانەی بەردوامییە و فۆرمی (ئە)ش شێوەی گۆڕاوی مۆرفێمی (دە)یە.

**١/٢-٢-٦- ٢) ئەسپێکتی / ەوە، وە/**

ئەم ئەسپێکتە وەك مۆرفێمێکی بەندی وشەگۆڕ دەچێتە کۆتایی کار و بۆ دڵنیابوونەوە بەکاردێت، بە دوو شێوە دەردەکەوێت ئەوانیش (وە، ەوە)یە، بۆ نموونە:

**هاتەوە خواردەوە**

**هیناوە ڕووخاوە**

واتا بەکاریگەری دوا دەنگی کارەکە شێوەی مۆرفێمەکە دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتبوو، ئەوا بەشێوەی (ەوە) دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا فۆرمی (وە) بەکاردیت، هەرچەند زۆرجار بۆ ئەوەی دەنگی سەرەتای مۆرفێمەکە تیانەچێت پەنا دەبرێتەبەر مۆرفێمیکی تر بە ناوی (مۆرفێمی بەتاڵ)، بۆئەوەی ڕێگری بکات لە بەدواییەکداهاتنی دوو ڤاوڵ، ئەمەیش بە یاسای پەیدابوونی دەنگ ناودەبرێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| **بچۆڕەوە** | **پەیدابوونی دەنگی (ڕ)** |
| **هاتووەتەوە** | **پەیدابوونی دەنگی (ت)** |
| **هێنایەوە** | **پەیدابوونی دەنگی (ی)** |

[١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٦٢)

**٢/١-٢-٦-٣) ئەسپێکتی / ە /**

ئەسپێکتێکی تری ڕوکارە هەواڵە بۆ کاتی ئێستا بەکاردێت و سنوری بەکارهێنانی لاوازە، چونکە تەنها لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێت کە دەدرێتەپاڵ کەسی سێیەمی تاك، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە کەسی سێیەمی تاك فۆرمەکەی سفرە، واتا لە پێنج کەسەکەی تردا دەرناکەوێت و تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

**کورد Ø م      کورد Ø ین**

**کورد Ø یت    کورد Ø ن**

**کورد ە Ø      کورد Ø ن**

زۆرجار کاتێك (ە) دەچێتەسەر یەکە زمانییەکە، ئەگەر هاتوو یەکەکە بە دەنگی ڤاولْ کۆتایی هاتبوو، ئەوا دەنگی (ی) دەکەوێتە نێوان یەکەکە و ئەسپێکتەکەوە، بەم شێوەیە:

**کیْ یە**

**ئەو پێشمەرگەیە**

لە خستنەڕووی ئەسپێکتەکانی زمانی کوردیدا ئەوە بەدیکرا، کە زۆرێك لە ئەسپێکتەکان بە فۆرمی جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن، ئەمەش بەهۆی گۆڕانە دەنگییەکانی مۆرفیمەکانەوە ڕوودەدەن، کە بنەمای هاتنەئارای دیاردەی مۆرفۆفۆنیمن لە زمانی کوردیدا.

## ٢/١-٢-٧) ڕووکار

ڕووکار تایبەتمەندییەکی تری کەتیگۆری کردارە و تێیدا (( هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستی ڕوودان یان کار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون یان جێبەجێنەبوونی کارەوە پیشاندادات))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٦٧)، بە واتایەکی تر، ڕووکار (( ئاماژە بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کار دەکات، بەشێوەی هەواڵ و گریمانە و ئارەزوو و خۆزگە و ئاوات و فەرمان))( خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ٢٤٣).

بەم پێیە بەشێوەیەکی گشتی، ڕووکار دابەشی سێ جۆر دەبێت، ئەوانیش: ( هەواڵە ڕووکار و دانانییە ڕووکار و فەرمانە ڕووکار)ە، هەریەکە لەو فۆرمانەش بەهۆی چەند کەرەستەیەکەوە دەنوێنرێت.

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکە، ئاماژە بۆ ڕۆڵی مۆرفیمە بەندەکان دەکەین لە نواندنی ئەم کەتیگۆرییەی کاردا، بەتایبەت ئەو مۆرفیمانەی کە بەهۆکاری فۆنۆلۆجی بەچەند شێوەیەك خۆیان دەنوێنن.

**٢/١-٢/-٧-١) هەواڵە ڕووکار:** لە هەواڵە ڕووکاردا ئەم مۆرفیمانە ڕۆڵ دەگێڕن.

**٢/١-٢-٧-١-٢) / دە/**

ئەم مۆرفیمە بۆ پیشاندانی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو بەکاردێت و دەچێتە پێش بناغەی کارەوە، بەم شێوەیە:

- **ڕابردووی بەردەوام : دەم برد، دەمخوارد، دەمکرد.**
- **ڕانەبردوو : دەبەم، دەخۆم، دەکەم.**

شێوەیەکی تری ئم مۆرفیمە، فۆرمی (ئە)یە، بە تایبەت لە کاتی ئاخاوتندا، ئەمەش واتا گۆڕینی دەنگی (د) بۆ دەنگی (ئـ)، ئەمەش زیاتر بۆ ئاسانی دەربڕینە، ئەم شێوە گۆڕاوەش بۆخۆی مۆرفۆفۆنیمێکی تری زمانی کوردییە بەم شێوەیە:

- **ڕابردووی بەردەوام : ئەم برد، ئەمخوارد، ئەمکرد.**
- **ڕانەبردوو : ئەبەم، ئەخۆم، ئەکەم.**

**٢/١-٢-٧-١-٣) / ووە، وە، وو، و/**

ئەم فۆرمانە وەك مۆرفێم بۆ گەیاندنی چەمکی تەواوەتی و بڕانەوەی کاریگەری کارەکە لە ڕابردوودا بەکاردێن، بەم شێوەیە:

**هاتووە، هێناوە، سوتاوی، هاتووی**

ئەم مۆرفیمانە کاتێك دەچنەسەر پێکهاتەی کار، چەند گۆڕانێك لە فۆرمەکەیاندا ڕوودەدات، بەم شێوەیە:

ئەگەر ئەو بنکەیەی کە مۆرفیمەکەی دەچێتەسەر کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی درووستکردنی بڕگەی کوردیدا بگونجێت، پێویستە بۆ جیاکردنەوەی دوو ڤاوڵی ( و) و (ە) نیمچە کۆنسۆنانتی (و) پەیدابببێت، واتا (( ئەم نیمچە کۆنسۆنانتە هەم بۆ پێویستی بڕگەکردن و هەم بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵەکانە لە یەکتری))[١] ( بەکر عومەر عەلی،٢٠١٤، ٢٤٨)، وەك:

**خواردووە / خوار – دو – وە**

**هاتووە / ها – تو – وە**

[١] – ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە پێیی وایە، ئەسپێکتی (ووە) یەکێکە لە فۆرمەکانی کاری ڕابردووی تەواو و دەچێتەسەر ئەو بناغانەی کە بە دەنگی (ت، د) کۆتاییان هاتووە، بەڵام (( بە بڕوای ئێمە زمانەوان و نووسەرەکانمان کە ئەم دوو (واو)ە کورتەیان لە تەنیشت یەکەوە بینیووە و، لێیان بووە بە واوی درێژ، هەر بۆیە وایان داناوە کە ڕابردووی تەواو پێکدێت لە (ڕەگ + وو + ە)، بەڵام لە ڕاستیدا ڕابردووی تەواو بریتییە لە (ڕەگ +و + ە) ، هاتنی واوێکی تر لە نێوانیاندا بۆ پێویستی بڕگەکردن و جیاکردنەوەی بڕگەکان بوو)) (بەکر عومەر عەلی، ٢٠١٤، ٢٤٨)

بەلآم ئەگەر دوا دەنگی کارەکە کۆتایی بە دەنگەکانی (ا، ی، و) هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی (وە) بەکاردەهێنرێت، بەم شیوەیە:

**هێناوە**

**نوسیوە**

**چووە**

هەروەها لە کاتێکدا کارەکە ( ڕابردووی تەواوی تێنەپەڕ بوو، جگە لە کەسی سێیەمی تاك ( چونکە قاڵبی فیزیکی ئەو مۆرفێمە هەمیشە سفرە و دەرناکەوێ)، فۆرمی مۆرفێمەکە دەبێت بە (و/وو)، بەلآم لە کاری تێپەڕ و کەسی سێیەمی تاکی تێنەپەڕدا فۆرمەکەی (وە/ووە)یە)(ئەبوبەکر عومەر قادر، ٢٠٠٣، ٦٤)(حەیدەر حاجی خدر، ٢٠١٠، ٨٦)، بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەوتووم | خەوتووین | مردووم | مردووین |
| خەوتوویت | خەوتوون | مردوویت | مردوون |
| خەوتووە | خەوتوون | مردووە | مردوون |
| ڕووخاوم | ڕووخاوین | چووم | چووین |
| ڕووخاویت | ڕووخاون | چوویت | چوون |
| ڕووخاوە | ڕوخاون | چووە | چوون |

واتە فۆرمی هەریەکە لە کەسەکانی یەکەم و دووەمی تاك و کۆ و سێیەمی کۆ لە (وە/ووە)ەوە گۆڕاوە بۆ (و/وو)، ئەمەش زیاتر بۆ یاسای داڕشتنی بڕگە دەگەڕێتەوە و بەدیهێنەری جۆرێکی ترە لە مۆرفۆفۆنێم.

### ٢/١-٢-٧-١-٤) /Ø/

ئەم مۆرفێمە بۆ پیشاندانی کاتی ڕابردووی نزیك بەکاردێت و هەمیشە لە شێوەی مۆرفێمی سفردایە، بەم شێوەیە:

**هات Ø، خوارد Ø، برد Ø**

### ٢/١-٢-٧-٢) ڕووکاری مەرج و خۆزگە و دانانی

لەم ڕووکارەدا کۆمەڵە مۆرفێمێك هەن ماوەی ڕوودانی کار دیاردەکەن، گرنگترین ئەو مۆرفێمانەش کە بە هۆکاری جیاواز زیاد لەیەك فۆرمیان هەیە ئەمانەن :

### ٢/١-٢-٧-٢-١) / بێت/

ئەم مۆرفێمە وەك مۆرفێمی کاتی ڕابردووی تەواوی دانانی بەکاردێت و دەچێتەسەر بناغەی کارەکە، بەم شێوەیە:

**ڕەنگە چووبێت**

**لەوانەیە نامەکەی نووسیبێت**

بەڵام ئەم مۆرفێمە هەمیشە بەم شێوەیە دەرناکەوێت، چونکە زۆرجار بە مەستی ئابوریکردن و ئاسانی دەربڕین، دوا دەنگی مۆرفێمەکە تیادەچێت و مۆرفۆفۆنێم دێتەئاراوە، کە مۆرفیمی (–بێ)، ەك

**ڕەنگە چووبێ**

**لەوانەیە نامەکەی نووسیبێ**

**٢/١-٢-٧-٢-٢) / ب/**

ئەم ئەسپێکتە بۆ پیشاندانی کاتی ڕانەبردووی دانانییە، بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

**( ب + ڕەگ + جێناو)**

**بڕۆم**

**بکڕم**

**بخۆم**

بەڵام کاتێك کارەکە ناسادەبوو، ئاساییە و ڕیگەپێدراوە ئەسپێکتی (–ب) دەرنەکەوێت، ئەمەش زیاتر لە کاتی ئاخاوتندا ڕوودەدات، واتە لێردا مۆرفۆفۆنێم لە شێوەی ( Ø ) دەردەکەوێت، بەم شیوەیە:

**ڕەنگە ئالآکە هەڵبکەم = ڕەنگە ئالآکە هەڵکەم**

**دەمەوێت یارمەتی بدەم = دەمەوێ یارمەتی دەم**

**٢/١-٢-٧-٣) فەرمانە ڕووکار**

لە فەرمانە ڕوکاردا تەنها یەك نیشانە هەیە بۆ پیشاندانی ئەم حاڵەتە، ئەویش مۆرفێی (–ب)یە، بەپێی ئەم یاسایە ڕیزدەکرێت:

**( ب + ڕەگ + جێناو)**

**بخۆن، بنووسە**

بەڵام ئەگەر کارەکە ناسادەبوو رێگەپێدراوە مۆرفێمەکە لابدرێت، بەتایبەتی لە کاتی ئاخاوتندا، (( لە وتنی وشەی ناسادەدا بەزۆری (ب) داخوازی تیٚ دەبریٚ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٢٤٨)، ئەمەش جۆرێکی تری مۆرفۆفۆنێمییمان بۆ دستەبەردەکات کە لە شێوەی (Ø)دایە، وەك:

**دروستبکە = دروستکە**

**دەستهەڵبگرە – دەستهەڵگرە**

## ١/٢-٢-٨) مۆرفێمی بەندی نەرێکردن

ناکردن وەك کردەیەکی سینتاکسی لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە و لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکەوە دەنوێنرێت (( لە ناکردندا پۆلێك کەرەستە لە چوارچێوەی فرێزە پێکهێنەرەکانی ڕستەدا دێن، کە نەکردن و ڕەتکردنەوە لە خۆدەگرن))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧١)، بۆ نموونە:

هیچ کەس نەهاتووە.

لانە هیچ کەسێکی نەبینیوە.

بروانا‌کەم، لانە هیچ کەسێك ببینێت.

دارەکان مەبڕن.

خانوویان نییە.

لە نموونەکاندا هەریەکە لە کەرەستەکانی (هیچ ، نا، نە، مە، نی) کردەی ناکردنیان پیشانداوە، کە لە نێویاندا (هیچ) وشەیەکی واتادارە و هەریەکە لە (نە، نا، مە) مۆرفێمی بەندن، کەواتە کردەی ناکردن دەشێت لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆوە و مۆرفێمی بەندەوە ئەنجامبدرێت ، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەیە، هەڵوەستەکردنە لەسەر مۆرفێمی بەند لە ڕۆڵی ناکردندا.

لە زمانی کوردیدا کردەی ناکردن لە ڕێگەی چەند مۆرفێمێکی بەندەوە ئەنجامدەدرێت، و هەریەکەیان تایبەتە بە ڕووکارێکی دیاریکراوەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئەلۆمۆرفێکیان هەبێت دەچنەسەر ڕەگی ڕابردوو یان ڕانەبردوو و چەمکی ناکردن دەگەیەنن. بەم شێوەیە:

(-نە): ئەم مۆرفێمە لەگەڵ هەموو دەمکاتەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن و دانانی و ڕانەبردووی دانانی و هەندێکجاریش لەگەڵ کاری داخوازیدا بەکاردێت، بەم شێوەیە:

کتێبەکەم نەخوێندەوە ( ڕابردووی ڕاگەیاندن)

خۆزگە نەچووبام ( ڕابردووی دانانی)

ڕەنگە نەچم ( ڕانەبردووی دانانی)

نەچیت (داخوازی)

(-نا): ئەم مۆرفێمە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا بەکاردێت و جێگەی ئەسپێکی (دە)ی ئەرێ دەگرێتەوە، بەم شێوەیە:

دەچم > ناچم

دەخۆم > ناخۆم

(-نی): ئەم مۆرفێمە تەنها لەگەڵ کاری (بوون/ هەبوون) بۆ دەمی ئێسا بەکاردێت، بەم شێوەیە:

ئەوە من نیم.

کارم نییە.

(-مە): ئەم مۆرفێمە بۆ نەرێکردنی فەرمانە ڕووکار بەکاردێت، واتا (( ڕەتکردنەوە و نەکردنی فەرمانە ڕووکار بە مۆرفێمی (-مە) ئەنجامدەدرێت))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧٢)، بەم شێوەیە:

**کتێبەکانت مەفرۆشە.**

**پشت بە دوژمن مەبەستە.**

**بەسەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هەریەکە لە مۆرفیمەکانی (–نە، –نا، –نی، –مە) مۆرفیمی چەمکی ناکردنن لە زمانی کوردیدا و هەریەکەیان تایبەتن بە دەمکات یان ڕووکارێکی دیاریکراوە و بەبێ بوونی هیچ ئەلۆمۆرفێکی جیاواز و بەبێ هیچ گۆڕانێك لەگەڵ بنەکە یان بناغەی کارەکەدا دەردەکەون و چەمکی ناکردن دەگەیەنن، بە واتایەکی تر ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجی ڕۆڵی نییە لە گۆڕینی فۆرمی مۆرفیمەکانی کردەی ناکردن لە زمانی کوردیدا.**

## ٢/١-٢-٩) مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن

**کار لە ڕووی هێزەوە دابەشدەبێت بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ، ناونانیشی بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی کارەکە لە ڕستەدا، مەبەست لە چەمکی تێپەڕاندن (( گۆڕینی توانای کارە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ))**(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٧٥) **ئەمەش لە زمانی کوردیدا بە چەند ڕێگایەك ئەنجامدەدرێت، ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەیە ئەنجامدانی چەمکی تێپەڕاندنە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە.**

**لە زمانی کوردیدا زمانەوانان هاوڕانین لەسەر دیاریکردنی مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن، واتا چەندین مۆرفیمی جیاوازیان بۆ پیشاندانی ئەم چەمکە دەستنیشانکردووە، لەوانە (اندن، اند، ان، ن)**[١]

**بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدرێت، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە (( تەنها مۆرفیمی (–ان) ڕۆڵی تێپەڕاندن دەبینێت))**(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٧٩) **چونکە دەنگی (د)ی سەر گیرەکی (اندن) مۆرفیمی کاتە، و دەنگی (ن)ی کۆتایی فۆرمی (_اندن)یش نیشانەی چاوگە، کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە فۆرمی (ان)ە، کە بە تەنها ڕۆڵی تێپەڕاندن دەبینێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

**سوتاندن**

**ڕووخاندن**

**ئەم کردەیەش کاتێك ڕوودەدات کە (اند) دەچێتەسەر ڕەگ یان بناغەی کاری تێنەپەڕ و دەیکات بە تێپەڕ، بەم شێوەیە:**

**سوتێ + اندن > سوتاندن**

**ڕووخێ + اندن > رووخاندن**

**کەو+اندن > کەواندن**

**واتا لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕەگی ڕانەبردووی تێنەپەڕەوە دروستدەکرێت، لەگەڵ زیادکردنی مۆرفیمی (–ان) بۆ دەمی ڕابردوو و (–ێن) بۆ دەمی ڕانەبردووە بۆ سەر بناغەکە. ئەمەش واتە گۆڕانی**

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧٩) و (شێروان حسێن، ٢٠٠١٤، ١٧٤)

دەنگی (ا)ە بۆ (یٚ)، (( دەنگی (ا) گۆڕاوە بۆ دەنگی (یٚ)، ئەم گۆڕینەش تایبەت نییە بە (ا) لە (ان)دا، بەڵکو وەك ڕەفتارێکی فۆنۆلۆجی لە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا و لە شوێنی جیاوازدا بەدی دەکرێت))( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧٩) بەم شێوەیە:

**خانووەکەی سوتاند – خانووەکە دەسوتێنێت**

**ناردم – دەنێرم**

کەواتە، (ان) لە کۆی فۆرمی (اندن) ئەرکی تێپەڕاندن دەبینێت و بەپێی ڕابردوو و ڕانەبردوو بەر گۆڕانی فۆنۆلۆجی دەکەوێت و دەبێت بە (ێن)، بۆیە دەتوانین بڵێین (ێن) ئەلۆمۆرفێکی تری مۆرفێمی (ان)ی تێپەڕاندنە کە ئەمەش (( بە کردەیەکی فۆنۆلۆجی ئەژماردەکرێت))( فەریدون عبدول محمەد، ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠١٠، ١٤٥)

کاتێك گیرەکی تێپەڕاندن دەچێتەسەر ڕەگی کارەکە بە تایبەتی ئەگەر ڕەگەکە بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بەدواییەکدا نەیەن، ڤاوڵی کۆتایی کارەکە تیادەچێت، وەك:

**ڕووخان – ڕووخیٚ / ڕووخیٚ + اندن = ڕووخاندن تیاچوونی دەنگی (یٚ)**

**سوتان = سووتیٚ / سووتیٚ + اندن = سووتاندن تیاچوونی دەنگی (یٚ)**

## ١/٢-٢-١٠) مۆرفێمی بەندی نادیاریی

لایەنێکی تری پرۆسەی گۆڕانی توانای کار بریتییە لە (( گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار))( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٨٠)، پرۆسەی نادیاریی لە زمانی کوردیدا جگە لە مۆرفێمی بەند بە چەند شێوەیەکی تریش ئەنجامدەدریت، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەنجامدانێتی لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە.

دەربارەی دیاریکردنی ئەو مۆرفێمانەی ئەرکی نادیاریی ئەنجامدەدەن، بیروڕاکان جیاوازن، هەندێك مۆرفێمی ( –را، –ریٚ) بە مۆرفێمی بەندی نادیاری دادەنێن و هەندێکی تریش تەنها مۆرفێمی (–ر) بە مۆرفێمی نادیاری دادەنێن.[1] بەڵام ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین ئەوە دەردەکەوێت، تەنها مۆرفێمێك، کە ئەرکی نادیاری یان لاوازکردنی توانای کار ئەنجامدەدات، مۆرفێمی (–ر)یە، (( لە زمانی کوردیدا نادیاری لە ڕێگەی (–ر)ەوە دەردەبڕرێت))(فەرەیدون عبدول محەمەد، ٢٠٠٨، ٩٦)، چونکە ئەگەر مۆرفێمی ڕابردوو و ڕانەبردوو لەیەك جیابکەینەوە، دەبینین تەنها (–ر) دەمێنێتەوە بۆ گێڕانی ڕۆڵی نادیاری، بە واتا نادیاری بۆ کاتی ڕابردوو دەدرێت بە فۆرمی (را) و بۆ کاتی ڕانەبردوو دەدرێت بە (ریٚ)، بەواتایەکی تر بەهۆی مۆرفێمەکانی (–ا) و (–یٚ)وە کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو لە نادیارییدا دیاریدەکرێت، کەواتە (( پاشگری کرداری کارا بزر لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا نە فۆرمی (–ران)ە و نە (را) و نە (ریٚ)یە و نە (درا)، بەڵکو تەنها (–ر)یە ))(ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٣٣١)، بەم شێوەیە:

---

[1]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٧٢)

**نامەکە نووسرا.        نامەکە دەنووسرێت.**

**ئاهەنگەکە دواخرا.    ئاهەنگەکە دوادەخرێت.**

**وەك لە نموونەکاندا دیارە، کاتێك گیرەکێك دەچێتەسەر ڕەگی کار و چەمکی نادیاریی دەگەیەنێت چەند گۆڕانێکی فۆنەتیکی ڕوودەدات، (( هەرچەند بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبردوو بە بناغەی سازکردنی کارا بزر دەستورێکی گشتی زمانی کوردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی پیژۆك و هەندێکی گۆرانی فۆنەتیکی بەرچاودەکەوێت))**( هەمان سەرچاوە، ٣٣٣)، **شێوە گۆڕاوەکانیش یەکەی مۆرفۆفۆنێمی پێکدێنن، بەم شێوەیە[١] :**

**١– ئەگەر ڕەکی کار کۆتایی بە ڤاوڵی (ە، ێ) هاتبوو- کاتێك گیرەکی (ر)ی نادیاریی دەچێتەسەری، ئەوا دوادەنگی رەگەکە دەبێتە (بزرۆکە) یان تیادەچێت، وەك:**

| | | |
|---|---|---|
| **دان > دە / دە + را = درا** | **dira** | **پەیدابوونی (i)** |
| **کردن > کە / کە + را = کرا** | **kira** | **پەیدابوونی (i)** |
| **نان > نێ / نێ + را = نرا** | **nira** | **تیاچوونی (ێ)** |
| **هەڵنان > هەڵنێ / هەڵنێ+ را = هەڵنرا** | **halnira** | **تیاچوونی (ێ)** |

**٢– ئەگەر ڕەکی کار کۆتایی بە دەنگی (ۆ) هاتبوو، کاتێك دەکرێت بە نادیاریی دەنگی ( ۆ) دەگۆڕرێت بە (و)، وەك:**

**خوارد > خۆ / خۆ +را = خورا**

**٣– کرداری (گرتن) ڕەگەکەی (گر)ە، بەڵام کاتێك گیرەکی (ر)ی دەچێتەسەر، سەرەڕای تیاچوونی فۆنێمی (ر)ی بناغەکە، (i)ی بزرۆکە لە نێوان هەردوو کۆنسۆنانتەکە دەگۆڕێت بۆ ( ی– y)، بەم شێوەیە:**

**گرتن > گر / گر + را = گیرا**

**٤– ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە دەنگی (ڕ، ر) هاتووە، کاتێك گیرەکی (–ر)ی نادیاری وەردەگرن، بە سێ چەشنی جیاواز دەتوانن بەکاربهێنرێن، بەم شێوەیە:**

**ا– ئاخێوەری هەندێ ناوچە دەنگی (د) دەخەنە نێوان ڕەگەکە و گیرەکی نادیارییەوە کە لە شیکردنەوەی مۆرفێمدا پێی دەگوترێت مۆرفێمی بەتاڵ، وەك:**

**گۆڕین > گۆڕ / گۆڕ + را = گۆڕدرا**

**هاڕین > هاڕ / هاڕ + را = هاڕدرا**

**ژماردن > ژمێر / ژمێر +را = ژمێردرا**

---

[١] – ئەم یاسایانە لە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٣٣٣)ەوە وەرگیراون.

ب- لە هەندێ حاڵەتی تردا ئاسایی دەنگی (ڕ)ی کۆتایی ڕەگەکە و (ر)ی نادیاری پێکەوەدین، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانیك ڕووبدات، بەم شێوەیە:

بڕین > بڕ / بڕ +را = بڕرا

گۆڕین > گۆڕ / گۆڕ +را = گۆڕدرا

ج- لە هەندێك حاڵەتی تردا گیرەکی نادیاری (-ر) دەبێتە سفر و تیادەچێت، واتا بەیەك (ر) دەنووسرێت، کە ئەمەش (ر)ی کۆتایی ڕەگەکە دەنوێنێت، بەم شێوەیە:

بڕین > بڕ / بڕ + را = بڕا

گۆڕین > گۆڕ / گۆر + را = گۆڕا

وەك دەردەکەوێت، لە کاتی گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار، جگە لە ڕێسا بنچینییەکەی، چەندین شێوازی تریش لە خۆدەگرێت، کە بەشی زۆریان هۆکارەکەی ژینگەی فۆنۆلۆجییە، ئەمەش دەرخەری پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییە بۆ بەدیهێنانی ئاستی مۆرفۆفۆنێمی.

## ١/٢-٢-١١ مۆرفێمی بەندی گەردانکردنی کار

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کەتیگۆریی کار (( یەك پەیڕەوییانە لە ڕێکخستنی فۆرمەکانیان و بەدیهێنانی گۆڕان لە ڕوانگەی کەس و ژمارەوە، دیارە گۆڕینی ڕەگەزەکانی کەس و ژمارە لە ڕێی کەرەستە مۆرفۆسنتاکسییەکانەوە (مۆرفێمە وشەگۆڕەکانەوە) ڕوودەدات))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧٤) ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و زیاتر لەگەڵ توێژینەوەکەدا دەگونجێت جێناوە لکاوەکانە، چونکە کەس و ژمارە لە ڕێگەی جێناوە کەسییە لکاوەکانەوە دەنوێنرێت.

جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوردیدا لە دوو دەستە پێکدێن، هەر دەستەیەك سنووری بەکارهێنانی لە دەستەکەی دیکە جیاوازە، ئەم جێناوانە بەپێی کەس و ژمارە جیاکراونەتەوە، بەڵام زۆرجار بە مەبەستی شیکردنەوە جیادەکرێنەوە بۆ سێ دەستە، ئەمە جگە لەوەی دەستەیەکی تری دوو جێناویش هەیە، کە تایبەتە بە فەرمانە ڕووکارەوە، کە ئەوانیش جێناوەکانی (ە، ن)ە، جیاکردنەوەی جێناوەکان بە پێ ئەم خشتەیە ڕووندەکرێتەوە:

| | کەس | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|---|
| تاك | ١ | م | م | م | |
| | ٢ | ت | یت | یت | ە |
| | ٣ | ی | Ø | ات، ێت | |
| کۆ | ١ | مان | ین | ین | |
| | ٢ | تان | ن | ن | ن |
| | ٣ | یان | ن | ن | |

**ئەم جۆرە دابەشکردنەی کە لە خشتەکەی سەرەوەدا هاتووە لەسەر بناغەی جۆری کردارەکە دیاریکراوە (( جۆر و کاتی فەرمان دەور دەبینێت لە هەڵبژاردنی ڕاناوی لکاو، مەبەست لە جۆری فەرمان تێپەڕ یان تێنەپەڕە، مەبەست لە کاتی فەرمان ڕابردوو و یان داهاتووە ))**(وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤، ٩٢)

**چۆنیەتی دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکانیش لەگەڵ کرداردا بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە**[١]:

| D | C | B | A | کەس | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانە ڕووکار | ڕانەبردوو | ڕابردووی تێنەپەڕ | ڕابردووی تێپەڕ | | |
| | م | م | م | ١ | تاک |
| ە | یت | یت | ت | ٢ | |
| | ات، ێت | Ø | ی | ٣ | |
| ن | ین | ین | مان | ١ | کۆ |
| | ن | ن | تان | ٢ | |
| | ن | ن | یان | ٣ | |

**مەبەست لەم نەخشەیە ئەوەیە کۆمەڵە جێناوی ( A) بەزۆری[٢] لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێت، بەم شێوەیە:**

**خواردم خواردمان**

**خواردت خواردتان**

**خواردی خواردیان**

**بەڵام ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بوو، ئەوا جێناوی لکاوی کۆمەڵەی ( B) وەردەگرێت، بەم شێوەیە:**

**هاتم هاتین**

**هاتیت هاتن**

**هات هاتن**

**ئەگەر کارەکە داهاتوو بوو ( تێپەڕ یان تێنەپەڕ) ئەوا جێناوە لکاوەکانی دەستەی ( C)وەردەگرێت ، بەم شێوەیە:**

**دەبەم دەبەین دەچم دەچین**

**دەبەیت دەبەن دەچیت دەچن**

١ – ئەم نەخشەیە لە (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٧٦)ەوە وەرگیراوە بەدەستکارییەوە.

٢ – هەندێک کردار هەن، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە جێناوی (A) وەردەگرێت، کەچی تێنەپەڕیشن، بۆ نموونە:
قیژاندم قیژانمان.....

دەبات    دەبەن             دەچێت    دەچن

هەروەها جێناوی لکاوی کۆمەڵەی ( D) لەگەڵ کاری داخوازیدا بەکاردێن، بەم شێوەیە:

**بنووسە، بڕۆن**

هەریەکە لەم جێناوە لکاوانە بەهۆی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەی کە تێیکەوتووە فۆرمی جیاواز لەخۆدەگرن، کە دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتری و یەکەی مۆرفۆفۆنیمی دێننەئاراو(( بۆ ڕوونکردنەوە و تێکەڵکردنی شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیم (واتا مۆرفەکان) دەبێ پەنا بەرینە بەر ئەلفوبێی فۆنەتیکی(phonetic transcription) چونکە (ی) کپ (consonant) (y) لە هی بزوێن (vowel)(i) جیادەکاتەوە و نیشانەی بۆ بزوێنی (i) هەیە))( هەمان سەرچاوە، ٢١٧)، بۆیە بە زۆری جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردی بەهۆی ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجییەوە زیاد لەیەک فۆرمیان هەیە، وەک:[1]

## ١- کۆمەڵەی یەکەم

وەک پێشتر باسکرا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە شەش کەس پێکدێت، لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێن، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا هەر جێناوێک فۆرمێکی هەیە، بەڵام زۆرجار بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە، بەدیاریکراوی بەهۆی دوادەنگی کارەکەوە، زیاد لەیەک فۆرمیان دەبێت، بەم شێوەیە:

**١-١ – مۆرفێمی کەسی یەکەمی تاک (م)  دوو فۆرمی هەیە:**

ا- ئەگەر جێناوەکە چووە سەر کارێک بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو ئەوا لە قاڵبی (m) دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

هێنام    **he-nãm**

ناسیم    **na-sim**

ب- ئەگەر ئەو کارەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک لە قاڵبی (im)دا دەردەکەوێت:

کردم    **kir-dim**

هەڵمگرت    **ha-lim-girt**

**٢- کەسی دوەمی تاک (ت) هاوشێوەی کەسی یەکەمی تاک خاوەنی دوو فۆرمە:**

ا- ئەگەر قەدی کارەکە کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا جیناوەکە لە فۆرمی (t)دا دەردەکەوێت:

هێنات    **he-nãt**

دەتخوارد    **dat-xwãrd**

[1] – خستنەڕووی قاڵبە جیاوازەکانی جێناوەلکاوەکان و ڕوونکردنەوەی نموونەکان لە (وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤ ) ەوە وەرگیراوە بە دەستکارییەوە.

ب- ئەگەر ئەو کارەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لە فۆرمی (it)دا دەردەکەوێت:

خواردت xwãr-dit

هەڵتگرت ha-lit-girt

**٣- کەسی سێیەمی تاك (ی) خاوەنی چەند فۆرمێکە.**

ا- ئەگەر بناغەی کارەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتبوو ئەوا جێناوەکە لە فۆرمی (i) دا دەردەکەوێت:

خواردی xwãr-di

هەڵی گرت ha-li-girt

ب- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا فۆرمی جێناوەکە (y)یە.

هێنای he-nãy

سوتای su-tãy

ج- ئەگەر کاتی کارەکە لە ئێستای تەواودا بێت لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی مۆرفۆلۆجیدا دەردەکەوێت کە جێناوەکە قاڵبی (ی...تی) دەگرێتەخۆی:

**هێناویەتی > هیناو – ی...تی**

**خواردوویەتی > خواردوو – ی ...تی**

٤- هەریەکە لە جیناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ لە ڕووی فۆرمەوە یەك شێوەی جێگیریان هەیە، بەڵام لە داڕشتنی بڕگەدا دەبن بە دوو شێوە و لەیەك جیادەبنەوە، بەم شێوەیە:

هینامان henã- mãn

هەڵمانگرت hal-mãn-girt

هێنامانیت henã-mã-nit

هێناتان henã-tãn

هیناتانین henã-tã-nin

هێنایان henã-yãn

هێنایانین henã-yã-nin

هەموو قاڵبەکانی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) و داڕشتنی برگەییان لەم نەخشەیەدا ڕوونکراوەتەوە:[١]

| A | م | نموونە | م | نموونە | م | نموونە | م | نموونە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م | m | henã-m | im | Xwãrd-im | – | – | – | – | ٢ |
| ت | t | henã-t | it | Xwãrd-it | – | – | – | – | ٢ |
| ی | Y | henã-y | i | Xwãrd-i | ø | Nusi -ø | y-ty | Henãw-yety | ٤ |
| مان | mãn | henã-mãn | Mãn | Bî nî -mãnî t | – | – | | | ٢ |
| تان | tãn | Henã-tãn | Tã-n | Bî nî -tã-nî n | – | – | | | ٢ |
| یان | yãn | henã-yãn | yã-n | Bî nî -yã-nî n | – | – | | | ٢ |

**کۆمەڵەی دووەم و سێیەم**

**جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم و سێیەم لەگەل کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ وتێنەپەڕدا بەکاردێن و بەپێی کەسەکان دابەشدەبن. ئەم دوو کۆمەڵەیە بە بەراورد بە کۆمەڵەی یەکەم مشتومڕی زیاتریان لەسەرە بە تایبەتی کەسی سێیەمی تاک.**

**١- کەسی یەکەمی تاک (م) دوو فۆرمی هەیە**

**ا- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا فۆرمی جێناوەکە دەبێت بە (m)، وەك**

**بووم** **bw-m**

**ب- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبوو ئەوا فۆرمی جێناوەکە دەبێت بە (im)،وەك**

**نووستم** **nust-im**

**٢-کەسی دووەمی تاک (یت) چوار فۆرمی هەیە ( y, I, yt, it)، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**أ- ئەگەر ڕەگی کار یان بناغە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتبوو، ئەوا فۆرمی (yt) وەردەگرێت:**

**سوتایت** **suta-yt**

**دێیت** **de-yt**

**ب- ئەگەر بناغەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتبوو ئەوا جێناوەکە دەبێت بە (it):**

**دەنووسیت** **da-nû-sit**

[١] – نەخشەکە بەدەستکارییەوە لە (وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٢) وەرگیراوە

**دەچیت** **da-cit**

**ج- کەسی دووەمی تاك دەتوانێت بەشێوەی (y) و (i) دەربکەوێت، ئەویش دوای ئەوە دێت کە بەمەبەستی ئابووریکردن یان ئاسانی دەربڕین دەنگی (ت) دەقرتێنریت، هەر ئەمەیش وای کردووە هەندیك لە زمانەوانەکان تەنها (ی) بە جێناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك ئەژماربکەن[1]، وەك:**

**سووتای** **suta-y**

**دێی** **de-y**

**دەنووسی** **danus-i**

**دەپرسی** **dapirs-i**

**٣- کەسی سێیەم تاك، پێنج فۆرمی جیاوازی هەیە، بەم شێوەیە:**

**ا- ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بێت ئەوا کەسی سێیەمی تاك سیمایەکی بینراوی نییە واتا دەبێت بە (مۆرفێمی سفر):**

**هات** **hatø**

**خەوت** **xewtø**

**ب- ئەگەر ڕەگی کاری ڕانەبردوو کۆتایی بە (ۆ، ە) هاتبوو، کاتێك جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێت، جێناوەکە قاڵبی (ات- at) لەخۆدەگرێت و گۆڕانیکی فۆنەتیکی دروستدەکات، بە شێوەیەك دەنگی (ۆ) دەبێتە (و) و دەنگی (ە)یش تیادەچێت:**

**دەخوات** **daxw-at**

**دەبات** **dab-at**

**ج- جگە لە دەنگەکانی (ۆ، ە) ڕەگی کار کۆتایی بە هەر دەنگێکی تر هاتبێت، ئەوا کارەکە مۆرفێمی (ێت-êt) وەردەگرێت:**

**دەپرسێت** **danu-sêt**

**دەکڕێت** **da-ki-rêt**

**د- دەشێت دەنگی (ت) ی جیناوی کەسی سێیەمی تاك (ێت، ات) بقرتێنریت، بە مەرجێك ڤاوڵێك بەدوایاندا نەیەت، بەم جۆرە دوو ئەلۆمۆرفی تر بۆ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك پەیدادەبێت ئەوانیش (ا[1]) و (ێ)یە[2]:**

---

[1] - لەم بارەیەوە هەندێك زمانەوان پێیان وایە تەنها (ی) جیناوی لکاوە، هەرچی (ت)ە لەو شوێنانەی کە لەگەڵ (ی)دا دێت تەنها حاڵەتێکی (صرفی-گەردانی)ە:

ا- (( ئەوەی ڕاناو بێت هەر پیتی (ی)ە، پیتی (ت) کە بەدوای پێیەکەدا دێ زیادەیەکی (صرفی، گەردانی)یە دەشێ بمێنێ و دەشێ لەناوبچێ))(مسعوود محەمەد، ٢٠١١، ١٩٠)

ب- هەر لەم بارەیەوە ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: (( تەنها ئەو تاقمە ڕاست بۆی چوون کە (ی) یان وەك کەسی دوەمی تاك دەستنیشانکردووە))( ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ١٢٠)

دەپرسێ danu-sě

دەکڕێ daki-rě

دەخوا dax-wa

دەبا da-ba

و- ئەگەر ڕەگی کاری ڕانەبردوو بە دەنگی (ێ) کۆتایی هاتبوو، یان لە کاری ڕانەبردووی بکەرنادیاردا بۆ کەسێ سێیەمی تاك، جێناوە لکاوەکە لە ڕەگەکەدا دەتوێتەوە و فۆرمی (Ø) لە (ێ) و (ت) لە (ێت) دەمێنێتەوە:

شکاندن > شکێ / دەشکێ+ ێت = دەشکێ+ Ø

دەشکێ +ێت = دەشکێ +Ø +ت

دەشکێنرێ + ێت / دەشکێنرێ + Ø + ت

**٤- کەسی یەکەمی کۆ (ین) سێ فۆرمی هەیە:**

ا- ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا جێناوەکە قاڵبی(yn) وەردەگرێت:

سووتاین su-ta-yn

دەخۆین da-xo-yn

ب- ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبوو، ئەوا جێناوەکە قاڵبی(in) وەردەگرێت:

هاتین ha-tin

دەچین da-cin

ج- ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە دەنگی (ی) هاتبوو ئەوا جێناوەکە قاڵبی(n) وەردەگرێت:

فرین > فڕی / دەفڕی +ین = دەفڕین defry-n –

**٥- کەسی دووەم وسێیەم کۆ (ن) بە دوو شێوە دەردەکەون:**

ا- ئەگەر ئەو دانە ڕێزمانییەی جێناوەکەی پێوەدەلکێت بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو، ئەوا جێناوەکە فۆرمی (n) وەردەگرێت:

ترسان trsa-n

دەبەن daba-n

---

[١] – زمانەوان ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێی وایە کە (( مۆرفێمی (ا) ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی (ێ)یە و گۆڕانی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە: (( (ا) شێوەی مۆرفێمی (ێ) یە و تەنها لەو حاڵەتانەدا پەیدادەبێت کە (ێ) لەپاش هەندێ دەنگەوە ناتوانێ بێت)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ١٢٠)

[٢] – دەربارەی جێناوی لکاوی کەسیی سێیەمی تاك جگە لەو بۆچونە گشتییەی سەرەوە کە پێیوایە کورتکراوەی جێناوەکانی (ات، ێت)ە، بۆچوونیکی تریش هەیە کە تەنها قاڵبی (ا) و (ێ) بە جێناوی لکاو دادەنێت، بڕوانە ( مسعوود محەمەد، ٢٠١١، ١١٥ )

ب- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتبوو ئەوا جێناوەکە لە شێوەی (in)دەردەکەوێت:

**هاتن** **hat-in**

**دەچن** **dec-in**

هەموو مۆرفەکانی جێناوەکانی کۆمەڵەی (B) و (C) لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە[1]:

| B-C | م | نموونه | م | نموونه | م | نموونه | م | نموونه | م | نموونه | م | نموونه | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م | M | Sutã-m | im | hãt–im | – | – | – | – | – | – | – | – | ٢ |
| یت | Yt | Sutã-yt | î t | hãt -î t | î | Hãt -î | y | Sutã-y | – | – | – | – | ٤ |
| ات/ێت | Ãt | Dexw-ãt | ė t | Danus - ėt | ã | Dexw-ã | ė | Dac-ė | ø | hãt -ø | t | firî -t | ٦ |
| ین | Yn | Sutã-yn | î n | hãt–î n | n | firî -n | – | – | – | – | – | – | ٣ |
| ن | N | Sutã-n | in | hãt–In | – | – | – | – | – | – | – | – | ٢ |
| ن | N | Sutã-n | in | hãt –in | – | – | – | – | – | – | – | – | ٢ |

کۆمەڵەی جێناوی (ە، ن) کە تایبەتە بە فەرمانە ڕووکارەوە، تەنها بۆ دوو کەس بەکاردەهێنرێت، ئەوانیش:

**١- کەسی دووەمی تاک (ە) بە دوو شێوەی جیاواز دەنوێنرێت:**

ا- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتبوو ئەوا قاڵبی جێناوەکە (ە)یە[2]، وەك:

**بنووسە** **bnus-e**

**بکرە** **bkr-e**

ب- ئەگەر کارەکە کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا قاڵبی جێناوەکە دەبێت بە (Ø)، واتا تیادەچێت:

**بخۆ** **bíxo- ø**

**بنوو** **bínw-ø**

---

[1] - نەخشەکان لە (وریا عمر ئەمین،٢٠٠٤، ٢٢٢)ەوە .وەرگیراون بەدەستکارییەوە.

[2] - هەرچەند لە کاری (بچۆ) دا لە یاسا لایداوە و دەنگی (ە) گۆڕاوە بۆ (ۆ)، ئەگینا دەبوو (بچە) بوایە، بەڵام وەك دەبینین قاڵبی کارەکە بووە بە (بچۆ)

٣- کەسی دووەمی کۆ (ن)، دوو فۆرمی هەیە:

ا- ئەگەر بناغەی کارەکە بە دەنگی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو ئەوا قاڵبی جێناوەکە قڵبی (in) وەردەگرێت، وەك:

بنووسن bnus-in

بکڕن bikr-in

ب- ئەگەر بناغەی کارەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا جێناوەکە قاڵبی (n) وەردەگرێت، وەك:

بخۆن bxo-n

بکەن bike-n

هەموو قاڵبەکانی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (D) لەم نەخشەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| D | فۆرم | نموونە | فۆرم | نموونە | ژ.فۆرم |
|---|---|---|---|---|---|
| – | – | – | – | – | – |
| ە | E | Binus-e | ø | Bibe-ø | ٢ |
| – | – | – | – | – | – |
| – | – | – | – | – | – |
| ن | N | bixo-n | in | binus-in | ٢ |
| – | – | – | – | – | – |

## ٢/١-٢-١٢) بنەماکانی کار

لە کرۆکی هەموو کارێکدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە (بنەما)ی کردارەکە، ((لە شێوە و ناوەڕۆکی هەموو کارێکدا ڕابردووبێت یان ڕانەبردوو بنەمایەك هەیە کە هەڵگری واتای کارەکەیە و لە قاڵبەکانی کرداردا دووبارەدەبێتەوە و ناگۆڕێت و دەشێ پێی بگوترێت (بنەما).)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٠٦)

زمانی کوردیش وەك زۆربەی زمانەکانی تری لە کاردا بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە خاوەنی دوو بنەمایە، ئەوانیش بنەمای کاتی ڕابردوو و بنەمای کاتی ڕانەبردووە، بە بنەمای کاتی ڕابردوو و دەگوترێت (قەد) و بە بنەمای کاتی ڕانەبردوو دەگوترێت (ڕەگ).

بۆ دۆزینەوەی بنەمای کاتی ڕابردوو (قەد) بەبێ هیچ گۆڕانێك و بەبێ بوونی ناوەزەیەك بە لابردنی نیشانەی (ن)ی چاوگ دەتوانرێت ئەو بنەمایە بدۆزرێتەوە، بەم شێوەیە:

هاتن – ن > هات

خواردن – ن > خوارد

نووسین – ن > نوسی

**هێنان – ن > هێنا**

**چوون – ن > چوو**

**بەلأم بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار[١] جگە لە ڕێگایەکی بنەڕەتی و چەسپاو بە چەندین شێوەی تر دەتوانرێت ڕەگی کار بدۆزرێتەوە، مەبەست لە ڕێگای بنەڕەتی ئەوەیە کە ڕەگی کاری زۆربەی چاوگەکان، چ تێپەڕ و چ تێنەپەڕ، بەلابردنی (ن)ی چاوگ و دەنگەکەی پێشەوەی واتا دەنگی (ا، ی، وو، د،ت) پەیدادەبن، وەك:[٢]**

| | | |
|---|---|---|
| **ا :** | **وەستان – ان > وەست** | **هێنان – ان > هێن** |
| **د :** | **مردن – دن > مر** | **خوێندن – دن > خوێن** |
| **ی :** | **کڕین – ین > کڕ** | **کۆکین – ین > کۆك** |
| **وو :** | **چوون – وون > چ** | **بوون – وون > ب** |
| **ت :** | **کەوتن – تن > کەو** | **گرتن – تن > گر** |

**بەشێکی تری ڕەگی کارەکان بەو ڕێگا بنەڕەتییە نادۆزرێنەوە، بە واتایەکی تر لەم جۆرەیاندا یاسایەکی چەسپاو و دیاریکراو نییە، تاوەکو بە هۆیەوە ڕەگی داهاتوو لە ڕەگی ڕابردوو دەستنیشانبکەین، بەڵکو کۆمەڵە گۆڕانێك بەسەر قاڵبی ڕەگی ڕابردوو (قەد)دا دێت کاتێك ڕەگی داهاتووی لێدروستدەکەین، گۆڕانەکانیش زیاتر کاریگەریی ئاستی فۆنۆلۆجی بەسەر ئەو دوو یەکەی ئاستی مۆرفۆلۆجی (ڕەگ) و (قەد)دا دەردەخەن، ئەمەش بە یاسا مۆرفۆفۆنێمەکان[٣] ناسراوە. لێرەدا هەندێك لەو گۆڕانە مۆرفۆفۆنێمییانە دەخەینەڕوو کە لە ئەنجامی گۆڕینی ڕەگی ڕابردوو بۆ ڕەگی ڕانەبردوو دێنەئاراوە پاش لابردنی مۆرفێمی کاتی ڕابردوو:**

**١- گۆڕینی (ا ) و (ی) بە ( ێ)**

**ژمارد > ژمێر**

**نارد > نێر**

**ویست > وێ**

---

[١] – لێرەدا ئێمە لە ڕوانگە قەدی چاوگەوە بۆ ڕەگی کار دەڕۆین، چونکە بەرانبەر بەم بۆچوونە بۆچوونێکی تریش هەیە کە چاوگی کردووە بە سەرچاوەی دۆزینەوەی ڕەگی کار، (( ڕێزمانی تەقلیدی چاوگی کردووە بە سەرچاوە و لێیەوە ڕەگی ڕابردوو وەرئەگرێ بە لابردنی (ن)ی چاوگ. ... بەلابردنی ئەم (ن)ە ڕەگی ڕابردووی فەرمان دەست ئەکەوێ)) (وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤، ١٣٢)

[٢]– بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ١٢٩)

[٣] – لەم بارەیەوە بڕوانە ( وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤، ١٣٣)

**٢- گۆڕانی (ا) به ( ە)**

دا > دە

**٣- گۆڕینی (i) به (یٚ) و ( ە)**

ڕست > ڕێس

ڕشت > ڕێژ

بردن > بە

خستن > خە

**٤- گۆڕینی (ش، س) به (ژ، ز)**

کوشت > کوژ

ڕشت > ڕێژ

گەستن > گەز

خواست > خواز

**٥- گۆڕینی (ش) به (ڵ)**

هێشت > هێڵ

**٦- گۆڕینی (و) به ( ۆ) دوای لابردنی چەند دەنگێکی کۆتایی ( قەد)ەکە:**

خوارد > خۆ

شوشت > شۆ

**٧- تیاچوونی دەنگ**

گەیشتن > گە

ڕۆیشتن > ڕۆ

## ٢/٢) داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی فارسیدا

زمانی فارسیش هاوشێوەی زمانی کوردی بەشێکی زۆری چەمکە سینتاکسییەکانی لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە بەئەنجامدەگەیەنێت، ئەم مۆرفێمانەش دەچنەسەر بنکە یان بناغە و پێکەوە فۆرمێکی جیاواز بە وشەکە دەبەخشن بەبێ ئەوەی بەشداربن لە دروستکردنی وشەی نوێدا، هەر بۆیە بە مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی ناسراون.

کاتێك ئەم مۆرفێمانە دەچنەسەر بنکەکە، زۆرجار بە هۆکاری فۆنۆلۆجی یان شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن بە زیاد لەیەك فۆرمەوە دەردەکەون، بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازییەکیان هەبێت، واتا دەبن بە ئەلۆمۆرفی یەکتری، ئەمەش دەرخەری پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە و پێکەوە جێگۆڕکێ یان یەکەی مۆرفۆفۆنێمی دێننەئاراوە.

هاوشێوەی پاری یەکەمی بەشی دووەم، سەرەڕای ئاماژەدان بەو مۆرفێمانەی کە بە هۆکاری فۆنۆلۆجی بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن، کە زیاتر مەبستی توێژینەوەکە دەگەیەنێت و دەرخەری پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە بۆ هێنانەئارای ئاستی مۆرفۆفۆنێمی، تیشکیش خراوەتەسەر ئەو مۆرفێمانەی کە بەیەك فۆرمەوە خۆیان دەنوێنن، چونکە بەخستەڕووی هەموو مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی و فارسی، دەتوانرێت پەی بە لایەنی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە ببرێت. مۆرفێمەکانیش ئەمانەن:

## ٢/٢-١) مۆرفێمی بەندی تاك و کۆ

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناو لە زمانی فارسیدا لایەنی ژمارەیە، واتا خستنەڕووی ناوە لە ڕووی ژمارەوە، ئەمەش خۆی لە ناوی تاك و کۆدا دەبینێتەوە، (( ناو لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا لە ڕووی ژمارەوە بۆ دوو دەستە دابەش دەبێت، ئەویش ناوی تاك و ناوی کۆیە))( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ١٠)، خستنەڕووی ناوی تاك و کۆش لە ڕێگای چەند کەرەستەیەکەوە ئەنجامدەدرێت، هەریەکە لەو کەرەستانە سیما و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوەی مەبستی توێژینەوەکەیە، گەیاندنی چەمکی تاك و کۆیە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە.

هەرچەند لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت چەمکی تاك لە زمانی فارسیدا هیچ مۆرفێمێکی نییە (( ناوی تاك لە زمانی فارسیدا هیچ نیشانەیەکی نییە))( حسن انوری، حسن احمدی گیوی، ١٣٦٧، ٧)،( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٨٠)، بەلاَم لە بەرانبەر ئەو بۆچوونەدا، بۆچوونێکی تر هەیە لەگەڵ ئەوەیە، کە ناوی تاکیش هاوشێوەی ناوی کۆ نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە و بە هۆیەوە ئاماژە بۆ تاکییەتی ناوەکە دەکرێت (( زمانی فارسی نەك تەنها بۆ پیشاندانی ناوی کۆ نیشانەی هەیە، بەڵکو تاکیش نیشانەی هەیە... کە لە شێوەی مۆرفێمی سفردایە و دەرنەکەوتووە))( بتول علی نژاد، سید محمد تقی طیب، ١٣٥، ١٦٤) بەڵگەی نوسەر بۆ بۆچوونەکەی ئەوەیە، لەبەرئەوەی وشەیەك ناتوانێت لەیەك کاتدا مۆرفێمی تاك و کۆ پێکەوە وەربگرێت، بۆیە لە کاتی ئامادەنەبوونی مۆرفێمی کۆدا، وشەکە بۆخۆی مۆرفێمی تاکی

وەرگرتووە، (( لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین، ئامادەیی مۆرفێمێك كە چەمكی تاك دەگەیەنێت، ڕێگری دەكات لە هاتنەئارایی نیشانەی كۆ لەسەر وشەكە، بۆیە ڕیزبەندی ناوی كۆ بەپێی ئەم فۆرمولە **دروستدەبێت**))( بتول علی نژاد، سید محمد تقی طیب، ١٣٥، ١٦٤):

**ناو +مۆرفێمی كۆ > ناوی كۆ**

**هاوشێوەی پێكهاتەی ناوی تاك:**

**ناو + مۆرفێمی تاك (سفر) > ناوی تاك**

بەم پێیە، دەتوانین (مۆرفێمی سفر) وەك تاكە مۆرفێمی ناوی تاك لە زمانی فارسیدا دابنێین. بەڵام مۆرفێمی كۆ لە زمانی فارسیدا بە زیاد لەیەك مۆرفێم دەنوێنرێت و هەریەكە لەو مۆرفێمانە تایبەتە بە ژینگەیەكی جیاواز و بەپێی جۆری ناوەكە و ئەو دەوروبەرەی ناوەكەی تێكەوتووە، ئەلۆمۆرفی جیاوازی لێدەكەوێتەوە.

دەربارەی نیشانەی كۆ لە زمانی فارسیدا چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە و زمانەوانەكان بەچەندین شێوەی جیاواز مۆرفێمەكانی نیشانەی كۆیان پۆلێنكردووە، بەڵام ئەو بۆچوونەی تاڕادەیەك هەمووان لەسەری كۆكن، ئەوەیە، كە هەردوو نیشانەی (–ان) و (–ها) بە سەرەكیترین و چالاكترین مۆرفێمی كۆ لەقەڵەمدەدەن (( لە زمانی فارسیدا دوو مۆرفێمی كۆ هەن، ئەوانیش (-ha) و(-an) ە))( علی درزی، ١٣٨٥، ٨٠)، یان دەگوترێت (( لە زمانی فارسیدا دوو مۆرفێمی ڕەسەنی كۆ هەیە ئەوانیش (–ان)و (–ها)یە ))( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٩).

لە پاڵ ئەم دوو مۆرفێمەدا زمانەوانەكان چەندین مۆرفێمی دیكەشیان بۆ نواندنی چەمكی كۆ لە زمانی فارسیدا لەبەرچاوگرتووە، كە زیاتر خۆی لەو مۆرفێمانەدا دەبینێتەوە، كە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی فارسی و چەمكی كۆ دەگەیەنن.

به لەبەرچاوگرتنی مۆرفێمەكانی كۆ و ئەلۆمۆرفەكانی دەتوانرێت بەم شێوەیە مۆرفێمەكان بخرێتەڕوو:




**هێڵكاری ژمارە (١١): ( هێڵكاری ئەلۆمۆرفەكانی مۆرفێمی كۆ لە زمانی فارسیدا)**

ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانە خوارەوە بدەین:

**١–ا– مردان ، زنان**

**١–ب– دانایان، دانشجویان**

**١–پ– گیسُوان، هنُدوان**

**١–ت– بندگان، رفتگان**

**٢–ا– حیوانات، فرمایشات**

**٢-ب- سبزیجات، میوەجات**

**٢-پ- مادیات، رباعیات**

**٣- ا- گوسفٞندها، بچەها**

**٣-ب- چاها، بازیکنا**[١]

**٤- روحانیون، انقلابیون، ساکنین، مهندسین**

**ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە نیشانەی کۆ لە زمانی فارسیدا بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە دەردەکەوێت، هەریەکە لەو فۆرمانەش سنور و بەکارهێنانی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر ئەمەش وایکردووە زمانەوانەکان بەچەندین شێوە مۆرفیمەکانی ( کۆ) پۆلێنبکەن و لە ڕوانگەی کارکردنیان بەپێی جۆری ناوەکە مۆرفیمەکانیان جیاکردووەتەوە. بەم شێوەیە:**

**١- (-ان) دەچێتە سەر ناوی گیاندار، وەك : مادران، دختران، درختتان، بلبلان....**

**٢- (-ها) دەچێتە سەر ناوی بێگیان و ناوی واتایی، وەك : سنگها، کتابها، هوشها...**

**٣- ناوی ڕووەك هەردوو مۆرفیمی (-ان) و (-ها) وەردەگرێت، وەك: درختها، درختتان،گلها، گلان....**

**٤- ئەو وشانەی کە ڕیشەیان زمانی عەرەبییە بە زۆری بە مۆرفیمی (-ات) و ئەلۆمۆرفەکانی کۆدەکرێنەوە. وەك: رباعیات، حیوانات، صلوات...**( حسن انوری، حسن احمد گیوی ١،١٣٦٧،١، ٩٤) و (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٨٦)

**بەڵام لە فارسی ئەمڕۆدا ئەم ڕێسا و یاسایانە بەو شێوەیەی کە خرایەڕوو پەیڕەو ناکرێت و دەتوانێت بەپێی ئەو ژینگەیەی ناوەکەی تیادا بەکارهاتووە مۆرفیمی جیاوازی کۆ وەربگرن (( لە ئەمڕۆدا بەزۆری ئەم ڕێسایانە پەیڕەوناکرێت و زۆربەی وشەکان بە مۆرفیمی (-ها) کۆ دەکرێنەوە))**(ع. خیامپور، ١٣٩، ٣٦)

**بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەوە خستنەڕووی ئەو گۆڕانانەیە کە بە هۆکاری فۆنۆلۆجی یان یاسای داڕشتنی برگە ڕووبەڕووی مۆرفیمی کۆ دەبێتەوە، بۆیە جیاواز لەو پۆلێنکردنەی سەرەوە مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی فارسیدا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێندەکرێت:**

**وەك لە نموونەکانی (١-ا) هاتووە، مۆرفیمی کۆی (-ان) بە ڕەوانی و بەبێ هیچ گۆڕانێك چووەتە سەر ناوەکە و کردوویەتی بە کۆ ((ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبێت ڕاستەوخۆ نیشانەی (-ان) وەردەگرێت))**(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٧٤).

**هەرئەمەش هۆکاری ئەوەیە، کە مۆرفیمی (-ان) بە یەکێك لە چالاکترین و ڕەسەنترین مۆرفیمی کۆ دابنرێت لە زمانی فارسیدا.**

---

[١] – لێرەدا دەنگی (ا) شێوەیەکی تری مۆرفیمی (ها)یە و جیاوازە لە مۆرفیمی (ا)ی بانگهێشت، ئەوەی جیاوازییەکەش دەردەخات ئاوازی دەربڕین و ئەو هێزەیە کە لەسەر دەنگەکە دەردەکەوێت. بۆ نموونە: ئەگەر بگوترێت (دخترا آمدن – کچەکان هاتن ) ئەوە دەنگی (ا) وەکو مۆرفیمی کۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئەگەر بگوترێت (دخترا بیاید – کچەکان وەرن) لێرەدا دەنگی (ا) مۆرفیمی بانگهێشتە.

مۆرفێمی (-ان) جگە لە فۆرمە نەگۆڕەکەی کاتێك دەچێتەسەر ناو، بەهۆی دوادەنگی ناوەکەوە چەندین ئەلۆمۆرفی لێدەکەوێتەوە (( ئەگەر هەرکاتێك وشە تاکەکە کۆتایی بە ڤاولْ هاتبوو، بە پێی یاسای فۆنۆتاکتیکی فارسی کە هاتنی دوو ڤاولْ بەدوای یەکتریدا ڕەوا نییە، بۆیە لە پێش نیشانەی کۆ، یەکێك لە نیمچە کۆنسۆنانتەکانی (گ، ی، و) دێتەئاراوە))(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٧٣)، بەم شێوەیە:

١- ئەگەر ئەو ناوەی مۆرفێمی (-ان) وەردەگرێت (( بە ڤاولْی (ا) کۆتایی هاتبوو، کاتێك مۆرفێمی کۆی دەچێتەسەر لە نێوان ناوەکە و هێماکەدا نیمچە کۆنسۆنانتی (ی) دێتەئاراوە، لەم ڕووەوە فۆرمی مۆرفێمەکە دەبێتە (-یان)، ))‌ (حسن انوری و حسن احمد گیوی٢، ١٣٦٧، ٨٨) وەك لە نموونەکانی (١-ب)دا دەردەکەوێت.

٢- یەکێکی تر لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی کۆی (-ان) بریتییە لە فۆرمی (وان)، وەك لە نموونەکانی (١-پ)دا دیارە، ئەمەش کاتێك بەکاردێت کە (( هەندێك لەو ناوانەی مۆرفێمی (-ان) وەردەگرن، ئەگەر بە دەنگی (و) کۆتاییان هاتبوو، لە کاتی وەرگرتنی مۆرفێمی کۆدا فۆرمی مۆرفێمەکە دەبێت بە (وان)،))( ویدا شقاقی، ١٣٨٠، ٨) وەك:

بازو + وان > بازُوان

ابرو + وان > ابرُوان

ئەمەش واتا ( گۆڕینی دەنگی ( و= u) بە دەنگی (O = ُ)،)(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٨٦)، بەمشێوەیە:

زانو + ان > زانُوان

٣- یەکێکی تر لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (-ان) بریتییە لە مۆرفێمی(- گان)، ئەمەش واتا هاتنەئارای دەنگی (گ[1]) لە نێوان هێماکە و ناوەکەدا، وەك لە نموونەکانی (١-ت)، دیارە(( ئەگەر ئەو ناوەی کە مۆرفێمی کۆ دەچێتەسەری بە دەنگی /e/ و /u/ کۆتایی هاتبوو، کاتێك (-ان) وەردەگرێت، ڤاوڵی کۆتایی ناوەکە تیادەچێت و دەنگی (گ) دەچێتە نێوان ناوەکە و هێماکەوە))(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٠١)، (غلامحسین کریمی دوستان، ٣٤)، بەم شێوەیە:

ستارە + ان > ستارگان

بندە + ان > بندگان

آوارە + ان > آوارگان

ئەگەر سەرنجی نموونەکانی سەرەوە بدرێت، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە مۆرفێمی کۆی (-ان) یەکێکە لە مۆرفێمە چالاك و ڕەسەنەکانی زمانی فارسی و بە هۆکاری فۆنۆلۆجی و مێژوویی چەند

١ - هۆکاری پەیدابوونی دەنگی (گ) پێشینەیەکی مێژوویی هەیە (( ئەو وشانەی مۆرفێمی (گان) وەردەگرن لە فارسی پەهلەویدا لە حاڵەتی تاکدا بە دەنگی (گ) کۆتاییان هاتووە، بۆیە کاتێك دەکرێت بە کۆ، دەنگی (گ) پەیدادەبێتەوە، واتا دەگەڕێتەوە سەر بناغەی وشەکە لە فارسی پەهلەویدا)) ( مهری باقری، ١٣٩٢، ١٤٧)،

ئەلۆمۆرفێکی جیاوازی هەیە (( دەتوانین بڵێین هەریەکە لە مۆرفیمەکانی (gân, yân, vân, ân)[1] ئەلۆمۆرفی یەك مۆرفێمن، و چەمکی کۆ دەگەیەنن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخرێنەڕوو)):( غلامحسین کریمی دوستان، ١٣٨٣، ٣١)

**مۆرفێم**




**ئەلۆمۆرفەکان**

**(–ات) یەکێکی ترە لە مۆرفێمەکانی کۆ لە زمانی فارسیدا، وەك نموونەکانی (٢–ا). زۆربەی زمانەوان لەو باوەڕەدان، کە ئەم مۆرفێمە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی فارسی (( مۆرفێمی (ات) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە))**(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٠١)،(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٧٥) **ئەم مۆرفێمە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەیاندنی چەمکی کۆدا، چونکە (( زۆربەی ئەو وشانەی کە ڕیشەیان زمانی عەرەبییە بە مۆرفێمی (–ات) کۆدەکرێنەوە))**(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ١٨١)، **وەك:**

**اتفاقات، انتخابات**

**هەروەها (( هەندێك وشەی تری فارسیش بە لاسایکردنەوەی عەرەبی بە (–ات) کۆدەکرێتەوە))**(ع. خیامپور، ١٣٩، ٣٦)، **وەك:**

**دهات ، کوهستانات، باغات**

**مۆرفێمی (–ات) کاتێك دەچێتەسەر ناوێك کە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، چەندین ئەلۆمۆرفی جیاوازی دەبێت، بەم شێوەیە:**

**١– یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (–ات) مۆرفێمی (–جات)ە، ئەمەش واتا هاتنەناوەوەی دەنگی (ج) لە نێوان ناوەکە و هێماکە، وەك لە نموونەکانی (٢–ب)دا دەردەکەوێت. (( هەندێك لەو ناوانەی کە بە ڤاوڵی (ا، و، ە، ی) کۆتاییان هاتووە، لە کاتێکدا مۆرفێمی (–ات)ی کۆ وەردەگرێت، فۆرمەکەی دەبێت بە (–جات)[2]. ))**( حسن انوری، حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ٩٢)،(( **ئەمەش بۆ ڕێگرییە لە هاتنی دوو دەنگی ڤاوڵ بەدواییەکدا ))**( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٠٥) **وەك:**

[1] – یەکێکی تر لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (–ان) مۆرفێمی (–کان)ە واتا پەیدابوونی دەنگی (ك) لە نێوان ناوەکە و هێماکە، ئەم ئەلۆمۆرفە تایبەتە بە کۆمەڵە وشەیەکی دیاریکراوی وەك (پلە) و (نیا)، بۆیە بە ئەلۆمۆرفێکی لێکسیکی دادەنرێت، بەم شێوەیە:(ویدا شقاقی، ١٣٨٠،٨)

نیا + کان > نیاکان

پلە + کان > پلەکان

[2] – بە بڕوای (مهری باقری) هۆکاری هاتنی دەنگی (ج) وەك نیمچە کۆنسۆنانت دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمە سەرەکییەکەی کە دەنگی (گ)ە، واتا لەسەر پێوەر (قیاس)ی دەنگی (گ)، دەنگی (ج) بەکاردێت، چونکە گۆڕینی دەنگی (گ) بە دەنگی ( ج ) لە زمانی عەرەبیدا کارێکی ڕێگەپێدراوە. هەروەکو چۆن لەم وشانەدا دەنگی (گ) لە عەرەبیدا گۆڕاوە بۆ (ج): **(مهری باقری، ١٣٩٢، ١٧٥)** ---

**مرباجات**

**داروجات**

**سبيزيجات**

**٢- یەکێکی تر لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (-ات)، ئەلۆمۆرفی (یات)ە، وەك لە نموونەکانی (٢-پ) خراوەتەڕوو. ئەمەش واتا هاتنەئارای دەنگی (ی) لە نێوان ناوەکە و هێماکە (( بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو بنکەیەی کە (-ات) وەردەگرێت بە یەکێك لە بزوێنەکان کۆتایی هاتبێت))**(شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٨٨)**، وەك:**

**مثنوى + ات > مثنويات**

**مادە + ات > ماديات**

**بە سەرنجدان لە نموونەکانی (٢) ئەوە دەردەکەوێت کە هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (-ات، -جات، -یات) بەشێکن لە نیشانەی کۆ لە زمانی فارسیدا و هەموویان ڕیشەیات لە مۆرفێمی (-ات)ی عەرەبییەوە هاتووە (( هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (yât, jât, ât ئەلۆمۆرفی یەك مۆرفێمن و بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ بەکاردێن)) بەم شێوەیە:** (غلامحسین کریمی دوستان، ١٣٨٣، ٣١)

**مۆرفێم**




**ئەلۆمۆرفەکان**

**(-ها) یەکێکی ترە لە مۆرفێمە چالاکەکانی زمانی فارسی بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ (( ئەم گیرەکە لە مۆرفێمی (ihâ)ی فارسی ناوەڕاستەوە وەرگیراوە))**(محسن ابوالقاسمی، ١٣٧، ٣٨) **و لە ئێستادا ئەم فۆرمەی وەرگرتووە. (( ئاسانی لە دەربڕین و ڕەوانی و ئاوازەکەی بێ کاریگەری نییە لە هەڵبژاردنی ئەم مۆرفێمە بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ))** (حسن انوری، حسن احمدی گیوی،١٣٦٧، ٨٧ ) **هەر ئەمەش وایکردووە کە بە یەکێك لە چالاکترین مۆرفێمەکانی کۆ دابنرێت (( (-ها) تەنها پاشگرێکی کۆیە، کە ئازادانە لە فارسی هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی نووسیندا دەچێتە سەر هەندێك ناو و دەیکات بە کۆ))**( علی درزی و لیلا قدیری، ١٣٩٠، ٧٣)،**وەك لە نموونەکانی( ٣-ا)دا دەردەکەوێت.**

---

گوهر > جوهر

گوز > جوز

گرگان > جرجان

مۆرفێمی (–ها) هاوشێوەی مۆرفێمەکانی تر شێوەی جیاوازی هەیە، ئەویش ئەلۆمۆرفی (–ا)یە، ئەویش دوای ئەوەی (( پاشگری (hâ) لە دوای کۆنسۆنانت دەگۆڕرێت بۆ (â)،))(شهرزاد ماهوتیان، ۱۳۹۰، ۱۸۰)، واتا تیاچوونی دەنگی سەرەتای مۆرفێمەکە، ئەمەش کاتێك بەکاردێت کە ناوەکە بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت بە تایبەتی (( لە زمانی ئاخاوتندا نیشانەی (ها) دەگۆڕرێت بۆ (ا)،))( محمد جواد شریعت، ۱۳۷۰، ۱۹۸)، (حسن انوری، حسن احمدی گیوی۲، ۱۳٦۷، ۸۷)، ئاشکرایە مەبەستی سەرەکی ئەم تیاچوونەش ئابووریکردنە، وەك لە نموونەکانی (۳–ب)دا دیارە.

(–ون) و (ین ) دوو مۆرفێمی تری چەمکی کۆن، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی فارسییەوە، وەك لە نموونەکانی (٤)دا دیارە، (( (ون) و (ین) دوو نیشانەی (جمع مذکر سالم)ن لە زمانی عەرەبیدا، کە هەندێك جار لە فارسیشدا بەکاردێن))(محمد جواد شریعت، ۱۳۷۰، ۲۰٦)،وەك:

روحانیون

بازرسین

داوطلبین

(( ئەو وشانەی کە بە ( (یای) نسبت)ی عەرەبی کۆتاییان هاتووە مۆرفێمی (–ون) وەردەگرن ))( حسن انوری، حسن احمی گیوی ۲، ۱۳٦۷، ۹۰)، وەك:

انقلابیون

روحانیون

اعتصابیون

لە هەندێ حاڵەتی تریشدا مۆرفێمی (–ین) بەکاردەهێنرێت ، وەك:

کافرین

مستخدمین

سارقین

لە لێکدانەوەی نموونەکانی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (ان) و (ات) و (ها) لە سەرەکیترین مۆرفێمەکانی کۆن لە زمانی فارسیدا، هەریەکەیان بە هۆکاری فۆنۆلۆجی و بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێی دەکەون چەندین ئەلۆمۆرفی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە و هەموویان پێکەوە گەیەنەری چەمکی کۆن و دەربڕی چەمکی مۆرفۆفۆنێمین.

## ۲/۲–۲) مۆرفێمی بەندی ناسراوی

ناسراوی وەك چەمکێکی ڕێزمانی لە زمانی فارسیدا بیروڕای جیاواز دەربارەی هەیە و زمانەوانان چەندین ڕێگەی جیاواز بۆ ناساندنی ناو دەخەنەڕوو، بەتایبەت لە کاتی ئاماژەکردن بۆ مۆرفێمی بەند لە ڕۆڵی ناساندندا، چونکە ناساندن وەك چەمك بە ئاشکرا لە زمانی فارسیدا هەیە و زمانەوانان کۆکن لەسەری (( لە زمانی فارسیدا ئەو کەرەستانەی کە ناسراوی دەگەیەنن وەك جێناوی نیشانە و

جیناوی کەسی و ناوی تایبەتی بوونیان هەیە، هەروەها بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانە و ئاوەڵناوی ژمارە و پاشگری کۆ کاتێك دەچنەسەر ناو دەتوانن ناو بکەن بە ناسراوی)) ( شهرزاد ماهوتیان،١٣٩٠، ١٨٥).

بەلاّم بیروڕاکان دەربارەی مۆرفێمی بەند جیاوازە و بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکان لەگەڵ ئەوەدان ناوی ناسراوی لە زمانی فارسیدا هیچ نیشانەیەکی دیاریکراوی نییە، بەتایبەت لە زمانی فارسی ستانداردا، (( ناوی ناسراوی لە فارسیدا نیشانەی نییە، و خودی بیٚ نیشانەیی نیشانەی ناسراوییە ))(حسن انوری و حسن احمدی گیوی ٢، ١٣٦٧،٨٤) ، واتە (( هەر کاتێك دوو ناو لە بەردەستماندا بێت، یەکێکیان نیشانەی نەناسراوی پێوەبێت و ئەویتریان نیشانەی لەگەڵدا نەبێت، ئەوا بیٚ نیشانەکە ئاماژەیە بۆ ناوی ناسراوی))( احمد خراسانی، ١٣٢٩، ٤٤). بەلاّم سەرباری ئەوەش چەند مۆرفێمێك هەن لە زمانی فارسی بەتایبەتی لە (ئاخاوتنی ڕۆژانە)دا چەمکی ناساندن دەگەیەنێت (( لە زمانی ئاخاوتندا مۆرفێمەکانی (-َ/ e-) و (-ە/a-) و هەندێجار مۆرفێمی ( -ش) نیشانەی ناسراوین))(محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٨٩). بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| اتوبوسَ خوب بود | ( ئۆتۆبوسەکە باش بوو) |
| مردَ هی داد می زد | ( پیاوەکە بەردەوام هاواری دەکرد) |
| مرده رو دیدم. | ( پیاوەکەم بینی) |
| زنه رو ندیدم. | ( ژنەکەم نەبینی) |
| کتابش بد نبود | ( کتێبەکەی خراپ نەبوو) |
| فیلمش خوب بود | ( فیلمەکەی باش بوو) |

ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین، دەبینین (( مۆرفێمی (e-) فۆرمی بیٚ نیشانەیە و دەرکەوتنی (-a) پەیوەستە بە ژینگەی مۆرفۆفۆنیمییەوە، واتا هەمیشە لە پێش فۆرمی (ro-)ەوە مۆرفێمەکە دەگۆڕێت بۆ (a-)،))(محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٩٠).

کەواتە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەردوو دەنگی (e) و (a) وەك دوو مۆرفێمی ناساندن، چەمکی ناساندن دەگەیەنن (( لە ئاخاوتنی قسەی ڕۆژانەدا دەنگی ( ە) یەکێکە لە نیشانەکانی ناسراوی و دەچێتە کۆتایی ناوەکەوە))(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٢١) وەك :

| | |
|---|---|
| پسره نهار خورد | (کوڕە نانی خوارد) |
| مرده رفت | ( پیاوەکە ڕۆشت) |
| اسبه آمد | ( ئەسپە هات) |

بەلاّم کاتێك ئەم مۆرفێمە (( چووە سەر ناوێك کۆتایی بە دەنگی ( ا) یان ( و) هاتبێت، ئەوا فۆرمی نیشانەی ناسراوی دەبێتە (هه)،))( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٢١) بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| آقاهه | ( مەردەکە) |
| کوتولوهه | ( قەزەمەکە- کورتەبالاّ) |

**مۆرفێمی (e-) فۆرمی بێ نیشانەی ناسراوییە و تەنها لە شێوەی ( ِ )دەردەکەوێت و چەمکی ناساندن دەگەیەنێت، (( یەکێکی تر لە نیشانەکانی ناسراوی مۆرفێمی (–َ) ە، کە دەتوانێت بچێتە سەر ناوی تاك و ناوی گشتی))** (شهرزاد ماهوتیان، ١٣٨٧،١٨٦)، **بۆ نموونە:**

**زنَ هی داد میزد ( ژنە بەردەوام هاواری دەکرد)**

**ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەم دوو مۆرفێمە سەرپشکییە، واتا (( دەتوانرێت بەشێوەیەکی سەرپشکی بدرێتە پاڵ ناوێکی تایبەتی یان گشتی کە بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ بێت))**( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٨٧، ١٩٠) **بۆ نموونە:**

**زنە بە من گفت ( ژنەکە بە منی گوت)**

**ئەگەر چووە سەر بەرکار لەدوایەوە مۆرفێمی (را) دێت، وەك:**

**فیلمەرا دیدم ( فیلمەکەم بینی)**

**(–ش) یەکێکی ترە لە مۆرفێمەکانی ناساندن (( نووسەکی (–ش) لە فارسیدا سەرەڕای ڕۆڵە جیاوازەکانی، هەندێجار وەکو نیشانەیەکی ناسراویش بەکاردێت))[1]** (محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٩٠)، **بۆ نموونە:**

**کتابش بد نبود ( کتێبەکەی خراپ نەبوو )**

**خونەش بد نبود ( ماڵەکەی خراپ نەبوو)**

**یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆرفێمە بەکارهێنانێتی لە ڕۆلی ئەنافۆردا (( ئەم بەکارهێنانەی مۆرفێمی (–ش) دەبێتە هۆی ناساندنی فرێزی ناوی، بەڵام بۆ نیشاندانی ناساندنی ئەنافۆری بەکاردەهێنرێت))**(هەمان سەرچاوە، ٩٠).

**او خود را زد > او خودش را زد ( ئەو لە خۆی دا)**

## ٢/٢–٣) مۆرفێمی بەندی نەناسراویی

**یەکێکی تر لە کەتیگۆرییەکانی ناو لایەنی نەناسراوییە، لە زمانی فارسیدا نەناسراوی لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمی بەندەوە ئەنجامدەدرێت (( زمانی فارسی لەو زمانانەیە کە هەم لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆ و هەمیش لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەکرێت بە نەناسراوی، ئەویش دوای ئەوەی یەکێك لەوانە یان هەردووکیان لەیەك کاتدا پێکەوە دەلکێن بە ناوەکەوە))**(محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٨٨)، **واتا کردەی نەناسراوی لە ڕێگەی مۆرفێمەکانی (–یك) یان (–ی)ەوە، کە ڕیشەی هەردووکیان ژمارە (یەك)ە، ئەنجامدەدرێت. ((نیشانەی نەناسراوی (ی) ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ**

[1] – ئەم ناساندنە زیاتر لە ڕێگەی دانەپاڵەوە دێتەئاراوە.

ژمـاره (یـك) ... ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت لـە ڕووی مێژوویـیـەوە (یـك) و (ی) خـاوەنی ڕیشـەیەکی هاوبەشن))( محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٨٦)، بەم شێوەیە:

مردی خوب ( پیاوێکی باش)

یك مرد خوب ( یەك پیاوی باش)

یك چیزی میگویم... ( یەك شتێك دەڵێم/ شتێك دەڵێم)

ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەیە، ئەنجامدانی کردەی نەناسراوییە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە، بە پێی ئەو کورتە باسەی سەرەوەش بێت، تاکە مۆرفێمی بەند لە زمانی فارسیدا کە کردەی نەناسراوی بنوێنێـت مـۆرفێمی بەنـدی (ی)یـە، (( پاشـگری (ی) نەناسـراوی لـە دوای نـاوەوە دێـت و چـەمکی نەناسراوی دەگەیەنێت ))( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٢١)، بەم شێوەیە:

پسری دیدم ( کورێکم بینی)

کتابی خریدم ( کتێبێکم کڕی)

پەیوەسـت بـە ژینگـەی فۆنۆلـۆجی، زۆرجـار بـەپێی دوادەنگـی ناوەکـە مـۆرفێمی (–ی) بـە چـەند فۆرمێکی جیاوازەوە دەلکێت بە ناوەوە و دەیکات بە نەناسراو، بەم شێوەیە[١]:

١– فـۆرمی (ای) یەکێکـە لـە ئەلۆمۆرفـەکانی مـۆرفێمی نەناسـراوی، بەتایبـەت لەگـەڵ ئـەو ناوانـەی کـە بەدەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، وەك:

خانەای (خانوویەك)

شانەای ( شانەیەك)

٢– هەندێجار لـە نێـوان ناوەکـە و نیشـانەی نەناسـراویدا دەنگـی (ی) یـا ( ئـ ) پەیـدادەبێت، و فـۆرمی نەناسراوی دەبێتە (یی) یان ( ئی)، ئەمەش دوای ئەو ناوانەی کە بەدەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، بەم شێوەیە:

دانایی، خانەیی، دانشجویی... ( دانایەك، خانوویەك، خوێندکارێك)

دانائی، خانەئی، موئی.... (دانایەك، خانوویەك، موویەك)

کەواتـە فـۆرمی سـەرەکی مـۆرفێمی نەناسـراوی لـە زمـانی فارسـیدا، مـۆرفێمی (–ی)یـە، بـەڵام بـە کاریگەری دوا دەنگی ناوەکە، هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (–یی/–ئی، –ای) دەبن بە ئەلۆمۆرفەمانی ئەو مۆرفێمە.

---

[١] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارە فۆرمە جیاوازەکانی مۆرفێمی ( ی )، بڕوانە ( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٢١) و ( شیروان حسین حمد ، ٢٠١٤، ١٨٤)

## ٤-٢/٢) مۆرفێمی بەندی دانەپاڵ ( خستنەسەر)

کردەی دانەپال لە زمانی فارسیدا هاوشێوەی زمانی کوردی لە ئەنجامی دانەپاڵی دیارخەر و دیارخراوەوە دروستدەبێت، دانەپاڵی ئەو دوو کەرەستەیەش بەزۆری لە ڕێگەی مۆرفێمێکەوە ئەنجامدەدرێت پێی دەگوترێت مۆرفێمی دانەپاڵ، بەتایبەتی دوای ئەوەی دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت، چونکە (( ئەگەر دیارخەر پێش دیارخراو بکەوێت پێویستی بە مۆرفێمی خستنەسەر نابێت))( شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٩٤)، وەك:

کدام پسر ( کام کوڕ)

بهترین خونه ( باشترین خانوو)

این نامه ( ئەم نامە)

بەلاّم کاتێك دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت پێویستە مۆرفێمی دانەپاڵ لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا ئامادەبێت، تاکە مۆرفێمیش کە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، مۆرفێمی (ـِ) یە (( دیارخەر (مضاف الیه) بە دوای دیارخراو (مضاف)دا دێت، لەم حاڵەتەدا لە دوای وشەی یەکەم، واتا لە دوای دیارخراوەوە، نیشانەیەك کە (ـِ ) یان (ی) یە، پەیدادەبێت))(پرویز ناتل خانلری، ١٣٦٥، ٨٧)، واتا بەپێی ئەم یاسایە:

دیارخراو + ـِ + دیارخەر

پدر +ـِ + خوب > پدرِ خوب ( باوکی باش)

دست + ـِ + من > دستِ من ( دەستی من)

ئەگەر سەرنجی نموونەکانی سەرەوە بدەین، ئەوە دەردەکەوێت کە مۆرفێمی دانەپاڵ لە شێوەی (کەسرەی عەرەبی)دایە، بەلاّم هەندێجار بەهۆی دوادەنگی ناوە دیارخراوەکەوە بە چەند شێوەیەکی تر خۆی دەنوێنێت، بە واتایەکی تر چەند ئەلۆمۆرفێکی دەبێت (( ئەگەر دیارخراو (مضاف) بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، بەرلەوەی مۆرفێمی ( ـِ) بدریتەپاڵی نیمچە کۆنسۆنانتێکی تر لە نێوان ناوەکە و هێماکەدا دێتەئاراوە، کۆنسۆنانتەکەش بەزۆری دەنگی (ی)یە.))( مهرانگیز نوبهار، ١٣٧٢، ٩٢)، کەواتە مۆرفێمی دانەپاڵ جگە لە مۆرفێمی (ـِ ) چەند شێوەیەکی تریش هەیە، ئەوەش پەیوەستە بە ژینگەی فۆنۆلۆجی ناوە دیارخراوەکەوە، بەم شێوەیە:

١- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی دانەپاڵی (ـِ) بەبێ گۆڕان و وەك خۆی دەمێنێتەوە، وەك:

مردِ تنها mar de̲ tan hâ ( پیاوی تەنها)

یارِ وفادار yâ re̲ va fâ dâr ( یاری وەفادار)

٢- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە دەنگی (ە) کۆتایی هاتبوو، ئەوا (( لەسەر دوا دەنگی ناوەکە دەنگی ( ء ) دەردەکەوێت، یان دەنگی (ی) وەك نیمچە کۆنسۆنانت دەکەوێتە نێوان ناوەکە و هێماکەوە))( حسن انوری، حسن احمد گیوی ١، ١٣٦٧، ١٢٥)(محمد ایرانی، ١٣٨٩، ٧٢)، وەك:

خانهْ / خانهِٕ امید     xâ na ye omid     ( ماڵی ئومێد)
نامهْ / نامهِٕ رسا     nâ ma ye ra sâ     ( نامەی دڵخوان)

٣- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە ڤاوڵی (ا) یان ( و) کۆتایی هاتبوو ، ئەوا دەنگی (ی) وەك ناوبەند دەچێتە نێوان ناوەکە و هێماکەوە.(پرویز ناتل خانلری، ١٣٦٥، ٨٧)، ( محمد ایرانی، ١٣٨٩، ٧٢)، وەك:
دریایِ طوفانی     dar yâ ye tu fâ ni     ( دەریای تۆفانی)
دنیایِ فانی     don yâ ye fâ ni     ( دونیای فانی)
آهویِ صحرا     ʔ ã hu ye sah râ     ( ئاسکی بیابان)
لیموی شیرازی     li mu ye ʃ i râ zi     ( لیمۆی شیرازی)

٤- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە ڤاوڵی درێژی ( ی- i) کۆتایی هاتبوو، ئەوا (( لە دوای ناوەکە دەنگی (ی) وەك ناوبەند دێتە نێوان ناوەکە و هێماکە، بەڵام دەنگی (ی) لە ڕێنوسدا پیشاننادرێت))(محمد ایرانی، ١٣٨٩، ٧٢)، وەك:
ماهیِ دریا     mâ hi ye dar yâ     ( ماسی دەریا)
باقیِ آب     bâ qi ye ʔ ãb     ( پاشماوەی ئاو)

٥- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە جێناوی لکاوی بکەریی دیارخرا، بە تایبەتی (( ئەو جێناوانەی کە بە ڤاوڵی (ـَ) دەستیانپێکردووە - واتا کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك - ئەوا مۆرفێمی دانەپاڵی (ـِ) تیادەچێت))( خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ١٥٨)
کتاب + ـِ + ـَم > کتابَم     ( کتێبەکەم)
دست + ـِ + ـَش > دستَش     ( دەستی)

## ٢/٢-٥) مۆرفێمی بەندی بانگهێشت

کردەی بانگهێشت لە زمانی فارسیدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز و لە ژێر چەند تەوەرێکی جیاوازدا خراوەتەڕوو[1]، بەڵام ئەوەی کە هەموان لەسەری کۆکن، ڕێگاکانی دروستکردن و دیاریکردنی حاڵەتەکانی کردەی بانگکردنە. بۆ حاڵەتەکانی بانگکردنیش ئەم سێ ڕێگایەیان داناوە[2]:
١- بەبێ ئامادەبوون و هاتنی هیچ ئامرازێکی بانگکردن و تەنها لە ڕێگای ئاوازی دەربڕینەوە، وەك:
پدر بیا اینجا.   ( باوکە وەرە بۆ ئێرە.)

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( حسین اقا حسینی، ١٣٩٣، ٢)
[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( حسن انوری، حسن احمد گیوی١، ١٣٦٧، ١١٨) و ( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٨٩) و (شێروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٠٠)

**٢- بەهۆی ئامرازەکانی بانگکردنی (ای ) و (یا)، کە دەچنە پێش ناوە بانگکراوەکەوە، وەك:**
**ای خدا، یا رب ...**
**٣- بەهۆی مۆرفێمی بەندی (ا) کە دەچێتە کۆتایی ناوە بانگکراوەکەوە، وەك:**
**پروردگارا، جانا ...**

**بەسەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە، دەتوانین بڵێین (( ئاشکراترین و دیارترین نیشانەکانی بانگکردن، ئامرازی ( ای) یان (یا) یان دەنگی (ا)یە، لەگەڵ بوونی نیشانەیەکی تر کە تەنها لە ڕێگەی بیستنەوە هەستی پێدەکرێت، ئەویش گۆڕینی ئاوازی دەربڕینەکانە))**( حسین اقا حسینی، ١٣٩٣، ٢).

**ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەوە، ڕێگای سێیەمی دروستکردنی کردەی بانگهێشتە، واتا ئەنجامدانی کردەی بانگهێشت لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی (ا)وە، ئەویش کاتێك دەچێتەسەر ناوێك و کردەی بانگکردن دەگەیەنێت، (( دەنگی (ا) بۆ حاڵەتی بانگهێشت بەکاردێت و دەچێتە کۆتایی وشەکەوە))**(پرویز ناتل خانلری، ١٣٦٥، ٧٧). **وەك:**
**جانا، وزیرا، یارا...**
**بەڵام ئەگەر ناوە بانگکراوەکە کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتوو، ئەوا دەنگی (ی) وەك ناوبەند دێتە نێوان ناوەکە و مۆرفێمی (ا)وە، واتە نیشانەی بانگکردن لەم حاڵەتەدا دەبێت (یا)، کەواتە هۆکاری فۆنۆلۆجی پاڵنەری هاتنەئارای ئەم فۆرمەیە، نەك ئەوەی بە مۆرفێمێکی تری کردەی بانگهێشت دابنرێت، بەم شێوەیە:**[١]
**خدایا، سعدییا.**
**لەم ڕوانگەیەوە، مۆرفێمی (ا) تەنها مۆرفێمە، کە ڕۆڵی بانگهێشت بگێڕێت لە زمانی فارسیدا، بەکاریگەریی هۆکاری فۆنۆلۆجی ئەم مۆرفێمە ئەلۆمۆرفێکی تریش لێدەبێتەوە، ئەویش مۆرفێمی (یا)یە، واتا لێرەدا دیاردە مۆرفۆفۆنێمییەکە بریتییە لە (یا).**

## ٢/٢-٦) ئەسپێکت

**چەمکی کار چەند تایبەتمەندییەکی سینتاکسی هەیە (( یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەستە بە چۆنیەتی بە ئەنجامگەیاندنی کار لە ڕوانگەی ماوەی ئەنجامدان و بەردەوامی و کۆتایی هاتنیەوە، بەم تایبەتمەندییەش دەگوترێت، ئەسپیکت (نمود)،))**(مریم مجیدی، ١٣٨٨، ١٥٢).

[١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٨٩)، (شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٠١)

**ئەم تایبەتمەندییەی کار لە زمانی فارسیدا لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکەوە دەنوێنرێت[1]، ئەوانیش مۆرفیمی بەند و کاری یاریدەدەرە (( لە زمانی فارسیدا بۆ پیشاندانی ڕۆڵی ئەسپێکت، سود لە مۆرفیمی بەند و کاری یاریدەدەر وەردەگیررێت))**(ئەبوبەکر عمر قادر، ۲۰۰۳، ۹۷)، ( مهرداد نغزگوی کهن، ۱۳۸۹، ۹۵).

**پەیوەست بە مەبەستی تویژینەوەکە، تەنها جەخت لەسەر ڕۆڵی مۆرفیمی بەند دەکەین لە گەیاندنی چەمکی ئەسپێکتدا، لەم ڕوانگەیەوە زۆربەی زمانەوانەکان ئاماژە بۆ دوو مۆرفیم دەکەن لە گەیاندنی چەمکی ئەسپێکتدا، ئەوانیش مۆرفیمەکانی (–می ، –ە)یە[2]، بەم شێوەیە:**

**می رفتم / می رفتیم ئەسپێکت بریتییە لە : ( می )**

**می رفتەام / می رفتەایم ئەسپێکت بریتییە لە : ( می، ە)**

**رفتەام / رفتەایم ئەسپێکت بریتییە لە :( ە)**

**بە سەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە تەنها دوو مۆرفیمی بەند بوونی هەیە لە گەیاندنی ڕۆڵی ئەسپێکدا، ئەوانیش مۆرفیمەکانی (–می) و (–ە)یە.**

**(–می) یەکێکە لە ئەسپێکتە چالاکەکانی زمانی فارسی و چەمکی بەردەوامی دەگەیەنێت، (( لە زمانی فارسیدا بۆ خستنەڕووی ئەسپێکتی بەردەوامی پێشگری ( –می) بەکاردێت و دەچێتەسەر ڕەگی ڕابردووی کار))**(ارسلان گلفام، ۱۳۸۹، ۷۲) **تەنانەت دەگوترێت (( کار لە زمانی فارسیدا تەنها ئەسپێکتی بەردەوامی هەیە و لە ڕێگەی مۆرفیمی (–می)یەوە دەنوێنرێت))**( تقی وحیدیان کامیار، ۱۳۸۹، ۵۵)، **هۆکاری ئەم چالاکییەش پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەم مۆرفێمە لەگەڵ زۆربەی دەمکاتەکانی زمانی فارسیدا، بەم شێوەیە:**

| | |
|---|---|
| **ڕابردووی بەردەوام** | **می رفتم / می رفتیم** |
| **رابردووی تەواوی بەردەوام** | **می رفتەام / می رفتەایم** |
| **ڕابردووی (ملموس)** | **داشتم می رفتم / داشتیم می رفتیم** |
| **ڕانەبردووی ڕاگەیاندن** | **می روم / می رویم** |
| **ڕانەبردوی بەردەوام** | **دارم می روم / داریم می رویم** |

**(–ە) یەکێکی ترە لە ئەسپێکتەکانی زمانی فارسی، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێکهاتەی زۆربەی دەمکاتەکانی زمانی فارسیدا، ئەویش دوای ئەوەی لەگەڵ کاری سەرەکی ڕستەدا (ئاوەڵناوی کراو) پێکدێنێت و دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی ئەم دەمکاتانەی خوارەوە:**

| | |
|---|---|
| **ڕابردووی تەواو** | **رفتەام / رفتەایم** |
| **ڕابردووی تەواوی بەردەوام** | **می رفتەام / می رفتەایم** |

[1] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەسپێکت و جۆرەکانی ئەسپێکت لە زمانی فارسی بڕوانە: ( شهرزاد ماهوتیان، ۱۳۹۰)، ( مهرداد نغزگوی کهن، ۱۳۸۹)، ( مریم مجیدی، ۱۳۸۸)

[2] – بۆ زانیاری زیاتر بروانە ( شهرزاد ماهوتیان، ۱۳۹۰، ۲۲۷)، ( ئەبوبەکر عمر قادر، ۲۰۰۳، ۹۷)

ڕابردووی دوور		رفتەبودم / رفتەبودیم
ڕابردووی دوورتر		رفتەبودەم / رفتەبودەایم
ڕابردووی ڕووتی دانانی		رفتە باشم / رفتەباشیم

هەندێجار ئەسپێکتی (ە) ئەگەری دەرنەکەوتنی هەیە بەتایبەت لە زمانی ئاخاوتندا، (( پاشگری ( ـە/ e– ) لە فارسی ئاخاوتندا تیادەچێت))(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢٢٧) بۆ نموونە:

**اینجا شیش سال زندگی کردەایم > انجا شیش سال زندگی کردیم**

بەڵام پەیوەست بە چوارچێوە و مەبەستی توێژینەوەکە، هەریەکە لەم ئەسپێکاتەی هەواڵە ڕووکار بەبێ بوونی هیچ فۆرمێکی جیاواز و بەبێ هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی دەچنە پێکهاتەی کار و وەکو ئەسپێك بەکاردێن، بە واتایەکی تر ژینگەی فۆنۆلۆجی هیچ کاریگەرییەکی نییە لە پێکهاتەی ئەم ئەسپێکتانەدا.

## ٢/٢-٧) ڕووکار

هاوشێوەی زمانی کوردی، زمانی فارسیش سێ ڕووکار[١] لە خۆدەگرێت، ئەوانیش ( هەواڵە ڕووکار) و (دانانییە ڕووکار ) و (فەرمانە ڕووکار)ە[٢]، بەم شێوەیە:

### ٢/٢-٧-١) هەواڵە ڕووکار ( وجه اخباری)

لە ڕووکارە هەواڵدا چەندین فۆرم و دەمکاتی جیاواز هەیە[٣]، بەڵام تەنها هەندێکیان بە هۆی مۆرفێمی بەندەوە دەنوێنرێن، بەم شێوەیە:

**٢/٢-٧-١-١) مۆرفێمی (می):** یەکێکە لە چالاکترن مۆرفێمەکانی هەواڵە ڕووکار [٤]و بەبێ هیچ گۆڕانێك لە هەموو بارودۆخێکدا دەچێتە سەر کارەکە و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەم شێوەیە:

ڕابردووی بەردەوام	/	می رفتند
ڕاردووی ملموس ( ناتمام)/	داشتند می رفتند

[١] – لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری زمانەوانەکان لەگەڵ بوونی سێ ڕووکاری سەرەکی دان لە زمانی فارسیدا، بەڵام هەندێکی تر ئاماژە بۆ زیاتر لە سێ ڕووکار دەکەن، بڕوانە: ( خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ٢٤٣)، ( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢٣١)، ( ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٠٢)

[٢] – بۆ زانیاری زیار دەربارەی ڕووکار لە زمانی فارسی بڕوانە: ( حسن انوری / حسن احمد گیوی٢، ١٣٦٧، ٧٣)، ( تقی وحیدیان کامیار ١، ١٣٨٩، ٥٣)

[٣] – بڕوانە: ( ٣/ ٢/ ١٠)

[٤] – تەنانەت زۆرجار دەگوتریت هەواڵە ڕووکار تەنها یەك مۆرفێمی هەیە ئەویش مۆرفێمی (–می)یە (شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢٣١)

**ڕابردووی تەواوی بەردەوام /   می رفتەاند**
**ڕانەبردو   /   می روند**
**ڕانەبردووی مەلموس(ناتمام)/  دارند می روند**

**٢/٢-٧-١-٢) مۆرفیمی (ە)**: یەکێکە لەو مۆرفێمانەی، کە هەرچەند بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕۆڵی نییە لە پێکهاتەی کاردا، بەڵام دەچێتە پێکهاتەی کار و چەند دەمکاتێك پێکدەهێنێت، بەم شێوەیە:

**ئاوەڵناوی کراو ( بناغەی ڕابردوو + ە) + جێناو**

**ڕابردووی تەواو /  رفتەام**
**ڕابردووی تەواوی بەردەوام / می رفتەام**

**ئاوەڵناوی کراو ( بناغەی ڕابردوو+ ە) + بود + جێناو**

**ڕابردووی دوور / رفتەبودم**
**ڕابردووی دوورتر/ رفتەبودەام**

**٢/٢-٧-١- ٣) مۆرفیمی ( Ø)**: کاری ڕابردووی سادە (نزیك) لە هەردوو حاڵەتی تێپەڕ و تێنەپەڕدا لە شێوەی مۆرفێمی سفردایە و هیچ مۆرفێمێکی نییە، بەم شێوەیە:
**خواند، رفت، شروع کرد،**

**٢/٢-٧-٢) مەرج و دانانییە ڕووکار (وجه التزامی)**

لە ڕووکاری مەرج و دانانیدا جگە لە بوونی مۆرفێمەکانی ڕووکارە هەواڵ[١]، مۆرفێمی (–بِ/be-) بەشداری دەکات لە سازکردنی کاری ڕانەبردووی دانانی و دەچێتەسەر ڕەگی کار، بۆ نموونە:

**میخواهم بِروم  میخواهیم بِرویم**
**میخواهی بِروی  میخواهید بِروید**
**میخواهد بِرود    میخواهند بِروند**
**بِخرم  بِخریم**
**بِخری  بِخرید**
**بِخرد بِخرند**

---

[١] – ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (می ) و (–ە) بەشدارن لە سازکردنی پێکهاتەی کاری دانانی و بەبێ هیچ گۆڕانێکی دەنگی لەگەڵ دەمکاتی ڕابردووی ڕووتی دانانی و ڕابردووی بەردەوامی دانانی و ڕابردووی و کاتی ئێستادا بەکاردێن، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ڕابردووی ڕووت: | رفتەباشم | رفتەباشیم |
| ڕابردووی بەردەوام: | داشتم می رفتم | داشتیم می رفتیم |
| دەمی ئێستا : | می خواهم بروم | میخواهیم برویم |

نیشانەی (بِ/be) کاتێ دەچێتەسەر ڕەگی کار بە هۆی ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە زیاد لە یەك فۆرمی هەیە، واتا چەند ئەلۆمۆرفێمی تری هەیە، ئەوانیش فۆرمەکانی (بُ/bo) و (بی/bi-y)یە.

مۆرفێمی (بُ/bo) کاتێك بەکاردێت کە لە پێکهاتەی ڕەگی کارەکە، یان بەواتایەکی تر ڤاوڵی ڕەگەکە دەنگی (و/o) بێت، ئەمەش واتا دەنگی ڤاوڵی ڕەگەکە کاردەکاتە سەر نیشانەی کارەکە و وەکو خۆی لێدەکات (مهری باقری،١٣٨٧، ١٢٦)، بەم شێوەیە:

ب + خور + م > بُخورم      be + xuram > boxuram

ب + دو+ یم > بُدویم      be + duyd > boduyim

مۆرفێمی (بی/bi-y) کاتێك بەکاردێت کە دەنگی سەرەتای ڕەگی کارەکە دەنگێکی ڤاوڵ بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا دوو دەنگی ڤاوڵ دەکەونە تەنیشت یەك، بۆیە بۆ ڕێگری لەم حاڵەتە دەنگی (ی) وەکو نیمچە کۆنسۆنانت دێتە ئاراوەوە و فۆرمی نیشانەکە دەبێت بە (بی/bi-y)، بەم شێوەیە:(ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٦٦)

ب + آ + م > بیام      be + â + m > beyâm

سەرنج: نیشانەی (بِ/be)ی دانانی هەندێکجار دەرناکەوێت، ئەویش کاتێکە کە کارەکە کارێکی لێکدراوبێت، بەتایبەتی لە کاتی ئاخاوتندا.(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢٣٤)، بەم شێوەیە:

کاربکنم > کارکنم

اعلام بکنم > اعلام کنم

### ٢/٢-٧-٣) فەرمانە ڕووکار

فەرمانە ڕووکار لە زمانی فارسیدا لە ڕێگەی مۆرفێمی (بِ/be)ەوە ئەنجامدەدرێت ئەویش دوای ئەوەی دەچێتەسەر ڕەگی کار، بەم شێوەیە:( تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩، ٥٥)

بِروØ      بِروید

بِخوانØ      بِخوانید

بِنویسØ      بِنویسید

مۆرفێمی ( بِ)ی فەرمانە ڕووکار جگە لەو فۆرمە سەرەکییەکەی بە هۆکاری فۆنۆلۆجی چەند ئەلۆمۆرفێمی تری هەیە، بەم شێوەیە:

(بُ) یەکێکە لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی (بِ) و کاتێك بەکاردێت کە ڤاوڵی ڕەگەکە دەنگی (و) بێت، بەم شێوەیە: (مهری باقری،١٣٨٧، ١٢٦)، ( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢٣٤)

ب + خور > بُخور      be + xur > boxur

ب + دو > بُدو      be + bu > bodu

**ئەگەر هاتوو ئەو بناغەیەی کە نیشانەی (ب) داخوازی وەردەگرێت بە دەنگی (آ) دەستپێکردبوو، ئەوا لە نێوان نیشانەکە و بناغەکەدا دەنگی (ی) پەیدادەبێت، بەم شێوەیە:**(محمد جواد شریعت، ۱۳۷۰، ۱۵۷)

**بِ + آ > بیا**

**ئەگەر دەنگی (بِ) لە پێش دەنگی ( یـُ) یان ( اِ )ەوە بێت، ئەوا دەنگی سەرەتای ڕەگەکە دەگۆڕرێت بۆ (یـ) شێوەیە:**( هەمان سەرچاوە، ۱۵۷)

**انداز > بِیَنداز**

**افتاد > بیُفت**

**سەرنج: نیشانەی (بِ) فەرمانە ڕووکار، ئاساییە لە کاری لێکدراودا، بە تایبەتی لە زمانی ئاخاوتندا دەرنەکەوێت، بەم شێوەیە:**( هەمان سەرچاوە، ۱۵۷)

**کمکش بکن > کمکش کن**

**آغازبکن > آغازکن**

## ۲/۲-۸) مۆرفێمی بەندی نەرێکردن

**ناکردن وەك کردە یەکی ڕێزمانی لە زمانی فارسیدا جگە لە مۆرفێمی بەند لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکی تریشەوە دەنوێنرێت (( شێوازی جۆراوجۆر بۆ گەیاندنی کردەی ناکردن لە زمانی فارسیدا بەکاردێت، لەوانە سودوەرگرتن لە ئاوەڵکاری نەریٚ، و پێوەلکاندنی پێشگری (ـنَ) ی نەریٚ بۆ سەر کار))** (ویدا شقاقی، ۱۳۸۱، ۸۸) **ئەوەی پەیوەستبێت بە مەبەستی توێژینەوەکە ئەنجامدانی کردەی ناکردنە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی ڕێزمانییەوە.**

**گرنگترین مۆرفێمی ناکردن لە زمانی فارسیدا مۆرفێمی بەندی (ـنَ / na-)یە، کە دەچێتەسەر کار و لە ئەرێوە دەیکات بە نەریٚ (( ناکردن لە زمانی فارسیدا لە ڕێگەی مۆرفێمی (ـنَ) ەوە ئەنجامدەدرێت، کە دەچێتە کۆتایی کار))**(ژیلر لازار، ۱۳۸۹، ۱۹٤) و ( تقی وحیدیان کامیار،۱۳۸۹، ٦۲)، ( حسن انوری، حسن احمدی گیوی۱، ۱۳٦۷، ۷٦). **بەم شێوەیە:**

**رفتم > نَرفتم ( ڕۆشتم > نەڕۆشتم)**

**رفته ام > نَرفته ام ( ڕۆشتووم > نەڕۆشتووم)**

**برو > نَرو ( بڕۆ > نەڕۆ)**

**مۆرفێمی بەندی ناکردنی (ـنَ) وەك سەرەکیترین مۆرفێمی ناکردن کاتێك دەچێتە سەر کار، بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجییەوە، چەند گۆڕانێك لە فۆرمەکەیدا بەدیدێت، بەم شێیوەیە:**

**١- پێشگری ناکردن کاتێك دەچێتەسەر مۆرفێمی (می) فۆرمەکەی لە ( -نَ/na) ەوە دەگۆڕێت بۆ ( -نِ/ne-)[١]، ئەمەش واتا بە (( کاریگەری دەنگی سەرەتای مۆرفێمی (می)، فۆرمی مۆرفێمی ناکردن بەپێی یاسای وێکچوون لەگەڵ خۆی هەماهەنگی دەکات ))**(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ١٩٨)**، بەم شێوەیە:**

na + mi + xore > nemixore
na + mi + ram > nemiram
na + mi xâm > nemixâm

**٢- ئەگەر مۆرفێمی بەندی (-نَ) چووەسەر کارێك بە دەنگی (آ) دەستیپێکردبوو، ئەوا لە نێوان مۆرفێمی ناکردن و کارەکەدا دەنگی (ی) پەیدادەبێت، بەم شێوەیە[٢]:**

**آمد > نَیامد ( هات > نە هات)**

**آموخت > نَیاموخت ( فێربوو > فێرنەبوو)**

**٣- ئەگەر ئەو کارەی کە مۆرفێمی ناکردنی (-نَ) وەردەگرێت بە دەنگی ( اَ) یان (اُ) دەستیپێکردبوو، ئەوا دەنگی (اَ) و (اُ) دەگۆڕێن بۆ (ی)، بەم شێوەیە:**(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٣٧)

**اُفتاد > نیفتاد ( کەوت > نەکەوت)**

**اَنداخت > نینداخت ( خستی > نەیخست)**

**کەواتە مۆرفێمی ( -نَ) سەرەکیترین مۆرفێمی ناکردنە لە زمانی فارسیدا و بەکاریگەری دەنگی سەرەتای کارەکە چەند ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، ئەوانیش (-نَ) و (-نَی/ na-y).**

**(-مَ ) یەکێکی ترە لە مۆرفێمەکانی ناکردن لە زمانی فارسیدا، ئەم مۆرفێمە چالاکییەکی ئەوتۆی نییە و تایبەتە بە کاری داخوازی و سنورێکی دیاریکراوی هەیە (( نیشانەی (-مَ)ی نەهی لە ئەدەبیاتی فارسیدا زیاتر بەکاردێت))**(پرویز ناتل خانلری، ١٣٦٥، ١٢٧)**، واتا ئەم مۆرفێمە زیاتر پەیوەستە بە بواری ئەدەبیاتەوە و کەمتر لە زمانی نووسیدا بەکاردێت، بەتایبەت لە ئێستادا بەکارهێنانی تەسکتربووەتەوە و مۆرفێمی (-نَ) جێگەی گرتووەتەوە (( مۆرفێمی (-مَ) شێوەی کۆنی نیشانەی نەرێی داخوازییە))**( حسن انوری و حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ٧٦)**، بەم شێوەیە:**

**بگو > مگو > نگو ( بڵێ > مەڵێ > نەڵێ)**

**بشنو > مشنو > نشنو ( ببیستە > مەبیستە > نەبیستە)**

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٩٥)، (محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٣٧)، تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩، ٦٢)

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٣٧)، ( ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٩٤)

**هاوشێوەی مۆرفێمی (–نَ)، مۆرفێمی (–مَ)ش بە کاریگەری دەنگی سەرەتای کارەکە فۆرمەکەی دەگۆڕێت، (( ئەگەر کاری سەرەکی بە دەنگی (اَ) و (اُ) دەستیپێکردبوو ئەوا لە کاتی وەرگرتنی مۆرفێمی ناکردندا، دەنگی سەرەتای کارەکە دەگۆڕێت بۆ (ی)، بەڵام ئەگەر کارەکە بە دەنگی (آ) دەستیپێکردبوو ئەوا لە نێوان هیماکە و کارەکە دەنگی (ی) دێتەئاراوە ))**(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٩٨)، **بەم شێوەیە:**

**اَنداختن > اَنداز > مَ + اَنداز > مَیَنداز ( مەیخە)**

**اُفتادن > اُفت > مَ + اُفت > مَیُفت ( مەکەوە)**

**آمد > آ > مَ + آ > مَیا ( مەیە)**

**(– نی) یەکێکی ترە لە مۆرفێمەکانی ناکردن لە زمانی فارسیدا، کە لە سنورێکی زۆرتەسکدا بەکاردێت و تەنها تایبەتە بە (( ڕەتکردنەوەی کاری بوون/ هەبوون))**(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١٠٤)، **بەم شێوەیە:**

**من دانشجو هستم > من دانشجو نیستم ( من خوێندکارم > من خوێندکار نیم)**

**من کُردم > من کُرد نیَم ( من کوردم > من کورد نیم)**

## ٢/٢–٩) مۆرفێمی بەندی تێپەڕاندن

**مەبەست لە چەمکی تێپەڕاندن، گۆڕینی توانای کارە لە تێنەپەرەوە بۆ تێپەڕ، ئەم کردەیەش لە زمانی فارسیدا لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە ئەنجامدەدرێت.**

**زمانەوانان لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو مۆرفێمەی کە چەمکی تێپەڕاندن ئەنجامدەدات هاوڕانین و هەریەکە لە مۆرفێمەکانی (ان)[١]، (اند/ انید)[٢] ، (اندن/انیدن)[٣] بەپێی بۆچوونی زمانەوانان مۆرفییمی چەمکی تێپەڕاندنن.**

**ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین:**

**رسیدن > رس > رساندن / رسانیدن ( گەیاندن)**

**خوابیدن > خواب > خواباندن / خوابانیدن ( خەواندن)**

**دویدن > دو > دواندن / دوانیدن ( تاودان/ غار پێدان)**

**لرزیدن > لرز > لرزاندن/ لرزانیدن ( لەرزاندن)**

---

[١] – بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩، ٦٣)، (ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ٣٢١) (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١١١ ) ، (شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ١٩٩)

[٢] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ع. خیامپور، )، (ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ١١١)

[٣] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١١١)(حسن انوری، حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ٦٣)، ( یوسف شریف، ٢٠١٣،١٦٢)

**سوختن > سوز > سوزاندن / سوزانیدن ( سوتاندن)**

**نشستن > نش > نشاندن / نشانیدن ( دانشاندن)**

**خندیدن > خند > خنداندن/ خندانیدن ( پێکەناندن)**

**ئەوە ڕووندەبێتەوە،کە تەنها مۆرفێمی (ان) گەیەنەری چەمکی تێپەڕاندنە، نەك (اند) یان (اندن/ انیدن)، چونکە نموونەکانی سەرەوە هەڵگری سێ جۆر مۆرفێمی بەندن، ئەوانیش مۆرفێمی (ن)ی نیشانەی چاوگ و مۆرفێمی (د)ی نیشانەی کات و مۆرفێمی تێپەڕاندنی (ان)ە، بەم پێیە (( پاشگری (ان-an) کاری تێپەڕ درووستدەکات، دوای ئەوەی دەچێتەسەر ڕەگی کار، ئەم کارەش بە وەرگرتنی نیشانەی کات (د-d) یان (ید-id) درووستدەکرێت ))**( ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ٣٢١)**، بەم شێوەیە:**

**فهمیدن > فهم + ان + د = فهماند ( تێگەیاند)**

**پەیوەست بە توێژینەوەکەوە، پێویستە بگوترێت، مۆرفێمی (ان) لە هەموو هەلومەرج و ژینگەیەکی جیاوازی فۆنۆلۆجیدا بەبێ هیچ گۆڕانێك دەچێتە سەر ڕەگی کار و بەشداردەبێت لە گەیاندنی چەمکی تێپەڕاندندا.**

## ٢/٢-١٠) مۆرفێمی بەندی نادیاری

**چەمکی نادیاری لە زمانی فارسیدا[١] لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆوە ئەنجامدەدرێت، نەك مۆرفێمی بەند (( کاری نادیاری زیاتر لە ڕێگەی ئاوەڵناوی کراو (صفت مفعولی) و کاری یاریدەدەری (شدن)ەوە دیتەئاراوە ))**(خسروفرشیدورد، ١٣٨٨، ٢٦٩)**، وەك:**

**دیده شد ( بینرا)**

**کشتەشد ( کوژرا)**

**بردەشد ( برا)**

**ئەویش دوای ئەوەی کرداری سەرەکی ڕستەکە لەگەڵ مۆرفێمی (ە)دا، ئاوەڵناوی کراو (صفت مفعولی) سازدەکەن و کرداری یاریدەدەری (شدن) بەپێی کەس و ژمارە دەچێتە دوای (صفت مفعولی)یەکە و، چەمکی نادیاری دەگەیەنن (( کاری نادیاری لە صفت مفعولی (بناغەی کاری ڕابردوو + ە) و کرداری یاریدەدەری (شدن) دروستدەکرێن ))**(حسن انوری، حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٨، ٦٥)**، بەم شێوەیە:**

**خریده شد ( کڕرا)**

---

[١] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چەمکی نادیاری و جۆەکانی نادیاریی لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: ( خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨)

**خریده شده‌بود ( کڕابوو)**

**خریده می شد ( ده‌کڕرا)**

**خریده می شود ( ده‌کڕرا)**

**به‌ وردبوونه‌وه‌ له‌ نمونه‌کانی سه‌ره‌وه‌، ئه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێت، كه‌ هه‌رچه‌ند به‌ هۆی مۆرفێمی سه‌ربه‌خۆوه‌ چه‌مكی نادیاریی دروستده‌كرێت، به‌ڵام به‌ شێوه‌یه‌كی ناڕاسته‌وخۆ مۆرفێمی به‌ندی (ه)ش به‌شداره‌ له‌ سازكردنی پێكهاته‌ی نادیاریدا.**

**په‌یوه‌ست به‌ مه‌به‌ستی توێژینه‌وه‌كه‌وه‌، مۆرفێمی به‌ندی (ه) له‌ هه‌موو هه‌لومه‌رج و ژینگه‌یه‌كی جیاوازی فۆنۆلۆجیدا به‌بێ هیچ گۆڕانێك ده‌چێته‌سه‌ر بناغه‌ی كار و به‌شداره‌بێت له‌ سازكردنی چه‌مكی نادیاریدا.**

## ۱۱-۲/۲) مۆرفێمی به‌ندی گه‌ردانكردنی كردار

**بۆ ئه‌وه‌ی كار ئاماژه‌ بۆ كه‌س و ژماره‌ی جیاواز بكات پێویسته‌ فۆرمی جیاواز بنوێنێت، ئه‌م فۆرمه‌ جیاوازه‌ش به‌ جێناوه‌ لكاوه‌كان سپێرراوه‌ و به‌گه‌ردانكردنی كار ناسراوه‌ (( گه‌ردانكردنی كار به‌پێی كه‌س و ژماره‌ و پاتبوونه‌وه‌ی بێ سنوریان به‌ جێناوه‌ كه‌سییه‌ لكاوه‌كان سپێرراوه‌))**( ئه‌بوبه‌كر عمر قادر، ۲۰۰۳، ۱۰۵).

**گه‌ردانكردنی كار له‌ زمانی فارسیدا له‌ ڕێگه‌ی ده‌سته‌یه‌ك له‌ جێناوی لكاوه‌وه‌ ئه‌نجامده‌درێت كه‌ به‌ جێناوی لكاوی بكه‌ریی یان (شناسه‌)[1] ناسراوه‌، چونكه‌ ئه‌م جێناوانه‌ هه‌میشه‌ له‌ ئه‌ركی بكه‌ریدا ده‌رده‌كه‌ون و ده‌چنه‌ كۆتایی ڕه‌گ یان بناغه‌ی كار (( ئه‌م جێناوانه‌ كه‌ به‌ (شناسه‌)ش ناسراون ده‌چنه‌سه‌ر ڕه‌گ یان بناغه‌ی كار))**(محمد جواد شریعت،۱۳۷۰، ۲۳٤).

**ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ جێناوه‌ به‌پێی كه‌س و ژماره‌ به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ پۆلێنده‌كرێت:**

| | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| كه‌سی یه‌كه‌م | am (َم) | im( یم) |
| كه‌سی دووه‌م | i (ی) | Id( ید) |
| كه‌سی سێیه‌م | d، ø (د)( ø) | and،An (َاند) |

**ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ جێناوه‌ به‌پێی كه‌س و ژماره‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو ده‌مكاته‌كاندا به‌ پێی ڕووكاره‌كان به‌كاردێن و له‌ گه‌ردانكردنی كاردا به‌شدارن[2] به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌[3]:**

[1] – شناسه (( به‌شێكه له كار، كه له هه‌ر ڕێژه‌یه‌كدا ده‌گۆڕێت و چه‌مكی كه‌س و ژماره‌ی كار له‌خۆده‌گرێت )) (پرویز ناتل خانلری، ۱۳٦٥،۲٥)

[2] –بۆ زانیاری زیاتر ده‌رباره‌ی گه‌ردانكردنی كار به‌پێی ڕێژه‌كانی كار له زمانی فارسیدا، بڕوانه:( حسن انوری و حسن احمدی گیوی۱، ۱۳٦۷،۱، ۳۹)، ( ئه‌بوبه‌كر عمر قادر،۲۰۰۳، ۱۰٦) و ( یووسف شه‌ریف سه‌عید، ۲۰۱٤، ۲۲۳)

[3] – شێوازی داڕشتنی كاره‌كان و نموونه‌كان له (ئه‌بوبه‌كر عمر قادر، ۲۰۰۳)وه وه‌رگیراوه.

## هەواڵە ڕوکار

**ڕابردووی ڕووت (ماضی مطلق)**

رفتم رفتیم

رفتی رفتید

رفت رفتند

**ڕابردووی بەردەوام (ماضی استمراری)**

می رفتم می رفتیم

می رفتی می رفتید

می رفت می رفتند

**ڕابردووی تەواو (ماضی نقلی)**

رفتەام رفتەایم

رفتەای رفتەاید

رفتەاست رفتەاند

**ڕابردووی تەواوی بەردەوام ( نقلی استمراری)**

می رفتەام می رفتەایم

می رفتەای می رفتەاید

می رفتەاست می رفتەاند

**ڕابردووی دوور (ماضی بعید)**

رفتەبودم رفتەبودیم

رفتەبودی رفتەبودید

رفتەبود رفتەبودند

**ڕابردووی دوورتر (ماضی ابعد)**

رفتەبودەام رفتەبودەایم

رفتەبودەای رفتەبودەاید

رفتەبودەاست رفتەبودەاند

**ماضی ملموس**

داشتم می رفتم داشتیم میرفتیم

داشتی میرفتی داشتید می رفتید

داشت Ø می رفت داشتند می رفتند

**ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ( مضارغ اخباری )**

می روم   می رویم

می روی  می روید

می رود    می روند

## مەرج و دانانە ڕووكار

**ڕابردووی ڕووت (ماضی مطلق)**

رفتەباشم   رفتەباشیم

رفتەباشی رفتەباشید

رفتەباشد  رفتەباشند

**ڕانەبردووی دانانی (مضارع ئیلتزامی)**

بروم  برویم

بروی  بروید

برود  بروند

## داهاتوو

خواهم رفت  خواهیم رفت

خواهی رفت  خواهید رفت

حواهد رفت  خواهند رفت

## فەرمان ڕووكار

برو  بروید                    بخوان  بخوانید

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەكە، هەندێك لەم جێناوانە كاتێك دەچنەسەر ڕەگ یان بناغەی كار لە هەندێك حاڵەتدا بە زیاد لەیەك فۆرمەوە خۆیان دەنوێنن:

١- لە كاتی گەردانكردنی كار بۆ دەمكاتی (ڕابردووی تەواو) و ( ڕابردووی تەواوی بەردەوام ) و ( ڕابردووی دوورتر) فۆرمی جێناوەكان دەگۆڕێت بۆ ( ام، ای، است – ایم، اید، اند) ئەمەش واتا

سازکردنی ئاوەڵناوی کراو (بناغە + ە) لە کارەکە و هێنانە ناوەی مۆرفێمی (ا) لە نێوان ئاوەڵناوەکە و جێناوەکە[1].

٢- فۆرمی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەمکاتی (ڕابردووی ڕووت) و ( ڕابردووی بەردەوام) و ( ڕابردووی ملموس) و ( داهاتوو) و ( فەرمانە ڕووکار بۆ کەسی دووەمی تاك) مۆرفێمی سفرە، واتا هیچ جێناوێکی نییە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە[2].

٣- لە هەندێك حاڵەتدا لە زمانی فارسی ئاخاوتندا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك و کۆ لە مۆرفێمی (ad) و (and) ەوە دەگۆڕێت بۆ (d) و (an) ئەمەش کاتێکە کە ((ئەگەر ڕەگی کار بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو لە فارسی ئاخاوتندا جێناوی کەسی سێیەمی تاك و کۆ دەگۆڕێت بۆ (d)، (an).))(ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٦٥)، بەم شێوەیە:

**میخواهد > میخواد ( دەیەوێت )**

**میخواهند > میخوان (دەیانەوێت)**

٤- هەندێکجار فۆرمی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە ڕانەبردووی ڕاگەیاندا دەگۆڕێت بۆ (ە)، بەم شێوەیە[3]:

**شیوا درس میخواند > شیوا درس میخونە (شیوا وانە دەخوێنێت)**

٥- کاتێك چاوگی (بودن) بەپێی کەس و ژمارە بۆ دەمی ئێستا گەردانەدەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێندەکرێت: (شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢١٦)

| نووسەکەکانی کاتی ئێستای چاوگی (بودن) | | |
|---|---|---|
| | تاك | کۆ |
| کەسی یەکەم | am (َم) | im( یم) |
| کەسی دووەم | i (ی) | Id( ید) |
| کەسی سێیەم | ast,st,s,e,(ە،س،ست،اس) | and (اند) |

وەك لە خشتەکەدا دیارە فۆرمی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە دەردەکەوێت (( لە پێکهاتەی کاری (بودن)دا جگە لە کەسی سێیەمی تاك هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە فۆرمی جێناوەکانی تردا ڕوونادات، بەڵام جێناوی کەسی سێیەمی تاك چەند فۆرمێکی تری هەیە بەتایبەت لە کاتی ئاخاوتندا))(ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٦٧)، واتا (( مۆرفێمی (است) کە شێوەی سەرەکی مۆرفێمەکەیە بەلایەنی کەمەوە پێنج ئەلۆمۆرفی هەیە))(مهری باقری، ١٣٩١، ١٥٤)، بەم شێوەیە:

**فردا دیر است. است ast (سبەینێ درەنگە)**

---

[1] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : ( حسن انوری، حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ٤٣)، ( یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٤، ٢٢٦)

[2] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( حسن انوری، حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ٤١)،

[3] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ٢١٤)

او دوست منَست    سَت    ast    ( ئەو هاوڕێی منە)

رضا پیش ماست    ست    st    ( ڕەزا لای منە)

کتاب من کجاس    س    s    ( کتێبی من لە کوێیە)

این پدر منە    ە    e    ( ئەمە باوکی منە)

٦- کاتێک گەردانکردنی چاوگی (هستن) بە جێناوە لکاوکان دەسپێرێت، بەپێی دوادەنگی ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی پێوەدەلکێت فۆرمی جێناوەکە دەگۆڕێت. بەم شێوەیە[١]:

ا- ئەگەر ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی پێوەدەلکێت بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت، ئەوا جێناوەکان بەبێ گۆڕان دەچنە کۆتایی کەرەستەکەوە. وەك:

پاکم    پاکیم    پاکم    پاکین

پاکی    پاکید    پاکیت    پاکن

پاك است    پاکند    پاکە    پاکن

ب- ئەگەر ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی پێوەدەلکێت بە دەنگی (ە) غیر ملفوظ کۆتایی هاتبوو، ئەوا فۆرمی جێناوەکە دەبێت بە ( ام، ای، است- ایم، اید، اند). وك:

خستەام    خستەایم    ماندوم    ماندوین

خستەای    خستەاید    ماندویت    ماندون

خستەاست    خستەاند    ماندووە ماندون

ج- ئەگەر ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر بە دەنگی (ا) یان (و) کۆتایی هابوو ئەوا نیمچە کۆنسۆنانتی (ی) یان ( ئـ) دەچێتە نێوان کەرەستەکە و جێناوەکە. وەك:

دانایم/ دانائم    دانابیم/ دانائیم    دانام    داناین

دانایی/ دانائی    داناپید/ دانائید    دانایت    دانان

دانایست/ دانائیست    داناپند/ دانائند    دانایە    دانان

دانشجویم    دانشجوییم    خوێندکارم    خوێندکارین

دانشجویی    دانشجویید    خوێندکاریت    خوێندکارن

دانشجویست    دانشجویند    خوێندکارە    خوێندکارن

هەرچەند لە زمانی فارسیدا تەنها جێناوی لکاوی بکەریی لە گەردانکردنی کاردا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەلام کۆمەڵە جێناوێکی تریش هەیە کە جگە لە ڕۆڵی بکەریی چەندین ڕۆڵی دیکەشی هەیە،(( ئەم کۆمەڵە جێناوە ئەگەر لە دوای کار و جێناوی سەربەخۆوە هات، ئەوا ئەرکی بەرکار دەبینێت و ئەگەر لە دوای پریپۆزشنەوە هات ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت و ئەگەر لە دوای ئاوەڵناو یان

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ١٠٣)

ناوەوە هات ئەرکی دیارخەر دەبینێت))( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٢٣٥)، ( خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ١٥٨) ، ئەم کۆمەڵە جێناوەش بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێندەکرێت:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | ـَم | ـِمان |
| کەسی دووەم | ـَت | ـِ تان |
| کەسی سێیەم | ـَش | ـِشان |

بەم پێیە ئەم کۆمەڵە جێناوە بە کەرەستەی جیاوازەوە دەلکێت و ئەرکی جیاواز دەبینێت، لەکاتی چوونەسەر کەرەستەکاندا بە هۆکاری جیاواز، فۆرمی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەتایبەت لە کاتی ئاخاوتن و شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتندا. بەم شێوەیە:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | ـَم/ am (m) | ـِمان/ (-emun)-emân |
| کەسی دووەم | ـَت/ -at (-et) | ـِ تان/ (-etun) –etân |
| کەسی سێیەم | ـَش/ –aʃ ( –eʃ ) | ـِشان/ (-eʃ un) -eʃ ân |

وەك لە خشتەکەدا دیارە فۆرمی جێناوەکان بە دوو شێوەی جیاواز دەردەکەون (( فۆرمی دووەمی جێناوەکان لە زمانی ئاخاوتندا بەربڵاوترە))( ژیلبر لازار، ١٣٨٩، ١٣٣)، وەك:

**خونەم، خونەام xune-am ,xuna-m ( خانووەکەم )**

**پایتان، پایتون pâ-yetân, pâ-tun ( پێتان )**

جگە لەم دابەشکردنەی سەرەوە، زمانەوان (شهرزاد ماهوتیان) بەپێی دوادەنگی ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی چووەتەسەر، بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵە جێناوەی پۆلێنکردووە:(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ١٣٩)

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| کەسی یەکەم | -am/-m (ـِم/ م) | -emun/ -mun (ـِمون/ ـمون) |
| کەسی دووەم | -et/ -t (ـِت/ ـت) | -etun/ -tun(ـِتون/ ـتون) |
| کەسی سێیەم | –ʃ / –eʃ (ـِش/ ـش) | -ʃ un / -eʃ un (ـِشون/ شون) |

لەم ڕووەوە نووسەر دەڵێت (( وەك دەبینین ئەم نووسەکانە هەریەکە و دوو فۆرمی هەیە، یەکێکیان بە ڤاوڵ دەستی پێکردووە و ئەویتریان بە کۆنسۆنانت، ئەو نووسەکانەی کە بە ڤاوڵ دەستیان پێکردووە دەچنەسەر ئەو بنکانەی کە بە کۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە.....))(شهرزاد ماهوتیان، ١٣٩٠، ١٣٩)

سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای دوادەنگی ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر فۆرمی جێناوەکان شێوەی جیاواز دەنوێنن، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە[١]:

١- ئەگەر ئەو بنکەیەی کە  جێناوەکەی دەچێتەسەر بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت ئەوا جێناوەکە بە نەگۆڕی کۆتایی بنکەکە دەگرێت، وەك:

**کتابَم  کتابِمان**

**کتابَت  کتابِتان**

**کتابِش  کتابِشان**

٢- ئەگەر ئەو بنکەیەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر بە دەنگ (ە) کۆتایی هاتبێت ئەوا فۆرمی جێناوە لکاوەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك بەم شێوەیەی لێدێت (ام، ات، اش)، وەك

**خانەام  خانەمان**

**خانەات  خانەتان**

**خانەاش خانەشان**

٣- ئەگەر ئەو کەرەستەیەی کە جێناوەکەی دەچێتەسەر بە دەنگی (ا) یان ( و) کۆتایی هاتبێت، ئەوا لە کاتی وەرگرتنی جێناوەکەدا لە نێوان جێناوەکە و کەرەستەکەدا دەنگی (ی) نیمچە کۆنسۆنانت پەیدادەبێت، وەك:

**پایم  پایمان**

**پایت  پایتان**

**پایش  پایشان**

**رویم  رویمان**

**رویت  رویتان**

**رویش  رویشان**

## ٢/٢-١٢) بنەماکانی کار

هاوشێوەی زمانی کوردی، لە زمانی فارسیشدا کار خاوەنی دوو بنەمایە، ئەوانیش بنەمای کاری ڕابردوو کە بە ( بُن ماضی) ناسراوە و بنەمای کاری ڕانەبردوو کە بە ( بُن مضارع ) ناسراوە، (( لە

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (خسرو فرشیدورد، ١٣٨٨، ١٠٣)، ( حسن انوری، و حسن احمدی گیوی١، ١٣٦٧، ١٧١)، (محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ٣٣٨)

زمانی فارسیدا هەر کارێك دوو بنەما یان دوو مادەی هەیە، کە یەکێکیان بنەمای کاری ڕابردوو و ئەویتریان بنەمای کاری ڕانەبردوو))ە.[1]

دۆزینەوەی بنەمای کاری ڕابردوو لە زمانی فارسیدا هاوشێوەی زمانی کوردی بە لابردنی نیشانەی چاوگ کە (ن)ە سازدەکرێت، بەم شێوەیە:[2]

**فروختن – ن > فروخت**     **فرۆشتن > فرۆشت**

**شُدن – ن > شُد**     **بوون > بوو**

**شنیدن – ن > شنید**     **بیستن > بیست**

**فراموش کردن – ن > فراموش کرد**     **لەبیرکردن > لەبیرکرد**

بەڵام بۆ دۆزینەوەی ڕەگ یان بنەمای کاری ڕانەبردوو، زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە و کارەکانیان بەپێی چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو[3] دەستنیشانکردووە، یەکێك لە بەربڵاوترین ڕێگاکانیش دابەشکردنی کارە بۆ دوو دەستە[4]، ئەوانیش کاری یاسابەند ( فعل باقاعده) و کاری لەیاسابەدەر (فعل بی قاعده)[5].

مەبەست لە کاری یاسابەند (( ئەو کارانەن کە ئەگەر نیشانە یان مۆرفێمی کاتی ڕابردوو (د، ت، ید) لەگەڵ نیشانەی چاوگ لە چاوگەکە بکەیتەوە، بنەمای کاری ڕانەبردوو بەدەستدێت بەبێ هیچ گۆڕانێکی تر))(محمد جواد شریعت، ۱۳۷۰، ۱۰۰) بەم شێوە:

| چاوگ | بنەمای کاری ڕابردوو | بنەمای کاری ڕانەبردوو | کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|
| رسیدن | رسید | رس | می رسم |
| شکافتن | شکافت | شکاف | می شکافم |

[1] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ( پرویز ناتل خانلری، ۱۳٦٥، ۲۷) و ( محمد جواد شریعت، ۱۳۷۰، ۹۱) و ( ژیلبر لازار، ۱۳۸۹، ۱٥۷)

[2] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (حسن انوری، جسن احمدی گیوی۲، ۱۳٦۷، ۳۰) و ( تقی وحیدیان کامیار، ۱۳۸۹، ۳٤) و ( شهرزاد ماهوتیان، ۱۳۹۰، ۲۱۹)

[3] – هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە ڕەگی ڕانەبردوو بنەما سەرەکییەکەیە و بنەمای ڕابردوو لە بنەمای ڕانەبردووەوە بەدەستدێت، نەك بە پێچەوانەوە، بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە : ( تقی وحیدیان کامیار، ۱۳۸۹، ۳۳)

[4] – دەستەیەکی تری گۆڕانی بنەمای کاری ڕابردوو بۆ ڕانەبردوو هەیە کە تاڕادەیەکی زۆر هیچ لێکچوونێکی دەنگی نییە لە نێوانیاندا، لەوانە:

**گفتن > گو**

**هست > باش**

**داد > ده**

**کردن > کُن**

**نوشتن > نویس**

[5] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( تقی وحیدیان کامیار، ۱۳۸۹، ۳٤) و ( ژیلبر لازار، ۱۳۸۹، ۱٥۹)

| کشتن | کشت | کش | می کشم |
|---|---|---|---|
| پرسیدن | پرسید | پرس | می پرسم |

له بەرانبەر ئەم جۆرەدا، جۆرێکی تری کار هەیە بە لابردنی مۆرفێمی کاتی ڕابردوو بنەمای کاری ڕانەبردوو بەدەستنایات، بەڵکو لە کاتی گۆڕینی بنەمای کار لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو جگە لە لابردنی نیشانەی چاوگ و مۆرفێمی کاتی ڕابردوو چەند گۆڕانێکی تریش ڕوودەدات، واتا لەم جۆرە کارەدا یاسایەکی دیاریکراو و چەسپاو نییە، ئەم جۆرە بە (کاری لەیاسابەدەر ) ناودەبرێت، چونکە لەم جۆرە کارەدا (( لەدوای لابردنی نیشانەی چاوگ و مۆرفێمی کاتی ڕابردوو، یان دەبێت دەنگێکی تری بسڕینەوە یان دەنگێك بگۆڕین بۆ دەنگێکی تر، یان دەنگێکی تری بۆ زیادبکەین....))(محمد جواد شریعت، ١٣٧٠، ١٠٨)، واتا بەهۆی چەند گۆڕانێکەوە (( لێکچوونی نێوان بنەمای ڕابردوو و ڕانەبردوو کەمدەبێتەوە))( تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩، ٣٦)، وەك:

| چاوگ | بنەمای کاری ڕابردوو | بنەمای کاری ڕانەبردوو | کاری ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|
| رفتن | رفت | رو | می روم |
| پختن | پخت | پز | می پزم |
| کاشتن | کاشت | کار | می کارم |

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو بنەمای کاری ڕابردوو و ڕانەبردوودا، یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم جیاوازییانەش، گۆڕانی دەنگییە (( یەکێك لە هۆکارەکانی ناهەماهەنگی فۆنێمەکان لە بنەمای ڕابردوو و ڕانەبردوودا گۆڕانی دەنگییە، چونکە گۆڕانی دەنگ بە زۆری بەهۆی بەدواییەکداهاتنی دەنگەکان ڕوودەدات لە سنوری وشەدا و بە کاریگەری یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە تایبەتی هەردوو یاسای (وێکچوونی دەنگ) و ( وێکنەچوونی دەنگی) بە شێوەیەك دەنگێك کاریگەری لەسەر دەنگەکەی تەنیشتی دروستدەکات))(مهری باقری، ١٣٩٢، ٢٠١)

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکە، گرنگترین ئەو گۆڕانە دەنگیانە دەخرێنەڕوو، کە لە ئەنجامی دانەپاڵی کەرەستە پێکهێنەرەکانی کاری ڕانەبردووە دێنەئاراوە و جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنێمییان لێدەکەوێتەوە، چونکە (( یەکێك لە نموونە پڕ بەرهەمەکانی مۆرفۆفۆنێم لە زمانی فارسیدا، مۆرفۆفۆنێمە لە کارە لەیاسابەدەرەکانی زمانی فارسیدا))(رجبعلی عسگرزاده،١٣٧٧، ٤٢)
.

لێرەدا هەندێك لەو گۆڕانە مۆرفۆفۆنێمیانە دەخرێنەڕوو کە لە ئەنجامی گۆڕینی بناغەی ڕابردوو بۆ ڕەگی ڕانەبردوو دێنەئاراوە پاش لابردنی مۆرفێمی کاتی ڕابردوو[١]:

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ( تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩ ) و ( محمد جواد شریعت، ١٣٧٠) و ( حسن انوری و حسن احمدی گیوی ١ و ٢، ١٣٦٧) و (ژیلبر لازار، ١٣٨٩).

**١- گۆڕینی (ـُ/o) بۆ (ـَ/ a)**

بُرد > بَر — نامەرا بردم > نامە را می برم

**٢- گۆڕینی (و / u) بە ( آ/ â)**

آزمود > آزما — او قورآن را بە من آزمود > او قرآن بة من می آزماید

افزود > افزا — او حقوق کارگرهارا افزود > او حقوق کارگر را می افزاید

سرود > سرا — من آهنگ را سرودم > من آهنگ می سراییم

**٣- گۆڕینی ( ف) بە (ب)**

شتافت > شتاب — او بە سوی من شتافت > او بە سوی من می شتابد

یافت > یاب — نامە را یافتم > نامە را می یابم

**٤- گۆڕینی ( خ) بە (ز)**

آموخت > آموز — درس را آموختم > درس را مي آموزم

ساخت > ساز — خونە را ساختم > خونە را می سازم

سوخت > سوز — دستش سوخت > دستش را سوزاند

**٥- گۆڕینی (ش ) بە ( ر)**

داشت > دار — پول داشتم > پول دارم

کاشت > کار — گل را کاشت > گل را می کارم

گذاشت > گذار — نامە را پیش من گذاشت > نامە را پیش من می گذارد

**٦- گۆڕینی (خ) بە ( ش)**

فروخت > فروش — فرش را فروخت > فرش را میفروشم

**٧- گۆڕینی دەنگی ( ـُ/o) بە ( و/u)**

شُست > شو — فرش را شست > فرش می شوید

جُستن > جو — دنبال کی جُستی > دنبال کی مي جویی

**٨- پەیدابوونی دەنگی (ە)**

جَست > جَە — از دس کی جستی > از دست کی می جهی

خواست > خواه — نامە را خواستم > نامە را میخواهم

**٩- پەیدابوونی دەنگی (ی)**

**مُرد > میر                              او مرد > او می میر**

## ٣/٢) بەراوردی داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی و فارسیدا

### ٢/٣-١) هاوبەشییەکانی نێوان زمانی کوردی و فارسی:

### ٢/٣-١-١) مۆرفێمی بەندی تاك و کۆ

لە زمانی کوردی و فارسیدا مۆرفێمێکی بەندی دیار و ئاشکرا نییە بۆ گەیاندنی تاکییەتی ناو، بەزۆری یان لە ڕێگەی هەندێك نیشانەی سەربەخۆوە ئەنجامدەدرێت، یان بە بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانان مۆرفێمی سفر وەك تاکە مۆرفێمی گەیەنەری چەمکی تاك لەقەڵەم دەدرێت. بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| منداڵ | بچە |
| یاریزان | بازیکن |

بەڵام گەیاندنی چەمکی کۆ لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە لە هەردوو زمانەکەدا زۆرترین هاوڕایی لەسەرە و هەمووان کۆکن لەسەر بوونی، هەندێك لەو مۆرفێمانە لە هەردوو زمانەکەدا هاوبەشن، وەك مۆرفێمی ( -ان، -ها، -ات، ین[١] ) بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ان / | مامۆستاکان | معلمان |
| ها / |ساڵها | سالها |
| ات / | باخات | انتخابات |
| ین / | چەندین | محققین |

هەریەکە لەو مۆرفێمە هاوبەشانەش بە کاریگەری هۆکاری فۆنۆلۆجی چەند ئەلۆمۆرفێکی تریان لێدەبێتەوە، بەهۆی هاوشێوەی سیستەمی فۆنەتیکی هەردوو زمانەکە، زۆرێك لە ئەلۆمۆرفەکانیش هاوبەشن، بەتایبەتی ئەلۆمۆرفی ( -وان، -یان، -جات). بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| وان / | مێرووان | گیسوان |
| یان / | مامۆستایان | دانشجویان |
| جات / | میوەجات | سبزیجات |

بەم پێیە دەتوانین بڵێین هەریەکە لە (ها، ات، ین، وان، یان، جات) یەکەی مۆرفۆفۆنێمی هاوبەشی نێوان هەردوو زمانی کوردی و فارسیین.

---

[١] - مۆرفێمی ( ین) لە زمانی کوردیدا لە سنورێکی زۆر تەسکدا بەکاردێت و تایبەتە بە هەندێك وشەی دەگمەنەوە. وەك : چەندین

## ٢/٣-١-٢) مۆرفێمی بەندی ناسراوی

زمانی کوردی و فارسی لە ڕوانگەی گەیاندنی چەمکی ناساندن لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە کەمترین هاوبەشییان هەیە و تەنها مۆرفێمی (ە) هاوبەشە لە نێوانیاندا، ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەم مۆرفێمەش کەمترین چالاکی هەیە لە هەردوو زمانەکەدا، بەتایبەت لە زمانی فارسیدا، چونکە ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسیدا زیاتر تایبەتە بە زمانی ئاخاوتنەوە، نەك زمانی ستاندارد. لە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو)شدا بە کورتکراوەی مۆرفێمی (ەکە)ی ناسراوی دادەنرێت.بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ە / | کوڕە هات | پسره آمد |
| | کچە هات | دختره بازی میکند |

## ٢/٣-١-٣)مۆرفێمی بەندی نەناسراوی

خاڵی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی لە گەیاندنی چەمکی نەناسراویدا، لایەنی مێژوویی یان بە واتایەکی تر ڕیشەی مێژوویی مۆرفێمی نەناسراوییە، چونکە ژمارە (یەك) سەرچاوەی دروستبوونی هەردوو مۆرفێمی (ێك)ی کوردی و مۆرفێمی (یَك)ی فارسییە[١]، دیارە ئەمەش تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی و فارسییەوە، بەڵکو (( لە زۆربەی زمانەکاندا نیشانەی نەناسراوی هاوڕیشەیە لەگەڵ ژمارە (یەك)دا))( محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٨٦)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مۆرفێمی نەناسراوی لە هەردوو زمانەکەدا جگە لە گەیاندنی چەمکی نەناسراوی چەمکی تاکییەتیش دەگەیەنێت.

خاڵێکی تری هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی، بریتییە لە کورتکردنەوەی مۆرفێمی سەرەکی نەناسراوی، واتا مۆرفێمی (ێك)ی کوردی و مۆرفێمی (یَك)ی فارسی، بە شێوەیەك زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان، مۆرفێمی (ێ) کورتکراوەی مۆرفێمی (ێك)ە و مۆرفێمی (ی)ی فارسیش کورتکراوەی مۆرفێی (یَك)ە.بەم شێوەیە

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| یەك / | یەك منداڵ | یَك بچە |
| ێ/ی / | کوڕێك | پسری |

## ٢/٣-١-٤) مۆرفێمی بەندی دانەپاڵ ( خستەسەر)

[١] – بۆ زانیاری زیاتر ڕوانە ( محمد راسخ مهند، ١٣٨٨، ٨٦) و ( شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٠٣)

سەرەڕای هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی لە ڕوانگەی سازکردن و چۆنیەی هاتنی مۆرفێمی خستنەسەر و بەستنەوەی دیارخەر و دیارخراو پێکەوە، هاوبەشییەکی زۆر هەیە لە نێوان فۆرمی مۆرفێمی خستنەسەری هەردوو زمانەکە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ی / | خوێندکاری ژیر | دریای شیمال |

لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا ژینگەی فۆنۆلۆجی بە تایبەتی دوا دەنگی ناوە دیارخراوەکە ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بوونی فۆرمی جیاوازی مۆرفێمی خستنەسەر. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ناوبەند+ م.دانەپاڵ / | دێیە گەورەکە | نامەیِ رسا |

لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفێمی خستنەسەر ئەگەری دەرنەکەوتنی هەیە، بەتایبەتی کاتێک کە ناوە دیارخراوەکە بە جێناوی لکاو دیارخرابێت. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ø / | کتێبەکەم | کتابَم |

## ٢/٣-١-٥) مۆرفێمی بەندی بانگهێشت

کردەی بانگهێشت لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا بەزۆری لە ڕێگەی ئامرازی بانگکردن و ئاوازی دەربڕینەوە ئەنجامدەدرێت و کەمتر لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەنوێنرێت، بەتایبەت لە زمانی فارسیدا، کە تەنها مۆرفێمی بەندی (-ا) لە گەیاندنی چەمکی بانگهێشتندا بەشدارە. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ئەی/ ای / | ئەی هاوڕێ | ای دوست |
| ئاواز / | ئافرەت وەرە ئێرە | خانم بیا اینجا |

## ٢/٣-١-٦) ئەسپێکت

دیارترین هاوبەشی لە نێوان ئەسپێکتەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا پەیوەستە بە شوێن و چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەسپێکتەکان لەسەر کار، بە تایبەت ئەسپێکتی بەردەوامی، کە بە فۆرمی جیاوازەوە لە هەردوو زمانەکەدا حاڵەتی بەردەوامی دەنوێنێت.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕابردووی بەردەوام | دەبرد | می برد |
| ڕانەبردوو | دەبەم | می برم |
| نەرێی ڕابردووی بەردەوام | نەدەبرد | نمی برد |

یەکێکی تر لە ئەسپێکتە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و فارسی، بریتییە لە ئەسپێکتی (ە) بەو جیاوازیەی کە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداردەبێت لە پێکهاتەی کاردا، بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| زستان ساردە | رفتەام |

## ٣/٢-١-٧) ڕووکار

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو زمانەکە دابەشبوونی ڕووکارە بۆ سێ بەش کە ئەوانیش، هەواڵە ڕووکار و دانانییە ڕووکار و فەرمانە ڕووکارە.

لە هەردوو زمانەکەدا فۆرمی مۆرفیمی بەندی کاری ڕابردووی ڕووت (سادە)ی هەواڵە ڕووکار مۆرفیمی سفرە، واتە دەرنەکەوتووە. بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| چوو | رفت |
| خوێند | خواند |

لە هەردوو زمانەکەدا فۆرمی مۆرفیمی بەندی کاری ڕابردووی دووری هەواڵە ڕووکار لە چاوگی (بوون/بودن)ەوە وەرگیراوە، بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| کردبوو | کردەبود |

لە هەردوو زمانەکەدا دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردووی هەواڵە ڕووکار بەهۆی یەك مۆرفیمەوە دەنوێنرێت، ئەوانیش مۆرفیمی (دە) و مۆرفیمی (می)، وەك:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕابردووی بەردەوام | دەفرۆشت | می فروخت |
| ڕانەبردوو | دەفرۆشم | می فروشم |

فۆرمی کاری ڕانەبردووی دانانی و فەرمانە ڕووکار لە هەردوو زمانەکەدا لە ڕووی فۆرمەوە چون یەکە، ئەویش مۆرفیمی ( ب / بِ )یە و دەچێتە پێش بناغەی کاری ڕانەبردوو، بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕانەبردووی دانانی | بڕۆم | برم |
| فەرمانە ڕووکار | بڕۆ | برو |

لە هەردوو زمانەکەدا ئەگەر کارەکە ناسادەبوو، ئەگەری دەرنەکەوتنی نیشانەکانی ڕانەبردووی دانانی و فەرمانە ڕووکار لە ئارادان، بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| یارمەتی بدەم > یارمەتیدەم | کمك بکنم > کمك کنم |

**دەست پێبکە > دەستپێکە                    اغازبکن > اغاز کن**

## ٢/٣-١-٨)مۆرفیمی بەندی نەرێکردن

هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی لە کردەی ناکردندا بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمی مۆرفیمەکانی ناکردن، چونکە لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفیمی ناکردن بریتییە لە (نە/ نَ ) و (مە/ مَ) و مۆرفیمی ناکردنی کاری (بوون و هەبوون)یش لە هەردوو زماندا مۆرفیمی (نی)یە.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| نە/ نَ / | نەمکرد | نکردەام |
| مە/ مَ / | مەخۆ | مَکن |
| نی / | خوێندکار نیم | دانشجو نیم |

## ٢/٣-١-٩) مۆرفیمی بەندی تێپەڕاندن

کردەی تێپەڕاندن لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا بە هۆی یەك مۆرفیمەوە ئەنجامدەدرێت ئەویش مۆرفیمی (-ان)ە، ئەمەش دوای ئەوەی مۆرفیمی (-ن)ی چاوگ و (-د)ی مۆرفیمی کات لە کارە تێپەڕەکە دەکەیتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە مۆرفیمی (-ان)ی تێپەڕاندنە لە هەردوو زمانەکەدا، هۆکاری ئەم هاوبەشییەش (( دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشیان، چونکە ئەم چەمکە لە زمانی فارسی ناوەڕاستیشدا بە هۆی پاشگری (an-) گەیەنراوە))( شیروان حسین حمد، ٢٠١٤، ٢٠٦).بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ان / | ڕوخان ← ڕوخاندن | رسیدن ← رساندن |

## ٢/٣-١-١٠) مۆرفیمی بەندی نادیاری

لێکچوونێکی ئەوتۆ نییە لە نێوان گەیاندنی چەمکی نادیاری لە زمانی کوردی و فارسی ئەمڕۆدا، چونکە لە زمانی فارسیدا چەمکی نادیاری لە ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆوە دەگەیەنرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی (-ر)ەوە دەگەیەنرێت، تاکە خاڵی هاوبەش پەیوەستە بە لایەنی مێژووییەوە، چونکە ((  ئەم چەمکە لە فارسی کۆندا لە ڕێگەی مۆرفیمی (ya-) و لە فارسی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی مۆرفیمی (ih-)ەوە دەگەیەنرا، دیارە مۆرفیمی (ر)یش بە گۆڕاوی هەمان مۆرفیمی نادیاریی فارسی کۆن و ناوەڕاست دادەنرێت)) ( محسن ابوالقاسمی، ١٣٨٧). بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی کۆن |
|---|---|---|
| را / ya / | خورا | manya ( اندیشەشدە) |

## ٣/٢-١-١١) مۆرفێمی بەندی گەردانکردنی کردار

لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا گەردانکردنی کار بە جێناوە لکاوەکان سپێرراوە، هەرچەند جیاوازی هەیە لە بەرکارهێنان و دەرکەوتنی جۆری جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوری و فارسیدا، بەلاّم فۆرمی هەندێك لە جێناوەکان بە تایبەتی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم لە زمانی کوردی و جێناوی لکاوی بکەریی لە زمانی فارسیدا تا ڕادەیەك لەیەکدەچن، بەتایبەتی کەسی یەکەمی تاك و کورتکراوەی کەسی دووەمی تاك لە زمانی کوردی و فارسی و کەسی سێیەمی تاك کە مۆرفێمی سفرە لە زمانی کوردی و فارسیدا.وەکو:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| م / | هاتم | آمدم |
| ی / | هاتیت/ی | آمدید/ی |
| Ø / | هات | امد |

هەرچەندە لە زمانی فارسیدا تەنها جێناوی لکاوی بکەریی ڕۆلی هەیە لە گەردانکردنی کاردا، بەلاّم کۆمەڵە جێناوێکی تریش هەیە لەو زمانەدا، زیاتر لە ڕۆڵێکی هەیە و بە چەند فۆرمێك دەردەکەوێت، کە بە تەواوەتی لە جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمی زمانی کوردی دەچێت لە ڕووی فۆرمەوە بە تایبەتی کەسی یەکەم و دووەمی تاك و کۆ. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| م / | کتێبەکەم | کتابم |
| مان / | کتێبەکەمان | کتابمان |
| ت / | کتێبەکەت | کتابت |
| تان / | کتێبەکەتان | کتابتان |

لە هەردوو زمانەکەدا هۆکاری فۆنۆلۆجی ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بوونی زیاتر لە یەك فۆرم بۆ بەشێکی زۆری جێناوەکان.

## ٣/٢-١-١٢) بنەماکانی کار

کار لە زمانی کوردی و فارسیدا خاوەنی دوو بنەمایە، ئەوانیش بنەمای کاری ڕابردوو و بنەمای کاری ڕانەبردووە. لە هەردوو زمانەکەدا بنەمای کاری ڕابردوو بە لابردنی (ن)ی چاوگ سازدەکرێت. وەکو:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| بردن > برد | بُردن > بُرد |
| خواردن > خوارد | خوردن > خورد |

له هەردوو زمانەکەدا بۆ دۆزینەوەی بنەمای کاری ڕانەبردوو زیاتر لە یەك ڕێگا هەیە، ئەوانیش ڕێگای بنەڕەتی و ڕێگای ناوازە و کارە لە یاسابەدەرەکانە.

له هەردوو زمانەکەدا کارە لە یاسابەدەرەکان کاتێك ڕەگی ڕانەبردوویان لێدروستدەکرێت، چەندین گۆڕانی دەنگی لە نێوان دەنگە پێکهێنەرەکانیدا دروستدەبێت، کە بە دیاردەیەکی مۆرفۆفۆنێمی لە قەڵەم دەدرێن.

## ٢-٣/٢) جیاوازییەکانی نێوان زمانی کوردی و فارسی

### ١-٢-٣/٢) مۆرفێمی بەندی تاك و کۆ

سەرەڕای هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان هەردوو زمانی کوردی و زمانی فارسیدا، بەڵام بەهۆی سەربەخۆیی هەردوو زمانەکە، بەشێك لە مۆرفێمە بەندەکان تایبەتن بە زمانێك و لە زمانەکەی تردا بوونیان نییە، بۆ نموونە ئەلۆمۆرفەکانی ( ـگەل، ـهات، ـوات، ـەها، ـیەها) تاییبەتن بە زمانی کوردی و لە زمانی فارسیدا نابینرێن، لەبەرامبەریشدا هەریەکە لە مۆرفێمەکانی ( ـگان، ـون، ـا، ـیات) تەنها لە زمانی فارسیدا دەبینرێن و لە زمانی کوردیدا نین. بەم شێوەیە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| هات / | میوەهات | – |
| وات / | سەوزەوات | – |
| ەها / | ساڵەها | – |
| یەها / | دەیەها | – |
| گەل / | مێگەل | – |
| گان / | – | رفتگان |
| ون / | – | روحانیون |
| یات / | – | دخانیات |
| ا / | – | موها |

### ٢-٢-٣/٢) مۆرفێمی بەندی ناساندن

زۆرترین جیاوازی لە گەیاندنی چەمکی ناساندن لە زمانی کوردی و فارسیدا بەدیدەکرێت، چونکە زمانی کوردی دوو مۆرفێمی بەندی سەرەکی هەیە ئەوانیش (ـەکە) و (ـە)یە و هەریەکە لەم مۆرفێمانەش بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجی زۆرترین ئەلۆمۆرفیان هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئەگەر مۆرفێمێکی بەندیش هەبێت بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە، تەنها لە زمانی ئاخاوتندا دەبینرێت، یان لە ڕێگەی مۆرفێمێکی سەربەخۆی وەك (ـرا) وە دەناسرێتەوە. بۆ نموونە:

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ەکە / | کورەکە | – |
| ە / | کچە | – |
| ـَ / | – | زنَ |
| هە / | – | آقاهە |

## ٣/٢-٢-٣) مۆرفێمی بەندی نەناسراوی

سەرەڕای لێکنزیکی فۆرمی مۆرفێمی نەناسراوی لە زمانی کوردی و فارسیدا، کەچی کەمترین هاوبەشی هەیە لە هۆکاری هاتنەئارای مۆرفێمەکان، چونکە لە زمانی کوردیدا زیاتر هۆکاری شێوەزاری یان ناوچەیی ڕۆڵیان هەیە لە بەدیهێنانی جیاوازی لە فۆرمی مۆرفێمەکاندا، بەتایبەت مۆرفێمی (–ەك)، بەڵام لە زمانی فارسیدا زیاتر هۆکاری فۆنۆلۆجی فاکتەری گۆڕینی شێوەی مۆرفێمەکانی نەناسراوییە، بەتایبەتی مۆرفێمی (–ای) و (–یی).

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ێك / | کوڕێك | – |
| یەك / | خاونوویەك | – |
| ەك / | ژنەك | – |
| ی / | – | زنی |
| ای / | – | خونەای |
| یی / | – | دانشجویی |

## ٣/٢-٢-٤) مۆرفێمی بەندی دانەپاڵ

جیاوازی سەرەکی نێوان زمانی کوردی و فارسی، فۆرمی مۆرفێمی دانەپاڵە، چونکە لە زمانی فارسیدا مۆرفێمی دانەپاڵ لە شێوەی (کسرەی عەرەبی) دا دەردەکەوێت، واتا لە ڕێنووسدا هیچ نیشانەیەکی نییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا دوو مۆرفێمی سەرەکی وەك (ی) و (ە) هەیە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە.

خاڵێکی تری جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی سروشتی دیارخەر و دیارخراوە، واتا لە زمانی کوردیدا بە پێی سروشتی ناوە دیارخراوەکە لەوانە ناسراوی و نەناسراوی و تاك و کۆ و گشتی و تایبەتی فۆرمی مۆرفێمی دانەپاڵ ئەگەری گۆڕینی هەیە لە (ی)ەوە بۆ (ە) و (Ø)، بەڵام لە زمانی فارسیدا زیاتر گۆڕانەکان پەیوەستن بە ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجییەوە، واتا دوادەنگی ناوە دیارخراوەکە بڕیار لەسەر وەرگرتنی جۆری مۆرفێمەکە دەدات.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ی / | گوڵی سور | – |

| | | |
|---|---|---|
| ە / | گوڵەسورەکە | – |
| ـِ / | – | زنِ خوب |

## ٢/٣-٢-٥) مۆرفێمی بەندی بانگهێشت

گـرنگترین جیـاوازی کـردەی بانگهێشـت لـە زمـانی کـوردی و فارسـیدا هۆکـاری هاتنـەئارا و دەرکـەوتنی مۆرفێمـەکانی ئـەم بوارەیـە، چـونکە لـە زمـانی کوردیـدا شـێوە جیاوازەکـانی مـۆرفێمی بانگهێشت بۆ سروشتی ناوەکە بەپێی ڕەگەز و ژمارە دەگەڕێتەوە نەك هۆکاری فۆنۆلۆجی، کەچی لە زمانی فارسیدا مۆرفێمی ( –ا) وەك تاکە مۆرفێمی ئەم بـوارە، یـەك ئـەلۆمۆرف هەیـە، ئـەویش مـۆرفێمی (–یا)یـە کـە بـەهۆی ژینگـەی فۆنۆلـۆجی یـان بـە دیـاریکراوی بـەهۆی دوادەنگـی نـاوە بانگکراوەکـەوە پەیدابووە.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ە / | باوکە وەرە | – |
| ێ / | خوشکێ وەرە | – |
| ینە/ | کوڕینە تێبکۆشن | – |
| ا / | – | پروردگارا |
| یا / | – | سعدیا |

## ٢/٣-٢-٦) ئەسپێکت

جیـاوازی سـەرەکی لـە گەیانـدنی ئـەم چـەمکە سینتاکسـییەی کـار لـە زمـانی کـوردی و فارسـیدا تایبەتە بە ڕێژەی ئەسپێکتەکان، چونکە زمانی کوردی بە بەراورد بـە زمـانی فارسـی بـە ڕێژەیـەکی زۆرتر سود لە ئەسپێکت وەردەگرێت. بەم شێوەیە:

**کوردی / دە، وە/ەوە، ە**

**فارسی/ می، ە**

خـاڵێکی سـەرنجڕاکێش لـە جیـاوازی نێـوان ئەسـپێکت لـە زمـانی کـوردی و فارسـیدا بریتییـە لـە نەهاتنی ئەسپێکتی (دە) لە ڕانەبردووی نەرێی زمانی کوردی و هاتنی لە زمانی فارسیدا، واتا کاتێك کـاری ڕانـەبردوو لـە زمـانی کوردیـدا مـۆرفێمی نـاکردن وەردەگرێـت، مۆرفێمەکـە دەچـێتە شـوێنی ئەسپێکتی (دە)، بەڵام لە زمانی فارسیدا مۆرفێمی ناکردن دەچێتە پێشـەوەی کارەکـە و ئەسـپێکتەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| دەبەم > نابەم | می برم > نمی برم |

## ٣/٢-٢-٧) ڕووکار

ئەگەرچـی هــەردوو زمـان خـاوەنی سـێ ڕووکـارن، بـەڵام لـە دەمکاتەکانـدا لـە ڕووی ژمـارەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، چونکە دەمکاتەکانی زمانی فارسی زۆرترە لە زمانی کوردی بەتایبەت لە ڕابردووی هەواڵە ڕووکاردا.

لە ڕووکارە هەواڵدا مۆرفێمەکانی زمانی کوردی زیاتر دەکەونە ژێر فاکتەری فۆنۆلۆجی و هەر بەم هۆیەوە چەندین ئەلۆمۆرفیان هەیە، لە کاتێکدا لە زمانی فارسیدا ئەسپێکتەکانی ڕووکارە هەواڵ تەنها (-می، -ە)یە کە بەبێ گۆران لە هەموو هەلومەرجێکدا یەك فۆرمیان هەیە.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕابردووی تەواو | ووە/ وە | - |
| ڕانەبردوو | دە، ئە | می |

بەپێچەوانەوە لە ڕانەبردووی دانانی و فەرمانە ڕووکـاردا ئەسـپێکتەکانی زمـانی فارسـی بـە کاریگەری فۆنۆلۆجی بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەون، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتی ڕانەبردووی دانانی و فەرمانە ڕووکار لە هەموو بارودۆخێکدا مۆرفێمی (-ب)یە.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ڕانەبردووی دانانی | بکڕم | بِخرم ( بِ ) |
| | بخۆم | بُخورم ( بُ ) |
| | بێم | بیام ( بی) |
| فەرمانە ڕووکار | بنوسە | بِنویس ( بِ ) |
| | بڕۆ | بُدو (بُ) |
| | بێ | بیا (بی) |

## ٣/٢-٢-٨) مۆرفێمی بەندی نەرێکردن

دیـارترین جیـاوازی کـردەی نـاکردن لـە زمـانی کـوردی و فارسـیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ چـۆنیەتی بەکارهێنان و دەرکەوتنی مۆرفێمەکە، چونکە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕووکار و دەمکاتەکان جۆری مۆرفێمەکە دەگۆڕێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا سەرەکیترین مۆرفێمی ناکردن بریتییە لە مۆرفێمی (-نَ) کە بۆ هەموو دەمکاتەکان بەکاردێت و بەپێی ژینگەی فۆنۆلۆجی فۆرمی مۆرفێمەکە دەگۆڕێت.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| نە / ڕابردوو | نەخوارد | نَخورد |
| نا / ڕانەبردوو | ناخۆم | نَمیخورم |
| مە / داخوازی | مەخۆ | نَخور |

## ٣/٢-٢-٩) مۆرفێمی بەندی تێپەڕاندن

جگە لە مۆرفێمە هاوبەشەکانی ( –ان)ی تێپەڕاندن و (–د)ی کات و (–ن)ی چاوگ کە لە پێکهاتەی کارێکی تێپەڕی هەردوو زمانەکەدا دەبینرێن، هەندێك بۆچوون هەیە لە زمانی فارسی دا ئاماژە بۆ بوونی مۆرفێمی (–انیدن) و (–انی)ی دەکەن بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە، لە کاتێکدا ئەم مۆرفێمە لە زمانی کوردیدا نابینرێت. بەم شێوەیە:

| | **کوردی** | **فارسی** |
|---|---|---|
| انیدن / | – | او اسب را دوانید |
| انی / | – | تو خونەرا می سوزانی |

خاڵێکی تری جیاواز لە نێوان هەردوو زمانەکە ئەوەیە کە هەندێکجار لە زمانی کوردیدا بە هۆکاری فۆنۆلۆجی گۆڕان لە فۆرمی کارەکەدا ڕوودەدات، کاتێك مۆرفێمی (–ان)ی دەچێتەسەر، ئەمە لە زمانی فارسیدا نابینرێت.

جیاوازی فۆرمی مۆرفێمی تێپەڕاندن لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕابردوو و رانەبردوو دەگۆڕێت، لە کاتێکدا لە زمانی فارسیدا بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو یەك مۆرفێم هەیە ئەویش (–ان)ە.

| | **کوردی** | **فارسی** |
|---|---|---|
| ڕابردوو/ | دەی سوتاند (ان) | مي سوزاند |
| ڕانەبردوو/ | دەسوتێنم (ێن) | می سوزانم |

## ٣/٢-٢-١٠) مۆرفێمی بەندی نادیاری

گرنگترین جیاوازی لە چۆنیەتی گەیاندنی ئەم چەمکە ئەوەیە کە زمانی کوردی لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە ئەم کردەیە ئەنجامدەدات، بەڵام لە زمانی فارسیدا لە ڕیگەی کاری یاریدەدەرەوە ئەنجامدەدرێت، هەرچەند بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مۆرفێمی بەندی (–ە)ش بەشدارە لە پێکهاتەی کاری نادیاریدا.

| **کوردی** | **فارسی** |
|---|---|
| خورا ( ر ) | – |
| – | خوردەشود |

## ٣/٢-٢-١١) مۆرفێمی بەندی گەردانکردنی کردار

گرنگترین جیاوازی لە نێوان ئەم دوو زمانەدا جۆر و دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکانە، چونکە زمانی کوردی زیاتر لە یەک کۆمەڵە جێناوی هەیە بۆ ئەم چەمکە، بەڵام لە زمانی فارسیدا تەنها کۆمەڵە جێناوی بکەریی ئەم ئەرکەی پێ سپێرراوە.

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| A | رۆشتم ڕۆشتین | رفتم رفتیم |
| | ڕۆیشتیت ڕۆیشتن | رفتید رفتند |
| | ڕۆشت ڕۆشتن | رفت رفتند |
| B | بردم بردمان | |
| | بردت بردتان | – |
| | بردی بردیان | |

## ٣/٢-٢-١٢) بنەماکانی کار

دیارترین جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی لە گۆڕینی بنەمای کاری ڕابردوو بۆ ڕانەبردوو لە کارە لەیاسابەدەرەکاندایە، واتا لە گۆڕینی دەنگێکە بە دەنگێکی تر، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی فۆنۆلۆجییەوە بە تایبەتی سیستەمی فۆنۆتاکتیکی و گونجان و نەگونجانی دەنگەکان لەگەڵ یەکتریدا، کە خۆی لە توانای پێکەوەهاتنی دەنگەکاندا دەبینێتەوە و سەرەنجام تیاچوون یان گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تری لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەنگی (ش) دەگۆڕێت بۆ (ژ)، یان دەنگی (س) دەگۆڕێت بۆ (ز)....هتد، بە پێچەوانەوە لە زمانی فارسیدا دەنگی (خ) دەگۆڕێت بۆ (ز)، و دەنگی (ش) دەگۆڕێت بۆ (ر)[1].

| | کوردی | فارسی |
|---|---|---|
| ش > ژ | کوشت > کوژ | – |
| س >ز | پاراست > پارێز | – |
| خ > ز | – | گریخت > گریز |
| ش > ر | – | انباشت > انبار |

[1] – دیاریکردنی هەموو جۆرە گۆڕانەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، بوونی ئامێری دەنگی، گونجان و نەگونجانی دەنگەکان لە زماندا زیاتر ڕووندەکاتەوە.

# بەشی سێیەم

# دارشتە مۆفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەدارێژەکانی زمانی کوردی وفارسیدا

## ١/٣) داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفیمە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردیدا

هەروەك لە بەشی یەکەمدا ڕوونکرایەوە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان، پرۆسەی داڕشتنی وشەن بەهەردوو جۆری گردانکردن و هەڵگواستنەوە[١].

ئەوەی لەم پارەدا مەبەستە جۆری دووەمی مۆرفۆلۆجییە، ئەویش مۆرفۆلۆجی وشەداڕشتن یان پرۆسەکانی وشە هەڵگواستنە لە زمانی کوردیدا ، ئەرکی سەرەکی ئەم پرۆسەیەش دروستکردنی وشەی نوێیە بە واتا و مەبەستی نوێوە.

پرۆسەی وشە دروستکردن لە زمانی کوردیدا خۆی لە وشەی داڕێژراو و لێکدراودا دەبینێتەوە کە بۆ پۆلە ڕەگەزییە فەرهەنگییەکانی وەك (ناو، ئاوەڵناو، کردار) دەگەڕێنەوە، هەریەکە لەم وشانە لە ڕێگەی یاسای تایبەتییەوە دێنەئاراوە و بە چەندین پرۆسەی جۆراوجۆر، لێکسیمی نوێ بەرهەمدێنن[٢]. بەڵام زۆرجار لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسانەدا چەندین ڕێگری دێنەئاراوە[٣]، یەکێك لەو ڕێگریانە، ڕێگری فۆنۆلۆجییە، مەبەست لە ڕێگری فۆنۆلۆجی ئەوەیە زۆرجار لە ئەنجامی یەکخستنی مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەو یەکە زمانییە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتنی کەرەستەکاندا، بۆیە ناچار چەندین گۆڕانی فۆنۆلۆجی لە فۆرمی یەکەکەدا ڕوودەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجی یان فۆنۆتاکتیکی ئەو زمانەدا بگونجێت، ئەم گۆڕانکاریانەش بەپێی هەلومەرج و یاساکانی زمان ڕێگەپێدراون، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە: گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان لە (گیرەکە وشەداڕێژەکان) بە بەراورد بە (گیرەکە وشەگۆڕەکان) کەمتر ڕوودەدات، بەواتایەکی تر (( ئەم گۆڕانانە زۆرتر لەگەڵ فۆنۆلۆجی شکانەوەدا ڕوودەدەن و بەو هۆیەشەوە زۆرکات ئەلۆمۆرفەکان دێتەئاراوە))( نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠، ٦٦)، چونکە زۆربەی کات گیرەکە وشەداڕێژەکان فۆنێمی یەکەمیان فۆنێمێکی کۆنسۆنانتە، ئەمەش وایکردووە بتوانن بە ئاسانی بە بناغەکەوە بلکێن، چونکە (( یاساکانی وشەداڕشتن لە کاتێکدا دەکەونە ژێر کاریگەری فۆنۆلۆجییەوە کە ناڕێزمانی دەرکردەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت پشت بە فۆرمی فۆنۆلۆجی بناغەکە دەبەستێت))(نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠، ١٩)، واتا دوا دەنگ یان فۆرمی فۆنۆلۆجی بناغەکە بڕیار لەسەر دروستی و نادروستی ڕێزمانیی یەکە دروستکراوەکە دەدات، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار گیرەکە وشەداڕێژەکان بە زیاد لەیەك فۆرمەوە دەردەکەون، بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ فۆرمی فۆنۆلۆجی بناغەکەدا بگونجێنن، بۆ نموونە گیرەکی (–ەوان) و (–وان) بە ئاسانی خۆیان

---

[١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٢/١–٢)

[٢] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆسە مۆرفۆلۆجیەکانی زمانی کوردی بڕوانە: ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩) و ( محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠) و ( نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠)

[٣] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێگرییەکانی بەردەم مۆرفۆلۆجیی کوردی بڕوانە: (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠١٠)

دەگونجێنن لەگەڵ ئەو بناغەیەی کە وەریاندەگرن، بە شێوەیەك ئەگەر بناغەکە کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسۆنانت هاتبوو، گیرەکی (–ەوان) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر کۆتایی بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو گیرەکی (–وان) وەردەگرێت، بەم شێوەیە:

**باخ + ەوان > باخەوان**

**شاخ + ەوان > شاخەوان**

**مەلە + وان > مەلەوان**

**دەریا + وان > دەریاوان**

بۆیە لەم پارەدا بە خستنەڕووی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان (داڕێژراو) و (لێکدراو) دەستپێدەکەین و دواتر جۆری گۆڕانەکان و دیاردە دەنگییەکان دەخەینەڕوو.

وشە لە زمانی کوردیدا سادەیە یان داڕێژراو یان لێکدراوە، سادەکان ئاسایی لە وشەیەکی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوون، وەك ( دار، بەرد، باش، ڕۆژ.....)، وشەی لێکدراویش بە لایەنی کەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێکهاتووە و هەندێجاریش جگە لە دوو وشەکە پێویستی بە مۆرفێمێکی تر دەبێت ئەویش پێی دەگوترێت (ئینتەرفێکس = interfiux)، هەرچی وشەی داڕێژراویشە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگرێك یان هەردووکیان پێکەوە پێکهاتووە.

هەڵبژاردنی بەشێکی سنوردار لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان لەم پارەدا و خستنەڕوووی دیاردە دەنگیەکانیان پەیوەستە بە مەبەست و مەودای توێژینەوەکە، دیارە مەبەستی توێژینەوەکەمان دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانە دەنگیانەیە، کە بەسەر مۆرفێمەکاندا دێن لە ئەنجامی جێبەجێبوونی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا، چونکە بەشێکی زۆری پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان هەلومەرج یان دەورووبەری گونجاویان بۆ جێبەجێبوونی ئەم گۆڕانانە نییە و بەبێ هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی مۆرفێمەکان دەچنەپاڵ یەك و وشەی نوێ بەرهەمدێنن.

کەواتە ئەو پرۆسانەی لەم پارەدا هەڵبژێردراون لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەیە، کە لە ئەنجامی دانەپاڵیەکی مۆرفێمەکانەوە بەدیهاتوون، بۆئەوەی لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا بگونجێن.

## ٣/١–١) وشەی لێکدراو

**ناو + ناو**

(١)

**ا– ماست + ئاو > ماستاو**

**گوڵ + ئاو > گوڵاو**

**بەفر + ئاو > بەفراو**

**ب– کانی + ئاسکان > کانێسکان**

**گا + ئاسن > گاسن**

**پ- دەست + ماڵ > دەسماڵ**

**دەست + نوێژ > دەس نوێژ**

**ناو + ئینتەرفێکسی (ە) + ناو**

(٢)

**ا- گوڵ + ە + گەنم > گوڵەگەنم**

**کوڕ + ە + پاشا > کوڕە پاشا**

**ب-گەنم + ە+ شامی > گەنمە شامی**

**بزن + ە + کێوی > بزنە کێوی**

**ناو + ئاوەڵناو**

(٣)

**ا- دەست + درێژ > دەز درێژ**

**ب- دەست + کورت > دەسکورت**

**پ-دڵ + ئارام > دڵارام**

**دڵ + ئاسودە > دڵاسودە**

**ئاوەڵناو + ناو**

(٤)

**سور + ئاو > سوراو**

**زەرد + ئاو > زەرداو**

**ئاوەڵناو + ە + ناو**

(٥)

**ڕەش + ە + با > ڕەشەبا**

**گێل + ە + پیاو > گێلە پیاو**

**تەڕ + ە+ پیاز > تەڕەپیاز**

**ناو + رەگ**

(٦)

**ا- دەست + بڕ > دەزبڕ**

دەست + گر > دەز گر

ب–دەست + بڕ > دەس بڕ

دەست + هاڕ > دەساڕ

**ناو + ڕەگ + پاشگر**

(٧)

نان + کە + ەر > نانکەر

چێشت + لێنیٚ + ەر > چێشتلێنەر

**ئاوەڵناو + ڕەگ**

(٨)

ڕاست + گۆ > ڕاسگۆ

**ناو + چاوگ**

(٩)

ا–دەست + کەوتن > دەسکەوتن

دەست + تێوەردان > دەستێوەردان

ب– دەست + گیران > دەزگیران

**ئاوەڵناو + چاوگ**

(١٠)

چاك + کردن > چاکردن

زیاد + کردن > زیاکردن

**ئاوەڵناو/ ژمارە + ئاوەڵناو/ ژمارە**

(١١)

ا– حەوت + سەد > حەوسەد[١]

ب– نۆ + دە > نۆزدە

پ– هەشت + دە > هەژدە

ب–حەڤ[٢] + دە > حەڤڤە

---

[١] – هەرچەندە ئەم دیاردەیە تایبەتە بە شێوەی سلێمانی و تەنیا لە گۆکردندا بەدیدەکرێن.

[٢] – وشەی (حەڤ) لە بناغەدا (حەوت) بووە، دوای گۆڕاوە بۆ (حەفت) و ئیجا دەنگی (ت) تیاچووە و دواجار بەکاریگەری دەنگی (د) بووە بە (حەڤ). بڕوانە: (بابا ڕەسول نوری، ٢٠٠٩، ٣٩).

**ئاوەڵکار + ناو**

(١٢)

پاش + شێو > پارشێو

پاش + سەنگ > پارسەنگ

**ئاوەڵناوی نیشانە + ناوی کات**

(١٣)

ا- ئەم + ڕۆژ > ئیمڕۆ

ب- ئەم + ساڵ > ئیمساڵ

**ئاوەڵکار + ناوبەند + ئاوەڵکار**

(١٤)

بەر + ان + بەر > بەرامبەر

## ٣/١-٢) وشەی داڕێژراو

**ناو + پاشگر**

(١٥)

ا- مەلە + ەوان > مەلەوان

دەوڵەت + مەند> دەوڵەمەند

زام +دار > زامار

ب- کورد + ستان > کور دس تان

گوڵ + ستان > گو ڵس تان

پ- ساز +دان > ساززان

ت- برا + ەتی > برایەتی

ج- خوێ + دان > خوێیان

ح- مێروو + لە > مێلوورە

خ- پشت + دەر > پژدەر

دەست + گا > دەزگا

**مس + گەر > مزگەر**

**ڕەگ + پاشگر**

(١٦)

**سوتێ + ەن > سوتەن**

**گەڕێ + ۆك > گەڕۆك**

**ڕاخە + ەر > ڕاخەر**

**پێشگر + چاوگ**

(١٧)

**هەڵ + پەساردن > هەڵسپاردن**

**ئاوەڵناو/ ژمارە + پاشگر**

(١٨)

**نۆ + ەم > نۆیەم**

**دوو+ ەمین > دووهەمین**

**دوو+ ەمین > دووەمین**[١]

## ڕوونکردنەوەی دیاردەکان:

**وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا هاتووە، دوای جێبەجێبوونی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان، بەشێك لە وشەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و لە داڕشتەی قوڵیان دوورکەوتوونەتەوە و داڕشتن و نواندنی فۆنەتیکیی جۆراوجۆریان لێبووەتەوە،** (( **وشەکان/ مۆرفێمەکان لە دەربڕینیاندا دەگۆڕێن و دەربڕینی گۆڕدراوی جۆراوجۆریان هەیە، دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیش وابەستەی هەندێك مەرجن. بە دەربڕینە گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکانیش دەگوترێت " پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان".**))( محەمەدی مەحوی، ب٢،٢٠٠٨، ١٧).

**گرنگترین مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکانیش دەکرێت ئەمانەبن:**( هەمان سەرچاوە، ١٧)

**١- دەقی/ دەوروبەری دەنگیی،**

**٢- جێکەوتە لە ناو وشەدا،**

**٣- مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان ( نیشانەکانی شکاندنەوە** inflectional features **، چەشنەکانی لاگر** affix types )،

**٤- خێرایی قسەکردن،**

[١] - لێرەدا (( سەرەتا (ڤاوڵی ( وو-Û) کورت دەکرێتەوە بۆ ڤاوڵی (و-u) و ئینجا (و-W) ی نیمچە بزوێن لە نێوان ژمارە بنچینەکە و گیرەکەکەدا پەیدادەبێت))( بابا ڕەسول نوری، ٢٠٠٩، ٣٦)

**٥- شێواز.**

**لەم ڕوانگەیەوە ئێمە دەبێت لە خستنەڕووی دیاردە دەنگییەکاندا، دوو پرۆسە لەیەك جیابکەینەوە، ئەوانیش هەردوو پرۆسەی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکییە، گرنگترین مەرجی جیاکەرەوەی نێوان پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان و پرۆسە فۆنەتیکییەکان دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:[1]**

**١- پرۆسە فۆنەتیکییەکان پێشبینیلێکراون و گرنگ بۆیان دابەشبوونی تەواوکەرانەیە.**

**٢- پرۆسە فۆنەتیکییەکان بە پێچەوانەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نین و لە دەربڕیندا ئۆتۆماتیکین.**

**٣- پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە ناو ڕێزمانی زمانەکەدان لە ئاستی قوڵەوە تا دەگاتە ئاستی ڕووکەش، بەڵام پرۆسە فۆنەتیکییەکان لە دەرەوەی ئەم ئاستەدان.**

**٤- پرۆسە فۆنەتیکییەکان ناوازە و لە یاسابەدەریان نییە، بە پێچەوانەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانەوە کە ناوازەیان هەیە.**

**بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی نموونەکانی (١- أ) و (٤) بدەین، تێیدا دیاردەیەك دەبینرێت، کە لە گەلێك وشەی فۆنۆلۆجیدا بە هەمان دەورووبەرەوە تێبینی دەکرێت، بۆیە پرۆسەکانی زیاتر فۆنەتیکین وەك ئەوەی پرۆسەی فۆنۆلۆجی بن.**

**بەلاّم نموونەکانی (٣-ا) و (٦-ا) پرۆسەی فۆنۆلۆژین نەك فۆنەتیکی، چونکە وشەیەکی وەك (ڕاستگۆ / ڕازگۆ*) دەتوانرێت ببێت بە بەڵگەی ناوازە بۆ ئەو دوو یاسایەی سەرەوە.**

**یان لە نموونەکان (٢-ا) و (٥)دا، بەهۆی ئەوەی کە پەڕینەوەی کۆنسۆنانتە بۆ سەرەتای برگەی داهاتووی بۆش، ئەمەش دیاردەیەکە پەیوەستە بە یاسای داڕشتنی برگە و ئۆتۆماتیکی ڕوودەدات و لە ژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نییە، بۆیە بە پرۆسەیەکی فۆنەتیکی دادەنرێت.**

**لێرەدا چەشنی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان و یاساکانی پەیوەست بەو گۆڕانانەی کە لە ئەنجامی هەندێك لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانەوە سەرهەڵدەدەن دەخرێنەڕوو، بە هەردوو پرۆسە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییەکانەوە:**

**یاسای ژمارە (١) لە نموونەی (١- ا)**

C > ø
□ > ø

[1] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جیاوازی پرۆسە فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکییەکان بڕوانە: (محەمەد مەحوی، ٢٠٠٨، ب٢، ١٧)، ( عادل ڕەشید قادر، ٢٠٠٨، ٢٥)

دەنگی (□) تیادەچێت بۆ ئەوەی سەرەتای بڕگەی دووەم بە بۆشی نەمێنێتەوە، بەم هۆیەشەوە کۆتایی بڕگەی یەکەم دەبێتە سەرەتای بڕگەی دووەم.

**یاسای ژمارە (٢)** لە نموونەی (١-ب) جێبەجێکراوە، واتا تیاچوونی دەنگ

C > ø
□a > ø

لێرەدا دوو دەنگی سەرەتای بڕگەی دووەم تیادەچێت.

لە نموونەی (١-پ )دا یاسای ژمارە (٢) پەیرەوکراوە، واتا تیاچوونی دەنگ.

C > ø
t > ø

لە نموونەکانی ( ٢-أ ) دا بەشی دووەمی یاسای ژمارە (١) جێبەجێکراوە، واتا پڕکردنەوەی سەرەتای بڕگە بۆشەکەی دوای خۆی و بوونی بە سەرەتایی بڕگەی داهاتووە.

C > -□

لە نموونەکانی (٢-ب) دا جگە لە جێبەجێبوونی بەشی دووەمی یاسای ژمارە (١)، گۆڕانێکی تریش ڕوویداوە، ئەویش تیاچوونی دەنگی ( ɨ)بزرۆکەیە لە نێوان هەردوو کۆنسۆنانتی بڕگەی دووەمە، ئەمەش بەهۆی پەڕینەوەی دوادەنگی بڕگەی دووەمە بۆ سەرەتای بڕگەی دوای خۆی، دوای ئەوەی هەر سێ کەرتەکە دەخرێنەپاڵ یەك و وشەیەکی لێکدراو پێکدێنن، بۆ نموونە لە وشەی (گەنمەشامی)دا بەم شێوەیە:

ɨ > ø
genɨ m + e +ʃ amy > gen- me -ʃ a- mi

**یاسای ژمارە (٣)** لە نموونەی (٣-ا)

t > ø
s > z

دەربڕینی [s] وەك [z] , دوای ئەوەی دەنگی [t] تیادەچێت، دەنگی [d] دەنگێکی زرنگدەرەوەیە، کاردەکاتە سەر دەنگەکەی دوای خۆی و وەکو خۆی لێدەکات، ئەمەش بە یاسای ( partial assimilation) ناسراوە.

نموونەی (٣-ب) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢)یە.

C > ø
t > ø

نموونەی (٣-پ)، جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١).

□ > ø

ɨ > ø

نموونەی (٤)، جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ە.

C > ø

□ > ø

نموونەی (٥) بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێکردنی بەشی دووەمی یاسای ژمارە (١)ە، واتا پڕکردنەوەی سەرەتای بڕگە بۆشەکەی دوای خۆی.

C > -□

لە نموونەکانی (٦-أ) یاسای ژمارە (٣) جێبەجێکراوە

t > ø

s > z

دەربڕینی [s] وەك [z] دوای ئەوەی دەنگی[t] تیادەچێت، دەنگەکانی [g] و [d] دەنگێکی زرنگدەرەوەن، بۆیە کاردەکەنە سەر دەنگەکەی پێش خۆیان و وەکو خۆیان لێدەکەن.

نموونەکانی (٦-ب) جێبەجێکردنی یاسای (٢)یە.

t > ø

نموونەی (٧) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢)یە.

e > ø

ė > ø

نموونەکانی (٨) و ( ٩-ا) جێبەجێبوونی یاسای ژمارە (٢)یە. ئەگەرچی لێرەدا تەنها یەك دەنگ تیاچووە، ئەویش کۆتا دەنگی بڕگەی یەکەمە.

t > ø

نموونەی (٩-ب) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣)ە. بە هەمان ڕێگا و هۆکارەکەوە.

t > ø

s > z

نموونەکانی ( ١٠) و ( ١١-ا) جێبەجێبوونی یاسای ژمارە (٢)یە.

k > ø ١٠

d > ø

١١- أ           t > ø

**یاسای ژمارە (٤)** لە نموونەی (١١ – ب)، مەبەست لەم یاسایە، پەیدابوونی دەنگە.

ø > C
ø > z

نموونەی (١١ – پ) یاسای ژمارە (٣) جێبەجێکراوە، دوای تیاچوونی دەنگی [t] ، و گۆڕینی دەنگ، دوای ئەوەی بەکاریگەری دەنگی[d] ی زنگدەرەوە، دەنگی[ ʃ]ی دوای خۆی کە دەنگێکی کپەوە کردووە بە دەنگی [ ʒ]زنگدەرەوەیی، واتا وەك خۆی لێکردووە.

t > ø
ʃ > ʒ

نموونەی ( ١١– ت) یاسای ژمارە (٣) جێبەجێکراوە، بەو جیاوازیەی کە دەنگی[f] دەنگێکی کپە، بەڵام بەکاریگەری دەنگی[d] کە دەنگێکی زنگدەرەوەییە، گۆڕیویەتی بۆ دەنگی [v] بۆ ئەوەی وەکو خۆی لێبکات، واتا بیکات بە زرنگدەرەوەیی.

t > ø
f > v

**یاسای ژمارە (٥)** لە نموونەکانی (١٢)دا جێبەجێکراوە، واتا یاسای (dissimilation) ئەویش دوای ئەوە دێت کە دوو دەنگی هاوشێوە دەکەونەپاڵیەك، یەکێکیان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جیاوازبێت لەدەنگەکەی تەنیشتی.

ʃ > r

**یاسای ژمارە (٦)** لە نموونەکانی ( ١٣–ا) و ( ١٣–ب)دا دیارە، ئەویش گۆڕینی دەنگی [e]یە بۆ دەنگی [i] .

e > i

**یاسای ژمارە (٧)** لە نموونەی (١٤).

n > m

ئەم گۆڕانەش دەچێتە خانەی یاسای (وێکچوواندن =assimilation )ەوە لەسەر بنەمای گونجانی سازگەی دوو دەنگە، ئەویش بەکاریگەری دەنگی [b]کە دەنگێکی لێوییە لەسەر دەنگی [n]و گۆڕینی بۆ دەنگی [m]ی لێوی.

**نموونەکانی ( ١٥–ا) یاسای (٢) جێبەجێکراوە.**

e > ø
t > ø
d > ø

**نموونەی ( ١٥–ب) جێبەجێکردنی بەشی دووەمی یاسای ژمارە (١) ە، واتا پەڕینـەوەی کۆنسۆنانت بۆ سەرەتای بڕگە بۆشەکە دوای خۆی.**

C > -□

**نموونەی ( ١٥–پ) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣)ە، واتا یاسای (وێکچوونی تـەواو =** complete assimilation**) ئەویش گۆڕینی**[d]**ە بۆ دەنگی**[z] **چونکە دەنگی** [z]**کاریکردووەتە سەر دەنگی**[d] **ی دوای خۆی و وەکو خۆی لێکردووە.**

d > z

**نموونەی (١٥–ت) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ە.**

ø > y

**نموونەی (١٥–ج) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٦)ە.**

d > y

**یاسای ژمارە (٨) لە نموونەی ( ١٥–ح) جێبەجێکراوە، واتا جێگۆڕکێی هەردوو دەنگی**[l] **و دەنگی** [r] **بە یەکتر.**

r <> l

**لـە نموونـەکانی ( ١٥– خ) یاسـای ژمـارە (٣) جێبـەجێکراوە ئـەویش دوای تیاچوونی دەنگی** [t]**. بە کاریگـەریی دەنگـی**[d]**کـە دەنگێکـی زرنگدەرەوەییـە، دەنگێکـی کپـی گۆڕیـوە بـۆ دەنگێکـی زرنگدەرەوەیی ، واتا وەك خۆی لێکردووە.**

t > ø
ʃ > ʒ
s > z
s > z

**نموونەکانی (١٦) یاسای ژمارە (٢) جێبەجێکراوە، واتا تیاچوونی دەنگی** (ė ،e).

V > ø
ė > ø
e > ø

**نموونەی (١٧) یاسای ژمارە (٨) جێبەجێکراوە**

s <> p

**نموونەکانی (١٨) یاسای ژمارە (٤) جێبەجێکراوە**

ø > y
ø > h
ø > w

## ٢/٣) داڕشتە مۆرفۆفۆنێمییەکان لە مۆرفێمە وشەداڕێژەکانی زمانی فارسیدا

### ٢/٣-١) پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان

هەروەك لە ( ٢/١-٢ )دا ئاماژەی بۆ کرا، یاسا مۆرفۆلۆجییەکان یاسای داڕشتنی وشەن بە هەردوو جۆری داڕشتن و گەردانکردنەوە. ئەوەی لەم پارەدا مەبەستمانە، مۆرفۆلۆجی وشەدرووستکردن/ مۆرفۆلۆجی وشە داڕشتنە لە زمانی فارسیدا.

زمانەوانانی فارس دوو جۆر یاسای مۆرفۆلۆجییان لەیەکتری جیاکردووەتەوە، (( یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی فارسیدا دابەشی دوو گروپ دەبن، ئەوانیش یاسا مۆرفۆلۆجییە لاوەکییەکان و یاسا مۆرفۆلۆجییە سەرەکییەکانن))( آزیتا افراشی، ١٣٩٢، ٨٥-٨٧). مەبەست لە یاسا مۆرفۆلۆجییە لاوەکییەکان ئەو یاسایانەن، کە لە ڕێگەیانەوە چەندین جۆری وشە درووستدەکرێت، گرنگترین ئەو یاسایانەش بریتین لە ( ئەکرۆنیم، کورتکردنەوە، تێکەڵکردن و میتافۆر ... هتد )[١]، هەرچی بەشی دووەمی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانە واتا( یاسا مۆرفۆلۆجییە سەرەکییەکان)، خۆی لە یاسای داڕشتنی وشەدا دەبینێتەوە لە ڕێگەی لێکدان و دانەپاڵی مۆرفێمەکان، سەرەنجامیش وشەی داڕێژراو و لێکدراو دێنێتەبەرهەم. ئەوەی پەیوەستە بە باسەکەوە، جۆری دووەمی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانە، وات یاسای داڕشتنی وشە لە ڕێگەی لێکدان و دانەپاڵی مۆرفیمەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی داڕێژراو لێکدراو.

بە سەرنجدان لە یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی فارسی، ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆربەی زۆری وشەکان لەم ڕێگەیەوە درووستدەبن (( لە زمانی فارسیدا بەزۆری بە هێنانی پێشگر و پاشگر یان وشەیەکی تر بۆ سەرەتا و کۆتایی وشە یان بناغەی کار وشەی نوێ درووستدەکرێت))( حسن انوری، حسن احمدی گیوی ٢، ١٣٦٧، ٩٧)، واتا (( زمانی فارسی لەو زمانانەیە، کە هەم لە ڕێگەی دانەپاڵی وشەکان لەگەڵ یەکتری یان لەگەڵ مۆرفێمە بەندەکان وشەی نوێ بەرهەمدێنێت، هەمیش لە ڕێگەی ڕەگ و بناغەی کارەوە))(مهدی رضائی، ١٣٩٢، ٢٥).

کەواتە هاوشێوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسیشدا پرۆسەی وشە دروستکردن بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش وشەی داڕێژراو و وشەی لێکدراون، هەرچەند زۆرجار زمانناسانی فارس جۆرێکی تری وشە جیادەکەنەوە، کە تێکەڵەیەکە لە هەردوو جۆرەکەی پێشوو، (( هەندێکجار سود لە شێوازی داڕێژراو و لێکدراو وەردەگیرێت بۆ درووستکردنی وشەیەکی نوێ، بەم ڕێگایە دەگوترێت پرۆسەی داڕێژراوی لێکدراو ( ترکیب/ اشتقاق) یان (مرکب مشتق).))( ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٩٧)، ئەم جۆر پرۆسەیە ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە پێکهاتەکەیاندا سود لە دانەپاڵی دوو وشە وەرگیراوە لەگەڵ لاگرێکدا، (( لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراوی لێکدراودا (مرکب مشتق) دوو یان چەند مۆرفێمێکی فەرهەنگی و یەك یان چەند مۆرفێمێکی وشەداڕێژ دەبینرێت))( آزیتا افراشی، ١٣٩٢، ٨٧) ئەم شێوە

---

[١] – بۆزانیاری زیاتر دەربارەی یاسا لاوەکییەکان بڕوانە (آزیتا افراشی،١٣٩٢، ٨٧ ) و ( ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٨٥)

پرۆسەیە بەشێکی زۆری وشە فەرهەنگیەکانی زمانی فارسی لە خۆگرتووە (( لە زمانی فارسیدا وشە گەلێکی بەربڵاو هەن بەم شێوازە درووستکراون، وەك وشەکانی، ناخودآگاه، غیرقابل قبول، کفش دزدی، سپیدەدمان...هتد ))(ویدا شقاقی، ١٣٩٢، ٩٨).

کەواتە لە زمانی فارسیدا جگە لە وشەی سادە سێ جۆری تری هەیە، ئەوانیش وشەی (داڕێژراو و لێکدراو و داڕێژراوی لێکدراو )ە، مەبەست لە وشەی داڕێژراو ئەو وشەیە کە (( لە پێکهاتەکەیدا یەك مۆرفیمی سەربەخۆ و بە لایەنی کەمەوە یەك مۆرفیمی بەند بوونی هەیە، وەك: **گرفتار، خوبی، مستی**، ...**هتد**))( تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩، ٩٣) **وشەی لێکدراویش** (( ئەو جۆرە وشەیە کە لە پێکهاتەکەیدا دوو یان چەند مۆرفیمێکی فەرهەنگی بەکاردەهێنرێت))( آزیتا افراشی، ١٣٩٢، ٨٦ ) وەك وشەکانی: **کارخانە، صلح طلب، تلخ زبان**...هتد. جۆری سێیەمی وشەش، وشەی داریژراوی لێکدراوە، (( لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراوی لێکدراودا دوو یان چەند مۆرفیمێکی فەرهەنگی و یەك یان چەند مۆرفیمێکی بەند دەناسرێتەوە))( هەمان سەرچاوە، ٨٢) وەك وشەکانی: **داروسازی، انسان دوستانە، صلح طلبی**...هتد

هەریەکە لەم وشانەی سەرەوە بە چەندین پرۆسەی جۆراوجۆر و لەئەنجامی دانەپاڵی چەندین مۆرفیمی جیاوازەوە هاتووەنەتە بەرهەم[1]، بەڵام زۆرجار لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەو مۆرفیمەی، کە وشەکەی لێدروستدەکرێت چەندین ڕێگری فۆنۆلۆجی سەرهەڵدەدات، بۆیە بە ناچاری پێوستە چەندین گۆڕان لە فۆرمی ئەو یەکانەدا ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجی ئەو زمانەدا بگونجێت.

ئەو پرۆسانەی لەم پارەدا هەڵبژێراون لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەیە، کە لە ئەنجامی دانەپاڵی یەکەکانەوە هاتووەنەتەئاراوە، چونکە هاوشێوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسیشدا بەشێکی زۆری پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی، هەلومەرج یان دەوربەری گونجاویان بۆ جێبەجێبوونی ئەو گۆڕانانە نییە و بەبێ هیچ گۆڕانێك مۆرفیمەکان دەدرێنەپاڵ یەك و وشەی نوێ درووستدەکەن[2].

## ٣/٢-١-١) وشەی لێکدراو

**ناو + ناو**

(١)

ا- دەست + ماڵ > دسمال das mãl > dast + mãl

[1] – بۆ زانیاری دەربارەی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی فارسی بڕوانە: ( ع. خیامپور، ١٣٨٩) و (ژیلبر لازار، ١٣٨٩) و ( تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٩).

[2] – لێرەدا تەنها نموونەی وشەی لێکدراو و داڕێژراو دەهێنینەوە، چونکە وشەی ( داڕێژراوی لێکدراو) لە زمانی کوردیدا جیانەکراوەتەوە و لە قاڵبی وشەی لێکدراودا باسی لێوەکراوە، هەرچەند ئەو جۆرە وشانە بوونیان هەیە و هەندێکجار بە وشەی ئاڵۆز یان ئاوێتە ناودەبرێن، بۆ نموونە: **سەرلێشێواندن، دەستلێدان**....

ب– راه + نما > رَهنما

rãh + nemã > rah ne mã

ماه + رو > مَهرو

mãh + ru > mah ru

پ– گـِل + آب > گـِلاب

gel + ʔ ãb > ge lãb

سَر + أنجام > سَرانجام

sar+ ʔ andʒãm > sa ran dʒãm

**ناو + قەد**

(٢)

نِگاه + داشت > نِگهداشت

negãh + dãʃ t > ne gah dãʃ t

**ناو + ڕەگ**

(٣)

ا – جان + باز > جامباز

dʒãn + bãz > dʒãm bãz

ب– ماه + نِشين > مِهنشين

mãh + nʃ in > mah ne ʃ in

راه + بر > رَهبر

rãh + bar > rah bar

ماه + تاب > مَهتاب

mãh + tãb > mah tãb

پ– دَست + بَند > دسبند

dast +band > das band

دست + بوس > دسبوس

dast + bus > das bus

دست + گير > دسگير

dast + gir > das gir

قند + شكن > قن شكن

qand+ ʃ ekan> qan ʃ e kan

دزد + گير > دزگير

dozd + gir > doz gir

ت– شرم + آور > شرماور □>

arm + ʔ ãwar □ar mã war

ج– آب + پز > آپپز

ʔ ab + paz > ʔ ãp paz

**ناو +ئاوەڵناو**

(٤)

ا– دست + خوش> دسخوش +

dast xoʃ > das xoʃ

دست + پاك > دسپاك

dast + pãk > das pãk

ب- دل + آرام > دلارام
del + □ãrãm > de lã rãm

**ئاوەڵناو + ڕەگ**

(٥)

ا- راست + گو > راسگو
rãst + gu > rãs gu

ب- بَد + آموز > بـداموز
bad + ʔ ãmoz > ba dã moz

**ئاوەڵناو + ناو**

(٦)

ا- سیر + آب > سیراب
sir + ʔ ãb > si rãb

پر + آب > پراب
por + ʔ ãb > po rãb

ب- صد+ دونه > صدونه
sad + duna > sa du na

